هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئایندەسازی

(کۆمەڵە وتار)

ئاوات محەمەد ئەمین

هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئایندەسازی

نووسینی : ئاوات محەمەد ئەمین

بابەت : کۆمەڵە وتار

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : ئازەر عوسمان

تیراژ :

چاپخانە :

لە بڵاوکراوەکانی :

ژمارەی سپاردنی :

پێشەکی

سەدەی بیست سەدەی ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان و رووداوە گەورە و چارەنووسسازەکان بوو. ڕێککەوتننامەی سایکس- بیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ کە بۆ سەرلەنوێ کێشانی نەخشەی سیاسی ناوچەکە بوو لەسەر میراتی ئیمپراتۆریی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٢١دروستکردنی دەوڵەتی عیراق لێکەوتەوە و چارەنووسێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کورد و ئەم بەشەی لە نیشتمانە دابەشکراوەکەی سەپاند. سەدەی بیست لەتەک هەموو وێستگە و قۆناغە جیاجیاکانی و بە هەموو سەختی و تیراژیدیا و نەهامەتییەکانییەوە دەتوانین بە سەدەی شێوەگرتنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد ناوی ببەین کە لە چەندین بوار و مەیداندا دەرکەوتن وەک بزووتنەوەی رووناکبیری و چالاکی سیاسی بەڵام دیارترینیان بریتی بوو لە شۆڕشی چەکداری، شۆڕش لە پێناوی مانەوە و داکۆکیکردن لە ناسنامە و بەدەستهێنانی مافەکان بوو.

سەرەتای سەدەی بیست و یەک بۆ گەلی کورد سەرەتای چوونەناو مێژوویەکی نوێ بوو. لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا پەردەی کۆتایی بەسەر دەورانی رەش و ترسناکی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی شۆڤێنی رژێمی حزبی بەعس و دەسەڵاتی رەهای دیکتاتۆریی سەدام حوسێن لە عیراق دادرایەوە. لەم بەشەی کوردستاندا کورد قۆناغی شۆڕشی چەکداری تێپەراند و پێینایە قۆناغی چەسپاندنی دەسەکەوتەکانی و بیناکردنی دامودەزگاکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتداری و دارشتنی بەرنامە بۆ ئایندە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسی کورددا، لەسەر بنەمای شەراکەت لە حکومڕانیدا، کورد لە پرۆسەی دارشتنی دەستووری وڵات بەهاوبەشی لەگەڵ نەتەوەی سەردەستدا بەشداری راستەقینەی هەبێت وەک ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥دا بەزۆرینەی رەهای دەنگی عیراقییەکان دەستووری هەمیشەیی وڵات پەسەندکرا.

دوای دە ساڵ لە رووخانی رژێمی بەعس، هێشتا چەندین تەحەددای گەورە و بەربەست و مەترسی راستەقینە لەبەردەم پرۆسەی بنیاتنانی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و پەرلەمانیدا لەئارادان و گەلی کورد و هەرێمی کوردستانیش لە دەرەوەی بازنەی مەترسییەکاندا نین. هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم

و حکومەتی بەغدا زۆر بە قورسی دەچنەپێش و لەسەر ئاستی ناوخۆی هەڕێمیش هێشتا زۆر ئەرکی گرنگ و پێویست لەبەردەمدان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەئامانجی زامنکردنی ئایندەی هەڕێم.

ئەم کۆمەڵە ووتارەی کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هاتوون، پێشتر لە ژمارەکانی ١ تا ١٢ ی گۆڤاری «کەوانە»دا (٢٠١١–٢٠١٢) بڵاوکراونەتەوە، هەموویان لە دەوری ئەو پرس و بابەتانەدا دەسووڕێنەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی سیاسی لە هەڕێمی کوردستان، کێشە و گیروگرفتەکان، لاپەڕەکانی ڕابردوو، ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەڕێم و بەغدا، ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەوە هەیە. دیدو بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز لەمەڕ هەر مەسەلەیەک نیشانەی زیندوویەتی و گرنگیی مەسەلەکە و کراوەیی ئەو فەزا فیکرییەیە کە مامەڵە لەتەک پرس و مەسەلەکاندا دەکەن و هیوادارم ئەم نووسینانەی منیش بەشدارییکردنێکی دڵسۆزانە بەو ئاراستەیەدا.

خوێندنەوەیەک بۆ شێوە و ئاراستەکانی ململانێی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا

بەرایی

قسەکردن لەسەر چەمک و ماناو رەهەندەکانی ململانێ بە شێوەیەکی گشتی، بابەتێکی گەورەتر و ئاڵۆزترە لەوەی لەم نووسینەدا شوێنی ببێتەوە، بۆیە تەوەری سەرەکی لێرەدا بەدیاریکراوی قسەکردنە لەسەر ململانێی سیاسیی لەم بەشەی کوردستانا کە بە عیراقی عەرەبییەوە لکێنراوە. هەروەک چۆن بەشێوەیەکی رێبوارانە بە سەر قۆناغەکانی بەر لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١دا رەتدەبین و زیاتر ئاماژە بۆ گۆرانکارییەکانی دوای ئەو مێژووە دەکەین لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و دواتریش بە قووڵتر قسە لە ئاڵوگۆڕ و رووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ و دواتری دەکەین و هەوڵدەدین خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بکەین بۆ هۆکار و دەرەنجام و کاریگەرییەکانییان لەسەر ئایندەی ئەم هەرێمە.

پێناسەیەکی گشتی بۆ زاراوەی ململانێی سیاسی (الصراع السياسى) political dispute وەک ئەوەی لە زۆربەی ئەدەبیاتی سیاسی تایبەتمەندا هاتووە؛ وەک دیاردەیەکی دینامیکی تەماشادەکرێت کە دەرخەری هەڵوێستێکی رکابەریی دیاریکراوە، بە شێوەیەک کە هەموو بکەرەکانی بەئاگان لەوەی ناتەباییەک لەئارادایە

لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی یەکتر. ئەوەش لە جۆرێک رەفتاری رکابەریدا رەنگدەداتەوە بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجی راستەقینە یان هیوابۆخوازراو، جا ئەو ئامانجانەش چ ماددی بن یان مەعنەوی.

لەم حاڵەتەدا ململانێ کارەکان بریتی دەبن لە گرووپە سیاسییەکان کە مەرج نییە نوێنەرایەتی پارت و لایەنی جیاواز بکەن، بەڵکو دەشێت لە چوارچێوەی یەک رێکخراودا کاربکەن بەڵام بە جیاوازی لە دیدو بۆچوونیاندا. کەواتە خاڵی دەسپێک و سەرەتای ململانێ لە بوونی جیاوازییەوە دەست پێدەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازی سیمایەکی سروشتی ودیاردەیەکی هەمیشەیی ژیانە، بەڵام ئەوکاتەی دەبێتە مایەی خوڵقاندنی هەستکردنی لایەنێک یان زیاتر بە ناهەقی و چەوساندنەوە بە مانا گشتییەکەی، ئەوا لە گەڵ قووڵبوونەوە و هەڵکشانی جیاوازییەکان بۆ ئاست و شێوەی جیاجیا وەک(جیاوازی پاشان رێککنەکەوتن و سەرهەڵدانی کێشە و دواتر ململانێ و ئینجا رووبەڕووبوونەوە و توندوتیژی و لە کۆتاییشدا پەنابردنە بەر چەک) پلە و سەنگی هەستکردن بە ناهەقی و ستەم زیاتر دەبێت تا ئەو رادەیەی لایەنەکان کار بۆ سرینەوەی ناسنامە و پاکتاوی جەستەیی یەکتر دەکەن.

ئەگەرچی ئەو دایەگرامە بۆ هەڵکشانی جیاوازییەکان تا گەیشتن بە جەنگ نیشاندراوە، بەڵام دەکرێت بەرلە سەرهەڵدانی کێشە لە رێگەی رێککەوتنەوە جیاوازییەکان وەک مافی سروشتی لایەنەکان رێزیان لێبگیرێت و چارەسەربکرێن، کە ئەمەش زیاتر لە رێگەی پرینسیپەکانی وەک لێکتێگەیشتنی هاوبەش و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و لە فەزای دیموکراسیدا بەرجەستە دەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە ژیانی سیاسی کورد، بە پێناسە مۆدێرنە باوەکان، مێژوویەکی زۆر دووری نیە، هەروەها بۆ نزیک کردنەوەی تێگەیشتنمان لە کرۆکی بابەتی سەرەکی ئەم باسە کە تایبەتە بە ململانێی سیاسی ناوخۆیی، بە باشمان زانی ساڵی ١٩٤٦ وەک مێژووی سەرهەڵدانی ژیانی رێکخراوەیی سیاسی لە بەرجەستەکردنی گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی و بیرۆکەی نیشتمانیی کوردستانی وەک ئامانجی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، بکەینە خاڵی دەسپێکی ئەم باسە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، رووبەری تەبایی و دووریانی ناکۆکی

دەیەی چوارەمی سەدەی بیست قۆناغێکی گرنگ و وێستگەیەکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. کۆتاییهاتنی دووەم جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ دا بە سەرکەوتنی بەرەی دژە نازی و فاشیزم، بەدوی خۆیدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەسەر ئاستی دارشتنەوەی هێز و نەخشەی سیاسی جیهان بەدیهێنا.

ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە کوردستانی دابەشکراو بەشێکی گرنگی پێکدێنێت، لەرووی بایەخی جیۆپۆلیتیکییەوە کەوتە ژێر کاریگەری دەرەنجامەکانی ئەو جەنگەوە. دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێران لە هەمان ساڵدا بە پاڵپشتی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە پرۆسەی پێگەیشتنی هەست و بیری نەتەوەییدا لای کورد. ئەو رووداوە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەوڵەکانی پێکهێنانی پارتێکی سیاسی هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە عیراقدا هەبوو.

دروشم و ئامانجەکانی بلۆکی سۆسیالیستی بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ئازادی و یەکسانی و هاوپشتی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی نیشتمانی لەبەرامبەر رژێمە کۆنەپەرستەکان ودەسەڵاتەکانی وابەستەی ئیمپریالیزم و برەودان بە چەمکی ئینتەرناسیۆنالیزم، هەموو ئەمانە لە گەڵ ئاوات و خواستەکانی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا ئاوێتەبوون تا لە ئەنجامی یەکخستنی چەند رەوتێکی سیاسی جیاجیادا لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کورد لە بەغداد دامەزرا.

ئەگەرچی لەرووی هەلومەرجی بابەتی و قۆناغی مێژووییەوە درووستبوونی رێکخراوێکی سیاسی وەک «پارتی» لەو سەردەمەدا پێویست بوو بۆ رێکخستن و یەکخستنی هەوڵ و تواناکانی خەباتگێڕانی گەلی کورد و نوێنەرایەتیکردنی خواست و داواکانی ئەو گەلە بەتایبەتی لەگەڵ بوونی سەرکردەیەکی کاریزمایی وەک مستەفا بارزانی، بەڵام رووداوەکانی ساڵانی دواتر بەتایبەتی سەرەتای شەستەکان ئەو راستییەمان نیشاندەدەن کە ئەو پارتە ماکی ناکۆکی نێوخۆیی لە هەناویدا هەڵگرتبوو.

هەر لە سەرەتاوە و لە نێو یەکەمین دەستەی رێبەرایەتی پارتیدا نەبوونی یەکێتی بیر و رێکخستن و بەرنامەی کارکردن وەک سەرەتای جیاوازی وەدەرکەوت (لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵادا) بەڵام هێشتا ئاراستەکانی بەتەواوەتی روون

نەبوون. گەڕانەوەی سەرۆکی پارتی لە ساڵی ١٩٥٩ لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عیراق ئاسۆی گەشەسەندنی پارتی و بزووتنەوەی جەماوەری کوردی هەڵکشاند و لەهەمان کاتیشدا هێڵی جیاوازییەکانی نێوخۆی تۆختر کردەوە.

تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی عیراق و دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ هاوشان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی عیراق و کاریگەری سیاسەتی هەڕێمی وجیهانی لەسەر کۆی رووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دواتر، ئاراستەی ژیانی رێکخراوەیی سیاسی و پێگە و رۆڵی سەرکردایەتی لەناو پارتیدا خستەبەردەم دۆخێکی تەواو جیاواز لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوو و پێشهاتەکان لەناو هاوکێشەی ئاڵۆزی نێوخۆیی و دەرەکیدا.

نوخبەیەکی رۆشنبیری سیاسی لە ناو سەرکردایەتی پارتی (کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە دیارترین کەسەکانیان بوون) ماوەیەک بوو روانگە و هەڵوێستی خۆیان لەئاست چەندین مەسەلەی پەیوەست بە ژیانی نێوخۆی پارتی و شێوازی خەبات و بڕیاری سیاسی لا گەڵاڵەبوو، سەرەنجام لە ساڵی ١٩٦٤ لە کۆنفراسێکدا بڕیاری لادانی سەرۆکی پارتییان دەرکرد و خۆیان لەرێی شەرعییەتی مەکتەبی سیاسییەوە وەک سەرکردایەتی راستەقینەی پارتی ناساند. هەر لە رۆژی یەکەمەوە زمانی زبر و راگەیاندنی توند دژ بە یەکتر پیادەکرا و چەندین نازناوی ناشیرین و دەستەواژەی دوور لە ئاکاری کوردەواری خزایە ناو فەرهەنگی زمان و سیاسەتی کوردییەوە و هەردوولا بە هەموو توانا و شێوازێک تا ئاستی شەڕ و خۆپێنڕشتن درێژەیاندا بە ململانێی خۆیاندا لەدژی یەکتر.

لە کاتێکا لە ساڵی ١٩٦٣ەوە نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانی عەرەب لە بەغداد ململانێی قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیان و پیلانی لەناوبردنی گەلی کوردیان دادەڕشت، شەش ساڵی تەمەنی ناسکی بزووتنەوەی کوردایەتی (١٩٦٤–١٩٧٠) بە دەورانێکی خوێناوی و تاریک و ترسناکدا تێدەپەڕی کە لە مێژووی نزیکی گەلەکەماندا و لەنێوخەڵکیدا بە شەڕی (مەلایی و جەلالی) ناسراوە و لەگەڵ خۆیدا تا دەهات تارمایی نائومێدی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکێشا و رەگوریشەی دووبەرەکی زیاتر بەناو قوڵایی کۆمەڵگەی کوردەواری و ناوچە جیاجیاکاندا رۆدەچوو، بەرادەیەک کە تا ئەمڕۆش ئاسەواری ئەو ململانێ سەخت و خۆپێناوییە لە سەر چەندین ئاست و رەهەندی جیاجیا بەدی دەکرێت.

لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی (لە ژێرناوی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ دا، پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی تر وەک تاکە هێزی بڕیاردەری سەر گۆڕەپانی کوردستان و نوێنەرایەتی دۆزی گەلەکەی دەرکەوتەوە.

ئەگەرچی لەو ساڵانەدا جۆرێک لە چالاکی سیاسی لەلایەن چەند گرووپێکی چەپی مارکسی-لینینی یان (ماوی) لە پرۆسەی خۆرێکخستن و بەرنامەڕێژیدا بوون، کە زۆربەیان لە کادری پێشکەوتووی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، بەڵام لەسەرەتاوە ئەو واقیعە نوێیە نەچووە قاڵبی ململانێیەکی سیاسی ئاشکراوە لەگەڵ پارتی و سەرکردایەتییەکەی.

لەگەڵ دامەزراندنی «کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان» لەساڵی ١٩٧٠ کە شەهاب شێخ نوری سکرتێری بوو) و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٨ دا کە ناوەکەی گۆڕا بۆ «کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان» بە پەیڕەوکردن لە ئایدیۆلۆجی مارکسی و خەباتی چینایەتی لەتەک خەباتی نەتەوایەتی و پیادەکردنی شەڕی پارتیزانی هێڵی جیاکەرەوەیان لەنێوان خۆیان پارتی و ڕەوتە ناسیۆنالیستە تەقلیدییەکانی ئەوسای سەر گۆڕەپانی کوردستان کێشا کە بۆ ساڵانێکی زۆر لەرووی فیکرییەوە ڕەواییان بە ململانێی خوێناوی ناوخۆ دەبەخشی.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەستانەوە بەرووی ڕۆژگاردا

لە ناو دوکەڵی وڵاتێکی سووتماک و تەمی نائومێدی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، لە حوزەیرانی ١٩٧٥ و لە دیمەشقی پایتەختی سوریا، جەلال تاڵەبانی و دەستەیەک لە هاوڕێبازەکانی ڕەوتێکی سیاسی نوێیان بەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە دامەزراند. لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیدا جگە لە خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ڕووداوەکانی پەیوەست بە بارودۆخی کوردستانی عیراق وشۆڕشی ئەیلول و هۆکار و دەرەنجامەکان، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە یەکێتی درێژەپێدەری هیچ یەک لە باڵە ناکۆکەکانی پێشووتری ناو پارتی دیموکراتی کوردستان نییە بەڵکو ڕەوتێکی نوێیە کە بە دیدگا و بەرنامەی جیاوازەوە دێتە مەیدانی تێکۆشان و شۆڕشەوە. سیماکانی ناکۆکی وململانێی ناوخۆیی لە گوتاری سیاسی یەکێتیدا بە ئاشکرا دیاربوو بەتایبەتی لە هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول وسەرکردایەتی پارتی کە

لە ساڵی ١٩٧٦دا لەژێر ناوی سەرکردایەتی کاتی (قیادە موەقەتە) و (شۆڕشی گوڵاندا) درێژەیان بە چالاکی سیاسی و چەکداری خۆیاندا.

لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری یەکێتی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٧٦ (کە بە شۆڕشی نوێ ناو دەبرێت) و لە قۆناغی ناردنەدەرەوە و ڕێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، پێکدادانی چەکداری و خوێنڕشتنی نێوان یەکێتی و پارتی لە ناوچەکانی بادینان دەستی پێکرد، تا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٨دا کارەساتی هەکاری وەک خاڵی وەرچەرخان لە ئاراستەی توندوتیژی و زیندووکردنەوەی ڕۆحی دوژمنایەتی سەختی ڕابردوو ڕوویدا. دیاریکردنی سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەورانی نوێی ژیانی سیاسی وخەباتی چەکداری لە کوردستانی عیراق (١٩٧٦–١٩٨٨) لە ڕووی دەرهاویشتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە تا ئێستا وەکو پێویستە بە میتۆدی زانستی و بابەتی، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە. بەڵام بۆ سوودی ئەم باسەی بەردەستمان دەکرێت ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی بکەین:

– بەرتەسکبوونەوە و دابڕانێکی نیمچە تەواوی دەسەڵات و هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەیەکی فراوانی هەرێمەکە (ناوچەکانی گەرمیان و سولەیمانی و بەشێکی پارێزگای هەولێر) و چڕبوونەوەی دەسەڵات و چالاکی ئەو پارتە لە ناوچەکانی بادینان و دەرەوەی سنووری کوردستان.

– سەرهەڵدانی چەندان پارت و ڕێکخراوی سیاسی لە شار و شاخ کە دیاردەی فرەحزبی و فرەدەنگییان لەناو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا کرد بە دیفاکتۆ. ئەوانەش کە لەچالاکی پێشمەرگایەتی و ململانێی خوێناوی ناوخۆییدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، جگە لە یەکێتی و پارتی، بریتی بوون لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) و حزبی شیوعی عیراق(حشع) وپارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) و بزووتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٧). هەروەها بۆ یەکەم جار ئەزموونی کاری بەرەیی پیادەکرا کە لە سەرەتادا لە هەردوو بەرەی «جوقد» لە ١٩٧٩ و»جود» لە ١٩٨٠ دا بەرجەستەبوو، دواتریش «بەرەی کوردستانی» لە ساڵی ١٩٨٨ پێکهات کە کۆی هێزە سەرەکییەکانی کوردستانی گرتبووەخۆ بەڵام ئەم بەرەیە دوای ئەو زەبرە گەورەیە هات کەلەلایەن رژێمی بەعسەوە لە هەمان ساڵدا بەر شۆڕشی چەکداری کورد کەوت.

– مەودا وئاستی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەکان ڕەهەندی فراوانتر و ترسناکتری وەردەگرت وەک؛ تیرۆری کەسانی مەدەنی و پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ

و ڕێساکانی شەڕ و تێوەگلان لە شەڕی کوردی پارچەکانی تری کوردستان و زاڵبوونی فەرهەنگی دووبەرەکی و ڕق و دوژمنایەتی و وابەستەیی دەرەکی.

– درزێکی گەورە کەوتە نێو گوتار و هەلوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردەوە بەرادەیەک کە رژێمی بەعس گەورەترین سوودمەندی ئەو بارودۆخەبوو. بۆ نموونە؛ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا یەکێتی نیشتمانی بەتەنیا چووە ناو دانوستانەوە لەگەڵ ئەو رژێمەدا و سەرەنجامیش بە دەستی بەتاڵ و لە هەلومەرجێکی سەختدا هاتەدەرەوە تا لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا لە تاران و بەچاودێری ئێرانییەکان ئاشتبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان راگەیەنرا.

– بلاوبوونەوەی دیاردەی جاشایەتی لەژێرناوی جیاجیای وەک فەوجی خەفیفە و مەفارز خاسە و....هتد بە رادەیەک کە بە درێژایی مێژووی کورد ئەوەندە ژمارەی چەکداری سەر بە رژێمە داگیرکەرەکانی نەبووە.

کەم عەشیرەت وهۆزی کورد هەبوو کە خەڵکی ناودار تیایاندا نەبن بە موستەشار و ئامر فەوج، بەچەشنێک کە ژمارەی چەکدارەکانیان دەیان قاتی ژمارەی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان ئەبوو. ئەگەرچی بەشی زۆری ئەو چەکدارانە لە سەربازی هەڵاتوو بوون یان لەبەرهۆی جیاجیا بەو فەوجانەوە پەیوەست دەبوون، بەڵام لەتەک هێزە نیزامیەکانی حکومەتدا بەشداریان لە شەڕی دژی پێشمەرگە و پرۆسەی سووتماککردنی کوردستاندا دەکرد و لەو شەڕانە و لە چالاکی پێشمەرگەدا بە هەزارانیان لێدەکوژران وبەدوای خۆیاندا چەندین ئاسەواری نەخوازراوی کۆمەڵایەتی وئابووریان بەجێدەهێشت.

– بەدێژایی هەشت ساڵی جەنگی نارەوا و وێرانکەری نێوان عیراق و ئێران، هێزە کوردییەکان بە خواست و ناخواست بوونە لایەنگری ئێران و هیوای زۆریان لەسەر کۆتایی ئەو جەنگە بنیاتنابوو بەسوودی ئێران و رووخانی رژێمی سەدام کە دواتر ئەو هیوایەش پووچەڵ بووەوە و کۆتایی جەنگ بەدوای خۆیدا گەورەترین کارەسات و ماڵوێرانی لە مێژووی کورددا بۆ گەلەکەی و بزووتنەوە چەکدارییەکەی هێنا کە دیارترینیان کیمیابارانی هەڵەبجە و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال بوون.

مەسەلەیەکی تریش کە هەڵدەگرێت ئاماژەی بۆ بکرێت ئەو گوتاری راگەیاندن و زمانی هەڵوێستە بوو کە لایەنە ناکۆک و شەڕکەرەکان ئاراستەی یەکتریان دەکرد و میزاجی خەڵکی کوردیان پێ گۆش دەکرد. بەشی زۆری ئەو گوتار و دەستەواژانەی

بەلاغەکانیان پێدادەڕشت لە فەرهەنگی ناکۆکی ساڵانی شەستەکانەوە دەهێنا و زیندوودەکردەوە. لە کاتێکا پارتی و هاوپەیمانەکانی لە «بەرەی جود» یەکێتی نیشتمانییان بە ڕێکخراوە جیاجیاکانییەوە بە «جەلالی» ناودەبرد و بە شەرەنگێز تاوانباریان دەکرد، ئەوانیش زیاتر پارتییان وەک بەکرێگیراوی بێگانە وشۆڕشی چەواشە وحزبی بنەماڵە ناودەبرد و ناوناتۆرەی جیاجیاشیان دەخستە دوای لایەنە نەیارەکانی تریان. لەم رووەوە کۆمەڵەی رەنجدەران (ئەگەرچی دوای دەورانی جەلالی ومەلایی درووست بوو) بەڵام لە دەوڵەمەندکردنی ئەو فەرهەنگەدا بەشی شێری بەردەکەوت، هەروەک چۆن لە شەڕی چەکداریشدا لەدژی پارتی و لایەنەکانی تردا هەمیشە ئامادە و لە پێشەوە بوون تا لە کۆنگرەی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٩٢ کۆمەڵە هەڵوەشێنرایەوە.

ئەو سیانزە ساڵە لە شۆڕش و ململانێی خوێناوی دوای هەرەسی ١٩٧٥ گەواهی روون و ئاشکرای چەند راستییەکن کە بۆ سەرکردەکان و نەوەی ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتووش، نەک بەتەنیا لە باشوری کوردستان، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان پێویستە ببنە پەند و وانەی تاڵ بەڵام بەسوود لە رەوتی خەباتی نیشتمانی ونەتەوەییماندا. بەڵام ئاخۆ پاش ئەو هەموو خوێن و فرمێسک و ماڵوێرانی وجینۆساید و مایەپووچییەی لەگەڵ دادانەوەی پەردەی دوا دیمەنی ئەو شانۆگەرییە تراژیدییەدا لەدوا مانگەکانی ساڵی ١٩٨٨دا، کاتێ کۆتایی بە درێژترین فەسڵی هات، ئایا تا چەند حزب و سەرکردەکانی کورد پەندیان لێوەرگرت و کردیان بە سەرمەشقی کارکردنیان بۆ ئایندە؟

ئایا پێکهێنانی «بەرەی کوردستانی» لە ساڵی ١٩٨٨ و لە گەرمەی کارەسات و دارمانەکاندا بەڕاستی زادەی قەناعەتێکی هەمەلایەنە بوو بە داننان بە هەڵەکان و تێپەڕاندنی عەقڵیەتی دوژمنایەتی نێوخۆیی؟ ئایا پەیمانێکی نیشتمانی بوو بۆ دارشتنەوەی پەیوەندییەکان و کاری هاوبەشی سیاسی لە سەر بنەمای یەکتر قبووڵکردن و ئیدارەی ململانێ ناوخۆییەکان بە شێوازی مەدەنی و چارەسەرکردنی کێشەکان بە دایەلۆگ و ڕێگەی ئاشتییانە؟ لە کاتێکا تەنیا دوو ساڵ دوای ئەو رووداو و کارەساتانە و لە ئابی ١٩٩٠دا لە سەرکێشییەکی چاوەڕواننەکراودا، سەدام حوسێنی سەرۆکی ئەوسای عیراق وڵاتی کوەیتی داگیرکرد و تەنیا هەشت مانگ دوای ئەو دەستدرێژییە، لە مارسی ١٩٩١، عیراق شایەتی بۆ گەورەترین راپەرینی

جەماوەری ئەدات لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا لەسەر دەستی خەڵکی ستەمدیدەی ئەو وڵاتە لە شارەکانی باشوور و ناوچەکانی کوردستان بە کەرکوکیشەوە.
لەدوای ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە، راپەرین گەورەترین خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی بزوتنەوەی کورددا کە ئاڵۆگۆڕی گرنگ و چارەنووسسازی بەدوای خۆیدا هێناو نەخشەیەکی نوێی بۆ ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان دارشت کە تا ئەمڕۆش سیما و خەسڵەتەکانی بە تەواوەتی جێگیر نەبوون.
دەورانی دوای راپەڕین و ئەزموونی دەسەڵاتی کوردیی
پاش دامەزراندنی ناوچەی دژە فرین بە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە نیسانی ١٩٩١و کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عیراق لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر و سلیمانی و دهۆک لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، بەرەی کوردستانی لە رێیی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و پاڵپشتی جەماوەرییەوە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ئایاری ١٩٩٢دا و لە بارودۆخێکی ئابووری دژوار و هەلومەرجێکی سیاسی ئاڵۆزدا سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەو ناوچانەدا پیادەدەکرد.
چەندین ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە واقیعی سیاسی کوردستاندا هاتەپێش کە کاریگەری راستەوخۆییان لەسەر ئاراستەی رووداوەکان و ئایندەی هەرێمەکە بەجێهێشت و کۆمەڵگەی کوردییان بە چەندین ئەزموونی تاڵ وقەیرانی سەختدا برد، بەچەشنێک کە تا رۆژگارێکی دوور ئاسەواریان لەسەر سەرجەم ئاستەکانی ژیانی خەڵکی ئەم هەرێمە بەردەوام دەبێت.
بەوپێیەی تەوەری سەرەکی ئەم باسە لەدەوری ململانێی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا دەسورێتەوە، بۆیە بە پێویستی نازانم بچمەناو ووردەکاری رووداوەکانی قۆناغی دوای راپەرین بەگشتی یان میتۆدی کرۆنۆلۆژی لە باسکردنیان پیادەبکەم، بەڵام هەندیک رووداو و ئاڵوگۆڕی گرنگ هەن، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢–١٩٩٨دا، کە رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە ئاراستەکردنی ململانێکان و فەرزکردنی کۆمەڵێک بەها و دەرهاویشتەی جیاواز بەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری کوردییەوە. لەو رِوانگەیەوە دەتوانم بەدیاریکراوی ئاماژە بۆ چەند رووداو و دیاردەیەک بکەم:
– دەرکەوتنی رەوتی سیاسی جیاواز لە دید و گوتاری تەقلیدی ناسیونالیستی کوردی

کە کاریگەرییان لەسەر دوو ڕەهەندی نوێ هەبوو لە ژیانی سیاسیدا کە بریتی بوون لە؛ فراوانکردنی بواری فرەیی و دامەزراندنی بناغەیەک بۆ ئۆپۆزیسیۆن بوون لە کوردستاندا. دیارترینی ئەو ڕەوتانەش بریتی بوون لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان (بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) و ڕەوتە چەپەکان (بزووتنەوەی شوراکان و کۆمۆنیستی کرێکاری).

لە ناوەراستی هەشتاکانەوە بزوتنەوەی ئیسلامی(بە ڕابەرایەتی مەلا عوسمان عبدالعزیز) چالاکی سیاسی وچەکداری خۆی لەپاڵ هێزە کوردستانییەکانی تردا دەرێژەپێدا. بزووتنەوە هەر لە سەرەتاوە وەک ڕەوتێکی جیهادی و ئوسوڵگەرای ئیسلامی خۆی ناساند و دوای ڕاپەڕینیش بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەڵەبجە و خورماڵ و هەروامان و بێتواتە و پشدەر پێگەی خۆی قایم کرد. ناکۆکی سیاسی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی نیشتمانی لە سەر چەندین مەسەلە تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو(گرنگترینیان مەترسی زیادبوونی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان و جیاکردنەوەی قەڵەمڕەوی خۆیان بوو لەسەر حیسابی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی) بەتایبەتی کە بزووتنەوە چەند خاڵێکی گومرگی تایبەت بەخۆی دانابوو لە سەر سنوور لەگەڵ ئێران.

لە کۆتایی ١٩٩٣ یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان ئەو دوو هێزەدا ڕوویدا و پاشان سەراپای ناوچەکانی بەریەککەوتنی نێوان هەردوولای گرتەوە و لە ئەنجامدا دوای سەدان قوربانی و پێشێلکاری سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ شەڕ بە قازانجی یەکێتی یەکلابووەوە.

ئەزموونی سەخت و تاڵی ئیسلامگەرای جیهادی جگە لە پەرتبوون و ڕوودانی چەندین جیابوونەوە لە بزووتنەوەی ئیسلامی، ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی هێزێکی میانڕۆ لە ساڵی ١٩٩٤ لەژێرناوی «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان» کە دواتر هەر لەم باسەدا زیاتر قسەی لەبارەوە ئەکەین.

ئەڵبەت ئەزموونی بزوتنەوەی چەپی شورایی و دواتریش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ماوەی دە ساڵی دەرکەوتنیان لەسەر شانۆی ڕووداوەکان (١٩٩١–٢٠٠٠) بە ئاقارێکی باشتر لە حاڵی بزووتنەوەی ئیسلامیدا تێنەپەڕی، لە ڕوانگەی بەراوردکارییەوە چ وەک ڕوودانی چەندان جیابوونەوە و پەرتبوونی ناوخۆیی و چ وەک کەوتنەبەر هێرشی حزبە ناسیۆنالیستە باڵادەستەکان (بەتایبەتی یەکێتی و پارتی) کە دواتر

بە کوشتن و تیرۆر و راوەدوونان و قەدەغەکردنی چالاکی ئەو حزبە کۆتایی هات. کۆمۆنیستەکان کە لە ناوەراستی نەوەدەکاندا ئامادەییەکی بەرچاویان لە شەقام و بەتایبەتی لە نێوەندی خوێندکاران و لاواندا هەبوو، خاوەنی گوتار و دروشمی تایبەتی خۆیان بوون کە زیاتر لەسەر دوو مەودا کاریان دەکرد؛ یەکەمیان رەخنەی توند لە گوتار و دروشم و سیاسیەتی حزبە ناسیۆنالیستیە کوردییەکان و دووەمیشیان داکۆکیکردن لە بەها و چەمکی نوێی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی، وەک بانگەواز بۆ ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و یەکسانی لە مافەکانی ژن وپیاو و بەرقەرارکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی سێکیولار. هەموو ئەمانە پێگە وکاریگەری کۆمۆنیستەکانیان لەسەر کۆمەڵگە و بەرەوپێشچوونی بەرنامەی سیاسی ئەوانی دەخستە بەردەم تەحەدای گەورە و تەنگوچەڵەمەی سەختەوە. یەکێک لە نیشانەکانی داهەزانی توانا و بەرکەناربوونی تەوژمی ئەو رەوتە بریتی بوو لە رەوی بە کۆمەڵی سەرکردە و هەڵسوڕاوە کۆمۆنیستەکان بۆ هەندەران. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمۆنیستەکان دیارترین و سەختترین هەوڵیان خستەگەڕ بۆ ئاشناکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بە چەمکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی مەدەنی و پرینسیپەکانی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و تەنانەت یەکەم رەوتی سیاسیش بوون کە بەئاشکرا بانگەوازیان بۆ جیابوونەوەی کوردستان دەکرد لە دەوڵەتی عیراق.

– ئاڵوگۆر لە پێکهاتە و پێگەی حزبایەتی لەناو هاوکێشەی سیاسی کوردستاندا، دیارترین نموونەش: یەکگرتنی حزبی سۆسیالیست و پارتی گەل و پاسۆک لە ژێر ناوی «حزبی یەکگرتنی کوردستان» لە ساڵی ١٩٩٢. هەروەها پێکهێنانی حزبی شیوعی کوردستان بەدەر لە حزبی شیوعی عیراق لە ١٩٩٣. هەر لەو سەروبەندەشدا گرووپێکی تر لە حزبی شیوعی عیراق جیابوونەوە و «پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان» یان پێکهێنا.

کێبڕکێی حزبەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، کە یاساکەی لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دەرچوو، بەجۆرێک بوو کە گەیشتن بە پەرلەمانی سنووردارکردبوو بۆ پارتی و یەکێتی بەو پێییەی بەدەستهێنانی رێژەی لە سەدا حەوتی کۆی دەنگەکان مەرجی دەستەکەوتنی کورسی پەرلەمان بوو. کێشەکە تەنیا لەوەدا نەبوو، بەڵکو لەو نائومێدیە چاوەڕواننەکراوەدا بوو کە هەندێک حزبی رەسەن و خاوەن مێژوو لە سەروەری و خەبات و قوربانی تەنانەت بەرێژەی ژمارەی ئەندامان

و سەنگی قوربانییەکانیان دەنگیان بەدەست نەهێنا. دەرەنجامەکەشی پەرتبوون و هەڵوەشاندنەوەی هەندێکیان و یەکگرتنی هەندێکی تریان وەیا پەیوەستبوونیان بە یەکێک لە دوو حزبە گەورەکەوەبوو. نموونەی حزبی یەکگرتنی کوردستان کە لەگەڵ پارتی یەکیان گرت و بەشداریان لە کۆنگرەی ١١ی پارتیدا کرد لە ١٩٩٣ وەیا«ئاڵای شۆڕش» کە سەرەتا چوونەناو حزبی زەحمەکێشان و دواتر لە ١٩٩٣دا چوونەوەناو یەکێتی نیشتمانی لە کاتێکا حزبی سۆسیالیست هەندێک لەگەڵ یەکگرتن لەگەڵ پارتیدا مانەوە بەڵام ڕەسول مامەند و هەوادارانی چوونەناو یەکێتی و محەمەدی حاجی مەحمودیش لە پارتی هاتەدەرەوە و حزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستانی دامەزراند و خۆی وەک درێژەپێدەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی ساڵی ١٩٧٦ ناساند.

ئەڵبەت لەو نێوەندەشدا لە ماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕین و فەزای کراوەی سیاسیدا لە کوردستان، چەندین پارت و گرووپی سیاسی پەیدابوون(لێرەدا پێویست بە ناوهێنان ناکات) هەندێکیان لە سێبەری هەریەک لە پارتی و یەکێتیدا کاریان دەرکرد وەیا جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆیان دەپاراست بەڵام لەرووی ڕۆڵ و کاریگەرییەوە شتێکی ئەوتۆیان لەباردانەبوو.

– لەکاتێکا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەرووی ناوچەکانی تری عیراقدا لەژێر داخران و گەمارۆدا بوو، بەڵام لە کرانەوەیەکی بەردەوامدا بوو بەرووی میدیا و ڕێکخراوە بیانییەکان و ئاشنابوون بە چەمک و مۆدێلی سیاسی و کلتووری نوێ و جیاواز، هەموو ئەمانە بناغەیەکی پتەویان دارشت بۆ دەرکەوتنی میدیای ئازاد وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وکرانەوەی فەرهەنگی وگەشەپێدانی توانای مرۆیی و دامەزراوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی ململانێی سەختی نێوخۆیی حزبەکان لە شاخدا هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکانی فشار لاوازبوون یان نەیدەتوانی بە ڕۆڵی ئیجابی خۆیان هەستن بۆ کارکردنە سەر ڕەوتی نادروست و مەترسیداری بزووتنەوە وخەباتی چەکداری کورد، ئەوا ساڵانی نەوەدەکان و دواتریش شەقامی کوردی و نێوەندەکانی نوێنەرایەتی کۆمەڵگە لە ئاستە جیاجیاکان و چین و توێژەکانی وەک ژنان و خوێندکاران و ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاین لە چەندین شێوەی ڕێکخراوبووندا شایەدی بەرجەستەبوونی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە و دەور و کاریگەرییانە لە

هەمبەر رووداوەکان و کارکردنەسەر ئاراستەکانیان. نموونەی رۆڵی ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی لە ناوەراستی نەوەدەکانەوە و لەگەڵ دەسپێکی ململانێنی خوێناوی نێوان حزبەکان بە چەندین شێواز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەردەوام رەخنەی توندیان لەو بارودۆخە دەگرت و بە ووتار و کۆر و سیمینار رێگەی دایەلۆگی عەقڵانی و شێوازی مامەڵەکردنی مەدەنی و شارستانییان لەتەک جیاوازی و ناکۆکییەکاندا بۆ خەڵکی باسدەکرد وەیا هەوڵی ناوبژیوانی و هێورکردنەوەی وەزعەکەیان دەدا.

راگەیاندنی ئەنجامەکانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سەرەتای کێشە و ئاڵۆزییەکی ترسناکی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا نیشاندا. پێشکەوتنی پارتی بە رێژەیەکی زۆر کەم لە پێش یەکێتییەوە، بەلای هەندێکەوە مایەی نیگەرانییەکی قووڵ و ترسێکی نادیاربوو لە ئایندەی هاوکێشەی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمەکەدا پاش نزیکەی سی ساڵ لە ململانێی ئاشکرا و نهێنی.

ساڵانی ١٩٩٣،١٩٩٢و١٩٩٤ قۆناغێکی هەستیار و گرنگ بوو لەرووی تاقیکردنەوەی توانا و ئیرادەی راستەقینەی پارت و سەرکردەکان بۆ مامەڵەکردنێکی دروست و لێپرسراوانە لەتەک ئەو قۆناغ و ئەزموونە نوێیەی دوای یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی ئازاد لە هەرێمی کوردستان هاتەپێش.

«پێداویستی و ئەرکەکانی قۆناغی گواستنەوە لە خەباتی شاخەوە بۆ دەسەڵات و حوکمرانی شار چین؟» ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە لەدوای راپەرینەوە لای زۆرێک لە رۆشنبیران و سیاسەتوانانی کورد بووە مایەی هەڵوەستەکردنی جیددی. پرسیارکردن لە ناوەرۆک و ماهییەتی ئەو هێزانە بوو کە خۆیان بە میراتگری شەرعی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەم پارچەیەی کوردستان دەزانی و خۆیان بە خاوەنی شۆڕش و نوێنەرایەتی راستەقینەی خواست و ئامانجەکانی گەلەکەی دەناساند.

لەکاتێکا دەوڵەتی عیراق لەژێر کاریگەری بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و باری سەختی گەمارۆی ئابووری و کەنارکەوتنی سیاسیدا لە چاوەڕوانی ئایندەیەکی نادیاردا بوو، لە رۆژگارێکدا کە زۆربەی رووداو و ئامادەکارییەکان لەسەر ئاستی نێوەندەکانی بریاری جیهانی ئاماژەیان بۆ ئاڵوگۆڕی گرنگ و ریشەیی دەکرد لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە، لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندابوو تارمایی دەورانێکی تاریک لە ململانێی سەخت و خوێناوی لەئاسۆدا دەردەکەوت.

لە کاتێکا بە دەیان ڕێکخراوی فریاگوزاری وخێرخوازی جیهانی سەرگەرمی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانێکی وێران بوون و هاوسۆزی بۆ گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی لە فراوانبووندابوو، لەبەرامبەریشدا دوژمنان و ناحەزانی کورد بە ترس و نیگەرانییەکی زۆرەوە لەو بارودۆخە نوێیە و پێشهاتەکانیان دەڕوانی و بە هەماهەنگی پیلان و سیاسەتی ڕێکخراویان لەدژی دادەڕشت، ئەو دەمانە هێزە ناسیۆنالیستە کوردییەکان لە پرۆسەی دابەشبوون بەسەر میحوەری دژبەیەک ودارشتنەوەی تەرازووی نوێی هێزی ناوچەییدا بوون.

لەدوا مانگەکانی ساڵی ١٩٩٢دا شەڕی هەردوو حزبی باڵادەست (یەکێتی و پارتی) لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) دەستی پێکرد و دواتریش لەساڵی ١٩٩٣ شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی وبزووتنەوەی ئیسلامی بە خەستی هەڵگیرسا، هەروەها لە نێوان پارتی وحزبی سۆسیالیست (بەسەرکردایەتی محەمەدی حاجی مەحمود) شەڕو پێکدادان ناوچەکانی سلێمانی و هەولێری گرتەوە.

بارودۆخ تا دەهات ئاڵۆز و نالەبارتر دەبوو. ململانێی سیاسی نێوان هێزە کوردییەکان بە ئاقارێکی ترسناکدا تێدەپەڕی و ڕۆژ بەڕۆژ لەتەک سەختی باری گوزەرانی هاوڵاتیان و ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوامدا ئاسۆکانی بەردەم دایەلۆگ و ڕێککەوتن بەرتەسکتر دەبووەوە، ئەگەرچی لێرەولەوێ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدرا بە بەشداری ڕاستەوخۆی هەردوو سەرکردە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، بەڵام هەرلایەنە لەسەر هەڵوێست وتەفسیری خۆی بۆ کۆی ڕووداو و پێشهاتەکان سووربوو. ئەوەی بەلای خەڵکی کوردستان بە گشتی لەهەرشتێک زیاتر مایەی باوەڕپێکردن بوو ئەوەبوو کە شەڕو ململانێ لەسەر دەسەڵات و داهات بوو لە کوردستاندا. ئەوەبوو دواتر و لە گفتوگۆکانی نێوان دوو هێزە شەرکەرە سەرەکییەکەدا بەئاشکرا باس لە دارشتنەوەی نەخشەی دەسەڵات و بەشکردنی داهات دەکرا لە هەرێمەکەدا(بەتایبەتی داهاتی دەروازەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل).

ترسناکترین و کوشندەترین قۆناغی شەڕی نێوان(ینک و پدک) لەدوای ڕاپەڕینەوە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٥ەوە دەستی پێکرد کاتێک لەشارۆچکەی قەڵادزەوە جارێکی تر دەستی کورد بە خوێنی یەکتر سووربوو. ئەو شەڕکەرانەی تا دوێنێ لە پەناو پەسێوی داروبەردی کورستاندا فیشەکیان بەیەکترەوە دەنا ئەمڕۆ تەواوی باڵەخانە و دامەزراوەی حکومی و ماڵ و شەقام و گۆڕەپانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی

نیمچە ئازاد سەنگەری مەرگ و شانۆی تراژیدیای ماڵوێرانییەکی تری کورد بوو. قسەکردن لەسەر رەوشی تایبەت و نالەباری ساڵانی ململانێ و شەری نێوان یەکێتی وپارتی (کە بە رێککەوتنی واشینگتۆن لە١٩٩٨/٩/١٧کۆتایی پێهات) و کاریگەری و دەرهاویشتەکانی لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی، زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لە کتێبێکدا کۆبکرێتەوە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم لەچەند خاڵێکی سەرەکیدا دیارترینی دەرهاویشتە و کاریگەرییەکانی پەیوەست بەو قۆناغەوە بهێنمەوەیاد:

- ئەوەی لەهەر سیما و پێناسەیەک زیاتر بۆ کەسێتی پێشمەرگە کە لە زەینی مرۆڤی کورددا بۆ دەیان ساڵ بەرجەستەبوو، سەرەرای رەوایی مەسەلەکەی، بریتی بوو لە ئازایەتی وگیانبەخشی بەڵام لە ساڵی یەکەمی دوای راپەرینەوە بەهۆی چەندین رەفتار و هەڵسوکەوتی نەشیاو و ئامێزگرتنەوەی پارتە سیاسییەکان بۆ کەسانی پاشەڵپیس و خراپەکار و هەلپەرست، ناو و سومعەی پێشمەرگەش لەکەدار ئەبوو. تەشەنەکردنی دیاردەی چەکداری و بڵاوبوونەوەی تاوانی جۆراوجۆر و تۆڵەستێنی لەسایەی نەبوونی دەزگای تۆکمەی پۆلیس و دادگادا تادەهات فەزای نائارامی و ترس لە ناو خەڵکیدا زیاتردەبوو. لەگەڵ دەسپێکردن و بەردەوامبوونی شەڕە ناوخۆییەکانی دوای راپەرین، سیمای مەدەنی بوون لە کۆمەڵگەی کوردی دووردەکەوتەوە و لەگەڵ پێویستیی لایەنە شەرکەرەکان بۆ چەکداری زیاتر ئاراستەیەکی ئاشکرا بۆ میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەی کوردی بەدەردەکەوت.
- لەگەڵ قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و بەرفراوانبوونی بازنەکانی شەردا، ئاست و شێوازەکانی توندوتیژی و رۆحی شەڕەنگێزی روو لە هەڵکشانی مەترسیداربوو بە رادەیەک کە بە تەواوی ئەخلاق و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی نامۆ و ناجۆربوو. لە سایەی شەری سەرتاسەری نێوان یەکێتی و پارتیدا کە تا ئەمرۆش ئامارێکی درووست بۆ قوربانییەکانی لەبەردەستدا نین، فەزای سەرکوت و راوەدوونانی سیاسی لەوپەریدابوو. لەماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕدا دیاردەی تیرۆر و لەناوبردنی جەستەیی هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە وچەندین کەسایەتی ناوداری سیاسی و رۆشنبیر و ئەکادیمی و پیاوی ئایین و کۆمەڵایەتی تیرۆرکران(لێرەدا ناوهێنانی قوربانییەکان بە پێویست نازانم). پێشێلکاری فراوان و ترسناکی مافەکانی مرۆڤ بەرادەیەک بوو کە تەنانەت رێکخراوە جیهانییەکانی تایبەت بە چاودێریکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە چەندان راپۆرتی خۆیاندا ئاماژەیان بەو

پێشێلکارییانەدەکرد کە لەسەر دەستی لایەنە شەڕکەرەکانی کوردستاندا رووویاندەدا نموونەی تیرۆر و دیل کوشتن و زیندانی و ئەشکەنجەدان و بێسەروشوێنکردن و دەرکردنی هاوڵاتیان لە شوێنی کار و نیشتەجێبوونی خۆیان و دەسبەسراگرتنی خانوو و موڵک وماڵیان(نموونەی راپۆرتەکانی لێبوردنی نێودەوڵەتی و هیومان رایتس ووچ و لیژنەی مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا). هەموو ئەمانە کاریگەری خراپیان لەسەر ناو و سومعەی کورد و تەنانەت خەبات و دۆزە رەواکەشی لای دۆستان و نێوەندە جیهانییەکان بەجێهێشت، ئەوانەی کە بایەخیان بە مەسەلەی کورد دەداو چەشنێک لە هاوسۆزییان بۆی هەبوو.

-رەوشی نائارامی هەڕێمی کوردستان لەسایەی بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆدا زەمینەیەکی لەباری رەخساندبوو بۆ دوژمنانی کورد و ئەزموونە نوێیەکەی (بەتایبەتی بۆ رژێمی سەدام حوسێن) کە راستەوخۆ دەستوەردەنە ناوخۆی هەڕێمەکە وکار بۆ ئاڵۆزترکردن و ناشرینترکردن و پاشانیش لەباربردنی هەلومەرجە نوێیەکە بکەن. لەوماوەیەدا چەندان کاری تیرۆریستی وەک کوشتن و تەقینەوە و ئۆتۆمبیلی بە مین چێنراو لە رێگەی بەکرێگیراوانەوە لە شارەکاندا رووویاندا. ئەڵبەت ئەو تەوژمە لە کاری تێکدان و تیرۆری دەستی دەرەکی گەیشتە گیانی سەدان بەرهەڵستکاری سیاسی رژێمەکانی دەوروپشت وتەنانەت چەندان کارمەندی رێکخراوە بیانییەکانیش بوونە قوربانی.

-مەترسی دەستێوەردانی دەرەکی ئەوکاتە زیاتر بوو کە لایەنە شەڕکەرەکان لەژێر فشاری یەکتر و بۆ زامنکردنی سەرکەوتنیان بەسەر یەکتردا راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەنایان بۆ رژێمەکانی دەوروبەر برد و لەبەرامبەر یارمەتیدانیاندا ئامادەی چەندین سازش و هاوکاری بوون.

ئەڵبەت لەومیانەدا جگە لە گورزوەشاندنی لایەنە شەڕکەرەکان لەیەکتری، بە هێز وچەکی بێگانە، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەو رژێمانەش لەسەر خاکی کوردستان بوونە ئامانجێکی ئاسان و لەچەندان پەلاماری سەربازی و کردەوەی تیرۆر و گرتن و رادەستکردنەوەدا دەیان وسەدان کەس بوونە قوربانی و دروشمی هاوخەباتی نەتەوەیی لایەنە کوردستانییەکانی خستە ژێر گومانەوە. نمونەی هەرە ئاشکرای ئەو دەستێوەردانانە کە لە یادەوەری نەوەکاندا هێشتا زیندووە بریتییە لە هێرشی فراوانی هێزە سەربازییەکانی تورکیا بۆسەر پێگەکانی «پەکەکە» لە ناوچەکانی بادینان لە ٢٠

ی ئازاری ١٩٩٥ و گەرم بوونی شەڕی نێوان پەکەکە و پارتی لەدوای هێرشی پەکەکە بۆسەر شاری زاخۆ لە مانگی ئەیلوڵی هەمان ساڵدا و پەلاماری هێزێکی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ئۆردوگا و بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەوروبەری شاری کۆیە لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٩٦ و هاتنە ناوەوەی هێزەکانی رژێمی عیراق لەسەر داوای پارتی بۆ شاری هەولێر لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ کە نەک بە تەنیا یەکێتی بەڵکو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە عیراقییەکانیش تیایدا بوونە ئامانج.

-مەترسیدارترین ئاکام ودەرهاویشتەی چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بوو بۆ دوو ئیدارە و دوو حکومەت لەساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٦، وەیا راستتر بۆ دوو دەسەڵاتی ناوچەیی کە تا ئەمرۆش ئاسەوار و کاریگەری نەرێنی بەسەر تەواوی ژیانی خەڵکی کوردستان وخودی ئەزموونەکە وئایندەی هەرێمەکەوە بەجێهێشتووە.

-لەگەڵ ئەوەشدا کە رۆژ لەدوای رۆژ ئەگەری گەرانەوەی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی بەغداد دووردەکەوتەوە، لەهەمان کاتیشدا لە سایەی هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا دەسەڵاتی کوردی بەسەر هەرێمەکەدا وەک دیفاکتۆ لای دۆست ودوژمن قبووڵدەکرا، بەڵام بارۆدۆخی ناجێگیری سیاسی و بەردەوامبوونی شەڕی پارتی و یەکێتی وداتەپینی بنەمای ئابووری وهەڵکشانی ئاستی گرانی وهەژاری تادەهات تۆوی نائومێدی و رەشبینی بەرامبەر بە ئایندە لە ناخی خەڵکیدا دەچاند. یەکێک لە ریگاکان بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە بریتی بوو لە هەڵاتن بۆ هەندەران. سەرەتا کەسانی خاوەن دەرامەت و دەوڵەمەند بە دۆکیومێنتی ساختە و بە رێگەی قاچاخ خۆیان دەگەیاندە وڵاتانی ئەورووپا و لە یاساکانی تایبەت بە مافی پەناهەندەیی سوودمەند دەبوون، پاشان بەجێهێشتنی نیشتمان بووە دیاردەیەکی فراوان و تا چەندین ساڵی دواتر بە دەیان هەزار کەس چارەنووسی خۆیان دەدایە دەست بەڵێنی قاچاخچییەکانی رێگەی هاتونەهاتی گەیشتن بە سەرزەمینی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی. ئەو کۆچە بەردەوامە رۆژانە جەستەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە توانای پێویستی مرۆیی و لە عەقڵ و هێزی بنیاتنان بەتاڵدەکردەوە و چەندان ئاسەواری خراپ و کێشەی کۆمەلایەتی بەدوای خۆیدا بەجێدەهێشت. سەدان و هەزاران کەسی رۆشنبیر و هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ و سیاسەتمەدار و سەرمایەدار زێدی خۆیان بەجێهیشت، تا وای لێهات کەم کوێرەلادێی ئەم وڵاتە مابێت

کەسیان لێنەچووبێتە دەرەوە ، تەنانەت کەم خێزانیش هەبوو هەوڵیان نەدابێت کەسێکیان ڕەوانەی «خاریج» نەکەن.

–لەناو ئەو ڕۆژگارە سەخت وجەنجاڵەدا و لەگەرمەی پێشهات و ڕووداو وئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان وعیراق، هێزێکی سیاسی نوێ بە دیدگا و بەرنامەیەکی جیاوازەوە لە پرۆسێسی خۆسازدان و ئامادەکاریدا بوو بۆ دەرکەوتن و ڕۆڵبینین لە سەر شانۆی پڕململانێی سیاسی هەرێمی کوردستاندا. ئەو ڕەوتەش «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان» بوو کە لە ٦ ی شوباتی ١٩٩٤ ئیعلانی خۆی کرد.

–

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، مۆدێلێکی نوێی کاری سیاسی.

قسەکردن لەسەر سەرچاوە فیکرییەکان وپاشخانی ڕێکخراوەیی یەکگرتووی ئیسلامی بەجێدێڵین بۆ لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو بابەتە، بەڵام گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری ئیسلامی سیاسیی لە کوردستانی عیراق ومیتۆدی کارکردنی «یەکگرتوو» بەپێویست دەزانم بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر وپێناسەیەکی ووردتری ئەو ڕەوتە سیاسییە.

لە ساڵانی سەرەتای دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمون کە ئەوسا لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا (بەتایبەتی میسر) لە نشونمادابوو، لەسەر دەستی چەند چالاکوانێکی وەک ئەمجەد زەهاوی و محەمەد مەحمود ئەلسەواف گەیشتە عیراق. ئەو بزووتنەوەیە سەرەتا لەشێوەی چەند هێڵ و بازنەیەکی جیاجیادا بانگەواز و کاری بڵاوکردنەوەی بنەماکانی ڕۆشنبیری ئیخوانیان دەکرد.

لە شاری کەرکوک ڕێکخراوی ئیخوان لەسەر دەستی نوخبەیەکی خوێندەوار و ناسراو توانی گەشەیەکی بەرچاوبکات و لەوێشەوە لە ساڵانی شەستەکاندا بگاتە شار و ناوچەکانی تری کوردستان کە دیاریترینیان بەدەنگەوەهاتنی بنەماڵەی مەلا عبدالعزیز بوو لە هەڵەبجە کە دواتر مەلا عوسمانی کوڕی لە ساڵی ١٩٨٧ ڕەوتێکی جیهادی بەناوی «بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق» پێکهێناو و ئاراستەی خۆی لە ڕەوتی ئیسلاحگەرای ئیخوان جیاکردەوە. بنەماڵەیەکی ئایینی تر کە ڕوویانکردە قوتابخانەی ئیخوان ماڵی مەلا محمد بەهائەدین بوون لە خورماڵ (باوکی ئەمینداری گشتی ئێستای یەکگرتوو، سەلاحەدین محمد بەهائەدین) لەگەڵ چەند چالاکوانێکی تر لە ناوچە جیاجیاکان دیارترینیان شێخ نجم الدین قەراغی

مامی د: عەلی قەرەداغی کە پێش نوێژی مزگەوتێکی سلێمانی بوو. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ژێر ئەو ناوەدا ئاماژەیە بۆ یەکگرتنی سەرجەم هێڵ و رێکخراوەکانی سەر بە قوتابخانەی ئیخوان جگە لە بزووتنەوەی ئیسلامی.

لە پێناسەی یەکگرتوودا هاتووە «حزبێکی ئیسلامی ئیسلاحی نیشتمانییە، تێدەکۆشێت لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری و رۆشنبیریەکانی کۆمەڵگە لە دیدێکی ئیسلامییەوە» هەروەک دروشمەکانیشی بریتین لە «برایەتی، ئازادی، دادپەروەری» کە بەرووونی دەریدەخات یەکگرتوو لە عەقلییەتی رادیکالی خۆی بەدوور دەگرێت و بانگەوازیش بۆ پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەخاتە قالبی چارەسەر لە دیدگای ئیسلامییەوە.

لێرەدا کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ وجێبایەخ لەبارەی بنەما فیکرییەکان وبەرنامە و ستراتیژی کارکردنی یەکگرتوو دێنەپێش وەک؛ ئایا یەکگرتوو لەکوێی بەرنامە وشێوازی کارکردنی رەوتی ئیسلامی ئووسڵگەرا و سەلەفی و جیهادییدایە؟ ئایا یەکگرتوو بەشێکە لە مەنزوومەی ئیخوانی جیهانی؟ ئایا درووشمی «ئیسلام چارەسەرە» لای یەکگرتوو چۆن دەکەوێتەوە؟ هەڵوێستی یەکگرتوو چییە لەئاست مەسەگەلێکی وەک دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و دیمۆکراسی و مافە نەتەوەییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و.....هتد؟

بەر لەهەوڵدان بۆ تیشک خستنەسەر وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە، پێویستە ئەو راستییە لەبەرچاوبگرین کە یەکگرتووی ئیسلامی لەتەک سەرجەم رەوتە سیاسییە ئیسلامیەکاندا بەشێکن لەو جیهانبینییەی کە سەرەتا و بنەما و ئوسوڵەکانی لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرن کە قورئان سەرچاوەی یەکەمی بیرو کارکردن و بەرنامەی ژیانە لەلایان. بۆیە بەشێکی گرنگ لە ئەرکی ئەوان بریتییە لە پتەوکردنەوەی رەگوریشەکانی دینداری لە کۆمەڵگەدا و چەسپاندنی ئەخلاقیاتی ئیسلامی وەک بنەمای رەفتار و ئاکاری کۆمەڵایەتی.

یەکگرتوو، چەمکەکانی ئوسوڵگەرایی و سەلەفییەت وجیهادییەت بەتەواوەتی رەتناکاتەوە، بەڵام خوێندنەوە و راڤەی جیاوازییان بۆ دەکات بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرنامە و سروشتی کارکردنی ئەوان لەناو کۆمەڵگە وجیهانی پێشکەوتووی ئەمرۆدا بگونجێت. هەروەک چۆن لەمامەڵەکردن لەتەک چەمکەکانی وەک عەلمانییەت و

دیمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن پەیرەوێکی پراگماتییان هەیە. بۆ نموونە یەکێک لە رۆشنبیر و سیاسیەتمەدارەکانی یەکگرتوو لەوەڵامی باوەڕبوون بە دیمۆکراسی و هەڵبژادرندا دەڵێت «ئەگەر هەڵبژاردنی دیمۆکراسییانە پەیژەیەک بێت کە بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە دەسەڵات پێویست بێت ئەوا بەهەمان ئەندازەش بۆ هاتنەخوارەوە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات پێویستە».

یەکگرتوو لە چواچێوەی مەزهەبدا بۆ مەسەلەکانی عیبادەت پەیرەو لە ئیمامی شافیعی دەکەن بەڵام لە مەسەلە فیقهی و یاساییەکاندا تا رادەیەک شوێنکەوتووی ئیمامی حەنەفین. بۆیە لە هەڵوێست لە دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان نەبوونی دەسەڵات و فەوزادا لەگەڵ دەسەڵاتدان هەروەک چۆن لە تەک سەرچاوەی سەرەکی ئیسلام بۆ یاسادانان لەگەڵ سەرچاوە دانراوەکانی تری یاساداناندا ناکۆک نین بەمەرجێ لەگەڵ کۆی هەلومەرجی قۆناغەکە بگونجێت کە ئەوان کاری تیادا دەکەن. هەروەها خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەوان بۆ مێژوو و کلتووری ئیسلام مامەڵکردنێکی جیاوازە بۆ دەقەکان و رووداوەکان کە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە نەگۆڕیی دەق و مانا وناوەرۆک نیە وەک ئەوەی پێی دەڵێن پەیرەوەی نەقلی. یەکگرتوو چەندین خاڵی جیاکەرەوەی هەیە لەگەڵ پارتە ناسیۆنالیستیە کوردستانیەکاندا کە لە نەخشەی دابەشبوونی هێزی سیاسی و ململانێدا لە بەرژەوەندی ئەو دەشکێنەوە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن، کە بریتین لە:

بەوپێیەی یەکگرتووی ئیسلامی بزووتنەوەیەکی سیاسی رۆژگاری دوای راپەرینی ١٩٩١ە و بەشێک نەبووە لە مێژووی ململانێی سیاسی وچەکداری دەورانی خەبات و شۆڕش، بۆیە بەقەد ئەوەی شانازی بە تێکۆشانی ئەو رابردووەی بەرناکەوێ بایی ئەوەندەش لە پرۆسەی کوردکوژیدا خاوەن تۆمارێکی بێگەردە. هەروەک چۆن لە پەیوەستبوون بەم رەوتەوە جۆرە هەستێک لای ئەندامانی دەخوڵقێنێت کە بەدەرە لەگرێی دوژمنایەتی رابردوو. هەروەها لە تەشەنەکردنی ئاسۆیی رێکخستندا زیاتر لەهەر رەوتێکی سیاسی تر بواری گەشەکردنی لەبەردەمدایە بەوپێیەی هیچ ناوچەیەکی داخراو لەبەردەم یەکگرتوودا نییە.

بوونی رێکخراوێکی خێرخوازی ئیسلامی نزیک لە رەوتی یەکگرتووەوە بەناوی «رابیتەی ئیسلامی» بە سەرۆکایەتی شێخ عەلی قەرەداغی، کە لە دوای راپەرینەوە

لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا چالاکی بەرچاوی هەبووە، یارمەتیدەر بووە بۆ زیاتر ناساندنی یەکگرتوو وەک رەوتێکی خزمەتگوزار و خێرخواز. کارەکانی رابیتەی ئیسلامی کە زیاتر بە کۆمەکی دارایی رێکخراو وکۆمەڵە ئیسلامییەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەب و دەوڵەمەندەکانەوە بوو، چەندان بواری گرتبووەوە لەوانەش درووستکردنی مزگەوت و پرۆژەی خزمەتگوزاری بچووک لە گوندەکاندا، بەڵام لەشارەکاندا زیاتر بایەخەیان بەکردنەوەی بنکەی تەندروستی و کۆمەکی دارایی خێزانە نەدارەکان و کردنەوەی خولی پیشەیی و پەروەردەیی بۆ کوڕان وکچانی گەنج ئەدا.

– کاری سیاسی یەکگرتوو لە پراکتیزەکردنی بەرنامەو ستراتیژی خۆیاندا، هەروەک لە ستراتیجی خولی پێنجەمی یەکگرتووی ئیسلامیدا هاتووە، جەختکردنە لەسەر درێژەدان بە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی وپشتیوانی کردن لە پرۆسەی چاکسازی و قووڵکردنەوەی مومارەسەی دیمۆکراسی و رێزگرتن لە فرەیی و ئازادییە گشتییەکان و ژیانی دەستووری و سەوەری یاسا و گەشەپێدانی میانرەوی و چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکان. بەرنامەیەکی لەم جۆرە کە زۆرترین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ بەرنامە و ستراتیژی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانیدا هەیە و وەڵامدەرەوەی بەشی زۆری داخوازییەکانی خەڵکە و یەکگرتوو لەهەر لایەنێک زیاتر ئامادە دەکات بۆ چنینەوەی بەری هەر شکست و فەشەلێک کە بەر لایەنەکانی تر دەکەوێت، بەتایبەتیش ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی. بۆیە دەکرێت بڵێین یەکگرتوو خاوەنی رێکخراوترین و تۆکمەترین بنکەی جەماوەرییە کە تا رادەیەک کار لەسەر تێرۆمەتری هەڵچوونی خەڵک و قەیرانخوڵقێنی و میزاجی کاردانەوەی توند و هاوشێوە ناکات. ئەم حزبە کار بە چەمکی وەبەرهێنانی سیاسی درێژخایەن و پشوودرێژی دەکات و زۆرتر بەتەنگ هێشتنەوە وگەشەپێدانی سەرمایە جەماوەرییەکەیەتی وبەدووری دەگرێت لە رووبەروبوونەوەی حیساب بۆنەکراو و موغامەرە و سەرکێشی.

– یەکگرتوو لەسەر دوو ئاست کاردەکات کە تارادەیەک لە شێوازی گوتار و بانگەوازیشدا جۆرێک لە جیاوازی بەدیدەکرێت لە نێوانیاندا؛ یەکەمیان کارکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەمەبەستی بەهێزکردنی رەهەندی ئیمان و بڵاوکردنەوەی پەروەردەی ئیسلامی. بەو پێیەش کە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی باوەڕیان بە ئیسلام هەیە، بۆیە قبووڵکردن و کاریگەری ئەو گوتارە لای بەشێکی بەرچاوی توێژەکانی

کۆمەڵ ئاسانترە. ئاستی دووەمیشیان بریتییە لەو گوتارە سیاسییەی کە لە چوارچێوەی پرنسیپ و پەروەردەی حزبی لەناو هەیکەلییەتی ڕێکخستندا کارپێدەکرێت.

– ژیانی سیاسی یەکگرتوو لە ڕۆژی ڕاگەیاندنییەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە و لەهەر قۆناغێکدا ئاراستەی سیاسی و میکانیزمەکانی مامەڵەکردنی ئەوحزبە لەتەک ڕووداو و پێشهاتەکاندا لە چوارچێوەی تاکتیکی ڕوون و دیراسەکراودا بووە کە دەکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاریبکرێن:

قۆناغی یەکەم (١٩٩٢–١٩٩٦): دامەزراندن و پتەوکردنی هەیکەلییەت و دامەزراوەکانی حزب و کارکردن بە ئاراستەی فراوانکردن و گەشەپێدانی ڕێکخراوەیی و پەروەردەی سیاسی ئیسلامی.

قۆناغی دووەم (١٩٩٦– ٢٠٠٩): بەشداریکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و ئەنجومەنی سیاسی حزبە کوردستانییەکان.

قۆناغی سێیەم کە لە ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ وە دەست پێدەکات: گواستنەوەیە بۆ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و بەشداری ڕاستەوخۆی سیاسی و جەماوەری و میدیایی لە ڕووداوەکانی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١١ و دواتر.

ئاستەکانی ململانێی سیاسی ناوخۆیی کورد لە عیراقی دوای سەدام

لە دوای ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ ەوە عیراق پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و جیاواز لە مێژووی خۆیدا. قۆناغێک کە بە بەراورد لە گەڵ ڕژێمە سیاسییەکان و سرووشتی دەسەڵات و سیستمی ئابووری و بەڕێوەبردن لەو وڵاتەدا بەر لەو مێژووە، ئاڵوگۆڕێکی دراماتیکی گەورەی بەخۆوە بینیوە بەڵام خاڵی گرنگ و جێبایەخ ئەوەیە کەتا ئەمڕۆ کە زیاتر لە نۆ ساڵ بەسەر ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەدام حوسێن و فاشیزمی حزبی بەعسدا تێدەپەڕێت هێشتا عیراق بە قۆناغی ئینتیقالی و پرۆسەی بنیاتنانەوەی سەرلەبەری سیستمی سیاسی و ئابووری تێدەپەڕێت. ئەڵبەت گواستنەوە لە قۆناغی دیکتاتۆری و ڕژێمی تۆتالیتارییەوە بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سیستمی دیمۆکراسی و دستەبەرکردنی ئازادی لەسای دەستوورێکی مەدەنی هاوچەرخ و یاساگەلێکی پێشکەوتوودا پرۆسەیەکی قورس و پر کێشە و تەحەدای گەورە و مەترسییدارە. ئەو ئاڵوگۆڕانە بە ژان و ئازارێکی زۆرەوە دێنە دنیاوە، بەتایبەتی لەسای بوونی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا وەک هێزێکی کاریگەر و بریاردەری دەرەکی کە بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی ئەو گۆڕینی دەسەڵات لە عیراقدا ئەستەم بوو.

پرسیارگەلێکی زۆر لەبەردەم ئەو بارودۆخەی دوای نیسانی ٢٠٠٣ دوە هاتووەتە ئاراوە کە هێشتا لە چاوەڕێی وەڵامی تەواودان. دەسەڵاتی شۆفێنیزم و نەتەوەپەرستی بەعس لە ماوەی ٤٠ ساڵی حوکمی خۆیدا میراتێکی زۆری لە کلتووری ستەمکاری و ئامرازەکانی بەکاربردنی توندوتیژی و عەقڵییەتی سەرەتایی لە ساغکردنەوەی ململانێ و وڵاتێکی وێران و کۆمەڵگایەکی شێواوی لەدوای خۆی بەجێهێشت. دیارترین نموونەی ئەو میراتە زیندووە بریتییە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی سیاسی لە قاڵبی ململانێی نێوان بەرەی بنیاتنانی عیراقی نوێ و داکۆکیکەران لە سیستمی دەوڵەتی ناوەندی بەهێز بە خەسڵەتەکانی رابردوویەوە. هەروەها بەرپابوونی توندوتیژی مەزهەبی و تەشەنەکردنی تیرۆر و تاوان و لەدەستدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی.

ئاشکرایە کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان بریاری مانەوە لە چوارچێوەی عیراقی دەورانی نوێ و جیابوونەوەدا، ئەوەی یەکەمی هەڵبژارد. بەمەش جارێکی تر کورد بەهیوای بەشداری و هاوبەشی لە دەسەڵات و سەروەت و سامانی عیراق، خۆی کردەوە بە بەشدار و هاوبەش لە تەواوی کێشەی سیاسی و ململانێ و گیروگرفتە بێ ئەندازەکانی ئەو وڵاتە، کە تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت سنووری داواکراوی هەرێمەکەشی بە رەسمی وەک لە دەستووردا هاتووە بچەسپێنێت و رۆژ لە دوای رۆژیش لەناو قەیرانی سیاسی و ئیداری دەسەڵاتی نوێی عیراقدا ئایندەی کورد و هەرێمەکەی بەرەو نادیاری دەچێت.

بارودۆخی سیاسی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەماوەی نۆ ساڵی رابردوودا بە بەراورد لەگەڵ پێشهات و ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکانی بەشەکانی تری عیراق، تا رادەیەک سەقامگیر و ئاسایی بووە، جگە لە رووداوەکانی مانگی شوباتی ٢٠١١ و دواتر. لەو ماوەیەدا بەشداری و سەنگی سیاسی کورد لە بەغدا بەرەیەکی گرنگی ململانێ و شەڕی چەسپاندنی مافەکانی بووە. لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە لیستی جیا بەشداری کرد و توانی فراکسیۆنێکی سەربەخۆ بۆخۆی دەستەبەربکات. ئەگەرچی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی یەکگرتوو مایەی نیگەرانی سەرکردایەتی کورد بوو تەنانەت لە ناوچەکانی بادینان بارەگاکانی ئەو پارتە کەوتنەبەر پەلامار و سووتانی لایەنگرانی پارتی دیمکراتی کوردستان وچەندین قوربانی و بریندارى لێکەوتەوە بەڵام سەرکردایەتی یەکگرتوو دانی بەخۆیداگرت و لە بڕیاری سیاسی خۆی بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی لە پەرلەمانی

عیراقدا هاوهەڵوێستی و هاوکاری خۆی لەتەک فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستاندا نیشاندا و بۆ پەرلەمانی کوردستانیش لە گەڵ پارتی و یەکێتی لە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستاندا بەشداری پەرلەمانیان کرد لە کاتێکدا تەنیا کۆمەڵی ئیسلامی بە شەش کورسی و زەحمەتکێشان بە یەک کورسی بەجیا وەک فراکسیۆنی سەربەخۆ توانیان بگەنە پەرلەمان.

لەماوەی چوار ساڵی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا لیستە سەربەخۆکان نەیانتوانی واقعی ئۆپۆزیسیۆن وەک پێویست بەرجەستەبکەن، بەڵام لەدەرەوەی پەرلەمان لە چەند هەنگاوێکی سنووردارداپرۆژەی چاکسازی هاوبەش و سەربەخۆیان پێشکەش بە حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی سیاسی پارتە کوردستانییەکان و رای گشتی کرد کە دەتوانین بڵێین سەرەتای بزاوتێکی جیاوازبوو لە کار و هەڵوێستی پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات، ئەگەرچی تەواوی ئەو پرۆژانە لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە بەهەند وەرنەگیرا و کاریگەری راستەخۆیان بەدوای خۆیاندا نەهێنا.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دوە بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی بە قووڵبوونەوەی جیاوازییەکان و بەرجەستەبوونی هەڵوێست و دیدگای جیاوازدا دەگوزەرا، ئەگەرچی پێشتر و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا سێ کەس لە سەرکردە هەرە دیارەکانی ئەو پارتە یاداشتێکی تا رادەیەک توندیان خستەبەردەم سکرتێری گشتی بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی و ریفۆرم. ئەو یاداشتە لە برگەیەکیدا رەخنەی ئاشکرا لە خودی سکرتێری گشتی دەگرێت بەوەی پاوانی بریار و دەسەڵاتی کردەوە. لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ دا و پاش بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و ئاڵوگۆری بنەڕەتی لەناو یەکیتیدا، نەوشیروان مستەفا کەسی دووەمی ناو یەکێتی نیشتمانی و ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکردایەتی و کادری پێشکەوتووی ئەو پارتە رێچکەی خۆیان جیاکردەوە. سەرەتا کۆمپانیایەکی راگەیاندیان بەناوی «ووشە» وە دامەزراند و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩دا «بزوتنەوەی گۆڕان» و لیستێکیان بەهەمان ناوەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا پێکهێنا. ئەڵبەت ئەم بزووتنەوەیە بەتەنیا لە خەڵکی جیابوەوە لە یەکێتی درووست نەبووە، ئەگەرچی ئەوان بەشی هەرەزۆریان پێکهێناوە، بەو پێیەی کەسانێکی بەرچاو لە رۆشبنیر و خوێندەوار و ئەندام و لایەنگری حزبەکانی تر پێوەی پەیوەست بوون و زۆرتریشیان لە کوردانی هەندەرانن.

قسەکردن لەسەر هۆکارەکانی ئەو جیابوونەوەیە لە یەکێتی نیشتمانی و پاشانیش درووستبوونی رەوتی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە شێوە و کارکردن و بەرنامەدا مۆدێلێکی تا رادەیەک جیاوازی هێنایە کایەوە، بابەتێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. بەهەرحاڵ و بەدەر لە خۆێندنەوەی رەخنەیی بۆ ئەو بابەتە، ئەوەی لای ئێمە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەو بزووتنەوەیەیە لە سەر ئاستەکانی واقیعی ژیانی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشمان و لە پێش هەمووشیانەوە دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنە لە شێوە و بەرنامە و کارکردنی نوێدا کە هەوڵئەدەین لەژێر دوو ناونیشانی جیادا خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ بکەین:

٢٥ ی تەمووزی ٢٠٠٩ لە رۆژمێری ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

بەر لە رۆژی ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ کە وادەی یاسایی تەواوبوونی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بوو مشتومڕ لە نێوان لایەنە سیاسییە رکابەرەکاندا درووستبوو لەسەر دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن بۆ خولی سێیەم و یاسای هەڵبژاردن و راپرسی لەسەر دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستان (کە لە دوا رۆژەکانی تەمەنی پەرلەماندا بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان پەسەندکرا). پاشان بە راوێژ و رێککەوتن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عیراق و بە بریاری سەرۆکایەتی هەرێم رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمانی کوردستان.

پارتی و یەکێتی پابەندبوونی خۆیان بە رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان دووپاتکردەوە و بەلیستێکی هاوبەش بەناوی «لیستی کوردستانی» بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و لە بەرامبەریشدا هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان و بزووتنەوەی ئیسلامی بە لیستی جیا و سەربەخۆ بەشدارییان کرد و «یکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و سۆشیالیست و زەحمەتکێشانی سەربەخۆ» لیستێکی هاوبەشیان بەناوی «لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی» پێکهێنا و لە تەک ئەوانیشدا حزبی شیوعی کوردستان و زەحمەتکێشان و چەند لایەنێکی سیاسی تر لیستێکیان بەناوی «ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی» درووستکرد.

بۆ رکابەری پۆستی سەرۆکی هەرێمیش لیستی کوردستانی جارێکی تر مەسعود بارزانییان وەک پاڵێوراوی خۆیان دیاریکرد و لە بەرامبەریشدا سێ کەسی تر

خۆیان بۆ هەمان پۆست کاندید کرد (لە ناویاندا کەمال میراودەلی وەک کاندیدی ئۆپۆزیسیۆن تەماشادەکرا).

ڕۆژانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن جگە لە حەماسەتی بانگەشە و ریکلام و میدیای زبر، شەقامەکانیش ببوونە گۆڕەپانی مانۆڕی ڕکابەری و تا ڕادەیەکیش خۆڵقاندنی ڕەوشێکی نیگەران و پڕ لە دوودڵی بەرامبەر بە ئایندە. سەرەنجام هەڵبژاردن کرا و دوای کۆمەڵێک تانە و شکات و ڕەخنەی توندی لایەنەکان بەرامبەر بەیەکتر دەرەنجامەکان پەسەند کران و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەزموونی سیاسی هەڕێمەکەدا ئۆپۆزیسیۆن وەک نوێنەرایەتی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردی لەناو پەرلەمان بە ٣٥ کورسی و لە شەقامدا بە فیعلی دەرکەوت.

بەدەر لەو ژینگە سیاسییە گشتییەی هەڕێمی کوردستانی پیا تێپەڕبوو لە ماوەی ساڵێکی تەمەنی خولی سێیەمی پەرلەماندا، هەموو لایەک شایەتییان بۆ پەرلەمانێکی زیندوو وخولێکی ئەکتیف ئەندامانێکی کارا و بەتوانا ئەدا، بۆ نموونە لە ساڵیادی هەڵبژاردندا لە ٢٠١٠/٧/٢٥ دا میدیای بزووتنەوەی گۆڕان، تەنانەت لەسەرزاری سەرۆکی بزووتنەوەکە باسیان لەو گۆڕانکارییە ئیجابی و دەستکەوت و پێشڤەچوونە گرنگانە دەکرد کە بە هەوڵ و کۆششی پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆن لەو ماوەیەدا بەدەست هاتوون، وەک خستنەڕووی بودجە و لێپرسینەوە لە وەزیری نەوت و دەرکردنی چەندین یاسای باش و پێشکەشکردنی چەندین پرۆژەیاسا لەبەرژەوەندی خەڵک و....هتد.

لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان و لەناو ئەو فەزا گشتییەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییدا، هەڕێمی کوردستان پێی دەنایە قۆناغێکی نوێوە. قۆناغێک کە سیما و ئەدگارەکانی لەسەر ئاست و کایەی جیاجیا دەردەکەوتن، بەتایبەتی لە بوارەکانی میدیای ئازاد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕادەربڕین و خۆپیشاندانی ئاشتییانە کە کۆی ئەو دیاردانە کاریان دەکرد لەسەر درووستبوونی هۆشیاری سیاسی کۆمەڵ و ڕای گشتی و هەنگاونان بەرەو بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی دامەزراوەیی و سەرەوەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجە نوێیە و خستنەڕووی ڕەخنە و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و هاتنەمەیدانی ئۆپۆزیسیۆن وەک هێزێکی کاریگەر، هیچ هەنگاوێکی جیددی بە ئاراستەی خۆڵقاندنی زەمینەیەکی پتەو و هاوبەش لە نێوان دەسەڵات و

ئۆپۆزیسیۆن بەمەبەستی دایەلۆگی نیشتمانی و بەرنامەی چاکسازی سیاسی وئیداری بەدینەکرا، بەپێچەوانەوە تارمایی قەیرانێکی سیاسی ترسناک لە ئاسۆدا دەبینرا و بارگژی لە کەناڵەکانی میدیای حزبی و سێبەرەوە تا دەهات دەگوازرایەوە ناو کایە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلایەتی و پاشانیش بۆ سەر شەقام. دیاردەی خۆپیشاندانی بەردەوام و مانگرتن و کەمپین و نامەی نارەزایی و راپۆرتی بەردەوام بۆ بەردەم نێوەندە پەیوەندیدارەکانی دەرەوەی کوردستان و جیهان لەسەر رەوشی ناوخۆی هەرێم زیاتردەبوو.

یەکێک لەو رووداوانەی دەتوانین بە سەرەتا وەیا هۆکاری راستەوخۆی گواستنەوە بۆ قەیرانی سیاسی لە هەرێمدا ناوی بەرین، بریتی بوو لە تیرۆرکردنی خوێندکاری زانکۆ سەردەشت عوسمان لە ٥ی ئایاری ٢٠١٠ لە ناوشاری هەولێر. ئەو رووداوە بەئەندازەیەک کاردانەوەی بەدواخۆیدا هێنا کە بەبێ دوودڵی ئەتوانین بڵێین لە مێژووی نزیکی سیاسیمان وێنەی کەمە. بە هەزاران ووتار و نووسنی لەبارەوە نووسرا و زۆرترین بوارەکانی چالاکیی مەدەنی و رێکخراوەیی و میدیایی لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لێی هاتنە دەنگ، بەرادەیەک کە کەسایەتی ئەکادیمی و سیاسی کورد د. بورهان یاسین لە ووتارێکدا کە لە سایتەکەی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە ئەڵێت: «ئەو گوللانەی ئاراستەی سەردەشت عوسمان کراون لەراستیدا ئاراستەی نەتەوە کراون لە هەر سێ رەهەندی بوونی نەتەوە و نەتەوەیی بوونیشدا: رەهەندی دوێنێ، رەهەندی روانگەی ئەمڕۆ، رەهەندی داهاتووی نەتەوە». بەڵام لەهەمووی جێ نیگەرانی تر، ئەو بارگرژییە توندەبوو کە کەوتە نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە لەسەر هەمان پێشهات.

لەم نێوەندەدا ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی (کۆمەڵ و یەکگرتوو) لەبەرامبەر هەلومەرجی نوێدا لە دارشتنی بەرنامە و خۆ ئامادەکردندابوون بۆ چڕکردنەوەی فشار بۆسەر دەسەڵات و سازدان و ئامادەکردنی ئەندام و لایەنگرانیان بۆ قۆناغی فشار و هاتنە سەرشەقام. لەلای خۆشیانەوە هەریەک لە پارتی و یەکێتی (کە لە هەمان ساڵی ٢٠١٠دا یەکێتی کۆنگرەی سێیەم و پارتی کۆنگرەی سیانزەی خۆی سازکرد) بانگەوزای چاکسازی و نوێبوونەوەیان دەکرد و بەڵێنی بەدەنگەوەچوونی داخوازییەکانی خەڵکیان ئەدا، بەڵام بەلای ئۆپوزیسیۆنەوە بەردەوامبوونی رێککەوتنی ستراتیژی

نێوان ئەو دوو پارتە بەربەستی سەرەکی بەردەم کرانەوە و متمانە و هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەکان بوو.

پرسیارێک کە بەلای هەر خوێنەرێکی سیاسییەوە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن بێت ئەوەیە کە: چی وایکرد تەنها شەش مانگ دوای شانازیکردن بە رۆڵ و دەستکەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە لە پەرلەمان و شەقامی کوردیدا لە ساڵیادی یەکەمی هەڵبژاردندا، بریاری دابران لە پرۆسەی سیاسی بدرێت وبانگەواز بۆ خۆپیشاندانی بەردەوام و داواکاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا سیاسییەکانی هەرێم بکرێت؟!

حەڤدەی شوباتی ٢٠١١ رووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات

سەرەتا پێویستە ئەو راستییە وەبیربهێنینەوە کە لەم چەند ساڵەی دواییەدا ئاستی هۆشیاری سیاسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرزببووەوە و لەبەر چەندین هۆکار تا دەهات زیاتر دەرککردن بە خواستەکانی خۆیان و داواکاری بۆ ژیانێکی باشتر لەسای سیستمێکی سیاسی و ئیداری دامەزراوەیی و پێشکەوتوودا بەرجەستەدەبوو. لەناو کەشی نائارامی سیاسی کوردستان و لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی تونس لە ١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ وهەڵاتنی سەرۆک زین العابدین بن علی لە ١٤ کانونی دووەمی ٢٠١١ و پاشان خۆپیشاندانەکانی میسر لە ٢٥ی کانونی دووەم و هەڵاتنی سەرۆک حوسنی موبارەک لە ١١ شوباتە تارمایی خۆپیشاندان و راپەرین و شۆڕش تا دەهات وەک ئاگری ناو پووش بەهەرچوارلادا بڵاودەبووەوە گەلانی ستەمدیدەی رژێمە تۆتالیتار و گەندەڵەکانی نیشتمانی عەرەب لەدوای نزیکەی نیوسەدە لە دواکەوتوویی سیستمی حوکمرانی و کەڵەکەبوونی کێشە وقەیرانە ناوخۆییەکان هەلی مێژووییان قۆستەوە و بەهاوپشتی دونیای ئازاد و پێشکەوتوو و پشگیری لاتانانی رۆژئاوا و ئەمەریکا لەدژی رژێمەکانیان راپەرین و تا دەمی نووسینی ئەم ووتارە رەوڕەوەی راپەرین و ئاڵوگۆڕ لەژێر درووشمی گۆڕان لە خولانەوەدایە.

بزووتنەوەی گۆڕان لە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای راپەرینی خەڵکی تونسەوە بەردەوام وەک سەرچاوەی ئیلهامی راپەرین و گەیاندنی پەیامی گۆڕان دەیروانییە رووداوەکانی وولاتانی عەرەب و بە مژدەبەخشی گۆڕانی دەزانی لە هەرێمی کوردستاندا. لەم بارەیەوە بە سەدان ووتار لە میدیاکانی ئەو بزووتنەوەیە بڵاوکرانەوە و بەردەوام بڵاودەکرێنەوە، تا لە ٢٩ی کانونی دووەمی ٢٠١١ بەدەرکردنی بەیاننامەیەک گۆمی سیاسی هەرێمی کوردستانی بەتوندی شەڵەقاند.

ئەو بەیاننامەیە کە دەکرێت بە مانیفێستۆی راپەرین ناوزەد بکرێت بە نیسبەت بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە دوو بەش پێکهاتبوو، دیباجەیەک و حەوت خاڵی دادواکاری. دیباجەکە بەکورتی بەخەڵکی دەووت پێویستە باهۆزی راپەرینی تونس و میسر بگاتە هەرێمی کوردستان و چارەنووسی ئەم سیستمە سیاسی و دەسەڵاتەی هەرێمیش دەبێت هەمان چارەنووسی ئەو وڵاتانەیان هەبێت و حەوت خاڵەکەش دەشێت بە دروشم وداواکارییەکان راپەرین ناوببرێن، ئەگەرچی هەر چاودێرێکی سیاسی لەو داواکارییانە بروانێت دەزانێت کە هیچ دەسەڵاتێک مل بۆ جێبەجێکردنیان نادات مەگەر لەژێر فشار و زەبرێکی گەرەدا نەبێت کە تیایدا تەرازووی هێز بەتەواوی بەلای ئۆپۆزیسیۆندا شکابێتەوە و هەموو بڕگەکانی هاوکێشەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لە زەرەری دەسەڵات و لەبەرژەوەندی نەیارەکانیدا بێت. ئەو بەیاننامەیە لە ١٧ ی شوباتدا چووە بواری جێبەجێکردنەوە و بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی بوو بەمەیدانی ئازادی و سەحنەی نوێژی هەینی و ووتار و چالاکی جۆراوجۆری ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی خۆپیشاندەر و بۆ ماوەی دوو مانگ جگە لە شاری سلێمانی چەندین شارۆچکەی تری ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی گرتەوە. رووداوەکانی ئەو دوو مانگە هێشتا لە بیری هەموواندا زیندوون و لەگەڵیاندا ئەژین بۆیە وەبیرهێنانەوەیان بە پێویست نازانین، بەڵام ئەمرۆ داوی نیشتنەوەی ئەو وەزعە و بەرقەراربوونی ئارامییەکی رێژەیی ولەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی پێنج قۆڵی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، جێی خۆیەتی لەلای توێژەرەوان و روشنبیران وچاودێرانی سیاسی هەندێک پرسیار بوروژێنرێت و خوێندنەوەیەکی بایەتیانە بۆ کۆی رووداوەکان بکرێت. ئەوەندەش کە پەیوەندی بە کرۆکی ئەم باسەوە هەیە بریتییە لە بەردەوامی خوێندنەوەمان بۆ هەردوو چەمکی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و هاوکێشەی ئاڵوزی ململانێی سیاسی لە ئێستا و ئایندەی کوردستانی عیراقدا.

دەرەنجامەکان

یەکەم: ململانێی سیاسی لە مێژووی دروستبوونی پارتی سیاسی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆرشگێری لە کوردستانی عیراقدا بە سێ شێوە دەرکەوتووە: ناکۆکی باڵەکانی ناوخۆی رێکخراوی سیاسی و جیابوونەوە دژایەتی یەکتر و پەنا بردنە بەر توندوتیژی و سرینەوەی یەکتر، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی یاسایی و کارکردن لەچوارچێوەی هەمان سیستمی سیاسی بە هەڵوێستی جیاجیا لە دەسەڵاتەوە.

دووەم: ئامانجە ئاشکراکانی ململانێ هەندێک جار بەهەمان ئاراستە بووە سەرەڕای قووڵی ناکۆکییەکان و سەختی ململانێکە، نموونەی شەڕی پارتە کوردییەکان لە ساڵانی شۆڕش دژی دەسەڵاتی داگیرکەر. هەندێکجاریش بە ئاراستەی جیاواز بووە وەک شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی لە ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٧ لەسەر داهات و دەسەڵات و شەڕی ئیسلامی جیهادی لەدژی یەکێتی نیشتمانی هەر لەو ساڵانەدا.

سێیەم: لە نەبوونی دەستوور و دامەزراوەی تەواو سەربەخۆی دەسەڵات و حوکمڕانی و نەبوونی ئەنجومەنێکی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان بخاتەژێر چاودێرییەوە و نەک بەتەنیا ژیانی سیاسی لە مەترسی بەردەوامدا دەبێت بەڵکو ئاسایشی کۆمەڵایەتیش بوونی نامێنێت و مەترسی گۆڕینی ململانێی سیاسی بۆ پشێوی وهەڕەشەی جیدی لەسەر کۆی ژیانی خەڵکی لەئارادا دەبێت.

چوارەم: پێویستی گۆڕانکاری لە عەقڵییەتی سیاسی وحوکمڕانی بەنیسبەت لایەنە سیاسییەکانەوە بە لەبەرچاوگرتن و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک و بەرژەوەندی نیشتمان و دوورکەوتنەوە لە عەقڵییەتی سەرەتایی دواکەوتوو کە لەسەر بنەماکانی چاندنی رق و زیندووکردنەوەی گیانی تۆڵەسێنی و سرینەوەی ئاسەواری یەکتر بنیاتنراوە. لەجێگای ئەوانە پێویستە گیانی یەکتر قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە پرۆسەی دیمۆکراسی و سەرەوەری یاسا و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بەرقەرار بکرێت.

پێنجەم: گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی جەماوەری و ڕاهێنانی خەڵک لەسەر قووڵکردنەوەی پرینسیپەکانی دیمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تەندرووست و حوکمی عادیل و دوورکەوتنەوە لە عەقڵییەتی پاوانخوازی وەیا زەوتکردنی ئیرادە و هۆشیاری خەڵک و ئاراستەکردنی لە پێناو دەستکەوتی تەسکی دەستەیی و حزبایەتی رووت.

پێویستی چاکسازی لە سیستمی سیاسی و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان

سەرەتا

ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٩١ەوە بەشێکی فراوان لە کوردستانی عیراق بەواقیعی لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی راستەوخۆی کورددایە بە ڕێبەرایەتی هەردوو پارتی سەرەکی؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٤ و دەرچوونی «یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە» لەلایەن «پۆڵ بریمەر»ی حاکمی ئەمریکی ئەوسای عیراقەوە، ناوچەی ژێر فەرمانڕەوایی کورد بە فەرمی و یاسایی دانی پیانەنرابوو.

لە مادەی پەنجاو سێ (بڕگەی أ)ی یاسای ناوبراودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی فەرمی ناسراوە بۆ ئەو ناوچانەی تا ١٩ ئاداری ٢٠٠٣ لەلایەنی ئەوەوە بەڕێوەبراون. هەروەها زاراوەی «حکومەتی هەرێمی کوردستان» بە «پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمەکەدا» پێناسەکراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە تا ئەو کاتە حکومەتی هەرێم، بەهەردوو ئیدارەکەیەوە، دیفاکتۆی دەسەڵاتێکی ناوچەیی بووە. بۆ نموونە ڕێکخراوە بیانییەکان و ئاژانسەکانی سەر

بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە کوردستان کاریان دەکرد زاراوەی « ئیدارە وەیا حکومەتی نێوخۆیی»یان لە نووسراوەکانیاندا بەکاردەهێنا. یاسای هەڵبژاردن و بڕیاری فیدرالیزم، یەک لایەنە و بەبڕیاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان چەسپابوون جگە لە چەندین هەنگاوی گرنگی وەک دەرهێنانی نەوت و دامەزاندنی کۆلێژەکانی سەربازی و پۆلیس کە لە هەرێمەکەدا نرابوون. بۆیە ئەو مادەیە لە یاسای ناوبراو تەواوی ئەو واقیعەی وەک بارێکی یاسایی ناساند و دواتریش لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا کە لە ١٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا لە راپرسییەکی نیشتمانیدا پەسەنکرا، ناوەرۆکی هەمان مادەی ٥٣ (بڕگەی أ) لە مادەی ١١٧ (دووەم)دا دارێژرایەوە بەوەی دان دەنێت بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانیدا وەک هەرێمێکی فیدراڵ. هەروەها لە مادەی ١٤١ سەرجەم یاسا و بڕیار و گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە یاسایی دەناسێت (ئەگەر پێچەوانەی دەستوور نەبن).

لێرەوە گومان لەسەر ئەوە نامێنێت کە لەم بەشەی کوردستاندا، هەرێمێکی فیدراڵ هەیە، پیادەی دەسەڵاتێک دەکات لە چوارچێوەی گشتی دەستووری عیراقدا، هەروەک چۆن ئەو دەستوورە پێکهاتە و سرووشتی سیستمە سیاسیەکەی هەرێم دیاریدەکات بەوەی سیستمی حوکم دەبێت کۆماری ، پەرلەمانی ، دیموکراسی بێت وەک ئەوەی لە مادەی (١)دا هاتووە.

بەو پێیەش کە هەرێم مافی خۆیەتی کە دەستووری تایبەت بە خۆی هەبێت کە پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی دیاریدەکات، وەک لە مادەی ١٢٠ دا هاتووە، ئەو دەسەڵاتانەش بە راشکاوی لە مادەی ١٢١ (یەکەم) دیاریکراون کە بوارەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەگرێتەوە.

سیستمی سیاسی لە کورترین پێناسەیدا کۆی ئەو دەسەڵاتانە و چۆنیەتی پیادەکردنیان دەگرێتەوە بە رەچاوکردنی میتۆد وەیا فەلسەفەی سیاسی لە حوکمکردندا کە لە درووستکردنی بڕیاری ساسیدا کاریگەری دەبێت.

لەم روانگەیەوە، دەسەڵات و حوکمرانی کورد لەم هەرێمەدا دەکرێت لە دوو رەهەندەوە قسەی لەسەر بکەین کە بریتین لە؛ رەهەندی سیاسی و رەهەندی یاسایی وەیا

دەستووری، هەرلەو میانەشدا قسە لەسەر کێماسییەکان (خلل) و ئەگەر و ئاسۆکانی چاکسازی دەکەین لەو ئەزموونەدا.

شەرعیەتی سیاسی لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا

دوای کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی بەعس لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک لە ١٩٩١/١٠/٢٦، بەرەی کوردستانی تەنیا هێزی سیاسی خاوەن جەماوەر و دەسەڵات بوو کە توانی بۆشایی ئیداری و حکومڕانی لە ناوچکەدا پڕبکاتەوە تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەرەی کوردستانی وەک دەسەڵاتی دیفاکتۆ و لەژێر ناونیشانی شەرعییەتی شۆڕشگێڕیدا مایەوە.

بەدەستهێنانی سەرجەم کورسییەکانی پەرلەمان (جگە لە کۆتای کەمینەکان) لەلایەن هەردوو حزبی سەرەکییەوە (یەکێتی و پارتی) کە بەدوای خۆیدا حکومەتێکی هاوبەشی (پەنجا بە پەنجا)ی لێکەوتەوە لە ١٩٩٢/٧/٤ ئیتر زەمینەیەکی لۆجیکی بۆ شەرعییەتی شۆڕشگێڕی نەهێشتەوە. بە لەرچاوگرتنی ئەوەی کە سیستمی حکومڕانی و دامەزراوەکانی دەسەڵات (پەرلەمان و حکومەت و دادوەری) لە مایسی ١٩٩٢ەوە تا ڕاگەیاندنی فیدرالیزم لە ٤ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بەرقەراربوون، دەتوانین بڵێین کە شەرعییەتی سیاسی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا تاوەکو ئەمڕۆ بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە؛

یەکەمیان؛ قۆناغی شەرعییەتی جەماوەرییە(١٩٩٢– ٢٠٠٤)، بەو پێیەی گەلی کوردستان لەرێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و هەڵبژاردنی گشتییەوە لە ١٩٩٢/٥/١٩ متمانەی بە حزبەکانی دەسەڵات بەخشی، لەگەڵ ئەوەشدا کە تا ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بەخۆی نیە، لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی دەستوور و سیستمی سیاسی عیراقدا بەفەرمی دان بەو واقیعە سیاسییە نوێیەی کوردستاندا نەنرابوو. لەسەر ئاستی دەرەوەش هەروەک دیفاکتۆیەک مامەڵەی لەتەکدا دەکرا. بەگوێرەی تیۆری سیاسی، دەسەڵاتی کوردی لەو ماوەیەدا شەرعییەتی هەبووە لەبەرئەوەی دەرەنجامی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بوو لەنێوان گەل و سەرکردایەتییەکەیدا، نموونەی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی (١٩٦٤) و حکومەتی فەلەستینی (١٩٨٨) لە تاراوگە کە لەدوای دانوستانەکانی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩١ەوە وەک نوێنەری شەرعی و دەسەڵاتی هەڵبژێراوی گەلی فەلەستین بەفەرمی ناسران.

دووەمیان؛ قۆناغی شەرعییەتی دەستوورییە (٢٠٠٤ تا ئەمڕۆ) واتە لە دوای دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، کە دەکرێت بە دەستووری کاتیی ناوببرێت، کە تیایدا حکومەت و سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بە فەرمی و دەستووری ناسران. ئاشکرایە کە شەرعییەتی دەستووری پێگەی دەسەڵاتی سیاسی بەهێزتر دەکات و لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش ئیرادەی گەل و کەسایەتی مەعنەوی دەوڵەت دەباتە ئاستێکی باڵاتر.

دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە هەنگاوی قورس و پڕ تەحەداوە بەرەو بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی سەرەتایی دەچێت، پیادەکردنی هەڵبژاردنی ئازاد و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەرکردنی چەندین یاسای مەدەنی و هاوچەرخ وەک یاساکانی تایبەت بە ڕێکخراوەکان و ڕۆژنامەگەری و پاراستنی مافە مەدەنییەکان و ئازادییە گشتی و تایبەتەکان ، نمونەی ئەو هەنگاوانەن. بۆیە قسەکردن لەبارەی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت، دەچێتە قاڵبی خوێندنەوەیەکی نادروست وەیا مەرامی سیاسسییەوە. لەم هەرێمەدا فرەیی سیاسی بوونی هەیە، ئامادەیی ئۆپۆزیسیۆن ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، میدیای حزبی و میدیای سەربەخۆ چالاکن، سەرۆکی هەرێم لە دوو دەورە زیاتر لە پۆستەکەی نامێنێتەوە، هەموو ئەمانە زەمینەی لەبارن بۆ ڕێکخستنی ململانێی مەدەنی و ئاشتیانە و دیمکراسیانە لەچوارچێوەی یاسا و دەستوردا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی سیاسی هاوچەرخ و پێشکەوتوو کە لەئاستی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانیدا بێت و بتوانێت خزمەت بە هاونیشتمانیان بکات و ماف و ئەرکەکان زامن بکات.

لێرەدا پرسیارێکی پەیوەست بە ڕەهەندی سیاسیەوە دێتەپێش سەبارەت بە سەرچاوە و میکانیزمەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمدا، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی. بەوپێیەی پەرلەمان مەرجەعیەتی شەرعی و هەڵبژێردراوی گەلە وە باڵاترین دامەزراوەی یاسادانانە، بۆیە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بڕیارە سیاسییەکان دەردەکات بەو میکانیزمانەی لە پەیڕەوی ناوخۆیدا دیاریکراون. لەسەر ئەو بنەمایەش کە بڕیار و یاساکان هەرچەندە گرنگ بن بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان وەیا بە زۆرینەی تایبەت پەسەند دەکرێن، وە بە لەچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە زۆرینەی پەرلەمان لە چ پارت وەیا

فراکسیۆنێکی سیاسی بێت ئەوا ئەو بڕیار و یاسایانە بە خواستی ئەوان دەردەچن وەیا رەت دەکرێنەوە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی زۆرینەی پەرلەمان پێک دەهێنن تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە لە خولی سییەمی پەرلەماندا، ئەو پارتە کە لە فراکسیۆنی کوردستانیدا هاوپەیمانن، ناتوانن تەنیا بە دەنگی فراکسیۆنەکەیان زامنی دوو لەسەر سێی دەنگەکان بکەن بۆ پەسەندکردنی بڕیارەکان.

پرسێک کە ئۆپۆزیسیۆن پێیی لەسەر دادەگرن ئەوەیە کە ناکرێت ئەو بڕیار و یاسایانەی رەهەندی نیشتمانیان هەیە لەڕێی زۆرینەی پەرلەمانییەوە پەسەندبکرێن. ئەم هەڵوێستە دوو دیوی هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە دیدگا و بەرنامەی سیاسی خودی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بەشێکی زۆری مەسەلەکان و ئەوی دیکەشیان پەیوەستە بە پرنسیپی بەشداری لە دارشتنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمدا. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین؛ ئەو پرسانە چین کە کۆدەنگی پەرلەمانییان پێویستە وە چۆن رێک دەخرێن، بە یاسا وەیا بە ریککەوتنی سیاسی؟ ئایا پرسە چارەنووسسازەکانی وەک یەکلاکردنەوەی کێشەی سنووری ئیداری هەرێم وەیا چارەنووسی کورد لە عیراقدا، پێویست بە بەشداریەکی فراوانتری سیاسی ناکات لەسەر ئاستی نیشتمانی وەک پارتە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمان، نێوەندەکانی لێکۆڵینەوە و راپرسی، کەسایەتی سیاسی و خاوەن را، نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؟! کەواتە بۆ ئەوەی شەرعییەتی سیاسی لەچوارچێوەی کارکردنی دامەزراوەییدا بێت، پێویستە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان بپارێزرێت و دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت بەوپێیەی دەستوور بەهێزترین و باڵاترین چوارچێوەی دیاریکردنی سیستمی سیاسی و دەسەڵات و حوکمرانییە. بۆ نمونە پرینسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دەبێت بە دەستوور دیاریبکرێت. هەروەها پێویستە لە پرۆسەی بڕیاری سیاسیدا چەند بنەمایەک پەسەندبکرێن، لە هەموویان پێویست و گرنگتر بڕیتین لە؛ بەشداری فراوان، شەفافیەت، بەرژەوەندی گشتی. بۆ نموونە ئەگەر وای پێویست کرد یاسایەک دەربکرێت بۆ رێکخستنی مافە کلتووری و سیاسی و ئیدارییەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان وەک تورکمان و ئاشووری و ئەرمەن وعەرەب، دەبێت بەر لە هەر هەنگاوێک ئەو پرسە لە نێوەندە سیاسی و یاسایی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و میدیاکاندا زۆر بە شەفافی بخرێتەبەر باس و بیروڕا گۆڕینەوە وەیا راپرسی لەبارەوە بکرێت بۆ زامنکردنی بەشداریەکی فراوان

تاوەکو بە پوختەترین شێوە بەرژەوەندی ئەو پێکهاتانە دەستەبەربکات کە یاساکە دەیانگرێتەوە.

شەرعییەتی سیاسی ئەو کاتە لاواز دەبێت و دەکەوێتەبەر ڕەخنە کە لایەنی خاوەن هەژموون هەوڵ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و پاشانیش بریاری سیاسی بدات لە ڕێگەی بازدان بەسەر دەستوور وەیا ئیستغلال کردنی دەسەڵاتەکان لەبەرژەوەندی چینێکی سیاس یان کۆمەڵایەتی یان دارایی، نموونەی دەسەڵاتە داتەپیوەکانی میسر و تونس و قەیرانی بەردەوامی یەمەن و سوریا و شوێنەکانی تر. بەهەمان شێوە شەرعییەتی سیاسیی زەبری گەورەی بەردەکەوێت لەلایەن ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەوە کە لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی وەیا فشاری کۆمەڵایەتی هەوڵ بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات دەدەن لەدەرەوەی ڕێسا و بنەما دەستوورییەکان بە گومان درووستکردن لە شەرعیەتی سیاسی و قێزەونکردنی لای خەڵک بەسوود وەرگرتن لە کەموکورتییەکانی دەسەڵات بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزاری و بوونی دیاردەی گەندەڵی یان بە پاساوی ئایدیۆلۆجی و ئایینی، نموونەی هێزە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان لە هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەوتە سیاسییە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ڕژێمە دیموکراسیەکانی ئەوروپادا.

لەو سیستمە سیاسییانەی لە قۆناغی گواستنەوەدان(لە دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزمەوە بەرەو دیموکراسی) وەک عیراق یان لە پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی تازە پێگەیشتووەدان وەک هەرێمی کوردستان، پێویستە زۆر بە ووردی و درووستی پێداویستییەکانی قۆناغەکە دیاریبکەن و نەخشەی هەنگاوەکانی ئایندە بکێشن، چونکە هەمیشە مەترسی پەککەوتنی پرۆسەکە و پاشانیش نسکۆ لە ئارادایە کە دەرەنجامی تەواو پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و ڕەنگە بە گەڕانەوەی سیستمی دەسەڵاتی پێشوو یان هاتنەدەسەڵاتی هێزە کۆنەپارێز و توندڕەوەکان کۆتایی بێت. لە مێژووی نزیکدا نموونەی شکستی یەکەمین دەسەڵاتی نیشتمانی لە ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراق و پاشەکشەی هەنگاوەکانی ریفۆرم و یاسای «ئەمەت لە کوێ بوو» ی سەردەمی سەرۆک جەمال عبدالناصر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە میسر.

شەرعیەتی دەستوری و یاسایی لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا

وەک لەسەرتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆ کرد، دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە چوارچێوەی دەستووری عیراق و یاساکاندا دیاریکراون و جیاکراونەتەوە. پەرلەمان

باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانە و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات لەرێگەی هەڵبژاردنی گشتی و راستەوخۆ و نهێنییەوە هەر چوار ساڵ جارێک ئەنجامدەدرێت. سیستمی نوێنەرایەتی جگە لە پەرلەمان، ئەنجومەنە ناوخۆییەکانیش دەگرێتەوە (پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان) کە بە یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٩ هەڵدەبژێردرێن. هاوشێوەی ناوەڕۆکی مادەی ٦٦ ی دەستووری عیراق، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان پێکدێت لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران. بەڵام دەسەڵاتی فیعلی و راستەوخۆی بەڕێوەبردنی حکومەت لە ئەستۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە. لەخوار ئەوانیشەوە دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە شۆردەبنەوە لە شێوەیەی ئیدارەی نامەرکەزیدا، پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان، دەسەڵاتەکانیشیان بە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٩ دیاریکراون.

لە پیادەکردنی شەرعیەتی دستووری لە هەرێمدا، دوو خاڵ جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە؛ یەکەمیان بریتیە لە میکانیزمەکانی دەرچوونی یاساکان و جێبەجێکردنیان و دووەمیشیان بریتیە لە هەوڵەکانی نوێکردنەوە لە سیستمی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا.

پەیرەوی ناوخۆی پەلەرمانی کوردستان لە مادەی ٧١ دا ئەو میکانیزمەی دیاریکردووە کە لە رێگەوە یاساکان دەردەچن. ئەنجومەنی وەزیران وەیا چەند پەرلەمانتارێک کە ژمارەیان لە ١٠ کەس کەمتر نەبێت دەتوانن پێشنیاری پرۆژەی یاسا و بڕیار بکەن و پەرلەمانیش بەو پرۆسێسەی دیاریکردووە مامەڵەیان لەتەکدا دەکات تا پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە.

ئەو بڕیار و یاسایانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی خەڵک و رێکخستن و پیادەکردنی ماف و ئەرکەکانەوە هەیە یان لەسەر ئاستی نیشتمانی جێی بایەخن، زۆرجار مشتومڕ و پرسیاری زۆریان لێدەکەوێتەوە چ لەناو هۆڵی پەرلەماندا یان لە دەرەوەیدا. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی سیاسی ئەمڕۆی هەرێم، دەرکردنی ئەو جۆرە یاسایانە پێویستییان بە ووربینی و بەشداری فراوانتر و رێکخراوتری نوێنەرایەتی خەڵک و دەمەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا هەیە. بۆ نموونە، یاسای پارت و رێکخراوە سیاسییەکان کە ژیانی سیاسی لە هەرێمدا رێکدەخات دەکرێت جگە لە لیژنە و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ناراستەوخۆ بەشداری بە پسپۆر و شارەزایانی بواری یاسایی و نێوەندەکانی توێژنەوەی سیاسی بکرێت. بەتایبەتی کە

فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دابەشبوون بەسەر ئۆپۆزیسیۆن و پارتەکانی دەسەڵاتدا و زۆر ئاساییە قسەکردن لەسەر ئەو یاسایە لە جوغزی ململانێ و بەرژەوەندی نێوان ئەو دوو بەرەیە دەرنەچێت.

لە بواری جێبەجێکردنی یاساکانیشدا، ئەو سیستمەی تا ئەمڕۆ کاریان پێدەکرێت تا رادەیەکی زۆر شێوازی ناوەندێتی (مەرکەزیەت)ی پێوەدیارە بەتایبەتی کە دەزگا کارگێڕییەکانی هەرێم وەک بەشێک لە سیستمی کارگێڕی دەوڵەتی عیراق نەیانتوانیوە خۆیان لەو بیرۆکراسیەتە دەربازبکەن کە تا رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ بەردەوام بوو. هەروەک چۆن عەقڵیەتی بەڕێوەبردن لەناو هەمان سیستمی بیرۆکراسیدا گیرۆدەی پەتای رۆتین و جۆرێک لە فەرمانداری (الاوامریە) بووە سەرەرای کۆمەڵێک نەخۆشی ئیداری تر. هەموو ئەمانە وایان کردووە کە یاساکان هەرچەندە باش بن بەڵام کە بە ماشینی ئاڵۆزی جێبەجێکردندا دەڕۆن هەمان ئەو دەرەنجامانە بەدەستەوەنادەن کە لە بنەڕەتدا بۆیان دارێژراوان، بەپێچەوانەوە رەخنە و نارەزایی لەو واقیعە ماوەی نێوان خەڵک و دەسەڵات فراوانتر دەکات.

نزیکترین نموونە لەم بارەیەوە یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١١ یە بەناوی «یاسای سەندووقی پیشتوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان» کە گلەیی و گازندە لەو ئاڵۆزی و رۆتینە دەکرێت کە لە جێبەجێکردنی یاساکەدا هەیە سەرەرای هەندێک کەموکورتی لەخودی یاساکەدا.

لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ ەوە پرسی نوێکردنەوە لە سیستمی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا، لەتەک کارکردن بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی جیدی بۆ ریفۆرم لە حکومەتدا (وەزارەتەکان)، زۆرترین قسەوباسی لەبارەوەکرا. هەندێک لەو هەوڵانەی لەوبارەیەوە نراون بریتین لە:

-رێکخستنەوەی کاروباری وەزارەتەکان لەرێگەی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە بۆ وەزارەتەکان دەرچوون بەتایبەتی لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧.

- کەڵک وەگرتن لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا بەتایبەتی لەو بوارانەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و فەرمانگەکان رێکدەخەن. ئەمەش وەک سەرەتایەک دەبێت بۆ دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی.

-پیادەکردنی پێودانگی زانستی (بڕوانامە، پسپۆڕی، شارەزایی) لە دامەزراندنی پلە باڵا و تایبەتەکاندا.

-هاندانی بەرهەمی ناوخۆ و ڕێکخستنی سیستمی هاوردە و هەنارده و کۆنترۆڵی چۆنییەتی.
-پێکهێنانی ئیدارەی سەربەخۆ بۆ هەندێک قەزا و ناوچەی دیاریکراو نموونەی، گەرمیان و شارەزوور و سۆران.
- دانانی خشتەی ئەولەوییەت بۆ کەرتەکان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، نموونەی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان.
-دەرکردنی یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٠٩ ی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان کە پێشتر لەبەر دابەشبوونی هەرێم بەسەر دوو ئیدارەدا دوو دیوانی چاودێری دارایی هەبوو.
ڕەخنە و کەموکورتی لە سیستمی سیاسی و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا
دیارە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بێ کەموکورتی نیە و لەدەرەوەی بازنەی ڕەخنەش نیە. لە سیستمە دیموکراسییە پێشکەوتوەکاندا ئامادەیی کارای ئۆپۆزیسیۆن و میدیای ئازاد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو پێکەوە ڕۆڵی سیستمی چاودێری و لێپێچینەوە دەبینن و بە بەرنامە و پرۆژەی بەدیل تا دەگاتە پێکهێنانی حکومەتی سێبەر، پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەستووری و ئاشتیانەی دەسەڵات فەراهەم دەکەن. لە وڵاتی ئێمەدا لەگەڵ ئەوەشدا کە سیسمتی سیاسی و فەلسەفەی حکومرانی هێشتا لە قۆناغی فۆرمەلەبووونداید و ئۆپۆزیسیۆن و نێوەندەکانی چاودێری و لێپێچینەوە هێشتا لە سەرەتادان، بەڵام ماوەی بیست ساڵی دەسەڵاتداری کوردی لەتەک هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە ئیجابییانەش کە بەسەر هەرێمەکە و پێگەی کورد لە عیراق و جیهاندا هاتووە چەندین کێماسی و ناتەواوی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە دەستنیشانکردنیان بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر نەک بەتەنیا بەسوودی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە بەڵکو بەسوودی هاونیشتمانان و ئێستا و ئایندەی هەرێمەکەیە، کە دەکرێت لەم چەند خاڵە سەرەکییەدا ئاماژەیان بۆ بکەین:
-هەژموون ودەسەڵاتی حزبە فەرمانڕەواکان بەسەر حکومەت و دەسەڵاتەکانی تردا گەیشتوەتە ئاستێک کە چینێکی ئەرستۆکراسی و سەرمایەداری حکومی درووستکردووە کە زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت سنووری بەرژەوەندی ئەوان و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان جیابکرێتەوە.
-گەندەڵی لە هەرێمدا بووەتە دیاردە بە ڕادەیەک کە ئەو پرسیارە دێنێتەپێش؛

ئاخۆ هەڵە لە سیستمی حکومڕانییە کە کەسی گەندەڵ بەرهەم دەهێنێت وەیا کەسە گەندەڵەکانن کە کۆی سیستمەکە و دەسەڵاتەکان لەگەندەڵیدا نقووم دەکەن؟!

-یەکنەگرتنەوەی تەواوەتی ئەو دوو ئیدارەیەی بۆ نزیکەی دە ساڵ (١٩٩٦-٢٠٠٦) بەردەوام بوو وە هەڕێمی کوردستانی دابەشکردبوو بەسەر دوو زۆنی فەرمانڕەوایی حزبیدا. ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو دوو ئیدارییە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

-نەبوونی دەستووری هەرێم بۆشاییەکی یاسایی بەرچاوی درووستکردووە بەرادەیەک کە سنووری هەندێک لە دەسەڵاتەکان بنەمای یاساییان بەتەواوی روون نیە. بۆ نموونە پەرلەمانی هەرێم هەتا ئەمڕۆ بە یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی بەرەی کوردستانی پێکهێنراوە و دەسەڵاتەکانی دیاریکراوە نەک بە دەستوور.

-نەبوونی سیاسیەتێکی ئابووری رۆشن کە لەسەر هەردوو رەهەندی کورتخایەن و درێژخایەن ستراتیژی خۆی دارشتبێت.

-لاوازی هۆشیاری نیشتمانی و هاونیشتمانی بوون و کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوەیی لەژێر کارتێکردنی ململانێی هێزە سیاسییە جیاجیاکان لە ئایدیا و گوتاری سیاسی و تەوژمی میدیای دوور لە هەستی بەرپرسیارێتی.

بیروبۆچوون لەبارەی پرۆسەی چاکسازی لە سیستمی سیاسی و دەسەڵات لە هەرێمدا قسەکردن لەسەر چاکسازی وخستنەڕووی پێشنیار و بیروبۆچوون لەوبارەیەوە هیچ ئاکامێکی نابێت ئەگەر لەسەر ئەرزی واقیع ئیرادەی راستەقینە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی نەبێت. ئەو پرسەش بەرلەوەی خاڵی نێوەندی ململانێنی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بێت، پێداویستییەکی حەتمییە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵک و بەڕیوەبردنی وڵاتەوە هەیە.

بەوپێیەش کە لە چەند مانگی رابردووەوە پرسی چاکسازی بووەتە خاڵی یەکەمی بەڵێن و ئاجێندای کاری دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان و لەلای ئۆپۆزیسیۆنیش جگەلەوەی داخوازی ژمارە یەکە، لەهەمان کاتدا بووەتە سەنگی محەک بۆ بنیاتی متمانە لەگەڵ دەسەڵاتدا و گەڕانەوە بۆ کاری هاوبەش. لەم سۆنگەیەوە ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە وەک ڕوانگە و بیروبۆچوونی خۆم لەوبارەیەوە دەخەمە بەرچاو:

-پابەندبوونی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە پرۆسەی چاکسازی و دانانی

کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ راپەراندنی بەرنامەی چاکسازی ودابینکردنی سەرچاوەی مادی و مرۆیی پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە.

-دارشتنی بەرنامەی گشتگیر بۆ چاکسازی کە سەرجەم تەوەر و لایەنەکانی پەیوەست بەو پرۆسەیە بگرێتەوە (سیاسی، کارگێری، ئابووری، پەروەردە و ...هتد). ئەرکی ژمارە یەکی ئەو بەرنامەیە بریتی دەبێت لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەسەر هەموو ئاستەکان وکارکردن بە پرنسیپەکانی بەدواداچوون و لێپێچینەوە.

-چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی رێگرن لەبەردەم پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان لە راپرسییەکی گشتیدا و کارکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو راپرسییە لە زووترین کاتدا. بەهەمان شێوە بۆ ئەو یاسایانەی پێویستن بۆ رێکخستنی سیستمی سیاسی و ئیداری و پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسی لە هەرێمدا.

-دارشتنەوە و رێکخستنی پەیوەندی نێوان حزب و دەسەڵاتەکان (حکومەت، پەرلەمان، دادوەری) لەسەر بنەمایەکی دەستووری و یاسایی بە شێوەیەک کە رایەڵەی سەرەکی ئەو پەیوەندییە بریتی بێت لە رکابەری دیموکراسیانە بۆ بەرێوەبردنی وڵات لەسەر بەرنامەی باشتر بۆ خزمەتکردنی خەڵک و گەشەپێدانی وڵات، نەوەک حزب ببێتە سپۆنسەری دەسەڵاتەکان.

- پیادەکردنی شەفافیەت لە بەرێوەبردنی حکومەت و دەسەڵاتەکاندا بەتایبەتی لە بواری مەسەلەکانی پەیوەست بە داهات و چۆنیەتی سەرفکردنی و بەرنامە خزمەتگوزارییەکان و دەرکردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە ژیانی رۆژانەی خەڵک.

- کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان دەسەڵات و گەل، لەسەر بنەمای بەشداری پێکردنی نوێنەرانی خەڵک لە چین و توێژە جیاجیاکان لە رەسمکردنی سیاسەتی گشتی وڵات و بنیاتنانی بناغەیەکی پتەو بۆ پەیوەندییەکی کارلێکەری (تەفاعولی) لە نێوان دەسەڵات و هاونیشتمانیاندا.

- پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان(جێبەجێکردن و یاسادانان ودادوەری) و جیاکردنەوەیان هەروەک لە دەستووری فیدراڵیدا هاتووە.

- پێداچوونەوەیەکی گشتی و رێکخستنەوەیەکی زانستیانەی بوارەکانی کەرتی گشتی بەتایبەتی لە بواری دامەزراندن و ئەو رێژە زۆرەی بودجە کە بۆ ئەو بوارە تەرخاندەکرێت، بەتایبەتی مووچە و بودجەی بەگەڕخستن (تشغیلی).

هەر لەو بوارەشدا پێویست بە کاراکردنی یاسای خانەنشینی دەکرێت بە جۆرێک بەشداری بەرچاو بکات لە راگرتنی هاوسەنگی لە هەردوو پرۆسەی دامەزراندن و خانەنشین کردندا بەبێ ئەوەی کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر بودجەی حکومەت و باری ئابووری گشتیدا.

- دارشتنی سیاسەتی ئابووری هەرێم، بە مەرجێک بەرنامەی چاکسازی ئابووری بخاتە سەرووی لیستی ئەولەویاتەکانی ئەو سیاسەتەوە. ئەو تەوەرانەش کە ئەو بەرنامە چاکسازییە ئابوورییە پێویستە کاریان لەسەر بکات بریتین لە؛ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری، دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاونیشتمانیان، دانانی سیستمێکی بانکی بەهێز، هاندانی کەرتی تایبەت بەمەستی بەشداریکردن لە بەرهەم و داهاتی نیشتمانی و گرتنەخۆی (استیعاب) زۆرترین هێزی کاری ناوخۆیی کە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستان بێت بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن.

- دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و نوێنەرایەتی بە شێوەیەکی ئاسۆیی نەک ستوونی و هەرەمی، ئەوەش لەرێگەی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحییەکان دەبێت بەچەشنێک کە دەسەڵاتی فروانتری تەشریعی و چاودێری و لێپرسینەوە بداتە ئەنجومەنە ناوخۆییەکان هەروەها لەرێگەی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە دەسەڵاتی فراوانتر بداتە پارێزگا و یەکە ئیدارییەکانی تر. سوودەکانی ئەم دابەشکردنی ئاسۆییەی دەسەڵاتەکان دوو لایەنی گرنگ دەگرێتەوە؛ یەکەم: دەسەڵات و بریارەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەچەند بازنەیەکی تەواوکەری یەکتردا تێپەڕدەبن لە بچووکترینەوە دەستپێدەکات تا گەورەترین. دووەمیشیان بریتیە پیادەکردنی نامەرکەزییەتێکی ئیداری سەرکەوتوو کە یەکە ئیدارییەکان راستەوخۆ بەرپرس دەکات لەو بوارانەی پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە ژیانی خەڵکەوە، وەک خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئامادەکرنی بودجەی ساڵانە و جێبەجێکردنی پرۆژەکان و وەبەرهێنان. بەمەش فراوانترین بەشداری سیاسی و یاسایی و ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا دێتەدی.

ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستاندا پرسی چاکسازی چووەتە ئاستێکی بەرزتر و فراوانتر، چ وەک داواکاری هاونیشتمانیان و چ وەک خاڵی سەرەکی دانوستانی نێوان حزبەکانی

ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات. شێکی شاراوەش نییە کە لەداوی خۆپیشاندانەکانی ١٧ ی شوباتی پارێزگای سلێمانییەوە، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان لە باڵاترین ئاستەوە لەوەڵامی داواکارییەکانی چاکسازیدا چەندین بریار و بەرنامەیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە خستووەتەروو لەگەڵ بەڵێنی جێبەجێکردنیان. پەیوەست بەو واقیعە نوێیەش کە سەبارەت بە پرسی چاکسازی هاتووەتەپێش بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ دوو خاڵ بکەم:

- نابێت پرسی چاکسازی تەنیا لە بازنەی ململانێی حزبی و سیاسییدا کورت بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و پێویستییەکی ژیانیی تەماشابکرێت و هەموو لایەک بەشێک لەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن. لەم رووەوە بەشداریپێکردنی ئۆپۆزسیۆن و دەزگا و نێوەندەکانی توێژینەوە و خەڵکانی پسپۆر لە دارشتنی بەرنامەیەکی نیشتمانی گشتگیر و زانستیدا بەپێویست دەزانرێت.
- راستە پرۆسەی چاکسازی کاتی پێویستە و بەهەنگاو دەکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی شەقام و لەناو خەڵکیدا پێویستە ئەو هەنگاوانە شەفاف و هەستپێکراو بن و میدیا و نێوەندەکانی چاودێری و راپرسی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی بۆ بکەن. بەو شێوەیە متمانەی خەڵکی بە بەرنامە و هەنگاوەکانی چاکسازی بەهێز دەبێت.

سەرچاوەکان:

-د. عبدالكريم علوان ، النظم السياسية و القانون الدولي ، دار الثقافة للنشر و التوزيع ٢٠٠٩

-حركات التغيير الديمقراطي بين الواقع و الطموح ، مركز القاهر ة لدراسات حقوق الانسان ٢٠٠٧

- JOHN S. HITTELL , Reform or Revolution , SAN FRANCISCO ١٩٠٠

- ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان www.kurdistan-parliament.org

ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لەنێوان بەرپرسیارێتی و یاسادا

بەرایی

زاراوەی «دەسەڵاتی چوارەم» ئەگەرچی وەک ئاماژەیەک بۆ ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاندن بەکاردێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن و میدیا لە سەرانسەری جیهاندا دەیگێڕێت زۆر جار بەتەنیشت دەسەڵاتی یەکەمەوە دایدەنێت. کاری ڕاگەیاندن لەوە تێپەڕی کردووە کە لە هەواڵسازی و گەیاندنی ڕاستییەکان و چاودێری دەسەڵاتەکانی تردا سنووردار بکرێت بەڵکو هەندێک جار ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە دیاریکردن و ئاراستەکردنی ئاڵوگۆڕە سیاسی و پرسە ستراتیجیەکانی سەر نەخشەی جیهان و ئاسەواری کاریگەر و درێژخایەنیش بەجێدێڵێت لەسەر کۆی سیستمی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووری گەلان. سەرنجێکی خێرا لە شێوازی مامەڵەکردنی هەندێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕە هەواڵییەکانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەکان لەتەک ڕووداوەکانی ئەمدواییەی وڵاتە عەرەبییەکاندا زیندووترین و نزیکترین نموونەن بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە.

لەو بارەیەوە توێژەری ستراتیژی ڕووسی، نیکۆلای ستاریکۆف دەڵێت؛ ئەو ڕۆژەی کەناڵەکانی ئەلجەزیرە و BBC باس لە هیچ نەکەن، مانای وایە ئەو ڕۆژە لە جیهاندا

هیچ رووی نەداوە. ئەمەشیان هێندەی ئەوەی کە راستییەکی گرنگ سەبارەت بە رۆڵ و کاریگەری میدیا نیشاندەدات، دوو هێندەش پرسیار لەسەر پرنسیپەکانی راستگۆیی و بێلایەنی لای ئەو دەزگایانە درووستدەکات. مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی و رۆژنامەگەری بەتایبەتی خۆی لەخۆیدا مێژووییەکی پڕ لە کێشمەکێش و سەرکێشییە بەوپێیەی پرسی راگەیاندن پەیوەندی راستەوخۆی بە ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵەوە هەیە لە بواری ئازادی بیرکردنەوە و رادەربڕین و بڵاوکردنەوەدا.

زامنکردنی ئازادی رۆژنامەگەری لە زۆربەی دەستوورەکانی جیهاندا و رێکخستنی لە چوارچێوەی یاسادا وەک پێویستییەک هاتەئاراوە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان مافی گەیشتن بە زانیاری و هەواڵ و بڵاوکردنەوەیان لەلایەک و رێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی کومەڵ و تاکەکان و پاراستنی ئاسایشی گشتی لەلایەکی ترەوە. جگە لە یاساکان چەندین بەڵێننامە و رێککەوتننامەی تایبەت بە بوارەکانی راگەیاندن بەگشتی و رۆژنامەگەری بەتایبەتی لەئارادان کە دیارترییەنیان لەسەر ئاستی جیهان بریتییە لە «بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە ساڵی ١٩٥٤ » کە بووەتە سەرچاوە و بنەمایەکی بەهێز بۆ کاری راگەیاندن لە زۆربەی وڵاتاندا و لەگەڵ یاسا نێوخۆییەکاندا گونجێنراوە. لەگەڵ بوونی چەندین سەندیکا و کۆمەڵە و رێکخراوی جیهانی و نێوخۆیی کە بەمەبەستی رێکخستن و یەکخستنی پرنسیپەکانی کاری راگەیاندن و ئامانجەکانی بەدیهاتوون. ئەگەرچی تەمەنی رۆژنامەگەری کوردی لە سەدەیک زیاترە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بواری راگەیاندن و پەخش و بڵاوکردنەوە لەدوای ١٩٩١ەوە لەناو فەزای جۆرێک لە ئازادی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لە هەرێمی کوردستاندا پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە. لە سەرەتای سەدەی نوێوە پرسی رۆژنامەگەری وەک دیاردەیەکی جێبایەخ و پێویستییەکی ژیاری تا ئەمڕۆش رووبەرێکی فراوانی لە مشتومڕ و ململانێی مەدەنی و سیاسیدا داگیرکردووە. بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی جۆرێک لە میدیای ناحزبی یاخود ئەهلیدا. لەم باسەدا هەوڵدەدەین تیشکێک بخەینەسەر ئەو هەلومەرجەی کە رۆژنامەگەری کوردی لەم هەرێمەدا وەک دەرهاویشتەیەکی واقیعی سیاسی بەتایبەتی دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا تیا بەرجەستەبوو. هەڵبەتە قسەکردن لەسەر کۆی هەلومەرجەکە و رەوشی رۆژنامەگەری و بابەتەکانی

پەیوەست بەو باسە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لێرەدا جێیان بکەینەوە، بۆیە تەنیا لەسەر دوو بابەتی سەرەکی دەدوێن کە بریتین لە؛ بەرپرسیارێتی و ئەرکی رۆژنامە لەم بارودۆخ و قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان و خوێندنەوەیەکی شیکاری و رەخنەیی بۆ یاسای رۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧.

ئەرکی سەرەکی رۆژنامەنووس بریتییە لە داکۆکی کردن لە ئازادی و مافە گشتییەکان لەرێی گەیاندنی راستییەکان بە خەڵک بە رەچاوکردنی راستگۆیی و ئەمانەت لە گۆاستنەوەی هەواڵ و رومالکردن و بەدواداچوونی رووداوەکان و رێزگرتن لە حەقیقەت، هەروەک لە بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووساندا هاتووە.

لە ساڵی ١٩٧٣«کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵ» لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیمانێکیان راگەیاند تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە؛ ئەرکی رۆژنامەنووسان بریتیە لە خزمەتکردن بە حەقیقەت لە چوارچێوەی پیادەکردنی مافێکی دەستووری و مەدەنیدا. هەروەها کۆمەڵێک رێسای ئەخلاقی (ئیتیکی) دیاریکرا، لەگەڵ ئەو پێوەرە گشتییانەی کە دەبێت هەموو پابەندبن پێیانەوە کە بریتین لە؛ بەرپرسیارێتی، ئازادی رۆژنامەگەری، ئیتیکی رژنامەگەری، ووردبینی ، بابەتی بوون، ئینساف.

رۆژنامەگەری کوردی لەبەردەم ئەرک بەرپرسیارێتیدا

لە دە ساڵی رابردوودا رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان فراوانبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. لەرووی چەندێتییەوە، بە دەیان رۆژنامە و گۆڤار و سەدان بڵاوکراوەی هەمەجۆر بازاری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی هەرێمیان قەرەباڵغ کردووە. بەڵام لەرووی چۆنییەتییەوە، بە پێوەرە جیهانییەکانی رۆژنامەگەری هێشتا لەسەرەتای درووستبوونی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵدایە. ئەوەی تا ئەمڕۆ زۆرترین رووبەر و کاریگەری لە رۆژنامەگەری هەرێمدا هەیە بریتییە لە میدیای حزبی کە لە بنەرەتدا درێژکراوەی بڵاوکراوەی سیاسییە، ئەگەرچی زۆربەی ئەو رۆژنامانە لەرووی تەکنیک و دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەجۆرەوە لە هەوڵی ئەوەدان مۆرکی حزبی بوون لە خۆیان دووربخەنەوە، بەتایبەتی لە بواری برەودان بە میدیای سێبەر و رۆژنامەی پشتگیری کراو (الصحیفه المدعومه). سەرهەڵدانی رۆژنامەی ئەهلی و سەربەخۆ پێویستییەکی گرنگ بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەدەرەوەی

رۆژنامەی حزبیدا هەبوو. هەروەها بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێویستی خەڵک بۆ زانینی هەواڵ و گەیشتن بە راستییەکان.

ئەو چەند رۆژنامە و گۆڤارەی کە لە خانەی رۆژنامەگەری ئازاد و ئەهلیدا پۆلین دەکرێن، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە مەسەلەی سەربەخۆییان لەژێر پرسیاردایە، هەمیشە لە ململانێی بەردەوامبووندان لە بەرامبەر چەندین فشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا وەک، کێشەی دارایی و تەکنیکی و یاسایی. شایانی باسە، هەندێک رۆژنامە و کەناڵی راگەیاندن لەسەر ئاستێکی زۆر کەم بەناوی راگەیاندنی سەر بە حکومەت نەک بە پارتە سیاسییەکان بوونێکی لاواز و ناکاریگەریان هەیە بۆیە قسەکردن لەبارەیانەوە لێرەدا بە پێویست نازانین.

رۆژنامەگەری حزبی کە دیارترینیان رۆژنامەکانی سەر بە هەردوو پارتی دەسەڵاتدارن، ئەرکی سەرەکییان لە گەیاندنی هەواڵی چالاکییەکانی حکومەت و راپۆرتی گشتیدا کورتکردوەتەوە. ئەگەرچی گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ ئەو رۆژنامانە ئاسانترە بەڵام لەرووی جیاوازی لە دیدگا و پێوەرەکانی ئەرکی راگەیاندنەوە جیاوازییەکی ئاشکرا لەگەڵ جۆری ئەو هەواڵانە هەیە کە رۆژنامەی ئەهلی بەدوایاندا دەگەڕێن. بەوپێیەش کە رۆژنامەی سەربەدەسەڵات یاخود نزیک لە دەسەڵاتەوە کەمترین کێشەی بودجە وداراییان هەیە و خەمی سوودوەرگرتن لە داهاتی فرۆشتنیان نییە، بۆیە کەمتر بەدوای هەواڵ و ناونیشانی وڕوژێنەردا دەگەڕێن کە لای رۆژنامەکانی تر بووەتە ترادیسیۆن.

لە سستی ئەدای سەندیکای رۆژنامەنووسان و نەبوونی ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن یاخود بەڵێننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمدا، فەزایەک لە بێسەروبەری درووستبووە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان رەنگدانەوەی بارودۆخی ناجێگیری سیاسی هەرێمەکەیە، دەنا بوونی زیاتر لە شەش هەزار ئەندامی سەندیکا (رەنگە ئەوەندەش لە دەرەوەیدا هەبێت) لەگەڵ بوونی زیاتر لە هەشت سەد بڵاوکراوە و کەناڵی راگەیاندن لە هەرێمێکدا کە هێشتا بەدەست نەبوونی زمانی یەکگرتوو و رێنووس و رێزمانەوە دەناڵێنێت و لەرووی پێکهێنانی دامەزراوەی راگەیاندنی مۆدێرن و دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی زانست و توێژینەوەی هاوچەرخدا هێشتا لە خاڵی دەستپێکدایە، چی دەگەیەنن؟

زاڵبوونی گوتاری رەخنەیی لە زمانی رۆژنامەی ئەهلیدا سیمای جیاکەرەوەی سەرەکی

ئەو میدیایە، بۆیە زۆربەی کات ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە دەچنە ریزبەندی میدیای ئۆپۆزیسیۆنەوە. تا ئەو کاتەش کە یاسای رۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمدا دەرنەکرابوو، ئامانج و بەرپرسیارێتی رۆژنامەگەری دەرەوەی دەسەڵات نارۆشنی پێوەدیاربوو لەنێوان گەڕان بەدوای قازانج و هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی میدیای ئازاد و سەربەخۆ. بۆیە ئەو یاسایە بەدەر لە هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و ناتەواوەکانی لەرووی یاسایی و دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان، تا ئەمڕۆش لەرووی جێبەجێکردن و رێکخستنی کاری رۆژنامەگەرییەوە جێی مشتومڕە و رۆژنامە ئەهلییەکان پێیان وایە ئەو یاسایە دەرگای لەرووی بەرتەسکردنەوەی ئازادی ئەوان کردوەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە جێی خۆیەتی بپرسین تا چەند رۆژنامەگەری کوردی بەوەی دەسەڵات و دەرەوەیدا توانیویەتی ئەرکی سەرەکی خۆی بەجێبگەیەنێت لە گواستنەوەی هەواڵ و راستییەکان بۆ خەڵک و خزمەتکردن بە ماف و ئازادییەکان و پرس و کێشەکانی ناو کۆمەڵگە؟ ئەوەی لەیەکەم خوێندنەوە و هەڵسەنگاندندا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە گوتار و ئاراستەکانی ململانێی سیاسی ئامادەییەکی کاریگەری هەیە بەسەر میدیای کوردیدا. ئەگەر بمانەوێت هەموو راستییەکان لە زمانی رۆژنامەکانی دەسەڵات یان لە ئەوانی دەرەوەیدا بدۆزینەوە کارێکی ئەستەمە، ئەگەرچی هەریەکەیان لای خۆیەوە پێی وایە راستییەکانی وەک خۆی گواستووەتەوە بەڵام گرفتی سەرەکی لەوەدا نییە بەڵکو لە راڤەکردنی بەمەبەستی راستییەکانە یان ئەوەی لە بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەگەریدا بە « بەدنیازی لە راڤکردندا» ناوی هاتووە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا چەندین بابەت هەن کە سرووشتی تابوویان هەیە و لەگەڵ بڵاوکردنەوەیاندا غەریزەی باسخوازی و زانینی شتە پەنهانەکان لای خوێنەر دەبزوێنن و هەڵپەی خاوەن رۆژنامەکانیش بۆ فرۆشتنی زۆرترین تیراژ بەرز دەکەنەوە، وەک بابەتی سێکس و ئابرووبردن (سکاندال) و چیرۆکی تاوانکاری و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانی کەسایەتییەکان. رۆژنامەگەری ئێمە ئەوەندەی لە رووداوگەلی سەدەی نۆزدەهەوە نزیکە لە دونیای هاوچەرخەوە نزیک نییە. ئەو رۆژگارەی گابریل گارسیا مارکیز لە رۆمانی «لە سەعاتێکی شوومدا» باسی لێوەدەکات کە شەوانە هەواڵی سکاندالەکان بەسەر دیوارەکانی شارەوە هەڵدەواسران. ئەمەشیان زۆر لە ئەرکی راستەقینەی رۆژنامەوە دوورە. لەتەک بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و

نیشتمانیدا لەم هەرێمەی ئێمەدا، بەرپرسیارێتی نەتەوەیی هێشتا رووبەرێکی دیاری لە هەست و ویژدانی تاک و کۆمەڵدا هەیە. لێرەدا مەبەستی سەرەکیمان لەو ووتار و لێکۆڵینەوە فیکری و سیاسییانە نییە کە رۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە وەک نەریتێک لە ئازادی بیرورا و فرەدەنگی بەڵکو لەو هەواڵ و راپۆرت و وێنە و کاریکاتۆرانەیە کە رۆژنامە لە چوارچێوەی بەرنامە و ستراتیژی خۆیدا بڵاویاندەکاتەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم بۆچوونە، نزیکترین رووداو بە نموونە دەهێنینەوە کە تا نووسینی ئەم بابەتە لە پلەی رووداو و هەواڵە گرنگ و سەرەکییەکانە بەلای میدیای کوردییەوە. ئەویش بۆردومانەکانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیایە بۆسەر چەند ناوچەیەکی سنووری هەرێمی کوردستان. بابزانین رۆژنامە و کەناڵەکانی میدیای کوردی بە پێوەرەکانی ئیتیکی رۆژنامەگەری و بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی چۆن مامەڵەیان لەتەک ئەو رووداوەدا کردوە؟ سەرەتا لە میدیای سەر بە دەسەڵاتەوە دەستپێدەکەم؛ کە تا رادەیەکی زۆر هەڵوێست و بۆچوونی فەرمی حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیان خستووەتەروو، ئەگەرچی زمانی لۆژیک و بەرژەوەندی نیشتمانیی هەرێم و رەچاوکردنی هەستی نەتەوایەتی لەبەرچاوگیراوە بەڵام لە گواستنەوەی هەواڵەکان و بەدواداچوونی رۆژنامەوانیدا لاوازییەکی ئاشکرایان پێوەدیارە لەکاتێکدا دەبوایە زۆر دیوی شاراوەی رووداوەکانیان بخستایەتەروو و خوێندنەوەی وورتریان بۆ پێشهاتەکان هەبووایە بەوپێیەی لەروووی توانای هەواڵگری و دارایی و تەکنیکی رۆژنامەگەرییەوە بەتواناترن. هەرچی میدیای ئەهلی و دەرەوەی دەسەڵاتە (بە میدیای ئۆپۆزیسیۆنیشەوە) مامەڵەیەکی تەواو جیاوازیان لەگەڵ هەمان بابەتدا کردووە کە دەکرێت لە سێ دیدگای جیاوازدا کۆبکرێنەوە لەژێر ناونیشانی ئەوەی پێی دەوترێت گواستنەوەی هەواڵ و راڤەکردنی بەمەبەستی هەواڵ:

•گومان خستنەسەر هەڵوێست و رۆڵی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاست رووداوەکاندا تا رادەی تاوانبارکردنی بەوەی ژێربەژێر رەزامەندی لەسەر بۆردوومانەکان نیشانداوە. ئەگەر هاوکاری هەردوو دەوڵیش نەکات.

•ئیحراج کردنی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەوەی دەبێت هەڵوێستی روونتر و ئاشکراتر و بوێرانەی هەبێت بەرامبەر هەردوو دەوڵەت تا رادەی کاردانەوەی عەمەلی بەرامبەریان.

•پێشکەشکردنی بەهانەی تەواو بە هەردوو دەوڵەت بۆ بەردەوام بوون لەسەر هێرشەکانیان بە نیشاندانی هەڕێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ئارام و هاوکار بۆ هێزەکانی پەکەکە و پژاک و سەرکردەکانیان لەڕێگەی دیداری تەلەفزیۆنی و سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو دوو پارتە و تەنانەت بڵاوکردنەوەی هەواڵی وەها کە ڕەنگە کاردانەوە و کاریگەری سەلبی بۆ سەر هەڕێمەکە و خەڵکەکەی هەبێت.

بەهەمان شێوە لە گواستنەوەی هەواڵی ڕاپەرینەکانی وڵاتانی عەرەب و ڕووماڵکردن و لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانە لەلایەن هەندێک میدیاوە، بەچەشنێک کە خوێنەر و وەرگری کورد واهەست بکات خۆی و خەڵکەکە و هەڕێمەکە و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بەشێکی دانەبڕاو و تەواوکەری لیبیا و سووریا و یەمەن بن. هەرئەوەش بوو کە هەندێک ڕۆژنامە ڕۆژی پێش خۆپیشانەکانی حەڤدەی شوباتی ٢٠١١ بڵاویان کردەوە کە «سبەی خۆپیشاندان بۆ پشتگیری لە شۆرشی گەلی میسر لە بەر دەرکی سەرا ڕێکدەخرێت» بەڵام هەموو بینیمان خۆپیشاندان بۆچی کرا و چی لێکەوتەوە !؟

هەڵبەت نموونەی تریشمان لایە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و باری ئابووری و تەنانەت ژیانی تایبەتی تاکەکانی ئەم هەڕێمەوە هەیە و ڕۆژنامەی کوردی بەدەر لەهەموو بەرپرسیارێتی و ئەخلاقیاتێک بڵاویانکردووەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ بەدواداچوون و حیسابێک بۆ کاریگەری و دەرەنجامەکانی بکەن کە هەندێک جار کارەساتی گیان لەدەستدان و ماڵوێرانی و گەرمکردنی بازاڕی بەدڕەوشتی لێکەوتووەتەوە.

بۆئەوەی هەر بەتەنیا هەندێک ڕۆژنامەی ئەهلی و سایەی حزبی نەخەینە بازنەی گومانەوە، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکیش بۆ ڕۆڵی داواکاری گشتی بکەین لەم هەڕێمەدا بۆ ئەوەی بزانین تا چەند بە ڕۆڵی خۆی هەستاوە لە چاودێریکردن و پاراستنی ڕەوشی گشتی و داکۆکیکردن لە مافی گشتی؟ بەرلە هەر شتێک پێویستە ئۆفیسی داواکاری گشتی پەیوەندی و بەدواداچوونی ڕۆژانەی هەبێت لەگەڵ بڵاوکراوەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا. بۆ نموونە لە یاسای ڕۆژنامەگەری وڵاتانی مەغریب و لوبناندا هاتووە کە نوسخەی هەر ژمارەیەک لە ڕۆژنامە و گۆڤار دەبێت بدرێت بە ئۆفیسی داواکاری گشتی، بەمەش بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی داواکاری گشتی لە حاڵەتێکدا کەمتەرخەمی کرد لەو ئەرکانەی لەوبارەیەوە

پێسپێردراون. لەم هەرێمەی ئێمەدا نەک گومان لە سستی و بێتوانایی دامەزراوەی داواکاری گشتی ئەکرێت بەڵکو هەندێک جار خودی داواکارە گشتییەکان لە ئاستێکی پێویستدا نین لەبواری خوێندنەوە و رۆشنبیری گشتیدا تا ئامادەیان بکات بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیاندایە.

رۆژانە لەبێدەنگی داواکاری گشتیدا، لە رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەواڵ و راپۆرت و بەدواداچوونی جیاجیامان بەرچاودەکەوێت کە پێچەوانەی ئیتکی رۆژنامەگەری و ئاداب و رەوشتی گشتییە و ئاسەواری خراپ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بەرژەوەندی نیشتمانیش بەجێدەهێڵن بەڵام تەنیا ئەو هەواڵ و راپۆرتانە دەبنە مایەی مشتومڕ و دەچنە نێو دادگاکانەوە کە پەیوەندییان بە لەکەدارکردن یان ناوزراندنی بەرپرسێک یان پارتێکی سیاسی یان دەزگایەکی فەرمییەوە هەیە. لەکاتێکا داکۆکیکردن لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نهێنی و تایبەتمەندییەکانی ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵ بەر لەهەر لایەنێک ئەرکی داواکاری گشتییە.

بەهەمان شێوەش زۆرجار لە رۆژنامەکانەوە پەردە لەسەرروی چەندین دیاردەی دزێو و پێشێلکاری یاسا و گەندەڵی هەڵدەماڵرێت لەم هەرێمەدا بەڵام لەلایەن داواکاری گشتی و دەزگا بەرپرسەکانەوە وەک پێویست بەدواداچوونیان بۆ ناکرێت و ئۆمێد و متمانەی هاونیشتمانیان بە دەسەڵات و پرۆسەی چاکسازی لاوازتر دەکەن. لە تەک ئەو داخوازییانەی بۆ چاکسازی و بەدەزگاییکردنی دەسەڵاتەکان لەم هەرێمەدا بەرزدەکرێنەوە، پێویستە بەهەمان هۆشیارییەوە بەتەنگ میدیایەکی هاوچەرخ و بەرپرسەوە بین کە لە ئاستی ئەرک و بەرپرسیارێتی قۆناغەکەدا بێت. لە کۆمەڵگەیەکی وەک هەرێمی کوردستان کە هێشتا لە قۆناغی گواستنەوەدایە و چەندین تەحەدای نێوخۆیی و دەرەکی و هەرەشە و مەترسی گەورەی لەبەردەمدایە، ناوهێنانی شتەکان دەبێت بە ئیناسەفەوە بێت و مامەڵەکردن لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان دەبێت بابەتییانە و بە ئامانجی خزمەتکردن بە حەقیقەت بێت نەک ئامانجی دیکە. دایەلۆگی مەدەنی و بەدادوەرکردنی یاسا دەبێت میتۆدی کارکردن بێت نەک سەنگەرگرتن لەیەکتر لەپاڵ میدیای ئاراستەکراودا، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە هەندێک کەناڵی راگەیاندنەوە وێنەیەک لەناو کۆمەڵگەوە دەگوازرێتەوە کە وای نیشاندەدات ئەم هەرێمە لەناو چەندین ململانێی قووڵ و بێئاکامدا نقووم بووە

کە زیاد لە شێوە و ئاراستەیەکیان هەیە بۆ نموونە؛ ململانێی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، ململانێی مەلا و ڕۆشنبیر یاخود پیاوانی ئاین و کۆمەڵگەی مەدەنی، ململانێی نەوەی نوێ و نەوەی کۆن لەناو خێزان و قوتابخانە و شەقامدا، ململانێی کورد و داگیرکەرانی کوردستان یان هەرێم و بەغدا لەکاتێکا بوونی جیاوازی و فرەدەنگی و فرەڕەنگی دیاردەیەکی سرووشتی و تەندروستە لەهەر کۆمەڵگەیەکی زیندوودا کە ئیرادەی گۆڕینی بەرەو باشتری تیادا بێت.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ لە کوردستان

لە بڕگەی دووەمی مادەی ٣٨ ی دەستووری نوێی عیراقدا هاتووە کە دەوڵەت، بەشێوەیەک کە کارنەکاتە سەر نیزامی گشتی و ئادابە زامنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و ریکلام و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەکات. لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١١ لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە یاسایەک بەناوی «یاسای مافی ڕۆژنامەنووسان» پەسەندکرا، نەک یاسای ڕۆژنامەگەری. بەڵام بەر لە چوار ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا کاری ڕۆژنامەگەری بە یاسای ژمارە ٣٥ ڕێکخرا. ئاشکرایە کە لە زۆربەی وڵاتان بوارەکانی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و پەخش و میدیا بە گشتی لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکدەخرێن. لەو وڵاتانەش کە یاسایەکی تایبەت بە ڕۆژنامەگەرییان نییە لە ڕێگەی چەندین یاسای پەیوەندیدارەوە ئەو بوارە ڕێکدەخرێت. یاسای ژمارە ٣٥ ی هەرێمی کوردستان بەر لە دەرکردنی و تەنانەت دوای ئەوەش زۆرترن مشتومڕی لێکەوتەوە لەبەر ئەو فەزا سیاسی و ململانێ مەدەنییەی لەپای دەستەبەرکردنی ئازادی بیرورا و بڵاوکردنەوەدا هاتبووە ئاراوە. لەکاتێکا داخوازییانی میدیای ئازاد و ئەهلی لەهەوڵی بەدەستهێنانی یاسایەک بوون کە ئەوپەڕی ئازادی دەستەبەربکات، زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان دەیانویست یاسایەک بێت ڕادەی مەعقولی ئازادی و ئەرک و بەرپرسیارێتی ڕێکبخات. ئێستاش هەندێک پێیان وایە کە ئەو یاسایە لەڕێی ئەو مادانەی تایبەتن بە پێشێلکاری و سزادانەوە بەردەوام فشار بۆسەر ڕۆژنامەکان دێنن لەکاتێکا هەندێکی تر بە توندی لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو یاسایە پێویستە هەمواربکرێتەوە چونکە نەک هەر نەیتوانیوە کاری ڕۆژنامەگەری ڕێکبخات بەڵکو فەزایەکی لە شێواندن و پشێوی و لادان لە کلتور و فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری و ئادابی گشتی خوڵقاندووە. لەم نێوەندەدا تا ئێستا کەمترین خوێندنەوەی بایەتییانە

و شیکاری بۆ ئەم یاسایە کراوە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و خاڵە لاوازەکانی و هەموارکردنەوەی لە چوارچێوەیەکی پێشکەوتو و باشتردا. لەم رووەوە هەوڵئەدەین چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر ئەو یاسایە بخەینەڕوو بەو مەبەستەی خزمەتی زیاتر بە رەوشی رۆژنامەگەریمان بکات و دەرگایەک بەڕووی خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەکی ووردتردا بکاتەوە بەتایبەتی لەلایەن کەسانی شارەزا لەو بوارەدا. سەرەتا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ناوەڕۆکی یاسای ژمارە ٣٥ ی هەرێم کە لە تەنیا لە ١٤ مادە پێکهاتووە لە یاسای ژمارە ٩٦ ی ساڵی ١٩٩٦ ی رێکخستنی رۆژنامەگەری میسر وەرگیراوە کە ٨١ مادە دەگرێتەخۆ، بەهەندێک جیاوازی کەمەوە.

- یاساکە وەک لە ناوەکەیدا دیارە تایبەتە بە رۆژنامەگەری، هەروەک لە خاڵی پێنجەمی مادەی یەکەمدا، لە پێناسەکردنی «رۆژنامەنووس»دا هاتووە: هەرکەسێک کە لە بواری رۆژنامەگەریدا لەهەر کەناڵێکی راگەیاندندا کار دەکا، بەڵام لە خاڵی شەشەمی مادەی یەکەمدا لە پێناسەی رۆژنامەدا هاتووە«هەر چاپکراوێک کە بەشێوەیەکی خولی و بەناوێکی دیاریکراو و بەژمارەی ریزبەند و بە رێکوپێکی دەربچێ و دابەش بکرێ. لێرەدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان رۆژنامەنووس(صحفی) و میدیاکار (اعلامی)نەکراوە، هەروەک چۆن هەموو چاپکراوێک بەو پێناسەیە رۆژنامە نییە. لەوەش زیاتر یاساکە زۆر دوورە لەوەی کاری میدیای بینرا و بیستراو و تەفاعولی بگرێتەوە (تەلەفزیۆن و رادیۆ و ئینتەرنێت).

- لە مادەی دووەمدا لەبارەی مافی رۆژنامەنووس بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «بەپێی یاسا» دەبێت. بۆیە دەپرسین؛ ئایا باشتر نەبوو ئەو مافە هەر لەناو خودی یاساکەدا (یاسای ژمارە ٣٥) دیاریبکرایە؟ لەکاتێکا لەزۆربەی یاساکاندا ئەم بابەتە هەر لە خودی یاسای رۆژنامەگەری یان میدیادا ووردکراوەتەوە، نموونەی یاسای رۆژنامەگەری لوبنانی و میسری و مەغریبی و تورکی و سویدی.

- لە مادەی پێنجەمدا حوکمێکی رەها هاتووە کە دەڵێت: «رۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ»، لە کاتێکا لە مادەی ١٥ی یاسا عیراقییەکەدا هاتووە: «رۆژنامە راناگیرێت و داناخرێت تەنیا بە بریارێکی دادوەری نەبێت». لەکاتێکا ئەمەیان یاسایەکی فیدراڵییە چونکە بەپێی مادەی ٦١ خاڵی یەکەمی

دەستووری عیراق دەرکراوە و ناکرێت یاسای هەرێم پێچەوانەی ئەو بێت. هەروەها لە زۆربەی یاساکانی رۆژنامەگەری وڵاتاندا مادەی لەوجۆرە نییە لە کاتێکا یاساکان قابیلی هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەن. داخستنی کاتی وەیا هەمیشەیی رۆژنامە لە هەلومەرجی جیاجیادا لە هەموو ئەو یاسایانەدا هاتووە کە وەک سەرچاوە سوودم لێ بینیون، وەک دووبارە و سێ بارە کردنەوەی پێشێلکاری یاساکان لەلایەن رۆژنامەوە یان لەدەستدانی ئەهلییەتی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر.

– لەجیاتی مافی بەخزمەت حیسابکردنی کاری رۆژنامەنووس بەو میکانیزمە سادەیەی لە یاساکەدا هاتووە، باشتر وابوو پشتگیری لە «سندووقی خانەنشینی و کۆمەکی رۆژنامەنوسان» بکرایە، یاخود مادەکە زیاتر وورد بکرایەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یاساکانی کار و خزمەتی مەدەنی و خانەنشینی و ئەنجومەنی راژە بگونجێت.

– دەبوایە کاروباری دارایی رۆژنامە لە مادەیەکی ووردکراوەدا باسی لێوەبکرایە بەشێوەیەک کە هەموو لایەنەکانی بگرێتەوە وەک، سەرمایە و پشکەکانی رۆژنامە (یان کۆمپانیای راگەیاندن)، سەرچاوەکانی دابینکردن و چۆنییەتی بەدەستهێنانی دارایی، قەدەغەکردن یان رێکخستنی کەمپینی کۆمەک و پیتاک بۆ رۆژنامە، ئەو تۆمارانەی رۆژنامە پێویستە رایانگرێت، بودجەی ساڵانە و حیساباتی خیتامی و چاودێری دارایی.

– خاڵی تایبەت بە «جنێودان و توانجی نارەوا و ناوزراندن» وەک لە مادەی نۆیەمدا هاتووە، دەبوایە مادەیەکی سەربەخۆ بووایە و پاڵپشت بە مادەکانی یاسای سزاکان و جەزا شیبکرایەتەوە. بۆ نموونە هەندێک ناوزراندن رەنگە ببێتە مایەی لێکترازانی خێزان و لەدەستدانی کار و پێگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کوشتنیش بۆیە ناکریت تەنیا بە چەسپاندنی غەرامەی مالی کە لە پێنج ملیۆن دینار تێپەڕ ناکات باسبکرێت.

– یاساکە هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو رۆژنامە و بڵاوکراوانە ناکات کە لە دەرەوەی هەرێمەوە دێنە ناو هەرێم. لە یاسای رۆژنامەگەری لوبناندا ئەو بابەتە بە ووردی باسی لێوەکراوە.

– ئەگەرچی یاساکە لە چەندین برگەدا ئاماژەی بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە و رۆڵی بە گرنگییەوە باسکردووە، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی یاساکە لەسەرووی دەسەڵاتەکانی سەندیکاوەیە، دەبوایە جەختی لەسەر بێلایەنی و

پرۆفیشنالی بوونی سەندیکا بکردایەتەوە و مافی چاودێری کردن و بەدواداچوونی بڕیارەکانی دیاریبکردایە تا لە یاسایی بوونیان دڵنیابێت. هەروەها دەبوایە یاساکە لە میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەندیکا و یاسایی بوونیان قسەی خۆی هەبوایە.

– لە ئەگەری پێکهێنانی «ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان»دا وا باشترە یاساکە هەموار بکرێتەوە بەشێوەیەک کە لە فراوانترین چوارچێوەدا پەیوەندی بە ئەنجومەنەکە و تەنانەت بە سەندیکاشەوە رێکبخاتەوە. چونکە لە بوونی ئەو یاسایەدا گفتوگۆ و بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوبراو و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی و میکانیزمەکانی کارکردنی سنووردار دەبێت، بەتایبەتی کە یاساکە خۆی جێی مشتومڕ و گفتوگۆ لەسەرکردنە.

– دەبوایە ئەرک و رۆڵی داواکاری گشتی لە بەشێکی سەربەخۆ لەناو یاساکە بە شێوەیەکی وورتر شیبکرایەتەوە کە لەبەردەم بەرپرسیارێتی دیاریکراودا دایبنایە.

– سەبارەت بەو دەزگایانەی راگەیاندن کە بە سیفەتی کۆمپانیا تۆمارکراون، دەبوایە یاساکە لە بەشێکی سەربەخۆ یان مادەیەکی ووردتردا قسەی لەبارەوە بکردایە بەتایبەتی کە چالاکی بازرگانی تر تێکەڵ بە کاری رۆژنامەگەری دەکرێت و سەرمایە و سەرچاوەی داراییشیان هەریەکە. بۆ نموونە؛ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کاری وەبەرهێنانی فیلم و ستۆدیۆی دۆبلاژ بکات لەهەمان کاتدا رۆژنامەیەکیش دەربکات. ئەمەیان زۆرترینی ئەو دەزگا راگەیاندنانە دەگرێتەوە کە راستەوخۆ پارتە سیاسییەکان وەیا لەژێر ناونیشانی تردا دەیخەنەگەڕ.

– یاساکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە و چاپخانەکان نەکردووە لەرووی پەیوەندییان بەکاری رۆژنامەگەرییەوە. لەکاتێکا زۆربەی یاساکانی تایبەت بە رۆژنامەگەری و میدیا قسەیان لەوبارەیەوە کردووە لەوانەش یاسای رۆژنامەگەری و میدیا لە سوید و لوبنان.

– دەبوایە یاساکە لە چوارچێوەی مافی دەستەبەرکردنی ئیجرائاتی دادگاییکردنی عادیلانە بۆ هەردوو لایەنی رۆژنامە و شکات کردوو، یان بە پێچەوانەوە، ئاماژەی بۆ ئاسانکاری یاخود دابینکردنی پارێزەر یان دیاریکردنی بڕێکی مەعقول لە کرێی راگرتنی پارێزەر بکردایە چونکە هەندێک جار ئیجرائاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن ئەوەندە درێژە دەکێشێت کە خەرجی هاتووچۆ و کرێی

پارێزەر لە بڕی ئەو غەرامەیە زیاتر دەبێت کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات.
ئەو خاڵانەی لای سەرەوە دەکرێت وەک بەشداریەکی بچووک تەماشا بکرێن لەپێناوی دارشتن یاخود هەموارکرنەوەی یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانەی لە یاساکەدا هەن و وەڵامدانەوەی ئەو رەخنانەش بێت کە لە کاریگەری یاساکە دەگیرێن لەسەر ئەرزی واقیع، چ لەلای میدیای دەسەڵات یان لە میدیای دەرەوەی دەسەڵات. ئەگەرچی یاسای رۆژنامەگەری پێویستییەکی جێبایەخە بۆ رێکخستنی ئەو بوارە بەڵام هەموو شتێک نییە بەوپێیەی چەندین یاسای تر هەن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە بواری راگەیاندن و بڵاوکردنەوەوە هەیە لە بواری جێبەجێکردندا، جگە لە چەندین دەزگا و رێکخراو و سەندیکا کە هاوئامانجن لە کارکردندا. بەهەمان شێوەش یاساکانی حکومەتی فیدراڵ کە بۆ هەمان مەبەست دارێژراون پێویستە لەبەرچاو بگیرێن بەوپێیەی ناکرێت لە بەشێکی ئەم وڵاتەدا رووبەری ئازادی رۆژنامەگەری و راگەیاندن بەرتەسک بێت و لە بەشێکی تریدا فراوانتر بێت.
بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری هاونیشتمانی بوون و هۆشیاری نەتەوەیی و بەرزراگرتنی پرنسیپەکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ئاشناکردنی تاک و کۆمەڵی ئەم هەرێمە بە ئەرک و مافەکانیان لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فێرکردن و میدیای حکومی و بڕەودان بە چالاکییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدنی لە گەشەپێدانی توانای مرۆیی، هەموو ئەمانە بەشداریەکی کارا دەکەن لە بەدیهێنانی میدیایەکی پێشکەوتو لە چوارچێوەی یاسایەکی تۆکمەدا.
چەمکی بەرپرسیارێتی، لە پێناسە گشتییەکەیدا، بۆخۆی بابەتێکی گرنگە کە پێویستە قسەوباسی زیاتری لەبارەوە بکرێت و لە فەرهەنگی سیاسی و کلتووری کۆمەڵایەتیماندا جێگیربکرێت. بەرپرسیارێتی تاکەکان بەرامبەر بە یەکتر و بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەگشتی و بەرامبەر بە پرسە نیشتمانی و ستراتیژیەکان لە باڵاترین ئاستدا. لەو رووەوەی کە میدیا بەگشتی و رۆژنامە بەتایبەتی پەیوەندی راستەوخۆی بە خەڵکەوە هەیە و کاریگەری لەسەر کۆی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و پرسە گرنگەکان هەیە، بۆیە ئەوان زۆرترین بەشیان لە بەرپرسیارێتی بەردەکەوێت.

سەرچاوەکان:

- ميثاق شرف الفيدرالية الدولية لصحافيين ١٩٥٤

- قانون حماية الصحفيين لسنة ٢٠١١

- قانون ٩٦ لسنة ١٩٩٦ الخاص بتنظيم الصحافة في مصر

- قانون المطبوعات اللبناني لسنة ١٩٦٢ المعدل

- قانون الصحافة المغربي لسنة ١٩٥٨

– یاسای ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان

Perry Keller, Media Law in Britain–

Sweden –The Freedom of the Press Act–

هەڵسەنگاندێک بۆ ڕۆڵی یاسایی و سیاسی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

بوونی سیستمی پەرلەمانی لە خۆیدا بەمانای نوێنەرایەتی و بەشداری ڕاستەقینەی گەل نییە لە دەسەڵاتدا، هەروەک چۆن نیشانەی بەرقەراربوونی دیموکراسیش نییە لە سیستمی سیاسیدا، ئەگەر لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو بنیاتنەنرابێت کە دەستەبەری ئازادی و دیموکراسی بن لەمانا فراوانەکەیدا بەپێوانە و ستاندەردی مۆدێلە پێشکەوتووەکانی جیهانی سەردەم. لە دونیای ئەمڕۆدا بەردەوام هەواڵی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەن نیشتمانییەکانمان پێدەگات لە سیستمە سیاسییە جیاوازەکاندا، لەمپەڕی دیمکراسییەوە بۆئەوپەڕی ڕژێمی کۆنەپارێز و تیۆکراسی ئەگەرچی بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش زۆربەیان هەڵبژاردنی بێگەرد و ئازادن بەڵام لەکۆی فەلسەفەی دەسەڵات و سیاسیەت و مامەڵەکردن لەتەک پرسەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی تاک و کۆمەڵدا وێنەیەکی ترمان بەرچاودەکەوێت. وێنەیەک لە پێشێلکاری و نکۆڵی کردن لە مافی نەتەوە و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و زەوتکردنی مافی ئافرەت و بەرتەسکردنەوەی بەشداری لە دەسەڵات و بڕیاری سیاسیدا.

هەروەک چۆن لە مێژووی نزیکدا چەندین نموونەمان هەیە بۆ سەرکەوتنی رژێمە ستەمکار و تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان لەرێی هەڵبژاردن و شەرعییەتیشیان لە پەرلەمانەوە وەرگرتووە و پاشانیش نەک بەتەنیا گەلانی خۆیان، بەڵکو گەلانی تر و تەنانەت جیهانیشیان خستووەتە مەترسییەوە، هەروەک گەیشتنە دەسەڵاتی نازییەکان بەسەرۆکایەتی هیتلەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکی ١٩٣٢ ی ئەڵمەنیا و هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکانی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە تیایاندا لەژێر سایەی پەرلەماندا چەندین یاسای نامرۆڤانە دەکراوە.

ئەگەرچی لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپاشدا رووداوەکە پارت و رەوتە مەیلەو راسیزم و توندرەوەکان لەرێی

هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەردەوە بگەنە پەرلەمان بەڵام هیچ کات نەیانتوانیوە ببنە مایەی مەترسی بۆسەر سیستمی دیموکراسی و هەرەشە بۆ ئاسایشی نێوکۆیی، لەبەرئەوەی ئاستی هۆشیاری گەل و سروشتی سیستمی سیاسی و یاساکانی هەڵبژاردن پەرژینێکی پتەویان دروستکردووە بۆ پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و بەهاکانی تاک و کۆمەڵ.

ئاشکرایە کە پەرلەمان نوێنەرایەتی دەسەڵاتێک دەکات لەتەک دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەریدا بەڵام مەرج نییە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەهەموو شوێنێکدا وەک یەک بن چونکە ئەوەیان بەندە بە دەستووری هەر وڵاتێک یاخود ئەو سیستمەی سیاسیەی کە دەزگاکانی دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە. بۆ نموونە هەر لە سیستمی پاشایەتیدا شێوەی پاشایەتی دەستووریمان هەیە کە پەرلەمان پیادەی دەسەڵاتێکی فراوان دەکات وەک پەرلەمانی سوید و بەریتانیا و لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتی رەهای پاشایەتی هەیە بەسەر پەرلەمانەوە وەک شانشینی سعودیەی عەرەبی.

هەر پەیوەست بەم باسە، قسەکردن لەسەر رۆڵی گرنگی دەستوور لە دارشتن و دیاریکردنی چوارچێوە و بنەماکانی سیستمی سیاسی وڵات و دەسەڵاتەکان، رووناکییەکی زیاتر دەخاتە سەر بابەتەکە بەوپێیەی دەستوور سەرچاوەی باڵای شەرعییەتە و شێوەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات دیاریدەکات هەروەها رێگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستنیشان دەکات. باشترین رێگە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان بریتییە لە دارشتنی یاسایەکی پێشکەوتوو

کە زامنی بەشداریکردنی ئازادانەی هاوڵاتیان بکات لە دەنگدان و خۆپاڵاوتندا. خاڵێکی جێبایەخی تر بریتییە لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) کە ئەویش بەگوێرەی جیاوازی لە سیستمە سیاسییەکاندا جیاوازدەبن نموونەی هاوبەش و سەربەخۆ و هەرەمی کە هەریەکەیان بۆخۆی بابەتێکی تایبەت و سەربەخۆیە بۆ قسەلەسەرکردن و توێژینەوە. گەلانی خاوەن ئەزموونی پەرلەمانی هەنگاوی گەورەیان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی تەندروست و پێشکەوتوو بریوە و چەمکەکانی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بووەتە بەشێک لە کلتوور و فەرهەنگ و رەفتاری کۆمەڵایەتییان.

بەوپێیەی ئەزموونی گەلی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی دامەزراوەیی و سیستمی پەرلەمانیدا هێشتا لەسەرەتادایە و پێویستە پێبەپێ لەگەڵ قۆناغی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا هەنگاوبنێت، بەهەمان ئەندازە پێویستە لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندمان بۆ ئەو بوارە بەشێوەیەکی بابەتییانە و بە پەیرەو لە میتۆدی زانستی و رەخنەیی بنیاتنەر کاربکەین. لەم رووەوە هەوڵئەدەم لەم کورتە باسەدا لەبارەی رۆڵ و ئەرکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە بدوێم لە بواری یاسایی و سیاسییدا بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کە هەڵگری چەندین تایبەتمەندی و گرنگییە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیماندا.

١٩ ی ئایاری ١٩٩٢ هەنگاوێک بەرەو ئایندە

بریاری رووکردنە سندووقەکانی دەنگدان لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی ئەوسای گەلی کوردستان لەو رۆژەدا، سەرەرای هەر خەوش و رەخنەیەک، هەنگاوێکی مێژوویی و وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی سیاسی و مێژووی سەختی خەباتی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. ئەو واقیعە تازەیەی لەدوای کشانەوەی ئیدارە و دەسەڵاتی رژێمی ناوەندی بەعس لە ئوکتۆبەری ١٩٩١ لە بەشێکی زۆری سنووری هەرێمی کوردستان هاتەکایەوە «بەرەی کوردستانی» خستەبەردەم بەرپرسیارێتی و ئەرکێکی جیاوازەوە. پرکردنەوەی بۆشایی کارگێری و بەرێوەربردنی کاروباری ناوچەیەکی فراوان لە هەلومەرج و بارودۆخێکی سەخت و نالەباری وەک رۆژگاری ئەوسای گەمارۆی ئابووری و مەترسی بەردەوامی رژێمی سەدام، پێویستی بە بەرنامە و سیاسەتێکی نوێ بوو کە لە ئاستی وەڵامدانەوەی قۆناغەکەدا بێت. لێرەدا بۆ ئەوەی

نەچینەناو بابەتی لابەلا و لە ناوەڕۆکی باسەکە دوورنەکەوینەوە، بەچەند خاڵێک ئاماژە بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ڕۆڵ و ئەرکی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لەهەردوو لایەنی سیاسی و یاساییەوە لەماوەی نزیکەی پانزە ساڵی تەمەنی خولی یەکەمیدا.

– لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، کێشەی ساغکردنەوەی لیستی براوە لەسەر بنەمای ڕێژەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکانی هەردوو پارتی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) جگەلەوەی ئاماژەیەکی مەترسیداربوو بۆ بەردەوامبوونی ململانێیی نێوان ئەو دوو پارتە سیاسییە، دەرەنجامێکی ئاشکرای ئەو سیستمی هەڵبژاردنە بوو کە پەیرەوکرا. بریاردان لەسەر سیستمی یەک بازنەیی و ڕێژەیی بە دیاریکردنی ڕێژەی ٧٪ ی بۆ گەیشتن بە پەرلەمان جگەلەوەی هۆکاری بێبەشکردن و پەراوێزخستنی سەرجەم ئەو لیست و پارتە سیاسییانە بوو کە لەدەرەوەی هەردوو پارتی سەرەکی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد، ئاسۆی ڕێککەوتن و پێکەوە هەڵکردنی پارتی و یەکێتی بەرتەسکتر کردەوە و ماکی بێتمانەیی و دڕدۆنگی و ڕکابەری لەنێوانیاندا قووڵترکردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی داوی سێ ساڵ ناکۆکییەکان لەنێوانیاندا بتەقنەوە شەڕی نەگریسی ناوخۆی لێبکەوێتەوە لەلایەکی ترەوە وانەیەکی بەسوودی فێرکردین بەوەی کە بەرتەسکردنەوەی بەشداری و هەلی گەیشتن بە پەرلەمان لەژێر بریار و یاسای هەڵبژاردنی زۆرینەدا، لە بەرژەوەندی ئەزموونی دیموکراسی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا نییە. لە هەندێک وڵاتدا کە سیستمی بازنەیی و ڕێژەیی پیادەدەکەن، هەوڵدەدەن زۆرترین هەل لەبەردەم بەشداری لیستە لاوازەکاندا فەراهەم بکەن لەرێی کەمکردنەوەی ڕێژەی بریارلێدراو تا ڕادەی ١٪ یاخود لەرێی کۆکردنەوەی سەرجەم دەنگەکان لە کۆی بازنەکانی هەڵبژاردندا پاشان وەرگرتنی ڕێژەکەی بۆ گەیشتن بە ڕێژەی پەسەندکراو بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان، نموونەی پەرلەمانی ئیسرائیل و ئەڵمانیا. بەداخەوە لەلای ئێمە بەردەوام دەنگێک بیستراوە کە داوای سرینەوەی پارت و گرووپە سیاسییە بچوکەکانی دەکات لەژێر چەندین پاساو و لێکدانەوەدا.

– هەڵەی کوشندە لە پیادەکردنی سیستمی پەنجا بە پەنجا نەبوو وەک ئەوەی هەردوو لیستی براوە بۆ دەرچوون لە قەیران پەسەندیان کرد، بەڵکو لە بێبناغەیی ئەو ڕێککەوتنە بوو لە نێوانیاندا بۆ ئەو ڕێگەچارەیە. ڕوودەدات

کە لە هەندێک پەرلەماندا کار بە بنەمای پەنجا بە پەنجا بکرێت بەڵام لەسەر بناغەی رێککەوتن یاخود لێکتێگەیشتنی هاوبەش بۆ بەرنامە وشێوازی کارکردن. ئەو دابەشکردنەی کورسییەکانی پەرلەمان بە یەکسانی لەنێوان پارتی و یەکیتیدا ئەگەرچی بەهەرشێوەیەک بوو لەلایەن خەڵکییەوە قبووڵ کرا، بەڵام رەنگدانەوەی رووی راستەقینەی هەڵویست و پەیوەندی ئاڵۆز و بەرژەوەندی دژبەیەکی نێوانیان نەبوو.

-بۆشایی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونە دەنگ و رەنگی جیاواز لە پەرلەماندا کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر ئەدا و رۆڵی پەرلەمان هەبوو بە چەشنێک کە بەدرێژایی ماوەی تەمەنی خولی یەکەم کەمترین مشتومڕ لەسەر پرۆژە یاساکان و بڕیارەکان کراوە. بەهەمان شێوە کەمترین رۆڵی بینیوە لەڕووی چاودێری و لێرسینەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

-ئەگەرچی بەدرێژایی ساڵانی شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ئیدارەدا پەرلەمان تا رادەیەکی زۆر ئیفلیج و ناکاریگەر بوو بەڵام هەڵوێستێکی ئەرێنی بۆ هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و ناکۆک کە تۆماربکرێت ئەوەبوو کە هیچ کامیان تانەیان لە شەرعییەتی پەرلەمان نەدا و داوای هەڵوەشاندنەوەیان نەکرد و تەنانەت باس لەوەش نەکرابوو دەزگایەکی تر لەشێوەی هەر ئەنجومەنێکدا بێت لە هیچ یەک لەدوو هەرێمەکە پێکبهێنرێت کە لە ناکاریگەری پەرلەماندا ببێتە سەرچاوەی بڕیار یان دەرکردن و هەرموارکردنی یاسا.

-لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پەرلەمانی خولی یەکەم لە هەندێک وێستگەی گرنگدا بڕیاری مێژوویی داوە و لە چەندین مەسەلەشدا یاسای بەجێی دەرکردووە کە دواتر بوونەتە بنەمایەکی بەهێز بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی لە ئایندەدا. لەسەرووی هەمووشیانەوە جاردانی فیدرالیزم لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ وەک چوارچێوە و بنەمایەک بۆ پەیوەندی هەرێمی کوردستان و بەغدا کە هێڵی جیاکەرەوە بوو لەنێوان قۆناغی خەبات لەپێناوی ئۆتۆنۆمی راستەقینە و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی زیاتری سیاسی و ئیداری. هەروەها دەرکردنی چەندین یاسای نوێ و هەموارکردنی یاساکانی پێشتری عیراق لە هەرێمی کوردستاندا بەو شێوەیەی لەگەڵ پێویستییەکانی قۆناغی نوێدا بگونجێت و وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاری چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بێت، وەک هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی

ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ و یاسای سزاکانی ژماری ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ و چەندین یاسای تر.

بەدڵنیاییەوە دەڵێین کە زۆر کەس لە باسکردنی ئەو رۆژگارەدا رەخنەی ئەوە لە پەرلەمان دەگرن کە نەیتوانی نوێنەرایەتی راستەقینەی گەل بکات و لەئاستی خواست و ئیرادەی دەنگدەرانیدا بێت بەتایبەتی کە هەرێم بە بارودۆخێکی مەترسیداردا تێپەردەبوو، لە لایەکی تریشەوە پشتیوانی و هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان و هەرێمەکەی زۆر لەباربوو بۆئەوەی کورد کار بۆ هەنگاوی گەورەتر بکات بەئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی، بەڵام خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەدا بۆ واقیعی سیاسیی ئەو رۆژگارە پێمان دەڵێت کە زاڵبوونی گوتار و بەرژەوەندی حزبایەتی بەسەر گوتاری نەتەوەیی و بەرژەوەندی گەل و نیشتماندا هۆی سەرەکی ئەو دەرەنجامەبوو. پەرلەمانی کوردستان ببوو بە گۆڕپانێکی تری ناکۆکی و ململانێی سیاسی نێوان هەردوو پارتی شەریک لە دەسەڵاتدا. لە کاتێکدا خەڵکی لەژێر باری ناهەمواری گوزەراندا ئەینالاند، تریبیۆنی حزبیی بازاری شەری ناوخۆییان گەرم دەکرد و بە هەزاران لاوی ئەم هەرێمە لەناچاریدا دەبوونە هێزی چەکداری لایەنە شەڕکەرەکان یاخود بەهەزار دەردەسەری وڵاتیان بەجێدەهێشت.

لە ٣٠ کانونی دووەمی ٢٠٠٥ واتە دوای دوو ساڵ لە رووخانی رژێمی بەعس و لە بارودۆخێکی سیاسی تەواو جیاوازدا، هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی دووەمی پەرلەمان کوردستان کرا. بە پەسەندکردنی دەستووری نوێی عیراق لە ١٥ ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، هەرێمی کوردستان بە فەرمی وەک هەرێمێکی فیدراڵ ناسرا، وەک لە مادەی ١١٧ (بڕگەی یەکەم) دا هاتووە. هەروەها سەرجەم ئەو یاسا و بڕیار و گرێبەستانەی لە ساڵی ١٩٩٢ دوە لە هەرێمی کوردستان دەرکرابوون بە فەرمی ناسران بەمەرجێ پێچەوانەی دەستوور نەبن (بڕوانە مادەی ١٤١ ی دەستووری عیراق). بارودۆخی ناوخۆی هەرێم لەزۆر رووەوە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیبوو. خواستێکی راستەقینە لەلایەن سەرکردایەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە لەئارادابوو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم. لەسەر ئاستی عیراقیش کورد بەشدارییەکی بەرچاو و رۆڵێکی گرنگی دەبینی لە هەموو نێوەندەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەرەوەدا بە ئاراستەیەکی باش و بەخێرایی بەرەوپێش دەچوو.

سەرهەڵدانی لیستی جیاواز لە خولی دووەمی پەرلەمان سەرەتایەکی ئەرێنی بوو بە ئاراستەی پەیدابوونی پەرلەمانێکی زیندوو کە هیوای ئەوەی لێدەکرا بنەماکانی دیموکراسی زیاتر جێگیربکات و لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دەسەڵاتێکی دامەزراوەییدا، بەڵام لەبەر چەندین هۆ ئەوەی چاوەڕوان دەکرا وەک پێویست نەهاتەدی، دیارترینی ئەو هۆیانەش بریتین لە:

-باڵادەستی زۆرینەی رەهای لیستی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) کە بەئاسانی دەیانتوانی هەموو پرۆژە یاسا و بڕیارێک بهێننە پەرلەمان و بێ سڵەمینەوە لە لیستی کەمینە یان ئۆپۆزیسیۆن پەسەندی بکەن.

-بەحوکمی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن هێشتا لە سەرەتای خۆرێکخستندا بوو بۆیە نەیتوانی وەک فراکسیۆنێکی پەرلەمانی بەئەزموون رۆڵی خۆی ببینێت، ئەگەرچی ئەزموونی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان بۆخۆیشی چەندین کەموکورتی هەبوو لەڕووی شارەزایی و پسۆڕی لە بواری یاسادانان و چاودێری و لێپرسینەوەدا.

-سەرقاڵبوونی پەرلەمان بە کێشە سیاسییەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی و کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەتایبەتی. زۆربەی جار شاندی پەرلەمان بۆ ئەو مەبەستە دەچوونە بەغدا یان ئەو پرسانەیان دەهێنایە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە لەکاتێکا دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبوایە راستەوخۆ مامەڵەی لەتەک ئەو پرسانەدا بکردایە و پەرلەمانیش چاودێری و بەدواداچوونی بۆ بکردایە. نموونەیەکی تر لەوبارەیەوە بریتی بوو لە پێکهێنانی چەندین لیژنەی پەرلەمانی کە ئەرکەکانیان زیاتر پەیوەندییان بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە هەبوو، نموونەی لیژنەی مادەی ١٤٠ و ناوچە دابڕاوەکان.

پەرلەمانی هەرێم لە قۆناغی ئێستادا

خولی سێیەمی پەرلەمان کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٥ ی تەمووزی ٢٠٠٧ پێکهێات و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، لە زۆر رووەوە بە خولێکی ئاکتیف و پەرلەمانێکی زیندوو دائەنرێت، هەروەک چۆن ئەو هەڵبژاردنەش بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەرچاوەی لەماوەی چەند ساڵی دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە هاتەکایەوە. گەشەسەندنی ئابووری هەرێمی کوردستان و کرانەوەی بەڕووی جیهانی دەرەوەدا و بڵاوبوونەوەی چەمک و پرینسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەیی و هۆشیاری سیاسی و میدیای ئەهلی، هەموو

ئەمانە زەمینەیەکی لەباریان خۆڵقان بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن وەک هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. یەکەم جار بوو لە ململانێیەکی ئازادی هەڵبژاردندا چەند لیستێکی رکابەری بەهێز و فرەرەنگ بتوانن دەنگدەری کوردستان بەسەر دوو شەقامدا دابەشبکەن و لە ئەنجامیشدا لەکۆی سەد کورسی کێبرکێ سی و پێنج کورسی مسۆگەربکەن (بیست و پێنج بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و دە کورسیش بۆ ئیسلامییەکان لە یەکگرتوو و کۆمەڵ). بە بەراوردێکی سەرەتایی لەنێوان بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی و بەرنامەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا دەردەکەوێت کە لیستی کوردستانی دوو تەوەری سەرەکی لەخۆگرتبوو ئەوانیش چاکسازی لە حکومەت و پرسە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی عیراق، لەکاتێکا پرسی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن بریتی بوو لە گۆڕان و چاکسازی و کەمتر بەلای پرسە نەتەوەییەکاندا چوون.

بە رەچاوکردنی ئەو واقیعە تازەیەی لەدوای سەرهەڵدان وبەشداری ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا هاتەکایەوە، گورتینێکی جیاواز کەوتە پەرلەمانەوە کە زۆرترین گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان فراکسیۆنە جیاوازەکانی لێکەوتووەتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە؛ تا چەند ئەو مشتومڕانە لەدەوری ئەرک و ئیختصاصەکانی پەرلەمانن؟ هەروەها تا چەند پرسە سیاسییەکان کاریگەرییان بەسەر مەسەلە یاساییەکانەوە هەبووە؟. ئاشکرایە کە ئەرکی پەرلەمان لە چوار خاڵی سەرەکیدا کۆدەکرێنەوە کە بریتین لە؛

-دانانی یاسا و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی یاساکان لە چوارچێوەی هەرێمدا، هەروەها کارپێکردنی یاسا فیدراڵییەکان ئەگەر پێچەوانەی یاساکانی هەرێم نەبن و لەدەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیدا نەبن.

-چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لێپرسینەوە لە حکومەتی هەرێم (ئەنجومەنی وەزیران).

-گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان.

-پەسەندکردنی بودجە و پلانە گشتییەکانی پەرەپێدان.

لێرەدا، ئەوەندەی پەیوەندی بە خولی سێیەمەوە هەبێت، پێویست ناکات بچینە ناو بابەتەکانی پەیوەست بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و میکانیزمەکانی یاسادانان

و پرۆسەی چاودێرییەوە. بۆیە هەوڵدەدەین بە دیاریکراوی قسە لەسەر ئەرک و کارەکانی پەرلەمان بکەین لەماوەی زیاتر لە دوو ساڵی رابردوودا لەرووی سیاسی و یاساییەوە.

لەهەر وڵاتێکدا کە کێشە سیاسییەکان لەسەرووی پرسە هەنووکەیی و گرنگەکانەوەبن، زۆر ئاساییە کە پەرلەمانەکەشی زیاتر سەرقاڵی مشتومڕی سیاسی بێت و تەنانەت یاساکانیش بە نەفەسی سیاسی دەربکات و لە روانگەی بەرژەوەندی سیاسی لایەنە ناکۆکەکانەوەگفتوگۆیان لەسەر بکەن. نموونەی پەرلەمانی عیراق کە تا ئێستا چەندین یاسای گرنگ و پێویست بەهۆی ناکۆکی سیاسی فراکسیۆنەکانەوە دەرنەکراون یان بەشێوەیک دەرکراون کە بەدوای خۆیاندا نارەزایەتی و ئاڵۆزیان هێناوە و تەنانەت بەکەموکورتیش دەرچوون، نموونەی یاسای نەوت و غاز و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵ و یاسای دەستەی گشتی چاودێری دابەشکردنی داهاتە فیدراليیەکان کە یان لە پەرلەماندا چەقیان بەستووە یاخود تا ئێستا باسیان لێوەنەکراوە. بەهەمان شێوە لە پەرلەمانی کوردستاندا، زۆرجار لەسەر یاسایەک، کە لەبنەڕەتدا بۆ خزمەتی گشتیی و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بۆچوونی جیاواز لە ڕوانگەی سیاسییەوە یان ڕێگر دەبێت لە دەرکردنی یاخود بە ناتەواوی دەردەچێت و هەندێک جاریش تەنیا بۆ نیشاندانی رووی گەشی هەڕێم لەبەرامبەر دەرەوەدا هەندێک یاسا دەردەچن بەبێئەوەی لەبواری جێبەجێکردندا کاریگەرییان هەبێت. لە هەموو ئەمانەشدا بەرپرسیارێتی بەتەنیا ناکەوێتە ئەستۆی لیستی دەسەڵات یاخود ئۆپۆزیسیۆن بەڵکو بەپلەی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو سیستم و میکانیزمەی پەرلەمانی لەسەر دامەزراوە و کاریان لەسەر دەکات. هەر پەیوەست بەو کێماسییانە جێی خۆیەتی ئاماژە بە نەبوونی چەندین دەزگا و مەجەرعیەتی پێویست بکەین لە هەڕێمدا، لەسەرووی هەموویانەوە هەڵپەساردنی راپرسی گشتی لەسەر دەستووری پەسەنکراوی هەڕێم و نەبوونی دادگای دەستووری یان ئەنجومەنی باڵای سیاسی هەڕێم هاوشێوەی ئەنجومەنی تەناهی نەتەوەیی یاخود ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری نیشتمانی کە بنەما و چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی روون و دیاریکراو بۆ پەرلەمان دیاریدەکەن و لە سەرهەڵدانی کێشەی ناو فراکسیۆنەکان و مشتومڕی سیاسی و یاساییدا دادوەری و ناوبژیوانی بکەن.

یەکێک لەو تەوەرانەی کە ئۆپۆزیسیۆن ماوەیەکە پێداگری لەسەر دەکات بریتییە لە

پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی رەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە، بەزۆرینەی لەسەدا حەفتای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان. ئەم داواکارییە لەڕووی دەستوورییەوە ڕۆشن نییە لەبەر ئەوەی پێشتر پێویستە ئەو ئەو پرسانە ساغبکرێنەوە کە رەهەندی نیشتمانی یان نەتەوەییان هەیە و کۆدەنگییان لەبارەوە هەبێت و لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانیشدا دیاریبکرێن، بەڵام دەکرێت شێوازێکی تری پەیرەوکراو بگیرێتەبەر بۆ پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی جۆرێک لە تایبەتمەندی یان رەهەندێکی گشتییان هەیە و لەهەمان کاتیشدا مایەی مشتومڕن، بەبێ ئەوەی پێویست بە زۆرینەی لەسەدا حەفتا بکات، ئەویش بەوەی کە زرۆینەی رەها (پەنجا + یەک)ی هەریەک لە فراکسیۆنەکان بەدەستبێنێت کە پێی دەوترێت co-current simple majority و لە هەندێک لە پەرلەمانەکانی ئەو وڵاتانەی فرەیی ئیتنی یاخود ناوچەییان هەیە پیادەدەکرێت.

بەڵام ئایا لەلای خۆمان تاچەند ئەو شێوازە سەرکەوتووە؟ بابڵێین ئەگەر پرۆژە یاسایەک لە پەرلەمان بەدەنگی ١٣ پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان و ٤ لە لیستی یەکگرتوو و ٣ لە کۆمەڵ و ٣٠ لە کوردستانی و ٦ ئەندام لە بەشە کۆتای کەمینەکان (بەکۆی ٥٦ دەنگ)ی پەرلەمان پەسەندکرا، ئایا ڕێگری یاسایی لەم حاڵەتەدا چییە؟ بەرای من هیچ ڕێگرییەک نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەو حاڵەتە ئەگەری رووودانی زۆر لاوازە. بەو پێیەی چاوەڕوان ناکرێت ئەو دابەشبوونە لە نێوخۆی لیست و فراکسیۆنەکاندا رووبدات لەکاتێکا هەموویان لەژێر فەرمان و ڕێنمایی حزبەکانیاندان. بۆیە ناکرێت رەخنە لە پەرلەمان بگیردرێت لەکاتێکا سەربەخۆیی پەرلەمان بۆخۆی لەژێر هەژموونی حزبیی و سیاسیدا بێت لەهەردوولای دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە. هەر ئەم راستییەشە کە دەیسەلمێنێت پەرلەمان یاسا و بڕیارەکان لە ژێر کارتێکردن و لەقاڵبی سیاسیدا دەردەکات و مۆرکی سیاسی زیاتر بەسەریاندا زاڵە و تا ئەمڕۆش نە دەسەڵات و نە ئۆپوزیسیۆن بەجیدی نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی چۆن پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی خاوەن سەرەوەری و دەسەڵات دوور لە کارتێکردنی راستەوخۆی پارتە سیاسییەکان و ململانێی نێوانیان کاری خۆی بکات.

یەکێک لەو ئاڵۆزییە یاساییانەی لە ئەنجامی ململانێی سیاسییەوە پەریوەتە ناو دەستووری عیراق بریتییە لە مەرجی پێکهانانی حکومەت لەدوای هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە بەگوێرەی حوکمەکانی مادەی ٧٦ کە هەمان دەق پەریوەتەوە ناو

دەستووری پەسەندکراوی هەڕێمی کوردستان (مادەی ٦٥ بڕگەی چواردەهەم ،١) کە بەگوێرەی ئەو بڕگەیە سەرۆکی هەڕێم پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی زۆرتریت ژمارەی هەیە رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی وەزارەت. ئاشکرایە کە لە زۆربەی سیستمەکانی جیهاندا ئەو لایەنە رکابەرەی لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێت مافی پێکهێنانی وەزارەتی هەیە نەک ئەو مەسەلەیە بۆ دوای سوێندخواردن و هاوپەیمانێتی نێوان فراکسیۆنەکان دوابخرێت. نموونەی ئەو بارودۆخەی لە بەغدا هاتەکایەوە کە تیایدا لیستی العراقیەی زۆرینە کە براوەی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئاداری ٢٠١٠ بوو لە بەرامبەر هاوپەیمانێتی لیستەکانی شیعەدا پاشکشەی پێکرا دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی راڤەی مادەی ٧٦ی بەوشێوەیەکرد کە لە زیانی العراقیە بوو. بەم شێوەیە بردنەوەی بەزۆرینە لە هەڵبژاردندا مسۆگەری گەیشتنە حکومەت ناگەیەنێنیت بەڵکو دەشێت بە هاوپەیمانی چەند لیستی کەمینە فراکسیۆنی زۆرینە پێک پێت و دەسەڵات بگرنەدەست. خەوشێکی تری ئەم شێوازە ئەوەیە، هەرکاتێک هاوپەیمانی دەسەڵاتدار لە ناو پەرلەماندا هەڵوەشایەوە یان جیابوونەوە و دووبەرەکی تیاروویدا و لەبەرامبەر فراکسیۆنی رکابەردا ژمارەی کورسییەکانیان کەمتر بوو، ئەوا دەبێت دەستبەرداری حکومەت بن بۆ لیستی رکابەر واتە چارەنووسی حکومەت هەمیشە لەژێر هەرەشەی ئاڵوگۆڕی تەرازووی هێز و ناجێگیری سیاسی ناو فراکسیۆنەکاندایە.

بابەتێکی تر کە پەیوەندی بە ئەرکی پەرلەمانەوە هەیە بریتییە لە چاودێری و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بەهەمان شێوە، بەهۆی زاڵبوونی عەقڵییەتی حزبایەتی و ئامانجی سیاسی تایبەتەوە وەک پێویست بەڕێوەناچێت. ئاشکرایە کە هەر بانگهێشت ولێپرسینەوەیەک بۆ هەر بەرپرسێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لەسەر داوای ئۆپۆزیسیۆن بێتە پەرلەمان، ئەگەر لیستی زۆرینە هاودەنگ بن لەسەر داکۆکیکردن لێی ئەوا ئازادانە لێی دەردەچێت. بۆ دەربازبوون لەو هاوکێشە لاسەنگە، پێویستە میکانیزمێکی وا دابڕێژرێت کە کەمترین کارتێکردنی لایەنگیری سیاسی لەسەر دانیشتن و گفتوگۆکانی تایبەت بە لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی بەرپرسانی حکومەت هەبێت.

لەبواری دەرکردنی یاساکان و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەیاندا، پەرلەمانی هەڕێم هەمان ئەومیکانیزمانە پەیرەودەکات کە پەرلەمانی عیراق کاریان پێدەکا، بەڵام لێرەدا پرسیار لەسەر میکانیزمەکان نییە بەڵکو لەسەر چەند لایەنێکی تری پەیوەست بەو

بوارەوەیە کە بریتین لە سرووشتی یاساکان و ئامانج لە دەرکردنیان و کاریگەرییان لە بواری جێبەجێکردندا. هەر لەیەکەم سەرنجدانەوە دەردەکەوێت ئەو یاسایانەی لەلایەن فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەهێنرێنە پەرلەمان دوو خەسڵەتی دیاریان هیە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە زیاتر مۆرکی کۆمەڵایەتی و بواری خزمەتگوزارییان هەیە و دووەمیشیان بریتییە لەوەی کە هەندێکیان لەژێر کاریگەری ئەو یاسایانەدان کە لە کۆمەڵگە و وڵاتانی پێشکەوتووی ترەوە دەخوازرێن. ئەو پرۆژە یاسایانەش کە لیستی زۆرینەی پەرلەمان پێشکەشیان دەکات بەشێوەیەکی گشتی لە بواری رێکخستنی دامودەزگاکانی حکومەت و ئیدارە و ئابووریدا پۆلێن دەکرێن.

رایەکی وا لەئارادایە کە پەرلەمانی کوردستان یاساکان بۆ نیشاندانی رووبەکی جوان و پەسەندی هەرێمی کوردستان بۆ جیهانی دەرەوە دەردەکات نەک بەئامانجی جێبەجێکردنیان بەوپێیەی هەندێک لەو یاسایانە مشتومڕێکی زۆریان لەسەر دەکرێت چ لەناو پەرلەمان و چ لە دەرەوەیدا بەڵام دوای پەسەندکردنیان هیچ دەرەنجامێک لە جێبەجێکردنیان ناکەوێتە بەرچاو وەک یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ. ئاشکرایە کە هەر یاسایەک ئەگەر رێنمایی و میکانیزم و هێزی جێبەجێکردنی لەگەڵدا نەبێت بە مردوویی لەدایک دەبێت و لەوەش زیاتر متمانە و باوەری هاونیشتمانیان بە دەسەڵات لەق دەکات. بۆ نموونە یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠ی رێکخستنی خۆپیشاندان و یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ ی بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی و یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٠ ی دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە کە تا ئێستا خەڵکی نازانن ئەو دەستەیە چی بەچی کردووە بۆ ئەو مەبەستەی بۆی پێکهێنراوە تا چەند ئەو ئەرکانەی بەجێ گەیاندووە کە پێی سپێردراوە.

یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەست بە دەرکردنی یاسا بریتییە لە دارشتن لەرووی زمان و دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی لە مانا و تێگەیشتندا لەتەک بەدواداهاتنی مەنتیقی لە رێکخستنی مادە و برگەکان، بەڵام دیارە کێشەکانی زمان و بایەخنەدان بە گرنگی ئەو لایەنە، هەندێک جار گیروگفتی لە تێگەیشتن و جێبەجێکردندا لێدەکەوێتەوە. لەم رووەوە پێم باشە یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ «یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان – عیراق» وەک نموونە بهێنمەوە و چەند سەرنج

و تێبینییەکی لەبارەوە بخەینەڕوو. سەرەتا لە ناوی یاساکەوە دەستپێدەکەین کە زۆر لەنگە و تەنانەت لەو مانایەش دوورکەوتووەتەوە کە مەبەستێتی بۆیە راستترە بنووسرێت «یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان–عیراق» کە بەعەرەبی دەکاتە «قانون مواجهه العنف الاسری فی اقلیم کوردستان–العراق» لەکاتێکا ئەوەی پەرلەمان بەعەرەبی دەبێتە «قانون مواجهه الاسره للعنف فی اقلیم کردستان–العراق». هەروەها ووشەی (توند و تیژی) بەهەڵە نووسراوە لەبەرئەوەی ووشەیەکی لێکدراوە و پێویست بە جیاکردنەوە و لکاندیان بە ناوگری (و)ەوە ناکات و هەرەوەها پێویستی بە (ی) پەیوەندییە بۆیە راستەکەی بریتییە لە (توندوتیژیی). بۆئەوەی زۆرتر نەچینەناو قوڵایی لەنگی و نادروستی لایەنی زمانەوانییەوە لەو یاسایەدا کە بۆخۆی ووتارێکی دوورودرێژی دەوێت، راستەوخۆ دەچینەسەر خاڵە ئاڵۆز و نارۆشنەکانی تری یاساکە:

– بە ڕەچاوکردنی ئەو راستییەی کە یاساکە بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی بەگشتی و خێزان بەتایبەتی لەو مافانە دارێژراوە کە هەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی ئەوروپایی لێیان بەهرەمەندە، بەڵام لە پێناسەی یاساکە بۆ چەمکی خێزان بەوەی تا پلەی چوارەمی پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە هەڵگرتنەوە و پەیوەست بوون دەچنەناو بازنەی خێزانەوە دەگرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو پێناسە تەنیا لە سیستمی خێزانیی خێڵەکیدا بەرقەرارە، ئەی کەواتە چۆن یاسایەکی ئەوروپایی بۆ کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی دەردەرکرێت؟!

–لە ماددەی دووەم (یەکەم)دا، بەژمارە و بەرێز ١٣ کردەوە دیاریکراون کە بە توندوتیژی خێزانیی دەژمێردرێن بەڵام نووسراوە (وەک نموونە)، ئەی کەواتە هەموویان چەندن و چی تر ماوە کە یاساکە نەیتوانیوە حصریان بکات یاخود کێ بریاریان لەبارەوە دەدات و ساغیان دەکاتەوە؟!

–هەر لە هەمان ماددەدا و لە خاڵی ٨ دا هاتووە؛ «ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەرێتی بە نارەزایەتی خۆیان». روون نییە مەبەست لە ووشەی (جێهێشتن) چییە، ئایا (ترک) یان (تنفیژ) ی عەرەبییە یان (هجر)ە؟ ئایا ناچارکردنی کەسێکی خێزانە بۆ وازهێنان لە پیشەکەی وەک فەرمانبەر یان هەر پیشەیەکی تر؟ جێیی خۆیەتی بپرسین ئەگەر دایکێک منداڵەکەی ناچاربکات بەئەنجامدانی

کارێکی ناوماڵ و منداڵەکەش نەخوازێت ئەو فەرمانە بەجێبگەیەنێت، ئایا ئەمەش دەکەوێتەبەر ئەحکامی هەمان بڕگەوە؟!

–لە خاڵی ١٣ ی هەمان ماددەدا کۆمەڵێک رەفتار و کردەوە بەسەریەکەوە ریزکراون کە بە توندوتیژیی ناسراون بەم شێوەیە: «سوکایەتی پێکردن و جنێودان و جنێودان بە کەسوکار و بەکەم سەیرکردنی وئازاردانی و گوشار بۆ هێنانی دەروونی و پێشێل کردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێی کردن»، بەداخەوە کە زمانی کوردی ئاوەها بێ ڕێسا و یاسای لێکراوە دەمەوێ بزانم لەم رستەیەدا چەند بەرکار (مفعول بە) هەیە؟ یاخود بۆچی ووشەی (مافەکانی) ئاخنراوەتە دوای ئەو هەموو تاوانەکانی پێش خۆیەوە؟ ئایا بەس نەبوو بنووسرایە»پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ» کە ئەوسا زۆر شموولی تر دەبوو؟ هەروەها دەپرسین «گوشاربۆ هێنانی دەروونی» چی دەگرێتەوە و کێ ساغی دەکاتەوە چ رەفتارێک دەچێتە خانەی گوشاری دەروونییەوە، دادگا یاخود دەروونناس؟

–لە مادەی سێیەم(شەشەم)دا هاتووە «لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە بەشێکی تایبەت لەناو پۆلیس بکاتەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پۆلیسی ئافرەت پێکهاتبێت و «، ئەم بڕگەیەش سەرەڕای نارۆشنی دەق و ناوەڕۆکەکەی لە رووی زمانەوە، چەندین پرسیاری جیاجیا بەدوای خۆیدا دێنێت کە وەڵامدانەوەیان پێویست بە کەسانی پسپۆر و شارەزا بکات. جارێ بابزانین دەستەواژەی «هەڵس و کەوت لە کێشەکانی توندوتیژی خێزانی بکەن» چ مانایەک دەگەیەنێت؟ هەروەها دەپرسین؛ حیکمەت چییە لەوەی هەموو پۆلیسەکانی ژن بن؟ چۆن ئیختیساسەکانی ئەو بەشە دیاریدەکرێن و چ لایەنێک بەو کارە هەڵدەسێت، وەزارەتی ناوخۆ، داد یان کاروباری کۆمەڵایەتی یاخود لیژنەیەکی وەزاری هاوبەش؟.

لەکۆتاییدا هیواداردارین ئەم باسە توانیبێتی چەند پرسێکی ورووژاندبێت کە مایەی بەدواداچوون و قسەلەسەرکردن بن و دەرگا لەڕووی هەموو ئەو هەوڵە دڵسۆزانە بکاتەوە کە لە ئایندەدا لەسۆنگەی خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتنی ئەزموونی دەسەڵات و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا قسەی خۆیان هەبێت.

تێبینی: بۆ ئەم بابەتە سوودم لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە www.perleman.org

پرسی ئایندەی کورد لە عیراقدا، کۆنفیدراڵی یان دەوڵەتی سەربەخۆ؟

هاوکات لەگەڵ ئەو کەشە ئاڵۆزەی ماوەیەکە پەیوەندی کورد و بەغدای تێکەوتووە، قسەکردن لەسەر پرسی دەوڵەتی کوردی رووبەڕێکی فراوانی لە نێوەندی سیاسی و رۆشنبیریی و میدیای کوردیدا گرتووەتەوە. بۆیە لای زۆربەی چاودێران و روشنبیرانی کورد و بێگانە چەندین پرسیار درووستبووە سەبارەت بەو بارودۆخە نوێیە و پێشهات و ئەگەر و دەرەنجامەکانی، کە لە کۆتاییدا هەموویان لەدەوری یەک تەوەری سەرەکیدا دەخولێنەوە ئەویش بریتییە لە ئایندەی کورد و هەرێمەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا دوای نزیکەی نەوەد ساڵ لە پەیوەندییەکی ناجێگیر. وەڵامدانەوەی کۆی ئەو پرسیارانە پێویست بە خوێندنەوە و شیکارێکی بابەتییانە و زانستییانە دەکات بۆ رەهەندە جیاوازەکانی هاوکێشەی سیاسی و فاکتەر و هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کە پێگە و پەیوەندی گەلی کوردستان و هەرێمەکەی بە بەشەکەی تری عیراقەوە دیاریدەکەن لە ئایندەدا.

تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٨دا تەواوی ئەو جوگرافیایەی بە کوردستان ناسراوە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی فارس و تورکیا دابەشکرابوو،

بەڵام دەرەنجامی سەرکەوتنی بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر بەرەی دەوڵەتانی میحوەردا و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ، باشووری کوردستان کە بە وڵایەتی موسڵ ناسرابوو لە ساڵی١٩٢١دا بە نەخشە و پلانی بەریتانیا بە جوگرافیایەکی سیاسی نوێوە لکێنرا بە ناوی مەملەکەتی عیراق و بەشی ڕۆژئاوای کوردستانیش لە نەخشەی سیاسی وڵاتی شامدا (سووریای ئەمڕۆ) جێگیرکرا. بەدرێژایی نەوەد ساڵی رابردوو، پەیوەندی نێوان ئەم بەشەی کوردستان و دەوڵەتی عیراقی عەرەبی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، کە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە و قوربانی و کارەسات و ماڵوێرانی بەردەوامی لێکەوتوەتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی عیراق بەجێهێشتووە. گەورەترین ئاڵوگۆڕ ئەوەبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕوویدا، دوای ئەوەی دەسەڵاتی حزبی بەعس و دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسێن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا تێکشکان و کۆتایی بە سەردەمێکی دووڕودرێژی ستەمکاری و شۆڤێنی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست هات. بۆیە بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لەم بەشەی کوردستاندا لەبەر چەندین هۆ کە لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیان ناکات، تەنیا لەسەر ئەو خاڵانە دەوستین کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئەم باسەوە هەیە. سەرەتا با لە کۆنگرەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عیراق لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢دا لە لەندەن، دەست پێبکەین، ئەو کاتە چەند دەنگێکی کەم نەبێت سەرجەم هێزە سەرەکییەکانی نەیاری ڕژێمی بەعس لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی ڕێککەوتن کە دەکرێت وەک نەخشەڕێگای ئایندەی سیستمی سیاسی و بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراقی دوای دەسەڵاتی حزبی بەعس لێکبدرێنەوە. لەو کۆنگرەیەدا کورد دەنگێکی لەهەمووان زیاتر بیستراوبوو، بۆیە بەشی هەرە زۆری بۆچوون و تەنانەت مەرجەکانیشی لە بەیاننامەی کۆتاییدا جێگیرکران کە سەرەکیترینیان بریتی بوون لە داننان بە دەسەڵاتی فیدرالی هەرێمی کوردستان وچارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، کە دواتر لە مادەی ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی پەیوەندیداردا ڕێوشوێنی چارەسەرکردنیان دیاریکرا. بڕیاری کورد بۆ

قۆناغی دوای ڕژێمی بەعس بریتی بوو لە مانەوە لە چوارچێوەی عیراقێکی فیدراڵ لەسایەی سیستمێکی سیاسیدا کەلەسەر بنەماکانی دیموکراسی و فرەیی و پەرلەمانی دامەزرابێت.

ئەمڕۆ دوای هەشت ساڵ لە ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری حزبی بەعس، جێی خۆیەتی پرسیار لەبارەی پێگە و سەنگی کورد لە هاوکێشەی سیاسی عیراق و ئایندەی هەرێمەکەی و چارەنووسی پەیوەندی لەگەڵ بەغداد بکەین و لەو ڕووەوە دیدوبۆچوون ئاڵوگۆڕ بکەین. سەرەتا پێویستە خوێندنەوەیەکی شیکاری کورت بۆ چەند وێستگە و لایەنێکی نەخشەی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق و ناوچەکە بکەین لەڕووی پەیوەندییان بە کورد و هەرێمەکەیەوە. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی دەستوور وەک هەرێمێکی فیدرال ناسراوە بەڵام تا ئێستا سیستمی فیدراڵی لە عیراقدا نەک بەرقەرار نییە بەڵکو لە چەندین ڕووەوە ولەبەر چەندین هۆ، خودی دەستوور و سیستمی سیاسی وڵات لەبەردەم چەندین ئەگەردایە لەوانەش پێداچوونەوەی دەستوور بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندی بێت. بەو پێیەی عەقڵییەتی ناوەندگەرایی لای زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عیراق ئامادەییەکی بەهێزی هەیە بۆیە کە باس لە بە هەرێمکردنی هەر پارێزگایەک دەکرێت زۆرترین ڕەخنە و دژایەتی ڕووبەڕوو دەبێتەوە تەنانەت لەلایەن ئەو هێزە سیاسییانەی کە لەنێوان خۆیاندا لە چەندین ڕووەوە ناکۆکن. بۆیە سەیر نییە کە تا ئێستا بێجگە لە ڕاگەیاندنی کوردی کەسی تر لەم وڵاتەدا زاراوەی «عیراقی فیدرال» بەکارناهێنێت.

خاڵێکی تر کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە بریتییە لە سیستمی بەڕێوەبردن و کارگێری لەو وڵاتەدا. ئەم سیستمە کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق، واتە لە ساڵی ١٩٢١ دەوە لەسەر بنەمای دەوڵەتی مەرکەزی دامەزراوە و تا ئێستاش بەهەمان میکانیزمەکانی بیرۆکراسی ئیداری کاردەکات و ناتوانێت لەگەڵ سیستمی فیدراڵیدا خۆی بگونجێنێت. تا ئێستاش وەزارەتەکان و کەسی وەزیر بەهەمان هەیبەت و دەسەڵاتی ڕۆژگاری ناوەندێتی کاردەکەن و تەنانەت لای هاوڵاتیش هەمان وێنا ئامادەیە نەک تەنیا بۆ وەزیر بەڵکو بەرامبەر فەرمانبەرێکی ئاسایی کە ڕۆژانە پێویستە کاری خەڵکی ڕایی بکات ئەو ڕاستییە هەست پێدەکرێت. کەواتە ڕاستترە بڵێین؛ هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی فیدراڵە لەناو دەوڵەتێکدا کە هێشتا سیستمی

حوکمرانی تیایدا ناجێگیرە. راستییەکی تر ئەوەیە کە فیدرالی هەرێمی کوردستان بەری سیستمی سیاسی دوای رژێمی سەدام نییە بەڵکو ئەو هەرێمە لەلایەن ئیرادەی گەلەکەیەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لە پەرلەمان بریاری فیدراڵیزمی داوە وەک شێوەیەک بۆ دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی بەغداد. لەم بارەیەوە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە فیدراڵیزم ئەگەر بە راستی لە عیراقدا بچەسپێت، ئەوا لەبارترین چوارچێوەی پێکەوژیانی کورد و سەرجەم پێکهاتەکانی تری وڵاتە لەم قۆناغەدا، بەڵام ئەگەر ئەو سیستمە بژارەی زۆرینەی خەڵکی عیراق نەبوو ئەوا کورد بەتەنیا نە پارێزگاری لە دەستووری عیراق پێدەکرێت و نە دەبێتە پارێزەری سیستمێک کە زۆرینە لەگەڵیدا نەبن. لەکەس شاراوە نییە، چەندین لایەنی سیاسی، بەتایبەتی ئەوانەی بە نەخێر دەنگیان بە دەستوور داوە، لەژێر پاساوی داکۆکی کردن لە یەکپارچەیی خاک و گەلی عیراق و بەتەنگەوەهاتنی سەروەری وڵات بەئاشکرا دژایەتی فیدراڵیزم دەکەن و بە فاکتەری دابەشبوونی عیراقی دەزانن.

خاڵێکی تر لە هاوکێشەی لاسەنگی سیاسی لەم وڵاتەدا بریتییە لە جیاوازی دیدوبۆچوون و هەڵوێست لە ئاست چەندین پرسی گرنگی وەک دیموکراسی و ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵ و مافەکانی مرۆڤ وەک ئەوەی لە دەستووری عیراقدا باسیان لێوەکراوە. ئایا ئەو هێزانەی دوای دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعس و دیکتاتۆری سەدام جڵەوی دەسەڵاتیان لە عیراقدا گرتەدەست، تا چەند سەرکەوتووبوون لە جێگرتنەوەی بە سیستمێکی دیموکراسی و تا چەند کۆمەڵگەیان بەرەو ئاقاری ئارامی و خۆشگوزەرانی و رێزگرتن لە ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ برد؟ ئەوەی رووبدا سەرکەوتنی هێزە ئسلامییەکان و سەرهەڵدانی توندرەوی مەزهەبی و رەگەزپەرستی بوو، دابەشبوونێکی ترسناکی کۆمەڵگەبوو لەسەر ناسنامەی مەزهەب و نەتەوە و ناوچە، لەناو پاشەکشەیەکی بەرچاوی هێزە سێکولارەکان و قەیرانی قووڵی چەپدا.

لە گەڵ قووڵبوونەوەی ناکۆکیی سیاسی هێزە رکابەرەکان لە بەغدا و شەری خوێناوی مەزهەبیی لە چەندین ناوچەی عیراق بەتایبەتی لە ساڵانی ٢٠٠٦ و٢٠٠٧، کورد هێشتا وەک شەریکی دەسەڵات و پابەند بە سەرخستنی پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق، لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان لەرێگەی دایەلۆگ و پاراستنی دەسکەوتەکانی قۆناغی دوای رژێمی بەعس بوو. ئەڵبەت وەزعی هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری عیراق، ئارام و سەقامگیر بوو هەروەک

چۆن لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە روو لە گەشەکردن بوو. بۆ هەر چاودێرێکی نێوخۆیی و بیانی راستییەکی ئاشکرا هەبوو کە بریتی بوو لە دوو واقیعی سیاسی جیاواز لەیەک وڵاتدا، هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عیراق، کە لەزۆر رووەوە جیاوازبوون بەتایبەتی لە بواری پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراسی و میدیای ئازاد و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەدا، بەڵام لە سەر ئاستی سیاسەتی نیشتمانی و دەسەڵات هەردوولا لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی دەستووریی لەرزۆکدا کاری هاوبەشیان دەکرد.

مەسەلەیکی گرنگی دیکە، کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە کە ماوەی هەشت ساڵە بێچارەسەر ماونەتەوە، سەرەکیترینیان بریتییە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ کە راستەوخۆ پەیوەندی بە دیاریکردن و ساغکردنەوەی کۆتایی سنووری هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

یەکێک لەو دەرەنجامانەی لە خوێندنەوەمان بۆ پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا پێیدەگەین ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ نە دەستوور و نە رێککەوتن و نە پرۆتۆکۆلی سیاسی نەیانتوانیوە ئەو بنەما و چوارچێوە پتەو و جێ بڕوا و متمانەیە دەستەبەربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاسۆکانی ئایندەیەکی گەش بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بهێننەدی. کەس نکۆڵی لەوە نییە، عیراقێکی دیموکراتیک کە پارێزگاری لە بەهاکانی سێکیولاریزم و مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانی بوون بکات باشترین گەرەنتییە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و چەسپاندنی دادپەروەری راستەقینە کە گەلی کوردیش تیایدا لە مافەکانی بەهرەمەند بێت.

لە بەدواداچوون و شرۆڤەکردنی بارودۆخی قەیراناوی عیراق و بەبنبەست گەیشتنی هەوڵەکان بۆ رێککەوتن و سازانی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەدوای نیسانی ٢٠٠٣وە، نارۆشنی ئایندەی ئەم وڵاتەی لای زۆر لە چاودێران و تەنانەت بەرپرسانی سیاسی ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە بە پرسیار و تەنانەت هەندێکیان پێشنیاز و پرۆژەیان لەو بارەیەوە خستووەتەڕوو. لە ساڵی ٢٠٠٧ سیناتۆری دیموکراتی ئەمەریکی جۆزێف بایدن پێشنیاری دابەشکردنی عیراقی بۆ سێ هەرێمی فیدرال (کورد و شیعە و سوننە) کرد بەڵام لە و هەلومەرجە سیاسییە ناوخۆییی و هەرێمایەتییەدا ئەو بانگەوازە کەوتەبەر رەخنەی توندی زۆربەی لایەنە عیراقییەکان و تەنانەت

دەرەوەی عیراقیش. تەنیا لایەن کە ئەو پێشنازەی رەتنەکردەوە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بوو کە ئێستاشی لەگەڵ بێت سەرسەختترین داکۆکیکەرە لە سیستمی فیدراڵی لەم وڵاتەدا.

گەڕانەوەی عیراق بۆ رژێمی دیکتاتۆریی و دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز ئەگەرێکی زۆر لاوازە. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە باهۆزی گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا هەڵیکردوە یەک لەدوای یەک رژێمە تۆتالیتار و دەسەڵاتە تەقلیدییەکان دەڕووخێنێت و پێشبینییکردنی ئایندەی سیستمی سیاسی و چارەنووسی گەلانی ناوچەکە کارێکی ئاسان نییە. بۆیە زۆربەی بۆچوون و خوێندنەوەکان بۆ ئایندەی عیراق لە دوو ئەگەردا کۆدەکرێنەوە؛ یان گەیشتن بە رێککەوتن و سازانێکی نیشتمانی لە نێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکییەکانی گەلی عیراق دەکەن، یاخود دابەشبوونی ئەم وڵاتە بۆ چەند هەرێمێکی جیاواز کە دواتر سرووشتی پەیوەندییەکانی نێوانیان و میکانیزمەکانی کارکردنیان و دەسەڵاتەکانیان دەردەکەون.

بانگەوازکەرانی ناوەندێتی بەهێز، دوای هەشت ساڵ لە رووخانی رژێمی بەعس، ئەمڕۆ زیاتر لەدەوری دابینکردن و چەسپاندنی بەرژەوەندی مەزهەب و ناوچە و مەرجەعییەتی سیاسی خۆیان کۆبونەتەوە. ئەوەی لایەنە شیعەکان دەیانویست لەرێگەی زۆرینەی دانیشتوانەوە پاوانی دەسەڵات بکەن لە بەغدا هەرزوو رووبەرووی دژایەتی سوننە بوونەوە و ناکۆکی و توندوتیژی مەزهەبی بەدوای خۆیدا هێنا. لەلایەکی تریشەوە دەرکەوتنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی لایەنە شیعە جیاجیاکان لەسەر بنەمای جیاوازی مەرجەعییەت و ئاجێندای سیاسی، بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئاداری ٢٠١٠دا، بەرنامە و خولیای پاوانی بێرکابەری دەسەڵاتی لای شیعەکان دوورخستەوە و هەندێک پارێزگای شیعەنشین بانگەوازی فیدراڵییان کرد وەک پارێزگای بەسرە کە بەفەرمی لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەو داوایەی پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد.

هەرچی بەرەی سوننەی عەرەبە، کە زۆرترین هێز و لایەنە توندڕەوە مەزهەبی و ناسیۆنالیستەکانی گرتوەتەخۆ، بەهەمان شێوە دوای بێئومێد بوون لە بانگەوازی ناوەندێتی بەهێز لەژێر درووشمی یەکپارچەیی خاک و گەلی عیراق و دوای قبووڵکردنی ئەو راستییەی کە لەسەر بنەمای هاوکێشە و پارسەنگی مەزهەبی

جارێکی تر سوننە ناتوانن لەسەر ترۆپکی دەسەڵات بن وەک ئەوەی لەماوەی هەشتا ساڵ لە مێژووی نوێی عیراق پیادەیان دەکرد، ئێستا لێرەولەوێ باس لە پرۆژەی بەهەرێمکردنی هەندێک پارێزگای سەر بە خۆیان دەکەن وەک سەلاحەدین و دیالە. تازەترین بانگەوازیش لەوبارەیەوە لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئوسامە نوجەیفی سەرۆکی پەرلەمان بوو لەبارەی پەراوێزخستنی سوننە و پێشنیازکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ عەرەبی سوننە.

دابەشبوونی عیراق بۆ چەند هەرێمێکی فیدرال ئەگەر لەسەر بنەمای دەستووری نەبێت ئەوا هیچ لە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان ناگۆڕێت و کێشەکانی لە عیراقدا چارەسەرناکات، بەو مانایەی راگەیاندنی هەر هەرێمێک پێویستە بەشێک بێت لە پرۆسەی بە فیدراڵی کردنی سیستمی سیاسی وحوکمرانی لە وڵاتدا و بەدوای ئەویشدا هەموو ئەو ماده و برگە دەستوورییانە کارا بکرێن کە پێویستن بۆ بەرقەرارکردن و تۆکمەکردنی وەک مادەی ٦٥ کە باس لە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی یاسادانان دەکات بەناوی «ئەنجومەنی فیدرالی». بە پێچەوانەوە ئەگەر راگەیاندنی هەرێمی فیدراڵ لەسەر بنەمای کاردانەوە و نارەزایەتی بێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەند یان هەرێمێکی تر، ئەوا عیراق بەرەو چەندین کانتۆنی ناتەبا لەگەڵ ناوەند و لەگەڵ یەکتردا دەبات. بەو پێیەش کە هەرێمی کوردستان سنوورێکی دوورودرێژی لەگەڵ ناوچە عەرەبییە سوننە مەزهەبەکاندا هەیە، لە هەلومەرجێکی وەهادا کێشەکانی لەیەک کاتدا رەهەندێکی هەرێمی ناوخۆیی لەگەڵ دراوسێکانی و رەهەندێکی نیشتمانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند لە بەغدا دەبێت .

لە هەلومەرجێکی وەهادا کە ئایندەی عیراق و سیستمە سیاسییەکەی لەبەردەم چەند ئەگەرێکدایە کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بوونی کورد لەم وڵاتە و هەرێمی کوردستان بە دیاریکراوی هەیە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرنامە و پلانی ستراتیژی هەبێت و خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات. کە دەڵێین سەرکردایەتی سیاسی مەبەست مەرجعییەتی بریاری سیاسی نیشتمانیی و نەتەوەییە لە هەرێمی کوردستاندا کە پەرلەمانی کوردستان ئەو شەرعییەتەی پێدەبرێت لەم رووەوە. پرسیار لەبارەی ئایندەی عیراق لەگەڵ قووڵبونەوەی قەیرانی سیاسی و پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ٢٠١١دا دەمانخاتە بەردەم

چەند ئەگەرێک کە بەرای زۆربەی چاودێران و نێوەندەکانی توێژینەوەی سیاسیی دەرەنجامی مەنتیقی رووداو و پێشهاتەکانی ئەمڕۆن ئەوانەش بریتین لە؛

- شکستخواردنی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتدا و گەڕانەوە بۆ بازنەی ململانێ و توندوتیژی مەزهەبی و سیاسی و ناوچەیی کە مەترسی جیددی شەری ناخۆ و دەستێوەردانی دەرەکی لێدەکرێت. لە حاڵەتێکی ئاوەهادا هەرێمی کوردستان ناتوانێت لە ئاگری شەری لایەنەکان بەدووربێت، بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری ناوچەدابڕاوەکان دەبنە ئامانجی هێزە نەیارەکانی کورد، لەوانەش شاری کەرکوک کە وەک چەقی ململانێی نەتەوەیی و سیاسی رەنگە زۆرترین مەترسی لەسەربێت. پێشبینیکردنی کۆتایی شەری ناوخۆ کارێکی گرانە، بۆ نموونە شەری ناوخۆی لوبنان لە ساڵی ١٩٧٥ دەستیپێکرد بەڵام لە ١٩٩٠ کۆتایی پێهات بەبێ ئەوەی نەخشەی سیاسیی ئەو وڵاتە بگۆڕێت لەکاتێکا شەری نێوان باشوور و باکووری سودان ساڵی ١٩٦٦ دەستی پێکرد و لەساڵی ٢٠١١ بە جیابوونەوەی باشوور و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ کۆتایی پێهات بەڵام شەری ناوخۆی سودان لەچەندین بەرەی ترەوە بەردەوامە. بۆیە سەرهەڵدانی شەری ناوخۆ خراپترین ئەگەر و پێشهاتە کە روو لە وڵات بکات بەڵام لە بارودۆخی عێراقدا کە ماکی دووبەرەکی مەزهەبی لەئارادایە و لاوازی دسەڵاتی ناوەند و دەستێوەردانی دەرەکی زەمینەی لەبارن بۆ خزانی وڵات بەرەو هەڵدێر، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرنامەی بۆ مامەڵەکردن لەتەک ئەو ئەگەرەدا هەبێت و خۆی بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو مەترسییانە ئامادەبکات کە روو لە هەرێمی کوردستان و گەلەکەی دەکەن .

-بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە بەرجەستەکردنی سیستمی فیدرالی لەم وڵاتەدا پێناچێت لەو چوارچێوە دەستوورییەدا بێت کە پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵـەتی پێدیاریکراوە، بۆیە دابەشبوونی عیراق بۆ چەند هەرێمێک لەسەر بنەمای مەزهەبی و ئیتنیکی، وەک کاردانەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەند و هەوڵی دەربازبوون لە قەیران، لەلایەن چەند پارێزگا و ناوچەی جیاجیاوە ئەگەرێکی بەهێزە. لەم حاڵەتەدا کە حکومەتی ناوەند وەک دەسەڵاتێکی بێهێز لە بەرامبەر هەرێمەکان دەردەکەوێت و هەرێمەکانیش لەناوخۆیاندا لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و نەخوازراودا دەبن، ئەگەری ململانێ و بەریەک کەوتن بەهێزدەبێت و هەرێمی

کوردستان بەناچاری دەکەوێتەناو بازنەی ململانێوە و کێشە هەڵپەسێراوەکانی لەگەڵ ناوەند و هەرێمەکانی دراوسێی، کە عەربی سوننەن، ئاڵۆزتر دەبن.

-ئەگەرێکی تر، کە هەندێک جار ئاماژەکانی لێرەولەوێ دەردەکەون، بریتییە لە بەبنبەست گەیشتنی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و درووستبوونی قەناعەتێک بە بێهوودەیی لە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان. دەرەنجامەکانی گەیشتن بە هەلومەرجێکی ئاوەها دەشێت بەدوو ئاراستەی جیاواز بەڵام هاوئامانج بێت، واتە یان پەیدابوونی هەڵوێست و گوتاری سیاسی لای زۆرینەی پێکهاتەی عەرەبی عیراق بە دەستبەرداربوون لە هاوبەشی کورد لە دەسەڵاتی عیراق و پاڵنانی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی جیابوونەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یاخود کورد خۆی بەو قەناعەتە بگات کە مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا جگە لە هەنگاونان لە قەیرانەوە بەرەو نائومێدی چی تری لێ سەوزنابێت پێویستە بەجیددی بیر لە جیابوونەوە بکرێتەوە و هەرێمی کوردستان بریاری چارەنوسسازی خۆی بدات.

لێرەوە ئەو پرسیارە بە جیددی دێتەپێشەوە؛ پێویستە کورد لە دوای قۆناغی فیدراڵی هەنگاو بەرەو چی بنێت؟ بەرلەوەی بەدوای وەڵامەکانی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین جێی خۆیەتی ئەو راستییە وەبیر بهێنینەوە کە فیدراڵی هەرێمی کوردستان بەرهەم و دەرەنجامی ئەو سیستمە سیاسیەی عیراقی دوای سەدام نییە، بەڵکو خواستی گەلی کوردستان بووە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە پەرلەمان بریاری لەسەردراوە و فیدراڵیزمیش مەرجی بەشداریکردنی کورد بووە لە دەوڵەتی عیراقی دوای دیکتاتۆری. هەروەک چۆن ئەو بریارەی پەرلەمانی کوردستان بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ دادەنرێت لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان بەهەمان شێوە مافێکی سرووشتیی هەر گەلێکە بەپێی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی گشتی و پێشکەوتن و پێدوایستی قۆناغ بریار لەسەر رێکخستنی شێوازی ژیانی سیاسی و ئایندەی خۆی بدات. لە سۆنگەی ئەم راستییانەوە وەڵامەکانی پرسیارەکەی پێشوو لە دوو بژاردا (خیارات) کۆبنەوە؛ رێکخستنەوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و بەشەکەی تری عیراق لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی، واتە یەکگرتنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ، یاخود جیابوونەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەگەرچی بژاردەی دووەمیان، واتە دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەمڕۆ زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت و تا ئێستا کەس بە راشکاوی باسی لە بیرۆکەی

کۆنفیدراڵی نەکردووە کە وەک پرۆژەیەک بخرێتە بەردەم حکومەتی ناوەندی عیراق، بەڵام بەڕای من دەکرێت هەردوو بژارەکە بەهەند وەربگیرێن و بەوردی قسەیان لەبارەوە بکرێت و لێکۆڵینەوە لە هەموو ڕەهەند و ئەگەرەکانیان بکرێت.

سەبارەت بە بیرۆکەی کارکردن بەئاراستەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، زیاتر لە نێوەندی ڕۆشنبیریی و میدیادا قسەی لەسەر کراوە لەکاتێکا لەسەر ئاستی نێوەندی سیاسی و فەرمی هەرێمی کوردستان کەمترین تیشکی خراوەتەسەر.

لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا سەرۆک بارزانی بەئاشکرا باسی لە مافی گەلی کورد کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و بەدوای ئەویشدا ڕاگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوە لێکدانەوە و بۆچوونی جیاجیان بۆ ئەو هەڵوێستە کرد، بەڵام ئایا تا چەند ئەو بیرۆکەیە خراوەتە چوارچێوەی بایەخپێدانی گشتییەوە وەک پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی؟ ئایا کاتی ئەو هاتووە ئەو بیرۆکەیە وەک پرۆژەیەکی سیاسی بخرێتەبەرباس؟ ئایا کۆدەنگییەکی سیاسی لەسەر ئەو بژارەیە وەک پێویستییەک هاتووەتە پێش؟ لە کاتێکا ئەم پرسیارانە تا ئەمڕۆ لە چاوەڕوانی وەڵام و هاودەنگیدان، وەزعی کورد و هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشەی ئاڵۆز و ناجێگیری سیاسی عیراق و ناوچەکەدا لەبەرامبەر ئایندەیەکی نارۆشندایە و لەناوخۆی هەرێمیشدا کێشە سیاسییەکان هێشتا یەکلاییینەکراونەتەوە وچەندین کۆسپی گەورە لەبەردەم پرۆسەی بنیاتنان و گەشەپێدانی دامەزراوە سیاسییەکان و ژێرخانی ئابووری هەرێمدایە.

گرنگترینی ئەو پرسیارانەی پەیوەست بە بیرۆکەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتەوە قسەیان لەسەر دەرکرێت بریتین لە، درووستبوونی ئیرادەی گشتی و فەرمی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت ، هەلومەرج و کاتی گونجاو بۆ بریاردان، حیسابکردن بۆ کاردانەوەی نەرێنی وڵاتانی دراوسێ، بەدەستهێنانی پشتگیری و دانپیانانی نێودەوڵەتی، مەرجەکانی بەردەوامبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆسپ و تەگەرەکانی ناوخۆ و دەرەوە. هەموو ئەمانە پرسیاری لۆژیکی و درووستن، بەڵام بابزانین لە بارودۆخی ئێستای عیراق و پێشبینییەکان بۆ ئایندە بەتایبەتی دوای ڕۆیشتنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکان بریاری ڕاست و بژارەی گونجاو بۆ گەلی کورد و هەرێمی کوردستان چییە؟ بەڕای من هەر بریارێکی یەکلایەنە لەلایەن سەرکردایەتی کوردستانەوە بۆ جیابوونەوە لە عیراق و ڕاگەیاندنی

دەوڵەتی سەربەخۆ بەبێ گفتوگۆی جیددی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و هێزە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق و ناوچەکە، بەمەبەستی ساغکردنەوەی سەرجەم کێشە هەڵپەسێراوەکان و گەیشتن بە رادەی کەمی لێکتێگەیشتنی هاوبەش، دەچێتە چوارچێوەی هەنگاوی حیساب بۆنەکراو و سەرکێشییەوە. بەهەمان شێوە پێویستە راشکاوانە قسە لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان بکرێت و سەرجەم مەسەلەکانی پەیوەست بە بریارێکی وا گرنگ و چارەنووسساز لە هەموو رووەیەکەوە تاوتوێبکرێن بەتایبەتی بوارەکانی ئاسایش و ئابووری و دانپیانانی نێودەوڵەتی.

لەئەگەری دابەشبوونی عیراق بۆ سێ هەرێم وەیا سێ دەوڵەتی سەربەخۆ، کوردستان دەبێتە هاوسنووری دەوڵەتێکی عەرەبی سوننە کە بە ژمارەی دانیشتوان و رووبەر و ئابووری و تەنانەت قوڵایی ستراتیژیش لەخۆی گەورەترە، بۆیە پێویستە کێشەی سنوور، کە سەرەکیترین کێشەی هەرێمی کوردستانە لە ئەمرۆ و ئایندەدا، بەر لە بریاری جیابوونەوە چارەسەربکرێت دەنا پەیوەندی نێوان کوردستان و ئەو دەوڵەتە عەربییە هەمیشە لە ئاڵۆزی و مەترسیدا دەمێنێتەوە. مەسەلەیەکی تریش بریتییە لە وەزعییەتی ئەو کوردانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری کوردستانەوە وەک بەغدا و شاری مووسڵ و پارێزگای واسیت کە ناوچەکانیان بەشێک نابن لە هەرێمی کوردستان. هەرچەند تا ئێستا ئامارێکی درووست لەبەردەستدا نییە بۆ ژمارەی ئەو کوردانە، بەڵام بە زیاتر لە یەک ملیۆن مەزەندە دەکرێن کە ئەمەش لەرووی یاسایی و سیاسییەوە دەبێتە سەرچاوەی کێشە لەنێواندا. دەتوانین بڵێین، بریاری جیابونەوە و راگەیاندنی دەوڵەت ئاسانترین هەنگاوە لەم رووەوە. ئەرکی قورس و بەشی هەرە گرنگ و پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بیناتنانی دەوڵەت و پاراستن و بەردەوامبوونی دەکەوێتە دوای بریاری جیابونەوەوە.

لە ئەگەری مانەوە و بەردەوامبوونی دەوڵەتی عیراق وەک ئەوەی ئێستا هەیە بەبێ سەرهەڵدانی حاڵەتی لێکترازان و دابەشبوون، بەڵام بەهەمان بارودۆخی سیاسی ناجێگیر و بەردەوامبوونی قەیرانەکان، مافێکی سرووشتی و ئەگەرێکی ئاسایی دەبێت بۆ گەلی کورد کە بەجیددی بیر لە دارشتنەوەی پێگە و پەیوەندی خۆی بکاتەوە لەگەڵ دەوڵەتی عیراق و بریار لەبارەی ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە بدات. لە هەلومەرجێکی وەهادا یەکێک لە بژارەکان کە بەرای من لە زۆر رووەوە بریارێکی واقیعبینانە و لە بەرژەوەندی ستراتیژی دوورمەودای گەلی کورد دەبێت

بریتییە لە پێشنیازکردنی کۆنفیدراڵیزم بۆ دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان کورد و گەلانی تری عیراق کە لەسەر بنەمای یەکێتی ئارەزوومەندانە پێکدێت. کە دەڵێین پێشنیازکردن واتە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عیراق بە مەبەستی وەرگرتنی هەڵوێست و رەزامەندی ئەوان لەسەر بیرۆکەکە. لە حاڵەتی رەتکردنەوەیدا، ئەوسا مافی کورد دەبێت تاک لایەنە بڕیاربدات لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا یاخود جیابوونەوە لە عیراق.

کۆنفیدراڵیزم لە پێناسە گشتییەکەیدا بریتییە لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری یاخود زیاتر، لەناو یەک سیستمی سیاسی و ئابووری و بەرگریدا بەبێ توانەوە لەبۆتەی یەک دەوڵەتدا. ئەگەرچی نموونەی ئەم جۆرە سیستمە لە جیهانی ئەمڕۆدا کەم بووەتەوە و لەجیاتی ئەوە هاوپەیمانێتی و یەکێتی و ئەنجومەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان شوێنی گرتووەتەوە، نموونەی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی وەزعی هەرێمی کوردستان لە عیراقدا و هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە، بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەتەک ئاڵوگۆڕێکی وەک بڕیاری سەربەخۆیی دێتەپێشەوە. پێشنیازی کۆنفیدراڵیزم لەچەندین رووە پێشبینی ئەرێنی لێ بەدیدەکرێت و وەک هەنگاوێکی پێشکەوتوو دەخوێنرێتەوە کە دەتوانین گرنگترین دەرهاویشتە و لایەنە باشەکانی لەم چەند خاڵە سەرەکییەدا کۆبکەینەوە:

- کەمکردنەوەی رادەی کاردانەوەی توند و نەخوازراوی وڵاتانی دەوروبەر، بەتایبەتی تورکیا و ئێران لەبەرامبەر ئەو واقیعە نوێیە، بەوپێیەی دەوڵەتی کوردستان بەشێک دەبێت لە سیستمێکی کۆنفیدراڵی کە عیراقی عەرەبیش دەگرێتەوە و هەردوولا لە مەسەلەکانی پەیوەست بە سەروەریی وڵاتەوە پابەندبوونی هاوبەشیان دەبێت. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش سەروەری وڵاتانی کۆنفیدراڵی بەپێی یاسا و پەیماننامە جیهانییەکان رێزی لێدەگیرێت و رێگە بە پێشلێکردن و دەستدرێژی کردنەسەریان نادرێت.

-هەرێمی کوردستان بە مانەوە لەگەڵ عیراق لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی سیستمی کۆنفیدراڵیدا، پێویستی بە چەند ساڵێک دەبێت بۆ بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری تۆکمە و گەشەپێدانی تواناکانی دەوڵەت لە بوارە جیاجیاکانی وەک بەرێوەبردن و ئاسایشی نیشتمانی و بەرگری و پەیوەندی

دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی. هەموو ئەو هەنگاو و پرۆسانە پێویستن بۆ قوناغی دوای کۆنفیدراڵی واتە پاش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان کە تیایدا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

–لە ماوەی نزیکەی سەدەیەک لە پێکەوەژیان لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عیراقدا، گەلی کورد هەڕێمەکەی بە قۆناغی جیاجیا لە بەشداری لە دەسەڵات و ناتەبایی و چەندین ئەزموونی تاڵ و سەختدا تێپەربوون کە دیارترینیان قۆناغی شەراکەتی نیشتمانی دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی بەعسە لە بەهاری ٢٠٠٣دا، بەڵام هێشتا چەندین مەسەلەی گرنگی جێناکۆکی لەبەیندا ماون، بۆیە ئاسان نییە لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا سەرجەم کێشە و گیروگرفتەکان چارەسەربکرێن. دەکرێت بەشێک لەو کێشانە لە قۆناغی یەکێتی کۆنفیدراڵیدا بەگوێرەی ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلی سیاسی هاوبەش کاتی زیاتریان پێبدرێت بۆ ساغکردنەوەیان.

–لەنێوان هەردوو دەوڵەتی کۆنفیدراڵدا چەند بابەتێکی گرنگ هەن کە بۆ هەردوولا جێی بایەخ وبەرژەوەندی نیشتمانین و ڕەهەندی ستراتیژییان هەیە، بۆیە پێویست دەکات لەماوەی بەردەوامبوونی یەکێتی هەدوولادا بنەما و میکانیزمەکان بۆ بەکاربردن و سوودی هاوبەش ڕێککەوتنیان لەبارەوە بکرێت بەو هیوایەی لە ئایندەشدا بەردەوام بێت. ئەو بابەتانەش بریتین لە دەروازەی دەریایی عیراق، سەرچاوەکانی ئاوی ناوسنوور و دەرەوەی سنووری نێودەوڵەتی، هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز، ڕێکخستنی گواستنەوەی ووشکایی و ئاسمانی.

لەکۆتاییدا دەڵێین؛ مەبەستی سەرەکی لەم کورتە باسەدا ئەوە نییە بیسەلمێنین کۆنفیدراڵی باشترین بژاردەیە کە مەرجەعییەتی بڕیاری سیاسی کوردستان پەسەندی بکات بۆ دیاریکردنی ئایندەی گەل و هەڕێمەکەی، بەڵکو مەبەست کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و خستنەڕووی بۆچوون و ڕای جیاوازە لەسەر مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە چارەنووسی هەموومانەوە هەیە و درەنگ یا زوو دەبێت خۆمانی بۆ ئامادەبکەین، ئەویش چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستانە لە پەیوەندی بە دەوڵەتی عیراقەوە لە هاتنەپێشی ئەو ئەگەرانەی لە لاپەڕەکانی پێشوتردا قسەمان لەبارەوەکردن.

سەرچاوەکان:

-دۆکیومێنتە بڵاوکراوەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لە لەندەن، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢

-دەستووری عیراق

-ووتاری بەڕێز مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی ١٣ ی پارتی دیموکراتی کوردستان

Iraq: A Way Forward, by Senator Joseph R. Biden. visit www. PlanForIraq.com

ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەڕێمی کوردستان

سەرەتایەکی پێویست

مەبەست لە ڕێکخراوە بیانییەکان لەم نووسینەدا ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە جیهانییانەن کە لە ژێر چەندین ناونیشان و بە ئامانجی خێرخوازی و کۆمەک لە ساڵی ١٩٩١و دواتر هاتوونەتە کوردستان . لە پێناسەی گشتی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان INGO وەک ئەوەی لە زۆربەی یاساکان و پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکاندا هاتووە؛ ئەو ڕێکخراوانە دەبێت ناحکومی و دوور لە قازانج و بەرژەوەندی بن و هەڵگری هیچ بیروباوەڕێکی سیاسی و لایەنگری ئاینی نەبن و لە سۆنگەی مرۆڤدۆستییەوە کار بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری و کۆمەک و هاوکاری بۆ ئەو کەس و گرووپانە بکەن کە پێویستییان پێیەتی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی خۆیان.

بناوانی دیاردەی ڕێکخراوی ناحکومی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی و بەرفراوانبوونی ڕەهەندی فەلسەفی و بەکارهێنانەکانی لە سەدەی نۆزدەهەوە (هیگڵ و ئەلیکس دو تۆکفیل) تا بیرمەند و تیۆریستەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ وەک ئەنتۆنی گیدنز و فۆکۆیاما. بواری چالاکییەکانی کۆمەڵی مەدەنی زۆر فراوانن، هەر لە ئابوورییەوە تا سەندیکا کرێکارییەکان و میدیای ئازاد و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. کاریگەریشیان تەنیا لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی

نابێت بەڵکو زۆربەی جار لەڕێگەی درووستکردنی رای گشتی و گرووپەکانی فشار و میدیا و تەنانەت لیستی هەڵبژاردنەوە بەشداری سیاسی دەکەن و دەسەڵات ئاراستە دەکەن.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئامار و زانیارییەکان باس لە ئاستێکی فراوان و ژمارەیەکی مەزنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن لە وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، بۆ نموونە تەنیا لە ئەمەریکادا نزیکەی سەد هەزار رێکخراو هەیە و زیاتر لە نۆ ملیۆن کەس پێیانەوە پەیوەستن. ئەو دیاردەیە ئەگەرچی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی و عەرەبیدا تازەیە، بەڵام ئاماژەکان نیشانەی روو لە هەڵکشانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەردەخەن بەتایبەتی لە تورکیا و ئێران و عێراق و مەملەکەتی مەغریبیدا. بۆ نموونە لە عیراقدا و تەنیا لە شارێکی وەکو کەرکوکدا تا ساڵی ٢٠١١ زیاتر لە شەش سەد رێکخراو هەبووە لە هەرێمی کوردستانیشدا کە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە تا رادەیەک سەربەخۆیی سیاسی و ئیداری خۆی هەبووە، بە حوکمی ئاشنا بوونی زووتر بە چەمک و دیاردەکە و کارکردنی رێکخراوە بیانییەکان بە چڕی لە ناوچەکەدا، لەچاو بەشەکانی تری عیراقدا پێشکەوتنێکی زیاتری پێوەدیارە و هەنگاوی سەرکەوتووی بەئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندرووست ناوە و رۆڵ و نەخشی ئاشکرای لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتووری کوردستاندا هەیە.

قسەکردن لەبارەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکانەوە لە کوردستان زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لەم کورتە باسەدا رووماڵ بکرێت، بۆیە هەوڵ دەدەین بە دیاریکراوی باس لە بوونی رێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان بکەین لە قۆناغی دوای راپەرینەوە تا رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا.

فریادرەسی لە ئاوارەییدا

سەرەتا و دیارترین دەرکەوتنی رێکخراوە بیانییەکان لە کاتی رەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردستاندا بوو لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٩١و دواتردا. جگە لە رێکخراوەکانی مانگی سووری تورکی و ئیرانی، ژمارەیەک لە رێکخراوە جیهانییەکان خۆیان گەیاندبووە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی فریاگوزاری خێرا بۆ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو کە دیارترینیان خاچی سووری نێودەوڵەتی IRC و پزیشکانی بێسنوور MSF بوون.

هەر لە هەمان مانگدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری ژمارە ٦٨٨ ی دەرکرد کە بەدوایدا ناوچەی ئارام و دژەفڕین (No Fly Zone) لە سەرووی هێڵی پانی ٣٦ ەوە دامەزرا و دەسەڵاتی کوردی لەسەرجەم ئەو ناوچانەدا چەسپا کە حکومەتی ناوەندی عیراق لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لێیان کشایەوە.

لەو ماوەیەی کە سەدان هەزار خێزانی کورد رووبان لە سنوورەکان کردبوو یان خۆیان گەیاندبووە ناو گوند و شارەکانی ئێران، بایەخی سەرەکی رێکخراوەکان بریتی بوو لە گەیاندنی کۆمەکی هەرە پێویست بۆ مانەوە لە ژیاندا وەک خۆراک و پۆشاک و دەرمان و خێوەت. بەشێکی زۆری ئەو کۆمەکەی لەلایەن رێکخراوە خێرخوازییەکانی ئێران و تورکیاوە پێشکەش دەکران لەلایەن حکومەت و ئاژانسەکانی کۆمەکی جیهانییەوە دەنێردران و رادەستی ئەوان دەکران تا بەسەر ئاوارەکاندا دابەشبکرێن. ووشەی «ئاوارە» و بەکارهێنانەکانی تا ئەمڕۆش بە چڕی هاتووەتەناو فەرهەنگی کوردییەوە و لە ئەدەبیاتی سیاسی و راگەیاندندا بۆ هەر حاڵەتێک بەکاردێت کە خەڵکی بەهەر هۆیەکی لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیان ناچار بە جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بکرێن. لە زاراوەی سیاسی و میدیایی جیهانییدا و بەتایبەتی لەلای رێکخراوەکان دەستە واژەی «Internal Displaced Persons» بەکاردێت و کورتکراوەکەشی بە IDP دەنووسرێت واتە «کەسانی ئاوارەی نێوخۆ» بۆ جیاکردنەوەیان لە Refugees واتە پەنابەران کە ئاوارەی ئەودیو سنوور دەبن. بۆیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی رەوە ملیۆنییەکەی بەهاری ١٩٩١ بێجگە لە رێکخراوە ناحکومییەکان، ئاژانسە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکانیش کە زۆربەیان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن گەیشتنە ناوچەکە وەک UNHCR (کۆمیساری باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان» کە تا ساڵانێکی زۆر لە بەرنامەی فریاگوزاری و نیشتەجێکردنەوەی خێزانە ئاوارەکانی ئەودیو سنوور بەردەوام بوو.

هەر لەو ماوە کورتەی ئاوارەییدا، رێکخراوە بیانییەکان توانییان سوود لەو توانا و کارامەییە ببینن کە لەناو کەسانی ئاوارەدا هەبوون و وەک هاوکار و کارمەند کار و ئەرکییان پێبسپێرن بەتایبەتی لە بواری وەرگێران و هەماهەنگیدا. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئاشنابوونی خەڵکی کوردستان بە کارکردن لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکاندا کە دواتر بە ووردی قسەی لەبارەوە دەکەین.

هەر لەم بارەیەوە پێم باشە دوو شت بەیادبهێنمەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە بەشێکی

زۆری ئەو کۆمەکانەی لەلایەن نێوەندە خێرخوازی و کۆمەکبەخشەکانی ئەوروپاوە بۆ خەڵکی ئاوارە دەنێردران رادەستی دەزگا حکومییەکانی ئێران و تورکیا دەکران و ئەوانیش بە خواست و بریاری خۆیان پرۆسەی گەیاندن و دابەشکردنەکەیان ئەنجام ئەدا، بۆیە زۆرجارخەڵکی گلەییان لەو شێوازە دەکرد و لەو باوەڕدابوون کە شمەک و کاڵاکان ئەوە نین کە لە نێوەندە خێرخوازییە ئەوروپاییەکان چاوەڕوان دەکرێت. بۆ نموونە تا ئێستاش کەس نازانێت داهاتی ئاهەنگی ئەو کۆمەڵە هونەرمەندەی گۆرانی Simple Truth یان پێشکەش بە گەلی کوردستان کرد چەند بوو وە چۆن دابەش کرا. دیاردەی دووەمیش بریتی بوو لە کۆکردنەوەی کۆمەک و باربوو لەلایەن دیاسپۆرای کوردی لە ئەوروپا و ئەمەریکا. ئەمەیان ئەگەرچی بەشداریەکی کەم بوو بەڵام هەندێگ رێکخراو و گرووپی کوردی هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەکیان بۆ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی کوردستان لە چەندین وڵاتی ئەورووپا دەستپێکرد.

رێکخراوە بیانییەکان لە هەر لایەنێک زیاتر دەیانزانی کە لەو رۆژەوە ئیتر هەرێمی کوردستان دەبێتە پێگەیەکی بەپیت بۆ چالاکییەکانی ئەوان و دەرگای ناوچەیەکی کراوە لەبەردەمیاندا دەخرێتە سەر پشت، بۆیە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، واتە لە ١٩٩٢و دواتر، دەیان رێکخراو رووبان لە هەرێمەکە کرد.

رێکخراوی بیانی چۆن دەچنە دەرەوەی وڵاتی خۆیان؟

ئەو رێکخراوانەی بەسیفەتی نێودەوڵەتی تۆماردەکرێن، لەسەر پرنسیپێک کاردەکەن کە بریتییە لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو خەڵکەی لە ژێر هەرەشەی کارەساتی سرووشتی یان مرۆییدان و پێویستی تەواویان بە دەستی هاوکاری و یارمەتی هەیە، بەتایبەتی کە حکومەتەکانیان یان دەسەڵاتدارێتی ناوخۆییان توانای بەدەنگەوە هاتنی سەرجەم پێویستییەکانیان نەبێت. بە واتایەکی تر ئەو رێکخراوانە رووداوەکەنە ئەو ناوچانەی کە مایەی چەندین جۆر ریسک و سەرکێشی و مەترسین کە هەمیشە لەبەرچاویان گرتوون و زۆرجار رووبداوە کە بۆ خۆیان بوونەتە قوربانی رفاندن و بارمتەگیری و تەنانەت کوشتنیش، وەک لەچەندین وڵاتی جیهاندا هەتا ئەمرۆش رووداوەت و لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووش لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک کارمەندی بیانی رێکخراوەکان تیرۆرکران نموونەی کامیرۆن و فنسنت و لیسە شمیدت.

ئەم رێکخراوانە ئەگەرچی لەژێر ناوی دوور لە بەرژەوەندخوازی و لایەنگری

ئاینی و سیاسی تۆماردەکرێن، بەڵام لەراستیدا بەرژەوەندی دامەزرێنەر و ستاف و کەسانی هاوکار و پەیوەست بەخۆیانەوە لەبەرچاو دەگرن و لەو بڕە پارە (fund) و بودجەیەی لەلایەن دەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەک و بارووبو بەخشەوە (donors) پێیان دەدرێت بۆ ڕاپەراندنی پرۆژە و چالاکییەکانیان مووچە و خەرجی خۆیانی لێهەڵدەگرن وبەمەش داهاتێکی تایبەت بەخۆیان دەبێت کە جاری وا هەیە کەسانێک بۆماوەی بیست ساڵ و زیاتریش لە ڕێکخراوێکدا دەمێننەوە، بۆ نموونە هەر لەم هەرێمەی خۆماندا کەسانێک هەن بۆخۆیان ناسنامە و نازناوی ڕێکخراوەکەیان هەڵگرتووە هەروەک نازناوی خێڵ و نەسەب و لەوەتی هەن سەرۆک و بەڕێوەبەری تاک و تەنیای ڕێکخراوەکانیانن. ئەو بڕە پارەیەی ڕێکخراوەکان وەک بودجە بەدەستی دەهێنن لە پرۆسەی گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی وڵاتی خۆیان ئاسانکاری تەواویان بۆ دەکرێت، بەتایبەتی کە زۆربەی جار جیاوازی نرخی دراوی بیانی بەرامبەر بە دراوی نێوخۆیی وڵاتە کارەساتبار و دواکەتووەکان یەجگار بەرزە.

هەر پەیوەست بە درووشمەکانی ڕێکخراوی بیانی لەرووی دوورەپەرێزی سیاسی و ئاینییەوە، جێی ئاماژەیە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەندێک ڕێکخراو بەوە دەناسرێنەوە کە بانگەوازی ئاینی (تبشیر) دەکەن وەک «کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کتێبی پیرۆز» کە زیاتر لە پانزە ساڵە لە کوردستاندا چالاکی هەیە و لەتەک چەند ڕێکخراوێکی تردا کە لەبواری کۆمەک بە کەمئەندامان و ڕاهێنانەوەی منداڵان و پەروەردە کاردەکەن ئاسانکاری و هاوکاری دیاریان بە کەنیسەی ئینجلیکانی کوردی کردووە.

ڕاستە ڕێکخراوەکان ڕاستەوخۆ چالاکی سیاسی ئەنجام نادەن بەڵام ناڕاستەوخۆ لەژێر درووشمی پرۆژەی بنیاتنانی دیموکراسی و گەشەپێدانی مەدەنی ومیدیای ئازاد و بڵاوکراوەی روونناکبیریدا، دەستە و گرووپی چالاکی سیاسی لەو کۆمەڵگەیانەدا بەرهەم دێنن کە دواجار لەسەر نەخشەی ململانێنی سیاسی ڕۆڵی بەچاویان دەبێت، نزیکترین نموونە لەم رووەوە بەشداری چالاکانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە لە ڕێکخستن و بەشداریکردنی خۆپیشاندانە فراوانەکانی وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت عیراق و کوردستانیش. هەروەها چەندین ڕێکخراوی ناحکومی

و مەدەنی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عیراق لە ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ دا بە لیستی سەربەخۆ بەشداریان کرد.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی رێکخراوە بیانییەکان لە کوردستان کاریان دەکرد (١٩٩١ –٢٠٠٣) لەلایەن حکومەتی ناوەندی عیراقەوە بە یاساغ دادەنران و لەئەگەری دەستگیرکردنیاندا تۆمەتی سیخوری دەدرایە پاڵیان و هەندێک جاریش دەسەڵاتی بەعس لەرێی کەسانی بەکرێگیراوەوە دەستی لە کوشتنی کارمەندە بیانییەکاندا هەبووە. بۆیە ئەو رێکخراوانە لەرێگەی سووریاوە بە زێیی خابوورا یاخود لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە بە تورکیادا ئاودیوی کوردستانی عیراق دەبوون. بەحوکمی ئەوەی دەسەڵاتی کوردی لەسەرەتای نەوەدەکانەوە هێشتا بەتەواوی دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی نەبوو، هەروەها بەدەست چەندین گیروگرفتی گەورەی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە دەیناڵاند، بۆیە هاتوچۆی بیانییەکان بۆناو خاکی کوردستان تەنیا پێویستی بە تۆمارکردنی لای دەزگاکانی ئاسایش و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزب هەبوو. بەهەمان شێوەش لە راپەراندنی پرۆژە و چالاکییەکانیاندا کەمترین ئاستی هەماهەنگییان لەگەڵ ئیدارە و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا هەبوو.

بوارەکانی چالاکیی رێکخراوە بیانییەکان

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لە قۆناغی ئاوارەییدا چالاکییەکان بریتی بوون لە پێشکەشکردنی کۆمەک و خزمەتگوزاری خێرا و پێویست بەڵام لەدوای گەرانەوەی خەڵکەکە بۆ سەر زێد و ماڵی خۆیان رێکخراوە بیانییەکانیش بەرنامەکانی خۆیان بەگوێرەی پێداویستییەکانی قۆناغەکە و رێنمایی و مەرجەکانی لایەنە بودجە بەخشەکان دادەرشت. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ ەوە رێکخراوەکان بە رێژەیەکی خێرا رووبانکردە کوردستان پاش ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا حکومەتی بەعس سەرجەم دامودەزگاکانی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە و جۆرێک لە ئارامی و ئاسایش ناوچەکەی گرتەوە. لەو ساڵە بەدواوە دەتوانین بەرنامە و چالاکییەکانی رێکخراوە بیانییەکان بەسەر چوار قۆناغ یان جۆردا پۆلێن بکەین بەم شێوەیە:

– بەرنامە و پرۆژەی کورت مەودا، زیاتر ئەو چالاکییانەی دەگرتەوە کە دەچووە خانەی خزمەتگوزاری کورتخایەنەوە وەک دابەشکردنی کەلوپەل و پێداویستی نیشتەجێکردنەوە و فریاگوزاری تەندروستی.

- بەرنامە و پرۆژەی دوور مەودا، ئەمەش ئەو پرۆژانەی دەگرتەوە کە بایەخیان بە دروستکردنی قوتابخانە و کلینیک و پرۆژەی ئاو و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری بەتایەتی لە گوندەکاندا دەدا. ئەڵبەت دەکرێت پرۆژەکانی تایبەت بە چالاکییەکانی هەڵگرتنەوەی مین بخرێنە ئەم چوارچێوەیەوە.
- بەرنامەی بایەخدان بە گرووپ و کەسانی پەککەوتە و کەمئەندام و خێزانە نەدارەکان. ئەمەش ئەو پرۆژانەی دەگرتەوە کە لە زاراوەی ڕێکخراوەکاندا بە پرۆژەکانی تایبەت بە (vulnerable groups) ناودەبرێت. ئامانجی سەرەکی لەم جۆرە بەرنامانە بریتییە لە دەستگیرۆیی کردنی ئەو گرووپانە لەرێگەی هۆشیارکردنەوە و ڕاهێنان و بەخشینی قەرز بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنی بچووک بەمەبەستی تێکەڵبوونیان بە تەواوی کۆمەڵگە و بەشداریکردن لە بەدیهێنانی فەزایەک لە یەکسانی و ڕێزی هاوبەش لەرێگەی گۆڕینی دید و ڕوانگەی هەڵەی باو لەناو کلتووری کۆمەڵگەدا بەرامبەر بەو کەس و گرووپانە، وەک کەمئەندامان و بێوەژنان و تووشبووان بە نەخۆشی دەروونی.
- بەرنامە و پرۆژەی تایبەت بە بواری پەروەردەیی و گەشەپێدانی توانای لاوان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مەدەنی و ڕاهێنان لەسەر کاری میدیایی و هۆشیاری یاسایی بەتایبەتی لەو چوارچێوەیەی بە پشتگیری یاسایی مەدەنی (civil advocacy) بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێت.

لەماوەی شەڕی ناوخۆ و نائارامییەکانی کوردستاندا (١٩٩٤–١٩٩٨) ڕێکخراوەکان لە کار و چالاکییەکانی خۆیان بەردەوام بوون ئەگەرچی زۆربەی جار هەڕەشە و مەترسی دەگەیشتە ئەوان و لە هەندێک شوێن ناچار دەبوون کارەکانیان ڕاگرن تەنانەت ڕێککەوتووە کە بەشێک لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی ئەنجامیان ئەدا ئەکەوتنە بەر هێرش و زیانی لایەن شەڕکەرەکان. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوشی ئیداری و دەسەڵاتی هەرێم، ڕێکخراوەکان لەکار و چالاکییەکانیان کەمتر سەربەخۆ دەبوون لە هەمان کاتدا زۆر زەحمەت بوو خۆیان لە کارتێکردن و دەستێوەردانی حزب و بەرپرسە باڵادەستەکان ڕزگاربکەن، بەتایبەتی لەڕووی دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکان و دەستوەردان لە دامەزراندنی کارمەندە نێوخۆییەکان و مەرجدانان لە پێشکەشکردنی کارئاسانی ئیداری و فەرمی پێویست بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان.

خاڵێکی تری پەیوەست بە قۆناغبەندی بەرنامە و پرۆژەکانی رێکخراوەکان بریتییە لە مەرجەکانی لایەنە پارە بەخشەکان کە لیستی ئەولەوییەت و پێویستیەکان دیاریدەکەن بۆ هەر قۆناغ و لەهەر ناوچەیەک و لەسەر هەر ئاستێک. بۆ نموونە رێکخراوی ECHO ی سەربە یەکێتی ئەوروپا و DFID ی بەریتانی پشتگیری بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیان ئەکرد بەڵام OFDA و OXFAM کە دوو ریکخراوی پارەبەخشی ئەمەریکی و ئەورووپی هاوبەش بوون زیاتر بایەخیان بە بەرنامەی درێژخایەن ئەدا وەک نیشتەجێکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری.

هەر لەم بابەتەوە رەنگە چەندین پرسیار بێتەپێش لەوانەش؛ ئایا پێشنیارکردن و دیاریکرنی پرۆژەکان بە چ میکانیزم و شێوەیەک ئەنجام دەدران؟ ئایا چۆن و بە چ رێگەیەک پێداویستییەکان دەستنیشان دەکران؟ لە سەر چ بنەمایەک شوێن و گرووپە سوودمەندەکان (beneficiaries) هەڵدەبژێردران، لەکاتێکا رێکخراوە بیانییەکان تازە هاتبوونەوە ناوچەکە و پێشتریش هیچ نوێنەرایەتی و هاوکارێکی ئەوتۆیان لە هەرێمەکەدا نەبووە؟

ئەوەی جێی سەرنجە، تا ساڵی ١٩٩٧ رێکخراوەکان بۆخۆیان پێشنیازی پرۆژەکانیان ئەکرد و کارمەند و ستافی ناوخۆیی تەنیا هاوکارییان دەکردن لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی زانیاریدا. ئەو جۆرە شێوازە لە کارکردن کە سەربەخۆیی تەواوی ئەدا بە رێکخراوەکان، نیشانەی سیستمێک بوو کە خۆی لە کۆپیکردنەوەی بەرنامە و چالاکییەکان ئەبینیەوە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان کە لەرووی کارەسات و کێشە و پێویستییەوە تا رادەیەک لەیەکتر دەچوون بۆ نموونە ئەفغانستان و فەلەستین. لە ساڵی ١٩٩٧ بریاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٩٨٦ ناسراو بە «بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک» چووە بواری جێبەجێکردنەوە و دەرگایەک لە فەرەحی بەرووی خەڵکیدا کرایەوە و ئاسۆیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئیداری لە هەرێمی کوردستان بەدەرکەوت بەتایبەتی کە رێژەی ١٣٪ لە کۆی داهاتی بەرنامەکە بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم تەرخانکرا. هاتنەناوەوەی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان و کاریگەر هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی گرتەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی حکومەتی هەرێم.

ئیتر رۆڵ وکاریگەری رێکخراوە بیانییەکان تا دەهات رووی لە کزی دەکرد

و ناچاردەبوون لەژێر کارتێکردنی سیستم و بەرنامەی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ پرۆژەیەک بەبێ ڕەزامەندی و هەماهەنگی حکومەتی هەرێم جێبەجێنەکەن. لەهەمان کاتدا نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر شارێکی هەرێم نووسینگەی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە بیانیەکان دامەزراند و کۆبوونەوەی ڕێکوپێک و بەردەوامیان دەکرد بەئامادەبوونی نوێنەرایەتی فەرمی حکومەتی هەرێم. ئەو بوارە سەرەکییانەی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریان تیادەکرد ئەوەندە بەرفراوان بوون کە ڕێکخراوەکان ناچار بوون بیر لە دوو ڕێگە و شێوازی کارکردنی تر بکەنەوە؛ یەکەمیان پێکهێنانی ڕێکخراوی ناوخۆیی هاوبەش local partners و دووەمیشیان بایەخدان بەبواری هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی ئافرەتان و گەنجان.

ئەو ئاژانسانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە زۆرترین ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبوو لە ڕاپەڕاندنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بریتین بوون لە؛ WFP لە بواری دابینکردنی خۆراک و WFO لەبواری کشتوکاڵ و ئاودێری UNOPS تایبەت بوو بە ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر و هەڵگرتنەوەی مین، UNICEF بۆ چالاکی پەروەردەیی و قوتابخانەکان و UNHCR بۆ نیشتەجێکردنەوە و هاوکاری ئاوارە UNDP بۆ پرۆژەکانی وزە و کارەبا و گەشەپێدان، WHO لە بواری تەندروستیدا.

ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لەبەرامبەر پاشەکشەی بیانییەکاندا

چەمکی «localization» واتە بەناوخۆییکردن بەمانای دەستبەرداربوونی ڕێکخراوە بیانییەکە نایەت لە ناسنامە و پێگە و ڕۆڵی خۆی، بەڵکو زیاتر بەمەبەستی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ناوخۆیی سێبەرە کە هاوشێوە و هاوئامانجی ڕێکخراوی دایک بێت بەڵام لە وڵاتی دوورەدەستدا. بۆ نموونە ڕێکخراوی Handicap International Belgium ی بەلجیکی لە ساڵی ٢٠٠٤ و لەژێر ڕێنمایی ستافی بیانی و کارمەندە ناوخۆییەکاندا بەفەرمی ناوی ئۆفیسی خۆی لە هەرێمی کوردستان گۆڕی بۆ «ڕێکخراوی کوردستان بۆ ڕاهێنانەوەی کەمئەندامان» کە بە KORD ناسراوە بەڵام لەڕووی دابینکردنی بودجە و پەیوەندی بە لایەنە پارەبەخشەکان و ئامادەکردنی پێشنیاز proposal و ڕاهێنانەوە پشت بە ڕێکخراوە سەرەکییەکە دەبەستێت لە بەلجیکا، ئەمە لەکاتێکا ڕێکخراوێکی تر بە هەمان ناوەوە لە فەرەنسا Handicap International France هەیە. یەکێکی تر لەو بوارانەی زۆرترین

ڕێکخراوی هاوشێوە و هاوبەرنامەی لە کوردستاندا بەدیهێنا بریتیی بوو لە هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی و هاوکاریکردنی قوربانیانی مین کە لە سەرەتاوە تەنیا ڕێکخراوی MAG ی بەریتانی هەبوو بەڵام دواتر چەندین ڕێکخراوی ناوخۆیی هاوشێوە درووستبوون وەک «سۆلیدارێتی» و تەنانەت بەڕێوەبەرێتییەکی فەرمی بۆ هەمان مەبەست پێکهات کە تا لە ئێستاش کارو چالاکی بەردەوامە. بەهەمان شێوە ڕێکخراوی NPA ی نەرویجی نزیکەی دە ساڵە بە سەربەخۆیی بەرنامەکانی بەڕێوەدەبات بەڵام لەرووی پەیوەندی بە دۆنەر و هەندێک بەرنامەی راهێنانەوە لە ڕێکخراوە ئەسڵیەکە دانەبراوە.

شایەنی باسە هەندێک ڕێکخراوی نێوخۆیی هەبوون کە ناسنامەی کوردی یان کوردستانی بوونیان پێوەبووە و لەدەرەوەی وڵات دامەزرێنرابوون یاخود لە دەستەی دامەزراندنیاندا کەسانی بیانی هەبوون، بەهەمان سیستم و شێوازەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکان کاریاندەکرد و توانیان شوێنی ڕێکخراوە جیهانییە هاوشێوەکەی بگرنەوە وەک «منالپارێزی کوردستان» KSC کە هیچی لە منالپارێزی بەریتانی SCF کەمترنەبووە لە رووی کار و بەرنامەوە لەسەر ئاستی کوردستان.

لەگەڵ دەرکەوتنی کاریگەری ئەرێنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک و باشبوونی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک و روو لە توانایی حکومەتی هەرێم، تا ساڵی ٢٠٠٢ لە دەیان ڕێکخراوی بیانی تەنیا چەند دانەیەکیان لە کوردستان لێ مایەوە و هەموویان بەرنامەکانیان کۆتایی پێهێنا و گەرانەوە بۆ وڵاتی خۆیان یاخود لەرێگەی بەناوخۆییکردنەوە چالاکییەکانیان درێژەپێدا کە زیاتر سرووشتی بەرنامەی گەشەپێدانی مرۆیی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی مەدەنییان هەبوو. لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ دا و کۆتایی پێهێنانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک لە هەمان ساڵدا، تەنانەت لایەنە کۆمەک بەخش و دۆنەرەکانیش چی تر کوردستانی عیراقیان وەک ناوچەیەکی جێبایەخ و پێویستی نەدەخستەرووو دەرنجام گرفتی بەدەستهێنانی بودجە بەشێوەیەکی جیدی رووی لە ڕێکخراوە بیانییەکان کرد.

ڕێکخراوە بیانییەکان چییان هێنا و چییان بەجێهێشت؟

وەک هەر دیاردەیەکی تازە و خوازراو کە دێتە ناو کایەی کۆمەڵایەتی و ژیانی گشتییەوە، دەرکەوتنی ڕێکخراوە بیانییەکان دیاردەیەکی تەواو نوێ بوو بەلای

کۆمەڵگەی کوردییەوە بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە یەک دیدی هاوبەشەوە هەموو خەڵک لێیان نەڕوانی و تێگەیشتن و کاردانەوەشیان بەرامبەری جیاواز بوو. ئەو پێناسە و تێگەیشتنەی کە ڕێکخراوەکان دەیانویست لای کۆمەڵگەی کوردستانی بەرامبەر بە خۆیان بیخوڵقێنن بریتی بوو لە ناسنامەی مرۆڤدۆستی و هاوکاری و مەدەنییەت، بەڵام ئایا لەو مەبەستەدا سەرکەتوو بوون؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە زۆرجار نەک تەنیا لەبارەی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکانەوە، بەڵکو بۆچوونی جیاوازی لەسەر ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و خودی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی دروستکردووە.

پرسیاری سەرەکی لەبارەی بوونی ڕێکخراوەکانە وەک دامەزراوەی سەربەخۆ لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت و حزب بەوەی کە تا چەند بەرنامە و پرۆژەکانیان دوور لە بەرژەوەندی تایبەت و ئامانجی سیاسی و ئاینی جێبەجێ دەکەن. هەروەها پرسیار لە پرنسیپی کاری خۆبەشە کە بەداخەوە لای ئێمە هێشتا نەبووەتە بەشێک لە کلتوور و لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیماندا کاری خێرخوازی هێشتا وەک دەستپێشخەری تاکی خێرەومەند زیاتر بە پاڵنەری ئایینەوە پەیوەستە بۆیە خەڵکانێک هەبوون بەگومانەوە دەیانڕوانییە بوونی ڕێکخراوە بیانیەکان و کار و بەرنامەکانیان لە هەرێمی کوردستان.

ڕێکخراوە بیانییەکان، سەرەڕای هەر ڕەخنە و سەرنجێکی نەرێنی لەبارەی کارەکانیانەوە، بەڵام بۆ مێژوو پێویستە چەند ڕاستییەک وەبیربهێنینەوە کە شایەتی بۆ ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەرییان ئەدەن لەسەر کۆی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە قۆناغێکی هەستیاری مێژووی گەلی کوردستان کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وە دەستی پێکرد و تا ئەمڕۆش ئاسەوارەکانی هێشتا بەتەواوی نەڕەوینەتەوە.

ئەو دەمەی ملیۆنەها مرۆڤی ئەم کوردستانە لەژێر هەڕەشەی ڕژێمی فاشی و درندەی بەعس و لە ترسی دووباربوونەوەی ئەنفال و هێرشی چەکی کیمیاویدا ماڵوحاڵ و زێدی خۆیان بەجێهێشت و تەسلیمی چارەنووسێکی نادیاربوون، لەو ڕۆژگارەدا نە جیهانی عەرەب و نە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ورتەیان لێوەنەهات و وەک هەمیشە خۆیان لەئاست تاوانەکان کەرکرد. ئەوە ڕێکخراوە بیانییەکان بوون کە لەوڵاتانی ناموسڵمانەوە بە کۆمەکی حکومەتەکانیان و خەڵکی خێرخواز و تەنانەت کەنیسەکانیشیان بەهانای گەلێکی موسڵمانەوە هاتن. بەهەمان شێوەی هەڵوێستی

فەرمی حکومەتەکانیان بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا گەلانی ئەورووپا و ئەمەریکا هاوسۆزی خۆیان بۆ گەلی کوردستان دەربڕی.
راستییەکی تر ئەوەیە کە ئەو حەوت ساڵەی دوای راپەڕین (بەر لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک) ساڵانی نەهامەتی و برسێتی و هەژاری بوو دەرنجامی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەی دوای جەنگی دووەمی کەنداو و دەرپەڕاندنی سوپای داگیرکەری عیراق لە کوێت لە ئاداری ١٩٩١دا بەسەر عیراقدا هاتبوو. ڕێکخراوەکان کە رووویان لە کوردستان کرد خەڵک لەئەوپەڕی شپرزەییدابوون و دەسەڵاتی کوردیی لەئەوپەڕی کەمدەرامەتی و بێ ئەزموونی حوکمرانیدا بوو، بۆیە بەشداری کەم وزۆری ئەو ڕێکخراوانە لە فریاگوزاری و پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمەکە مایەی ستایش و پێزانینە.
خاڵێکی ئەرێنی تر لەو فەزا کراوەیەدا دەرئەکەوت کە بەرووی کۆمەڵگەی کوردستانیدا کرایەوە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی بەعس بوو. لە گەڵ هاتنەناوەوەی ڕێکخراوە بیانییەکاندا، هەلێکی لەبار رەخسا بۆ رۆژنامەوانان و لێکۆڵەرەوان و تەنانەت چالاکوانە سیاسییەکان بۆ سەردانیکردنی کوردستان و لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە راستییەکان و واقیعی هەرێمەکە. لەبارەیەوە سەدان کتێب و هەزاران لێکۆڵینەوە ووتار و فیلمی دۆکیومێنتاری بەرهەمهێنران کە دۆزی رەوای کوردی بە جیهانی دەرەوە ناساند و پەردەی لەسەر زۆر لایەنی شاراوە و کپکراوی مێژووی نزیک و پڕ کارەساتی ئەم گەلە هەڵماڵی. شایەنی باسە لەناو ڕێکخراوەکاندا پسپۆر و کارمەندی بیانی جیاجیا هەبوون کە هەندێکیان دواتر و لەژێر ناسنامە و ناونیشانی جیاوازدا هاتنەوە بۆ عیراق وکوردستان بەتایبەتی لەگەڵ نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ویاخود لەگەڵ سوپای ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان و نێردە دیپلۆماسییەکان و کۆمپانیاکاندا. ئێستاش کەسانێکی بیانی لێرەولەوێ دەبینرێن کە پێشتر لە ڕێکخراوەکاندا کاریانکردووە بەڵام لە کوردستان نیشتەجێبوون و وەک هاوڵاتی ئەم هەرێمە ژیان دەگوزەرێنن.
ڕێکخراوە بیانییەکان چەمک و فەهەنگی کۆمەڵی مەدەنییان لە هەرێمی کوردستاندا کرد بە واقعێکی زیندوو، بەتایبەتی دوای پرۆسەی بە لۆکاڵکردنی چەندین ڕێکخراوی بیانی و یارمەتیدانی سەدان ڕێکخراوی نێوخۆیی لە درووستبوون و

گەشەپیدانیان کە دواتر حکومەت و پەرلەمانی کوردستان چەندین یاسا و ڕێنماییان لەبارەوە دەرکرد و ئەمڕۆش هەموومان شایەتی بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەدەین لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆمەڵگەی کوردستاندا.

سەبارەت بە هەندێک دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە لە ئەنجامی دەرکەوتنی ڕێکخراوە بیانییەکان و تەشەنەکردنیان لە کوردستاندا پەیدابوون جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ چەند لایەنێک بکەین؛ دیارترینیان دەرکەوتنی توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ بوو کە پێیان دەوترا کارمەندی نێوخۆیی local staff، ئەوانەی لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان کاریان دەکرد بە پۆست و پلەی جیاجیا کە زۆربەیان بەناوە بیانییەکان دەناسرانەوە وەک گارد، درایڤەر، مۆنیتەر، لۆجیستیک، کۆئۆردینەیتەر، ئەدمین و.....هتد. ئاستی ستاندەردی مووچە لە ڕێکخراوەکاندا بەبەراورد لەگەڵ مووچەی فەرمانبەر و کرێکاری ناوخۆ زۆر بەرز بوو، ئەمەش هانی خەڵکی ئەدا لەچەندین ڕێگەوە هەوڵ بدەن دەستیان لە کارێگ گیربێت لە ڕێکخراوەکاندا کە لەناوخەڵکیدا بەزاراوەی باو پێیان دەووت«مونەزەمە». بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٧ مووچەی کارمەندێکی پلە ناوەند لە ڕێکخراوێکی بیانی نزیکەی ١٢٥ دۆلار بوو کە دەیکردە نزیکەی ٢٥٠٠ دیناری سویسری، لەکاتێکا مووچەی مامۆستایەکی ئامادەیی تازە دامەزراو ٢٥٠ دیناری سویسری بوو (نزیکەی ١٢ دۆلار).

ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆر لە توانا ناوخۆییەکان واز لە خزمەتکردن لەبواری گشتیدا بهێنن و ڕوو لە ڕێکخراوەکان بکەن بەتایبەتی دەرچووی کۆلێژەکانی زمان و ئەندازیاری و پزیشکی و ژمێریاری کە بووە هۆی درووستبوونی کێماسی لە کادری تەکنیکی و زانستی لە فەرمانگەکانی حکومەتدا. ئەڵبەت ئەم ژمارە و بەراوردانە هیچ نین لەچاو ئەو مووچە خەیاڵییەی ڕێکخراوەکانی UN دەیاندا بە کارمەندەکانیان کە کەمترینیان، بۆ نموونە مووچەی پاسەوان، نزیکەی ٤٠٠ دۆلار بوو واتە لە مووچەی وەزیرێکی حکومەت زیاتر بوو.

دیوێکی تری هەمان مەسەلە بریتی بوو لە درووستبوونی توێژێکی پارەدار و دەوڵەمەند لەڕێی ڕێکخراوەکانەوە کە زیاتر ڕوویان لە کرینی خانوو و زەویوزار ئەکرد یاخود چالاکی ئابووری بچووکیان دائەمەزراند وەک سەنتەرەکانی تەلەفۆن و فاکس و بازرگانی سنووردار.

هەندێک ڕێکخراوی بیانی هەلی سەفەرکردنی دەرەوەی وڵاتیان بۆ کارمەندەکان

ئەرەخساند بەمەبەستی راهێنان و گەشەپێدانی تواناکان، ئەمەش دوو دەرەنجامی لێدەکەوتەوە: یەکەمیان پەیدابوونی کادیری راهێنراو و بە ئەزموون و پسپۆڕ کە دواتر لە بوارە جیاجیاکانی حکومەتدا ئەرکیان پێسپێردرا یاخود بەپێچەوانەوە بۆ یەکجاری وڵاتیان بەرەو هەندەران بەجێدەهێشت کە بەداخەوە نموونەی دوومیان زیاترە. هەر لەبارەی بەجێهیشتنی وڵاتەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ بە هەزاران کارمەندی ناوخۆیی رێکخراوە بیانییەکان بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە رەوانەی ئەمەریکا کران، لە گەورەترین پرۆسەی ناردنە دەرەوەی هاوڵاتیاندا لەلایەن ئەو رێکخراوانەی بە پارەی دۆنەرە ئەمەریکییەکانی وەک OFDA بەرنامەیان لە هەرێمدا هەبوو، بەبیانووی بوونی مەترسی لەسەر ژیانیان دوای رووداوەکانی ٣١ی ئابی هەمان ساڵ.

لە کۆتاییدا دەڵێین، دەرکەوتنی رێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان لە کوردستان وەک هەر دیاردەیەک کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی هەر گەلێکدا پەیدا دەبێت پێویست بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی وورد و زانستیانە دەکات لەچەندین رووەوە کە بەلای منەوە گرنگترینیان بریتین لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە کاریگەرییان لەسەر بوارە جیاجیاکانی ژیان لەم هەرێمەدا.

سەرچاوەکان:

IRAQI KURDISTAN , The Need for Durable Development, – ١٩٩٣ Netherland Kurdish Society , Amsterdam

– – UN Office of the Iraq Program (Oil–for–Food) www.un.org/depts/oip

Bonnie Noorman, A report on the relief operation in Iraqi – Kurdistan April ١٩٩١– April ١٩٩٣، Dutch Consortium.

بەهاری عەرەبی، زریانێک لە هەڵکردندا

ساڵی ٢٠١١ سەرەتای وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە جیهانی عەرەبیدا. ئەمەیان تەنیا راستییەکە کە بۆ هەموو کەس روونە و ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان دوو کەسدا هەبێت لەمەڕ ئەو راستییە ئەوا لە شیکردنەوەی رەهەندە جیاجیاکان و خوێندنەوەی ئاراستەی رووداوەکان و دەرهاویشتەکانیدایە، لەهەمان سۆنگەوە ئەم نووسینەش هەوڵدانێکە بەو ئاراستەیە. سەرەتا بە خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە جیهانی و بابەتییانە دەستپێدەکەین کە هاوزەمان بوو لەگەڵ هەلومەرجی نێوخۆیی ئەو وڵاتە عەرەبییانەی راپەڕینیان تیا رووبداوە و بەدوای ئەویشدا قسە لەسەر فاکتەرە ناوخۆییەکان دەکەن. ئەڵبەت زانینی هۆکار و فاکتەرە بابەتی و خودییەکان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی ووردتر و زانستی تر بۆ هەر رووداوێکی مێژوویی و تێگەیشتن لە دەرەنجامەکانی.

بەهاری عەرەبی لە چ وەرزێکی جیهانیدایە؟

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا کاندیدێک بۆ سەرۆکایەتی کۆمار وەک رکابەرێکی بەهێز لەلایەن دیموکراتەکانەوە بەرامبەر بە سەرۆکێک لە پارتی کۆماری دەرکەوت، کە لەیەک کاتدا سێ خەسڵەتی لەخۆدا کۆکردبووەوە؛ رەش پێست و بەرەگەز ئەفەریقی و لە بنەوانێکی مەسیحی (کەنیسەی یەکگرتووی مەسیح) و ئیسلامی بوو بەناوی «باراک حوسێن ئۆباما». سەرۆکی ئەوسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جۆرج دەبلیو بوش، وەک

نوێنەری کۆنسێرڤاتیڤە نوێیەکان لە دوو دەورانی سەرۆکایەتیدا خۆی وەک پاڵەوانی داکۆکیکردن لە کەرامەتی نەتەوەیی ئەمەریکا و بەها دیموکراتییەکانی نیشاندا لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی ئیسلامیدا کە لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا سەختترین زەبری بە جەستەی ئەمەریکا گەیاند لەسەردەستی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە رابەری ئوسامە بن لادن کە بە «غەزوەی نیویۆرک» ناویان برد. لەو جەنگەی تا ئێستا بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە، ئەمەریکا بەناوی نوێنەرایەتیکردنی جیهانی ئازاد و بەها مرۆڤایەتییەکانی و قاعیدەش لەژێر درووشمی جیهاددا، جیهانیان بەگشتی خستە دۆخێکی نیگەرانەوە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بووە گۆڕەپانی ململانێ خوێناوییەکان کە لە دوو ساڵی یەکەمدا هەریەک لە ئەفغانستان و عێراق بوونە قوربانی و بەدواشیاندا پاکستان و سۆماڵ و سودان و یەمەنیش بوونە مەیدانی شەڕی خوێناوی. لەکاتێکا هەشت ساڵی تەمەنی سەرۆکایەتی جۆرج بوش نمایشی ڕاستەقینەی بیرۆکەی «ململانێی شارستانییەکان» بوو کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە «ساموێل هنگتنتۆن» تیۆریزەی کردبوو، باراک ئۆباما بە گوتاری سیاسی و بەرنامەی هەڵبژاردنی جیاوازەوە بەڵێنی گەش و پەمەیی بە گەلی ئەمەریکا و جیهان ئەدا کە سەرەکیترین خاڵەکانی بریتی بوون لە باشکردنی ژیان و گوزەرانی چینەکانی خوارەوەی گەلی ئەمەریکا و کشانەوەی هێزەکان لە عیراق و کردنەوەی دەرگای دایەلۆگی کلتووری لەگەڵ گەلانی رۆژهەڵات و ئەفەریقا و ئاسیا بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی. سەرکەوتنی ئۆباما تەنیا لای ئەو کەسانە مەحاڵ بوو کە ئاوریان بۆ دواوە دەدایەوە و خوێندنەوەی ئەنجامەکانیان لەسەر رابردووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەڵدەهێنجا. لە کاتێکا زۆر فاکتەری بابەتی گرنگ و پێشهات و ئاڵوگۆڕی جیهانی هەبوون وایان دەخواست کە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا بنەماکانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، بگۆڕن و بەدوای ئەوەشدا ستراتیژی خۆیان لەسەر نەخشەیەکی سیاسی نوێ لەو ناوچەیەدا دارێژنەوە. تەنیا چەند هەفتەیەک لەدوای سوێندخواردنی ئۆباما وەک چل و چوارەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لە دووەم سەردانیدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا رووبکردە میسر (دوای تورکیا) و لە زانکۆی ئەزهەر وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد. لەو وتارەدا هێڵە گشتییەکانی ئەو پەیوەندییە

نوێیە دەخوێندرانەوە کە سەرەکترینیان بریتی بوون لە:

- بنیاتنانی سەرەتایەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و جیهانی ئیسلام کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ڕێزی هاوبەش دامەزرابێت، لەگەڵ داکۆکی کردن لە ئازادی ئاینی لە وڵاتانی عەرەبیدا. لە هەمان کاتدا سووربوون لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی و تیرۆریزم.
- کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق بەرلە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ و بە هەمان شێوەش کارکردن بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیری لە ئەفغانستان تا کشانەوەی هێزەکانیان لەو وڵاتە.
- بەردەوامیدان بە پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان لەسەر بنەمای دوو دەوڵەتی سەربەخۆ.
- هەڵوێست بەرامبەر بە ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە چوارچێوەی ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی.
- چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسی و داکۆکیکردن لە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی و عەدالەت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی بەتایبەتی لە بواری هەڵبژاردن و شەفافیەتدا. جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی ئافرەت بەتایبەتی لە بواری خوێندن و بەشداری سیاسیدا.
- گەشەپێدانی ئابووری لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لەبواری پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و پرۆژەی بەرهەمهێن بە ئامانجی کەمکردنەوەی بێکاری. هەروەها هاندانی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی دەرەکی لە ناوچەکەدا.
- بایەخدان بە لاوان لەبواری ئاڵوگۆڕی زانیاری و فێرکردندا لەڕێگەی پێشخستن و فراوانکردنی تۆڕی ئینتەرنێت و هۆیەکانی پەیوەندیدا.

سەردانەکە و ئەو بابەتانەی تیایدا خرانەڕوو گرنگی خۆیان هەیە لە خوێندنەوەمان بۆ پێشهات و ڕووداوەکانی دوو ساڵی دواتر کە سەرەتاکانی لە کۆتایی ٢٠١٠ وە لە تونس دەرکەوتن و تا ئەمڕۆش بەردەوامن.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە، لە تەموزی ٢٠٠٨دا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، کۆندالیزا رایس، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی چی تر پشتگیری لە ڕژێمە بەسەرچووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکات. ئەم لێدوانەی رایس ئەگەرچی تەعبیری لە هەڵوێستی کۆمارییەکان دەکرد کە ئەوسا لە دەسەڵاتدا بوون، بەڵام وتارەکەی ئۆباما لە قاهیرە

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ روونکردنەوەی ئەو هۆکارانە بوو کە ئەو هەڵوێستەی لەسەر بنیاتنرابوو، بەتایبەتی کە ئەمەریکا لە دوای جەنگی ساردەوە ڕەواجی بە چەمکی «نەرمە هێز» دەدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداو و کێشەکاندا. هەروەها بە گەڕانەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ و بەدیاریکراوی بۆ «پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە» کە لەلایەن ئەمەریکاوە ئامادەکرابوو بۆ گفتوگۆکردن و بڕیارلێدان لەلایەن سەرانی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهانەوە (G٨) لە کۆبوونەوەی دورگەی «سی ئایلاند» لە هەرێمی»جۆرجیای» ی ئەمەریکا، بە ئاسانی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە خاڵە سەرەکی و گرنگەکانی پرۆژەی ناوبراو لەلایەن سەرۆک ئۆباماوە وەک پەیامی ئاشکرا تێهەڵکێشی ووتارەکەی قاهیرە کرا. شایەنی باسە ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی عەرەبی بۆ ساڵی٢٠٠٤ کە لەلایەن UNDP «بەرنامەی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان»ەوە ئامادەکرابوو ، بەروونی پەنجەی خستبووە سەر هەمان ئەو کێشانەی لە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا هاتبوون و ڕاپۆرتەکانی ساڵانی دواتری هەمان ڕێکخراو بەدواداچوونێکی وردتری ئەو مەسەلانەبوو کە سەرانی کۆبوونەوەی سی ئایلاند بایەخی سەرەکییان پێدان. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەسپێشخەرییەک بوو بۆ چاکسازی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە جەختی دەکردەوە لەسەر گۆڕانکاری لەناوخۆی ئەو وڵاتانەدا بە ڕێزگرتن لە خواستی گەلەکانیان لە پیادەکردنی ئەو ڕێگایانەی لە پرۆسەی چاکسازیدا هەڵیان دەبژێرن. ئەوەش بەبیردێنینەوە کە بانگهێشتی هەریەک لە میسر و تونس و سەعودیە و یەمەن و ئوردن و عیراق کرابوو بۆ کۆبوونەوەکە بەڵام تەنیا عیراق و یەمەن و ئوردن بەشداریان کرد و لەگەڵ بانگهێشتکردنی ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ کۆبوونەوەی ساڵی ئایندە هەریەک لە تونس و میسر پرۆژەکەیان ڕەتکردەوە و پێیان وابوو کە پرۆسەی چاکسازی پێویستە هەنگاوبەهەنگاو بچێتەپێش و پارێزگاری لە سەقامگیری ئاسایش بکرێت و ڕێگە لە هێزە توندڕەو و ڕادیکالەکان بگیرێت لە تەگەرە خستنە بەردەم پرۆسەکە.

سەرانی کۆبوونەوەی سی ئایلاند سێ مەسەلەیان وەک سێ تەحەدای گەورە لەبەردەم وڵاتەکانیان و سیستمی سەرمایەداری جیهانیدا خستەروو کە بریتین بوون لە؛ گرفتی وزە (نەوت) و ڕکودی ئابووری Economic Stagnation و فراوانبوونی جیاوازی نێوان باکوور و باشوور (ئەوروپا و ئەمەریکا بەرامبەر بە

ئاسیا و ئەفریقا) لە رووی ئابووری و سیستمی سیاسی و گەشەی کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە رووبەرووبوونەوەی تەحەداکان و چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بە کاری هاوبەش و یەکخستنی سیاسەت و بەرنامەی گشتگیربوو لەسەر هەردوو ئاستی کورتخایەن و ستراتیژی. ئەڵبەت ئاسان نییە بەبێ بەڵگە و سەرچاوە باس لە هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئەو بەرنامە هاوبەشەی سەرانی هەشت وڵاتەکە بکەین بەڵام لە رووماڵکردنێکی خێرای رووداو و پێشهاتەکانی ساڵانی دواتر دەتوانین هەندێک ئاماژە بخوێنینەوە کە دەکرێت وەک هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دوای کۆبوونەوەی سی ئایلاند بخوێنرێنەوە لەوانەش؛

- تەرکیزکردنە سەر بواری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی عەرەبیدا لەرێگەی هاندان بۆ پێکهێنانیان و تەرخانکردنی بودجە و کۆمەک و کردنەوەی خولی راهێنان و پتەوکردنی پەیوەندی پێیانەوە. ئەرکی سەرەکی ئەم رێکخراوانە بە پلەی سەرەکی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەشداری سیاسی و مافەکانی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ لەرێگەی بانگەشەکردن بۆ رۆشنبیری و کلتووری لیبرالیزمی نوێ لە جیهاندا کە لە قۆناغی دواتردا لەژێر درووشمەکانی دیموکراسی و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و شەفافیەت و دژایەتیکردنی گەندەڵیدا وەک گرووپی فشار چالاکییان دەنواند لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا. لەم بوارەدا بە سەدان ملیۆن دۆلار لەلایەن ئەمەریکا و ئەوروپاوە تەرخانکرا.

- بایەخدان و پشتگیریکردنی میدیای ئازاد و سەربەخۆ لە وڵاتانی عەرەبیدا بەئامانجی درووستکردنی رای گشتی و رەواجدان بە چەمکی فرەدەنگی و رای جیاواز لە کۆمەڵگەدا کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدان و تەیارکردنی ئۆپۆزیسیۆنی مەدەنی و سیاسی لەو وڵاتانەدا. بەهەمان شێوە کۆمەک و یارمەتییەکی زۆری دارایی و مەعنەوی و لۆجستیکی بۆ ئەو بوارە تەرخانکرا و رێکخراوە جیهانییەکانی وەک رۆژنامەنووسانی بێسنوور و فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکان چاودێری رەوشی میدیای ئازادیان دەکرد و وەک بەرگریکار لە ئازادی میدیا و رۆژنامەنووسان هەمیشە هاتوونەتە دەنگ.

- چاودێریکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتانی عەرەبیدا لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی چاکسازی سیاسیدا لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لایەنە

رەسمییەکانی حکومەتەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە. بەهەمان شێوەش راپۆرتی دەوری و بەردەوامیان دەردەکرد لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ لە وڵاتانی عەرەبیدا.

نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٨ ناجێگیرییەکی سەیری بەخۆوە بینی. لە حوزەیرانی ئەوساڵەدا نرخی یەک برمیل نەوت گەیشتە ١٧٦ دۆلار کەچی لەگەڵ کۆتایی هەمان ساڵدا دابەزی بۆ ٣٥ دۆلار، لە کاتێکا لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ دا جارێکی تر بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینی و لەگەڵ تێرمۆمیتەری رووودا و پێشهاتە سیاسییەکاندا لە هەڵشکان و داکشاندا بوو. ئەمڕۆ لە کاتێکا مەترسییەکانی پەیوەست بە بارودۆخی ناوچەکە و گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران تادێت زیاتردەبن، چاوەڕوان دەکرێت نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتە ٢٠٠ دۆلار و لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ لە ناوچەکەدا مەترسی راستەقینە لەسەر سەرچاوەکانی وزە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئابووری جیهان درووست دەبێت بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمەریکا کە کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بە هەمان شێوە، ئاماژەکانی چەندین قەیرانی ئابووری و دارایی لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە لە ئەمەریکا و ئەوروپا دەرکەوتن کە کاریگەرییان لەسەر سیستمی سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی وڵاتەکانیان هەبووە و تا ئەمڕۆش هەوڵەکان بۆ تێپەراندنی قەیرانەکان و چارەسەرکردنیان بەردەوامە. دیارترین و کاریگەرترینی ئەو قەیرانانە بریتین لە:

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩وە هەرەسهێنانی وەبەرهێنان لە کەرتی عەقاریدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک قەیرانێک رووبەرووی حکومەت و ئابووری ئەمەریکا بووەوە و بەدوای خۆیدا کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەجێهێشت. مایەپووچی چەندین بانکی گەورەی ئەمەریکا حکومەتی ناچارکرد پلانی فریاکەوتن دابنێت و کۆمەکی دارایيان پێشکەش بکات، لە کاتێکا ئاستی قەرزە سیادییەکانی ئەمەریکا لە بەرزبوونەدا بوو تا لە ساڵی ٢٠١١دا گەیشتە زیاتر لە ١٤ ترلیۆن دۆلار. حکومەت ناچار بوو بەشێک لە چەکە بانکییەکانی خەزێنەی فیدراڵی بفرۆشێت و خەرجییە گشتییەکانیش کەم بکاتەوە کە بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان تەرخانکراون. لە ئەنجامدا چەندین نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، نموونەی بزووتنەوەی «وۆڵ ستریت داگیرکەن» کە تا

ماوەیەکی زۆر خۆپیشاندانیان لە ناوجەرگەی نیویۆرکدا بەردەوام بوو. هەموو ئەم رووداوانە هاوزەمانی راپەڕینەکانی ناوچەی عەرەبی بوون.

– پاشەکشەی بازاڕی دراو و دابەزینی بەهای پشک لە وڵاتانی یۆرۆ بەدوای خۆیدا کاریگەری راستەوخۆی بەسەر چەند ئابووریەیەکی وەک ئایسلەند و یۆنان و ئیرلەندا و پورتوگال و ئیتالیادا هێنا، بەرادەیەک کە بەرنامەی فریاکەوتنی دارایی یەکێتی ئەوروپا ناچار بوو بە سەدان ملیار یۆرۆ تەرخانبکات بۆ کۆمەکی ئابووری ئەو وڵاتانەی لە لێواری هەرەسهێناندا بوون بەتایبەتی یۆنان و ئیتالیا هەروەها بۆ پێشگرتن لە قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەڵبەت بەهێزترین ئابووری ئەوروپاش (ئەڵمانیا و فرەنسا)لەو قەیرانە دارایيە بەدەر نەبوون، بۆ نموونە بەهای پشکەکانیان تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ بەرێژەی ٣,٤٪ دابەزینی بەخۆوە بینی. شایەنی باسە راپۆرتی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەپێدان (UNCTAD) پێشبینی دەکات کە ئابووری جیهانی لە ساڵی ٢٠١٢دا رووبەڕووی رکودێکی نوێ ببێتەوە.

– لەکاتێکا ئابووری رووسیا و وڵاتانی ئاسیای دوور تا رادەیەک سەقامگیر بوو، گەشەی ئابووری چین و دەرکەوتنی وەک رکابەرێکی بەهێز بەرامبەر بە ئەوروپا مایەی نیگەرانی هەردوو بازاری دۆلار و یۆرۆ بوو. چینییەکان لە گەرمەی قەیرانی دارایی یۆناندا توانییان یەکێک لە دورگەکانی ئەو وڵاتە بکڕن کە بەندەرێکی بازرگانییە و تیایدا کار بە سیستم و یاساکانی چین بکەن. لە ساڵی ٢٠١١ بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێدا چین وەک دووەم ئابوری بەهێز لەدوای ئەمەریکاوە دەرکەوت و شوێنی یابانی گرتەوە. بە هەمان شێوە یابان توانی ئاسەوارە وێرانکەرەکانی بومەلەرزەکەی مانگی ئازاری هەمان ساڵ تێپەڕێنێت و لە نیوەی دووەمی ساڵدا گەشەی ئابووری بەرێژەی ٣٪ بەرزبێتەوە.

ئەوەی جێی تێڕامانە، وڵاتانی عەرەبی کەنداو کە دابینکەری نزیکەی نیوەی بازاری نەوتی جیهانن کەمترین کاریگەری قەیرانی دارایی جیهانییان بەرکەوت و تەنیا لە بواری بەرهەمهێناندا تارادەیەک نیشانەکانی دەرکەوتن، هەرچەندە بۆ بودجەی هەردوو ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ ئەو وڵاتانە تێکڕای ٤٣ دۆلاریان بۆ هەر بەرمیلێک نەوت پەسەندکرد، بەڵام ئەو نرخە نزمە نە بەسوودی وڵاتانی سەرمایەداری ئەوروپا و ئەمەریکا گەڕایەوە و نە زیانیشی بە ئابووری وڵاتانی عەرەبی خاوەن نەوت گەیاند.

ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە رەهەندەکانی قەیرانی ئابووری و دارایی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی زۆر لەوە دوورتر و گەورەترن کە بە دابەزینی نرخی نەوت بەتەواوەتی چارەسەربکرێت، بەڵام ئاشکرایە بە درووستبوونی قەیرانی سیاسی و ئەمنی لەناوچەی کەنداو، بەتایبەتی لەگەڵ بارگرژی روو لە هەڵکشانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ، قەیرانی وزە و داتەپینی ئابووری وڵاتان کاریگەری ترسناک لەسەر ئاسایشی جیهان درووستدەکات.

لە خوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ بارودۆخی ناجێگیری ئابووری نێوخۆیی و قەیرانە قووڵەکانی دارایی و مەترسییەکانی کاردانەوەیان لەسەر سیستمی سیاسی و پێگەی ستراتیژی ئەمەریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چارەسەری ریشەیی و یەکجارەکی قەیرانەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەستەمە، هەروەها بەوپێیەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە سەرمایەدارییە گەورەکان رەهەندێکی جیهانییان هەیە، بۆیە پێویست بە یەکخستنی تواناکان دەکات لە بەرنامەیەکی ستراتیژی دوورمەودا و فرە رەهەندا کە زامنی تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ئەمڕۆ و پاراستنی بەرژەوەندییەکان بێت لە ئایندەدا. لەم رووەوە، دوو رەگەزی بنەڕەتی لە بەرنامەی چارەسەری ستراتیژیدا بریتین لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە (نەوت) و دەستەبەرکردنی ناوچەیەکی بەپیت بۆ بازار و هاندەر بۆ وەبەرهێنان. لەسەر نەخشەی سیاسی ئەمڕۆی جیهان، رۆژهەڵاتی ناوەراست (بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقا) ئەو ناوچەیەیە کە هەردوو رەگەزە بنەڕەتییەکە لەخۆدەگرێت، بۆیە پەلهاویشتن بۆ ئەو ناوچەیە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی بایەخی ستراتیژی ئەمەریکا و ئەورووپاوە. لێرەوە چەندین پرسیار دێنەپێش لەبارەی چۆنییەتی گەیشتن بە ئامانجەکان، واتە ئامراز و میکانیزمەکان، هەروەها ئەو تەحەدا و سەرکێشییانەی لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەی چارەسەری ستراتیژیدا دەبێ بەوردی حیسابیان بۆ بکرێت و رووبەرووبیان ببنەوە. ئەڵبەت وڵامدانەوەی جیاواز بۆ ئەو پرسیارانە هەیە، بەگوێرەی دید و بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز بۆ کۆی روداوەکان و سرووشتی قەیرانەکان. بەرای من وەڵامدانەوەی سێ پرسیاری سەرەکی لەمبارەیەوە تا رادەیەکی زۆر دیمەنەکانمان لا رووناکتر دەکەنەوە و دیوێکی تری ئەو رووداوانەمان بۆدەردەخەن کە زیاتر لە ساڵێکە ناوجەرگەی ئەو ناوچەیەی گرتووەتەوە کە بە «رۆژهەڵاتی ناوەراستی

گەورە» ناوبراوە پرسیاری یەکەم پەیوەندی بە فاکتەرە ناوخۆییەکان وئامادەیی ناوچەکەوە هەیە بۆ قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسی و ئابووریدا بەو چەشنەی زلهێزە سەرمایەدارەکانی جیهان لێی چاوەڕێ دەکەن، دووەمیشیان تایبەتە بە میکانیزم و ئامرازەکانی گۆڕان لە ناوچەکەدا و پرسیاری سێیەمیش لەبارەی ئایندەی ناوچەکەوەیە دوای قۆناغی راپەرین و شێوە و سرووشتی ئەو سیستم و کلتوورە سیاسییەی لێی دەکەوێتەوە. لێرە بەدواوەی ئەم وتارە لەدەوری وەڵامەکانی ئەو سێ پرسیارەدا دەخولێنەوە.

گرکانێک لە چاوەڕوانی هەڵچووندا

لە دوای کۆتاییپێهێنانی دەسەڵاتی خیلافەتی عوسمانی لە وڵاتانی عەرەبیدا، بەسەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان لە جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٨دا، بەدرێژایی نەوەد ساڵی دواتر گەلانی ناوچەکە تەنیا دوو سیستمی دەسەڵات و حکومرانییان ئەزموونکردووە. دەسەڵاتی داگیرکەری بیانی و ئینتیداب کە تا ناوەراستی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بوو، دواتریش دەسەڵاتی بەناو نیشتمانی کە یان کۆمەڵێک ئەفسەری کودەتاچی کردە میراتگری هەمیشەیی دەسەڵات یاخود کۆمەڵێک میرنشین و مۆنارکی سەدەکانی ناوەراست بەهاوکاری داگیرکەران قووتبوونەوە کە لەژێر ناوی پەیرەوکردن لە بنەمای بەیعەت یان شەرعیەتدان بە بەردەوامبوون لە دەسەڵات بە بردنەوە لە هەڵبژاردنی مسۆگەر بە رێژەی ٩٩٪ تا ئەمرۆش گرەو لەسەر مانەوە دەکەن.

سیستمی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبیدا بەگشتی مۆدێلێکی چەقبەستووی دواکەوتوو بووە، کەمترین بواری بۆ کرانەوەی دیموکراسی و ئازادییەکان نەهێشتبووەوە کە مەرجی بنەڕەتین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی بەشێوەیەک زامنی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بێت. سەرەڕای جەور و ستەمی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی رەگەزپەرستی رژێمەکان، گەلانی ناوچەکە بەدەست چەندین کێشە و قەیرانی قووڵەوە گیرۆدەبوون، لەسەرووی هەموویانەوە پێشێلکاری بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ و بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و نەخوێندەواری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان (بڕوانە راپۆرتی ساڵانەی گەشەپێدانی مرۆیی عەرەبی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠).

دەرەنجامی کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لەناو فەزای فراوانی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەندەڵییەکانی دەسەڵاتدا نارەزایەتی چینە فراوانەکانی گەل تادەهات زیاتر

دەبوو. ئەگەرچی لە زۆربەی سیستمە سیاسییە عەرەبییەکاندا هێزی ئۆپۆزیسیۆن وەک دیاردەیەکی سرووشتی زادەی ناکۆکی و ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان شوێنی نەدەبووەوە، بەڵام ئەمە هەرگیز بەمانای ئەوە نەدەهات کە ئەو سیستمە سیاسییانە و رژێمە دەسەڵاتدارەکانیان لە دڵنیایی و سەقامگیریدا دەژیان. بێئومێدی خەڵک لە گەمەی هەڵبژاردنەکان و بەڵێنە بەردەوامەکانی دەسەڵاتداران بۆ چاکسازی سیاسی و باشترکردنی گوزەرانی خەڵک، رۆژ لەدوای رۆژ حاڵەتی پەنگخواردنەوەی نارەزایەتییەکانی چڕتردەکردەوە، وەک گرکانێک کە لەدیمەندا سارد و بێجووڵە بێتە پێش چاو بەڵام بەهۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆی ناوەکییەوە مەسەلەی هەڵچوونی تەنیا پەیوەندی بە کاتەوە دەبێت کە لە ئەگەری دەستەبەربوونی فاکتەرە دەرەکییە یارمەتیدەرەکاندا سەعاتی سفری تەقینەوە بێ گومان دەستپێدەکات.

بۆچی سیستمە کۆمارییەکان کرانە دەستپێکی گۆڕان؟

پۆلێنکردنێکی گشتی دوڵەتە عەرەبییەکان لەرووی سیستمی حوکمرانی و شێوازی دەسەڵاتەوە، رەنگە بەرچاوڕوونی زیاترمان بداتێ بۆ تێگەیشتن لە فاکتەرە کاریگەرەکان (وەک باری ئابووری و ئاستی قەیرانە ناوخۆییەکان) لە پرۆسەی گۆڕان لەو کۆمەڵگەیانەدا. سیستمە سیاسییەکان لە ناوچەی عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبەن بەسەر کۆماری و پاشایەتیدا (یاخود میرنشین). لەناو هەشت دەوڵەتی پادشایی و میرنشینیدا، ئوردن و مەغریب بەدەست چەندین کێشەی ئابووری و قووڵبوونەوەی جیاوازییە چینایەتییەکانەوە گیرۆدەن کە رەنگدانەوە و کاردانەوەیان لەسەر واقیعی سیاسی و نارەزایەتییەکانی شەقام بەئاشکرا دەرکەوتووە بێجگە لە کێشەی سیاسی پەیوەست بە سیستمی دەسەڵات و داواکارییەکان بۆ هەموارکردن و دارشتنەوەی دەستوور. شەش دەوڵەتە شانشینەکەی تر(سەعودیە، ئیمارات، قەتەر، بەحرەین، عومان و کوەیت) کە پێکهێنەری «ئەنجومەنی هاریکاری کەنداون» لەرووی ئابووریەوە دەوڵەمەندن بەوەی خاوەنی زۆرترین یەدەگی نەوتن لە جیهاندا، بۆیە ئاستی گوزەران و ژیان بەگشتی لەم وڵاتانەدا باشە، بەڵام بەدەر نین لە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەرووی مافەکانی ژنان و ئازادییەکانی تاک و مافی پێکهاتە مەزهەبییەکانی تر. لەم کۆمەڵگە موحافیزەکارانەدا سیستمی پەروەردە و ئایدیۆلوجیای باڵادەست و کلتووری گشتی رەنگدانەوەی مەزهەبی توێژی خاوەن دەسەڵات و بنەماڵەی حوکمڕانن بۆیە بوونەتە کێڵگەیەکی بەپیت بۆ نشونماکردن و

پەرەسەندنی فەرهەنگ و کلتووری توندڕەوی ئیسلامی کە هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتەمبەر دیارترین بەرهەمی ئەو کلتوورەیە. ئەم وڵاتانە بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و نەیارێکی تەقلیدی ئێران ناسراون.

سیستمە کۆماریییەکانی ناوچەی عەرەبی کە لەرووی ژمارەی دانیشتوان و رووبەرەوە نزیکەی لە سەدا حەفتای ناوچەکە پێکدەهێنن، لەڕووی کێشەی سیاسی و قەیرانی ئابووریییەوە (بێجگە لە لیبیا) بە پلەی جیاجیا لە ناو نیگەرانی و ناسەقامگیرییدا دەژین.

خاڵی جیاکەرەوەی ئەم سیستمانە لەگەڵ وڵاتانی کەنداو لەوەدایە کە تا رادەیەک کۆمەڵگەی مەدەنی کراوەترن و بە جۆرێک لە ئازادی کاری ڕێکخراوەیی و میدیایی و سەربەخۆیی لە بریاری سیاسیدا دەناسرێنەوە (مەبەست لە پەیوەندییە دیپلۆماسییە دەرەکییەکانە). لەناو کۆی ئەو سیستمانەدا وڵاتی میسر لەڕووی بەرزی ئاستی هەژاری و بێکاری و پەنگخواردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەپێشەوەدابوو بەڵام باهۆزی راپەڕین و گۆڕان لە تونسەوە دەستیپێکرد، ئەمەش بۆخۆی پرسیارێکی گرنگە کە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە. لە تونس ئاستی بەرزی گەندەڵی توێژی دەسەڵاتدار و فراوانبوونی جیاوازی چینایەتی لە ئەنجامی پەرەسەندنی نایەکسانی سەرمایەداری دەوڵەتدا، فەزایەکی گونجاو و لەباری هێنابووە ئاراوە بۆ نمایشی ئاشکرای نارەزایەتی چینە بەشخوراوەکان کە لە شێوەی خۆپیشاندانی جەماوەریدا دەرکەون. لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنی سەر بە دەوڵەت لەو پێگەیەدا نەبوون کە چاوەڕوانی رووبەڕووبوونەوە و سەرکوتی خۆپیشاندانیان لێ بکرێت هەروەها بنەماڵەی دەسەڵاتداریش لەوە لاوازتر بوو کە دوا جەنگ لەسەر مانەوە لە دەسەڵاتدا بکات ، بۆیە باشترین و گونجاوترین شوێن بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی راپەڕین و گۆڕان (کە دواتر بە بەهاری عەرەبی ناسرا) بریتیی بوو لە وڵاتی تونس.

ئامرازەکانی شۆڕش و گۆڕان

لە ساڵی ٢٠١٠ ماڵپەڕی ویکیلیکس کە لەلایەن هاوڵاتییەکی بە رەگەز سویدی بەناوی «جولیان ئاسانج» ەوە سەرپەرشتی دەکرا، شورشێکی لە بواری راگەیاندن ودەستەبەرکردنی زانیاریدا بەرپاکرد بەوەی دەیان هەزار بەڵگەنامەی نهێنی و تایبەتی دەزگا سیاسییە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بڵاوکردەوە. لەناو بڵاوکراوەکاندا چەندین بەڵگەنامەیان تیادابوو سەبارەت بە ژیانی تایبەتی

و نهێنی پڕ لە گەندەڵی دارایی و ڕەوشتیی سەرکردە عەرەبەکان، بەتایبەتی سەرۆکەکانی تونس و میسر و لیبیا و هەندێکیش تایبەت بوون بە پاشا و میرەکانی کەنداو. ئەو هەواڵانە شەقامی عەرەبییان هەژاند و بەدوای خۆیاندا چەندین پرسیار و بەدواداچوونیان لە نێوەندەکانی ڕاگەیاندندا هێنا و قسەی زیاتریان ورووژاند لەبارەی ئاستی گەندەڵی و ئەندازەی ناعەدالەتی لە کۆمەڵگەدا کاتێ چینی دەسەڵاتدار لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدان و زۆرینەی ڕەهای خەڵک بەدەست هەژاری و بێکارییەوە گیرۆدەن.

نێوەندێکی تر کە پاشان شۆڕشەکانی عەرەبی بەناوەوەکرا بریتی بوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت، بەتایبەتی فەیسبوک و یوتیوب، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەری ئەم نێوەندە بەرادەیەکە کە بەڕاستی دەکرێت بە یەکێک لە ئامرازەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین ناوببرێت. لەتەک ئەمانەدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، بەتایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبیە و بی بی سی، وەک زمانحاڵی شۆڕشەکان و ئامرازی خێراکەر لە پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمەکان ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینن.

سەرەتای نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە «تونس»ەوە دەستیی پێکرد، داواکارییەکانی خەڵک بۆ باشترکردنی باری گوزەران و چارەسەرکردنی بێکاری و وەستانەوەی لەدژی گەندەڵی، بەڵام بە خۆسووتاندنی محەمەد بوعزیزی (دەرچوویەکی زانکۆ کە بژێوی لەسەر عەرەبانەیەکی دەستی بوو) لە ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠دا نارەزایەتییەکان گەیشتنە ئاستی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و قەیرانی سیاسی کە هیچ ئاسۆیەکی بۆ لێکتێگەیشتن و دانوستان لەگەڵ حکومەت و حزبی دەسەڵاتداردا نەهێشتنەوە سەرەڕای بەڵێنەکانی سەرۆکی وڵات بۆ چاکسازی و پێکهێنانی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی پێشوەخت . داواکاری و دروشمی تەنیا و سەرەکی خۆپیشاندەران لە یەک وشەدا کۆکرابووەوە (ارحل) واتە لە وازهێنانی سەرۆک زین العابدین بن علی لە دەسەڵات کە لەگەڵ توندبوونەوە و فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان، پشتگیری بۆ شۆڕش و فشاری کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەسەر دەسەڵات زیاتر دەبوو تا گەیشت بە ناچارکردنی سەرۆک بن عەلی بە بەجێهێشتنی کورسی دەسەڵات و هەڵاتن لە وڵات لە ڕۆژی ١٤ی یەنایەر (کانونی دووەم)ی ٢٠١١دا. پاش سەرگەردانییەکی چەند سەعاتە بە ئاسمانەوە، کاتێ

دۆستەکانی دوێنێی (بەتایبەتی فەرەنسا) تەنانەت ڕێگەی نیشتنەوەی فرۆکەکەشیان پێنەدا سەرەنجام لە میوانداری شای سەعودیەدا گیرسایەوە. سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی تونس ئەزموونێکی پڕ واتا و وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا، لە هەمان کاتدا بوو بە سەرمەشقی ڕاپەڕین و شۆڕش لە ناوچەکەدا.

لە ٢٥ ی یەنایەر، واتە دوای یانزە ڕۆژ لە هەڵاتنی سەرۆکی تونس، پەتای شۆڕش گەیشتە میسر و خۆپیشاندەران گۆڕەپانی تەحریری قاهیرەیان کرد بە بنکەی ڕاپەڕین. بەهەمان شێوەی خۆپیشاندانەکانی تونس کۆی هێزە نەیارەکان بە دروشمی (ارحل) درێژەیان بە بەرهەڵستیکردنی رژێم دا بەبێ دانوستان و سازش تا ناچارکردنی سەرۆک موبارەک بە وازهێنان لە دەسەڵات لە ڕۆژی هەینی١١ شوباتی ٢٠١١ دوای ئەوەی هەموو دەسپێشخەری و بەڵێنەکانی بۆ دەستبەردار بوون لە دەسەڵات و کشانەوەی کورەکانی لە ژیانی سیاسی و دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و پێداچوونەوەی دەستوور بێسوود مانەوە. هەمان ڕۆژی ڕووخانی رژێمی موبارەک واتە ١١ی شوبات، لە وڵاتی یەمەن بلێسەی ڕاپەڕین لەژێر ناوی (جومعەی غەزەب) دژی دەسەڵاتی سەرۆک عەلی عەبدوللا سالح دەستی پێکرد (پێشتر لە ٣ی شوبات لە فەیسبوکەوە بانگەوازی ڕاپەڕینی گەنجان ڕاگەیەنرا). لە مانگی ئازاردا سەرۆکی وڵات لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە خۆی بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی کاندید ناکاتەوە و ڕێگەش نادات کورەکەی جێی بگرێتەوە و داوای دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنێکی نوێی کرد لە وڵاتەکەیدا بە بەشداری هەموو هێزە سیاسییەکان، بەڵام خۆپیشاندەران لە ڕووخانی رژێمەکەی صالح بەولاوە بە هیچی تر ڕازی نەبوون و ئەمڕۆش دوای ساڵێک لە ڕاپەڕین و دەسپێشخەرییەکەی وڵاتانی کەنداو بۆ چارەسەری کێشەکان، هێشتا بارودۆخی ئەو وڵاتە لە بازنەی توندوتیژی و لێکدابراندا دەخولێتەوە.

شانۆی سێیەمی شۆڕش وڵاتی لیبیا بوو، کاتێ ڕۆژی هەینی ١٧ی شوبات وەک ڕۆژی ڕاپەڕین لە فەیسبوکەوە ڕاگەیەنرا. سەرۆک قەزافی بەپێچەوانەی بن عەلی و موبارەک و صالح جگە لە هەڕەشەی سەرکوتکردن و ئامادەیی بۆ شەڕی یەکلاکەرەوە هەڵوێستی تری نەنواند و لە بەرامبەریشدا بەرەی ئۆپۆزیسیۆن ململانێی چەکداری هەڵبژارد تا لەژێر چەتری ئاسنینی ناوچەی دژەفرین و پشتیوانی سەربازی هێزەکانی ناتۆ تەواوی خاکی لیبیایان کۆنترۆڵ کرد و دوا دیمەنی شانۆگەرییەکە

لە ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١دا بە کوشتنی موعەمەر قەزافی بەدیلی کۆتایی هات. وێستگەی چوارەمی راگەیاندنی شۆڕشی فەسیبوک لە ١٥ی ئازاردا سووریا بوو. بەمەش پریشکی نائارامی و مەترسی گەیشتە ناوچەیەکی هەستیار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی ستراتیژی ئەو وڵاتە لە ململانێنی مێژوویی لە ناوچەکەدا و پەیوەستبوونی رژێمی سووریا بە بەرەی ئێران و میحوەری حزب الله وە سەرۆک ئەسەد چەندین بەڵێنی دا بە ئەنجامدانی چاکسازی و پێداچوونەوەی دەستوور و هەڵبژاردنی نوێ بەڵام نەبوون بە مایەی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و تا ئەمڕۆش خۆپیشاندان و رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی لەنێوان خەڵکی راپەڕیو و هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەعس بەردەوامە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەوڵ و فشارەکانی بۆ کۆتایی هێنان بە خوێنڕشتن و ململانێی سیاسی چڕتر دەکاتەوە.

لێرەوە دێینەوە سەر دیوێکی تری رووداوەکان، کە تایبەتن بە خۆپیشاندان و بڕیاری شۆڕش و راپەڕین لە وڵاتانی شانشیندا بۆئەوەی بزانین بە چ ئاقارێکدا رۆیشتووە. لە ١٤ی شوباتی خەڵکی مەملەکەتی بەحرەین بەتایبەتی زۆرینەی شیعە خۆپیشاندانیان راگەیاند و داوای چاکسازی سیاسی و دەستووریان دەکرد کە زامنی عەدالەت و یەکسانی بێت. لەوێشدا بە هەمان شێوە گۆڕەپانی (لۆلۆە) ناوەڕاستی مەنامەی پایتەختیان کرد بە مەیدانی خۆپیشاندان بەڵام دەسەڵاتی کەمینەی سوننی بە هێزی ئاگر و ئاسن و کۆمەکی راستەوخۆی سەربازی سەعودیە بە درندانەترین شێوە سەرکوتی خۆپیشاندەرانیان کرد و تەنانەت گۆڕەپانی لوئلوئەشیان لە بناغەوە هەڵتەکاند. کەناڵەکانی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبیە و نێوەندەکانی مافی مرۆڤی جیهانی ورتەیان لێوە نەهات و هەڵوێستەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش مایەی شەرمەزاری بوو لە بەرامبەر ویژدانی مرۆڤایەتیدا. بەهەمان شێوە هەڵوێستی ئەو لایەنانە لە بەرامبەر راگەیاندنی خۆپیشاندانی خەڵکی وڵاتانی هاوشێوەی بەحرەین لە بازنەی بێدەنگی و پەردەپۆشکردنی تاوان وپێشێلکاری مافی مرۆڤدا نەهاتەدەرەوە (بۆ نموونە راگەیاندنی جومعەی تورەیی گەل لە ١١ی مارس لە سەعودیە و راگەیاندنی شۆڕشی گەنجان لە ٢٠ی نیسان لە مەغریب و راگەیاندنی خۆپیشاندانی گشتی لە ٢٤ی ئازار لە ئوردن). بەنیسبەت هەڵوێستی ئەمەریکاوە لەبارەی ئەم وڵاتانەوە، کۆندالیزا رایس، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا، لە وتەیەکیدا لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی کاروباری گشتی ئەمەریکی- ئیسرائیلی AIPAK لە ساڵی

٢٠٠٥ ستایشی هەنگاوەکانی سەعودیە و قەتەر و مەغریب و بەحرەین و ئوردن و کوەیت و عیراقی کرد لە ڕێگەی دیموکراسی و بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردندا. ئەم قسانەی رایس لە کاتێکدا بوو کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەمترین ماف بە ژنانی سەعودیە و کوەیت و قەتەر رەوا نەبینراوە و لە هەریەک لە مەغریب و ئوردن ڕێژەی هەژاری و بێکاری لە بەرزبوونەوەدایە و داخوازییەکانی خەڵک بۆ ریفۆرمی دەستووری بەردەوامە. هەروەها لە بەحرەین و عیراق ململانێی تایەفی و کێشەی سیاسی و توندوتیژی لە پەرەسەندان.

لە ١٩ی مایسی ٢٠١١ سەرۆک ئۆباما لە وتارێکدا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا سیاسەتی وڵاتەکەی لەبارەی راپەرین و پێشهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە خستەڕوو کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

-پشتگیری سیاسی و ئابووری ئەمەریکا بۆ گۆڕانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکەدا و بەدیهێنانی سەقامگیری وبنیاتنانی پەیوەندییەکی پتەو و فراوان لەگەڵ گەلانی ناوچەی عەرەبیدا کە زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بێت بەتایبەتی لە دابینکردن و پاراستنی سەرچاوەکانی وزەدا، هەروەها لەشەڕی دژەتیرۆردا.

-تەرخانکردنی ملیارەها دۆلار لەشێوەی قەرزدا بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی میسر، بۆ دەستگیرۆیی کردن و گەشەپێدانی دیموکراسی ساوا و کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتانەدا.

-چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین - ئیسرائیل لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ سنووری ١٩٦٧ و دانوستان لەسەر ئاڵوگۆڕی زەوی لەنێوانیاندا

ئەوەی لە قسەکانی رایس و ئۆبامادا بۆمان دەردەکەوێت، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی لە ئینتمای حزبییاندا، چەند راستییەکن کە دیدگا و بەرنامەی ستراتیژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی نیشان دەدەن بۆ ئایندەی ناوچەکە کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان بۆ بکەین:

-گۆڕینی رژێمەکانی ناوچەکە (رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا) بەوپێیەی ڕێگری سەرەکین لەبەردەم پرۆسەی کرانەوە بەرووی دیموکراسی و ئازادیدا. بەتایبەتی کە ئاستی نارەزایەتییەکانی گەلانی ئەو وڵاتانە گەیشتووەتە رادەی

مەترسی لەسەر ئایندەی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و سەرمایەداری جیهانی.

-بڵاوکردنەوەی چەمکی لیبرالیزمی نوێ وەک ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئەمەریکی بۆ ئازادی تاک و کۆمەڵ و بڕەودان بە کلتووری ئەمەریکی وەک پارێزەری بەهاکانی مرۆڤایەتی.

-کۆتاییهێنان بە سیستمی تۆتالیتار و شکاندنی تەلیسمی سەرکردەی کاریزما و دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز لەبەرامبەر چەسپاندنی پرنسیپی پلورالیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ بچووکترین بازنە کە لە ئەنجامدا بەرەو نەمانی سەروەری و دەسەڵاتی دەوڵەت دەچێت.

-قۆناغی گواستنەوە لە سیستمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی و فرەیی پرۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆزە کە ماوەکەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ڕێژەییە. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە لەبەرچاوگرتنی قووڵی قەیرانەکان و کەڵەکەبوونی کێشە و ململانێکان پێشبینی دەکرێت کە لە پانزە بۆ بیست ساڵ بخایەنێت (عیراقی دوای ڕژێمی سەدام زیندووترین نموونەیە لەو بارەیەوە). ماوەی بیست ساڵ بەسە بۆ سیستمی سەرمایەداری جیهانی بەگشتی و ئەمەریکا و ئەوروپا بەتایبەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە و دەستەبەرکردنی گەورەترین بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و زەمینەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنانی گەورە لە ناوچەکەدا کە زامنی چارەسەرکردنی پێبەپێی قەیرانە ئابوورییەکانیان و زامنی بوژاندنەوەی ئایندەیان بێت.

سیما هاوبەشەکانی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی

لە ڕووماڵکردن و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ کۆی ئەو ڕووداوانەی لە ساتی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و شۆڕشەکانی ناوچەی عەرەبیدا هاتنەپێش و هێشتا بەردەوامن، چەندین خەسڵەت وسیمای هاوبەش بەدیدەکەین کە جێی ڕامان و لێکدانەوەن و پرسیاری جیدی دەوروژێنن لەبارەیانەوە کە دیارترینیان بریتین لە:

-هەموو شۆڕشەکان بەناوی لاوانەوە لە فەیسبوکەوە ڕادەگەیەنرێن.

-هەموو شۆڕشەکان ناوی ڕۆژ هەڵدەگرن نموونەی ١٤ی یەنایەری تونس، ٢٥ی یەنایەری میسر، ١٧ شوباتی لیبیا. کە هێمایە بۆ نەبوونی خەسڵەتی نەتەوەیی و مەزهەبی و نیشتمانی بۆ ناوەکان.

-سەرەتای خۆپیشاندان بە داواکاری دیاریکراو دەستپێدەکات وەک چاکسازی و هەڵبژاردن و هەموارکردنی دەستوور و نەهێشتنی گەندەڵی، بەڵام لەگەڵ بەردەوام بووندا هیچ بواریێک بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن نامێنێتەوە و دروشم و داواکاری سەرەکی و تەنیا بریتی دەبێت لە (ارحل) واتە رووخانی رژێم و دادگاییکردنی.

-هەموویان یەک دروشم، بە یەک ریتم، وشە بە وشە دەڵێنەوە «الشعب یرید اسقاط النظام».

-توندکردنەوەی چالاکییەکانی راپەڕین لە رۆژانی جومعەدا لە ژێر ناوی جیاجیادا.

-لەتەک دروشمە ئیسلامییەکان و هاواری بەردەوامی (الله اکبر)ی ناو خۆپیشاندەراندا، تاکوتەرا وێنەیەکی گیڤارا بەدەست گەنجێکەوە دەبینرێت. ئەم دیاردەیە چەندین پرسیار لەخۆیدا هەڵدەگرێت، دیارترینییان ئەو پارادۆکسەیە کە لەناو لاوازی و پەرتەوازیی ئاشکرای هێزە چەپ و بزووتنەوە کرێکارییەکان و سەندیکاییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا وێنەی سەرکردەیەکی جەنگی پارتیزانی سەردەمی قۆناغی شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانی، کە لەلایەن ئەمەریکاوە تیرۆرکرا، چ مانا و دیدێک بە بەهاری عەرەبی ببەخشێت؟!

- بەجیاوازی کەیسەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان یەک میکانیزم پیادە دەکات بۆ مامەڵەکردن لەتەکیاندا کە لە چوار قوناغ پێک دێت، نیگەرانی لەئاست بارودۆخەکە، ئیدانەکردنی رەفتارەکانی دەسەڵات، سەپاندنی سزا، دەستوەردانی راستەوخۆ تا رووخانی رژێم.

لە چاوەڕوانی وەرزی دوای بەهاری عەرەبیدا

لەماوەی یەک ساڵی تەمەنی راپەڕینی عەرەبیدا، هەریەک لە رژێمەکانی تونس و میسر و لیبیا رووخان و یەمەن و سووریاش لە لێواری رووخاندان. ئەوەی تا ئێستا بەدڵنیاییەوە دەرکەوتووە برتییە لە سەرکەوتنی پارتە ئیسلامییەکان بەبێ رکابەری راستەقینە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد و دوور لە ساختەکاریدا لە هەریەک لە تونس (حزبی نەهزەی ئیسلامی بە رێژەی ٤١٪) و میسر (حزبی عەدالەت وئازادی کە باڵی سیاسی ئیخوانە لەگەڵ حزبی نووری سەلەفی بە رێژەی ٧٠٪). ئەڵبەت هیچ گومان لەوەشدا نییە کە چارەنووسی سیستمی سیاسی لە لیبیادا هەر لەدەستی زۆرینەی رەهای ئیسلامیدا دەبێت و بە نیسبەت سووریاشەوە لە ئێستاوە دیارە کە سەنگی ئیسلامییەکان(بەتایبەتی ئیخوانەکان) لەناو بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا لەهەمووان

زیاترە و لەسەر زەویش لە هەمووان ڕێکخراوتر و بە هێزترە. هەمان سیناریۆ لە یەمەن ئەگەری ڕوودانی بەهێزە و هەروەها ئەو ڕاستییەش وەبیردەهێنینەوە کە چەندین ساڵە پارسەنگی هێزی سیاسی لە ئوردن بەلای ئیسلامییەکاندا شکاوەتەوە بەتایبەتی (جبهه العمل الاسلامی) کە لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێشووی پەرلەماندا لە ٢٠٠٧ دەنگێکی باشیان هێنا و لەسەر شەقامیش لەگەڵ سەلەفییەکاندا زۆرترین کاریگەری و ئامادەییان هەیە.

لەکاتێکا هێشتا ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی میسر ڕانەگەیەنرابوو، جای کارنی وتەبێژی فەرمی کۆشکی سپی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ڕێز لە خواستی گەلی میسر و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەگرێت لەهەمان کاتدا جەخت لەسەر پێویستی ڕێزگرتن و پابەندبوونی میسر دەکاتەوە بەرامبەر بە بەڵێننامە و ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل. بەدوای ئەودا و بۆ هەمان مەبەست ولیەم بێرنز، یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، گەیشتە قاهیرە و لەگەڵ محەمەد بەدیع، ڕابەری ئەخوان، کۆبووەوە و ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوانیانی بە سوودبەخش و ئیجابی وەسف کرد.

ئەوەی بەسەر زاری زۆربەی چاودێرانی سیاسی و ڕاگەیاندنە جیاجیاکانی جیهانەوەیە، باسکردنی جۆرێک لە ڕێککەوتنی نافەرمییە لەنێوان ئەمەریکا و هێزە ئیسلامییە بەناو میانڕەوەکاندا بۆ هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەوان بەرامبەر بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا. بۆ ڕووپۆشکردن و نمایشکردنی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە شێوەیەکی مۆدێرن و قبووڵکراودا لە هەر یەک لەو وڵاتانەی تیایاندا سەردەکەون، جۆرێک لە هاوپەیمانی و شەراکەت لە دەسەڵات لەنێوان ئیسلامییەکان و هێزە لیبراڵە نوێیەکاندا پێکدەهێنن (نموونەی حزبی نەهزەی ئیسلامی وحزبی کۆنگرە لەپێناو کۆماریدا لە تونس).

سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمە تۆتالیتارەکان ناوی بەهارەکەی گۆڕیوە بۆ «بەهاری ئیسلامی» ئەگەرچی نزیکەی دوو دەیەیە بیرمەندان و تیۆریستە ئیسلامییەکان باس لە ڕابوونی ئیسلامی دەکەن بەڵام ئەوەی بۆ گەلانی بەشمەینەت و خەڵکی ڕاپەڕیوی ناوچەکە مایەی پرسیار و چاوەڕوانی و ئومێدە ئەوەیە؛ ئایا دەرەنجامی کۆی ئەم باهۆزی ڕاپەڕین و ئاڵوگۆڕە سیاسییانە لە

بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت؟ ئایا چەندیان ماوە بۆ گەیشتن بە سیستمێک کە زامنی ژیانێکی ئازاد بێت و پارێزەی راستەقینەی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی عەدالەت و یەکسانی بێت؟ لەنێوان ئومێدی رەوای خەڵک بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی دیموکراسی مەدەنی کە ئازادی و ژیانی پڕ کەرامەت فەراهەم بکات بۆ هاونیشتمانیان و بەڵێنەکانی ئیسلامی سیاسیدا، بە رەوتی میانڕە و سەلەفییەوە، سەرەتای ئەزموونێکی نوێ و قۆناغێکی جیاواز لە مێژووی گەلانی ناوچەکەدا دەرکەوتووە کە هەندێک لە ئێستاوە نوقلانەی هیوابەخشی بۆ لێدەدەن و هەندێکی تریش تارمایی هەورێکی رەش بەسەر ئاسمانی ناوچەکەوە دەبینن کە نازانرێت چەند دەمێنێتەوە و چی لێدەکەوێتەوە؟!

سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە
- راپۆرتەکانی گەشەپێدانی مرۆیی عەرەبی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٠٤-٢٠١٠)
- وتاری باراک ئۆباما لە قاهیرە لە ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٩
- وتاری باراک ئۆباما لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ١٩ی مایسی ٢٠١١
- وتاری کۆندالیزا رایس لە لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکا-ئیسرائیل لە ٢٠٠٥
- چەندین ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی هەواڵ و زانیاری

لەبارەی ڕەهەندەکانی کێشەی کەرکوکەوە

دەوڵەتی عیراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن لە ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ بەپێی پرۆتۆکۆلێکی سیاسی لە نێوان هێزە عیراقییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەوسا و هێزەکانی هاوپەیمان(ئەمەریکا و بەریتانیا) پێکهات کە لە کۆنگرەی لەندەن لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢دا خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ئایندەی عیراقیان دیاری کرد لە چوارچێوەی دروشمەکانی فیدراڵی و دیموکراسی و فرەیی و پەرلەمانی لە عیراقێکی یەکگرتوودا. هەمان ئەو پرنسیپانە دواتر لە کۆنگرەی هاوینەهەواری (صلاح الدین) لە ٢٧ ی شوباتی ٢٠٠٣ دا لە کوردستان جەختیان لەسەر کرایەوە.

ئەمەریکییەکان زۆر مەبەستیان بوو تەواوی هێزە عیراقییەکان بە جیاوازی ئایدیۆلۆژی و نەتەوە و مەزهەبەوە لە یەک گوتاری سیاسی نیشتمانیدا کۆبکەنەوە کە لەیەک کاتدا بتوانێت دوو ئامانج بپێکێت؛ یەکەمیان بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی وڵاتانی عەرەبی و دراوسێکانی عیراق و دەرەوە لەسەر مەترسی دابەش بوونی ئەو وڵاتە و دووەمیشیان بۆ مسۆگەرکردنی پاڵپشتی و هاوکاری فراوانترین بنکەی جەماوەری عیراقی لە بڕیاری جەنگ دژ بە ڕژێمی سەدام حوسێن.

بەڕای من ئەو پرۆتۆکۆلە سیاسییە جگە لە ڕێککەوتنێکی(جێنتڵمان)ی هیچی

تر نەبوو، بەوپێیەی هەر لەگەڵ گەڕانەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بۆ ناو عیراق کۆمەڵێک ئەجندای سیاسی دژ بەیەک وەک واقیعێکی حاشا هەڵنەگر خۆیان بەیان کرد. دیارترین خەسڵەتی واقیعی دوای رووخانی رژێمی بەعس بریتیی بوو لە سەپاندنی ناسنامەی تایەفی بەسەر پانتاییەکی فراوان لە نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافی عیراقدا لە رێگەی نوێنەرایەتی کردنی هێزە ئاینیەکانەوە، کە لە هەمان کاتدا وەک مەرجەعی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بۆ زۆربەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشوور و ناوەراستی عیراق سەنگ و رۆڵی خۆیان چەسپاند.

بە نیسبەت کوردەوە، لە چەند رووەیکەوە هەلومەرجەکە تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازتری هەبوو کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

-واقیعی فیدرالییەت کە لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە لە هەرێمی کوردستاندا بەرقەرار بوو لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لای سەرجەم هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی عیراق قبوڵکران وەک تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئیداری لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عیراقدا. بەمەش گەلی کوردستان قۆناغێکی گەورەی لە مێژووی خەباتی سیاسی خۆی تێپەڕاند و ئەو پەسەندکردنەی بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆخۆی تۆمارکرد.

-کێشەی سیستمی سیاسی و دەسەڵات لە کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر یەکلا ببووەوە، ئەگەرچی هێشتا دەستووری هەرێم بە رەسمی پەسەند نەکراوە، بەڵام کارکردن بە سیستمی پەرلەمانی و فیدرالیزم و دیموکراسی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی سێکیولاریزم وەک خەسڵەتە سەرەکییەکانی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا تا رادەیەکی زۆر بەرجەستە بوون.

-پاش کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی مەرکەزی لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ١٩٩١ دا، ئەم هەرێمە جۆرێک لە کرانەوەی بەسەر دنیای دەرەوەدا بینی. لەگەڵ بەرقەرابوونی ئارامییەکی تا رادەیەک جێگیردا، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی بوارەکانی ئابووری و فەرهەنگی بەردەوام بوو شانبەشانی باشتر بوونی باری گوزەرانی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بوون.

پاش رووخانی رژێمی بەعس، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پابەندبوونی خۆی بە مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا دووپات کردەوە لەپاڵ بەشداریی کردنێکی

کارا لە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا هەر لە دارشتنی دەستوری نوێ و پەرلەمانەوە تا پێکهێنانی حکومەت و دامەزراوەکان.
هەڵوێست و داخوازییەکانی کورد لەو قۆناغە نوێیە و لەناو ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەیەدا کە ئایندەی عیراقی دیاری دەکرد لە دوو خاڵی سەرەکیدا بەرجەستەبوون:
یەکەم: ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی ناوەندییەوە لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و بوارەکانی ترەوە لە چوارچێوەیەکی دەستوری و یاساییدا کەزامنی پاراستنی مافە سەرەکیەکانی گەلی کوردستان بێت.
دووەم: کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لە سنووری هەرێمی کوردستانی عیراق: ئاشکرایە کە بە درێژایی دەیان ساڵ لە دەسەڵاتی رژێمە شۆڤێنییەکانی پێشوو لە ئەنجامی پەیرەوکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچە کوردییەکان بە دەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە سنووری ئیداری پارێزگاکانی کوردستان دابڕابوون یاخود ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هێنرابوو. لە هەمووشیان گرنگتر پارێزگای کەرکوک بوو، کە بۆ نزیکەی چل ساڵ وەک گرێی سەرەکی بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراقدا ماوەتەوە.

کرۆکی ئەم باسە تایبەتە بە لێدوان لە خاڵی دووەم و بەتایبەتی لەبارەی مادەی ١٤٠ ی دەستور کە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو بارودۆخە شێواوە دارێژراوە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەو ناوچانەی بەر سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و گۆڕینی باری دیمۆگرافی کەوتوون لەناویشیاندا پارێزگای کەرکوک تا دەگاتە سەرژمێری و ڕاپرسی بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە لەناویشیاندا کەرکوک.
لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە ٨ ی مارسی ٢٠٠٤ دا دەرچوو، مادەی ٥٨ تایبەت بوو بە دانانی میکانزمی یاسایی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاساییکردنەوە، دواتر ناوەڕۆکی ئەو مادەیە گواسترایەوە بۆ دەستوری نوێی عیراق لەناو مادەی ١٤٠ دا.
دەتوانین بڵێین کە ئەو مادەیە بەرجەستەکردنی داخوازییە سەرەکییەکانی گەلی کوردستانە لە چوارچێوەیەکی دەستوری و یاساییدا و لەهەمان کاتیشدا مەرجی

بەشداری کردنی کوردبوو لە پەرلەمان و حکومەت و تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا.

بۆیە بەلای سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە جێبەجێکردنی تەواوی ئەو مادەیە واتە گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کوردستان و دەستەبەرکردنی متمانەی پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا کە تا دوێنێ زیاتر لە چوار ملیۆن مرۆڤی کوردی وەک هاونیشتمانی پلە دوو دەناساند و بە نامرۆڤانەترین شێوە هەوڵی لەناوبردنی دەدا.

ئەوەی مایەی نیگەرانی و هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە هەریەک لە حکومەتەکانی ئەیاد عەلاوی و ابراهیم جعفری لە ماوەی دوو ساڵدا هیچ هەنگاوێکیان بەئاراستەی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە نەنا. دواتر و پاش پێکهێنانی کابینەی سێیەم لەلایەن نوری المالکی یەوە لە مایسی ٢٠٠٦، لە کارنامەی وەزاری حکومەتەکەیدا لە بڕگەی ٢٢ و لە چوارچێوەی خشتەکاتێکدا هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی خستە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە بە زۆرینەی رەهای دەنگەکان پەسەندیان کرد.

لە مانگی ئابی ٢٠٠٦ بە فەرمانی سەرۆک وەزیران لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ پێکهات کە لەکۆی یانزە ئەندام سێیان کوردن. ئەو لیژنەیە دوای پێنج مانگ لە پێکهێنانی چوار بریاری تایبەت بە قۆناغی ئاسایی کردنەوەی دەرکرد لەو ناوچانەی کە مادەکە دەیانگرێتەوە، بەتایبەتی شاری کەرکوک. پاشان دوای سێ مانگ، واتە لە ئازاری ٢٠٠٧، سەرۆک وەزیران پەسەندی کردن و نزیکەی یەک مانگیش دوای خستن بە بیانووی ناردنیان بۆ بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردنیان. کەواتە ئیرادەیەکی سیاسی نابەرپرس و دواخستنێکی بە مەبەست هەبووە بۆ جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠دا.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا روودەدەن کە نەیارانی جێبەجێکردنی مادەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەردەوام سەرگەرمی بەگەڕخستنی چالاکی سیاسی و میدیایی و جەماوەرین لەدژی ئەو مادەیە، بە تایبەتی ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە ئەنجامدانی راپرسی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئیداری پارێزگای کەرکوک کە بڕیاربوو بەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا ئەنجام بدرێت.

لە بەرامبەر ئەو هەموو دواخستن و ئاستەنگانەی دەخرێنە پێش جێبەجێکردنی

مادەی ١٤٠ و لە ناو قسەو باسی گەرمی هەندێک نێوەندی سیاسی و ستراتیژیی و دەوڵەتیدا، نمونەی راپۆرتی بیکەر- -هاملتۆن لە دێسەمبەری ٢٠٠٦ و دوو راپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٦ و نیسانی ٢٠٠٧ بۆ دواخستنی راپرسی لەسەر چارەنووسی کەرکوک و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لە دەرەوەی میکانیزمەکانی مادەی ١٤٠، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تا ئێستا جگە لە جەخت کردنەوە لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی مادەکە خۆی لە قەرەی باسکردنی هیچ ئەگەرێکی تر نەداوە.

مادەی ١٤٠ لەکوێدا وەستاوە؟

راستە کێشەی کەرکوک مەسەلەیەکی ناوخۆیی عیراقە و لە چوارچێوەی مادەیەکی دەستوریدا ڕێگەچارەی بۆ دیاریکراوە، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی هەن کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەرییان هەیە بەسەر ئاراستەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ لە کەرکوک و ناوچەکانی تردا، جگە لە کۆمەڵێک فاکتەری بابەتیی تایبەت بە پێکهاتەی ئیتنی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو شارە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە فاکتەرە سەرەکییەکان دەکەین لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا لەگەڵ سەرنج دانێکی خێرا بە فاکتەرە بابەتییەکانی تایبەت بە کەرکوک بەمەبەستی درووستکردنی تێڕوانینێکی گشتگیر و وورد بۆ کێشەکە و کارکردن لەسەر هەموو ئەگەرەکان:

- خاڵی سەرەکی کۆکردنەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و هەر چوار کابینە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی عیراق لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە بریتی بووە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، بەڵام لە هەردوو کابینەی ئیبراهیم جەعفەری و هەردوو کابینەی نوری مالیکی دا وەک مەرجی پێشوەخت بۆ پێکهێنان و بەشداریکردنی کورد لە حکومەتدا خراوەتەڕوو. لە کاتێکا جگە لە نەیارانی ئەو مادەیە لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و حکومەت و دەرەوەشیدا، لەناو خودی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانیدا نەیارانی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە زۆرترن لەوانەی کە لەگەڵ جێبەجێکردنیدان. کەواتە دەتوانین بڵێین؛ لە بنەڕەتدا ئیرادەیەکی سیاسی راستگۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی غەیرە کوردی عیراقەوە لە ئارادا نیە بە ئاراستەی جێبەجێکردن. هەڵوێستی ئاشکرای لیستی عیراقییە ورەوتی سەدر و بەرەی تورکمانی نمونەی ئاشکرای ئەم بۆچوونەن.

–لە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەتی عیراقیشدا، سەرجەم گرووپە نەیارەکان، هەر لە رەوتە ناسیۆنالیستە عەرەبیەکانەوە تا گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، بە ئاشکرا لە ژێر دروشمی بەتەنگەوەهاتنی یەک پارچەیی گەڵ و خاکی عیراق مادەی ١٤٠ بە هەرەشەیەکی راستەوخۆ دەزانن.

–هەڵوێستی رەسمی هەندێک لە وڵاتانی دراوسێی عیراق بە رووبی دژ بە جێبەجێکردنی مادەی ناوبراوە، بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی پەیوەستە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی ئیداری پارێزگای کەرکوک. تورکیا لە هەمووان زیاتر کار بۆ پەکخستن وەیا ئاڵوگۆڕ لەو مادەیەدا ئەکات. ئەڵبەت بیانووە راگەیەندراوەکان و هۆکارە راستەقینەکانی ئەو هەڵوێستەش دیار و زانراون کە لێرەدا بواری باس کردنیان نیە. لەو پێناوەدا تورکیا توانیویەتی هێزگەلێکی سیاسی لەناخۆی عیراق لە پێش هەمووشیانەوە بەرەی تورکمانی و لۆبییەکی تورکی لەسەر ئاستی دەرەوە بخاتەگەڕ.

–ئەگەرچی لەسەر ئاستی رەسمی هەڵوێستی ئەمەریکا و بەریتانیا جەختکردنەوەیانە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ و ئەو میکانیزمە یاساییەی بۆی دیاریکراوە، بەڵام لێرەولەوێ و لەهەندێک بۆنەدا لێدوان و هەڵوێستی تەواو پێچەوانە دەبیستین لەلایەن ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەمەریکی وبەتایبەتیش سیناتۆرە دیموکراتەکان کاتێ باس لە مەترسییەکانی کێشەی کەرکوک و رێگەچارەی جیاواز دەکەن. ئەمەریکا بەحوکمی کۆمەڵێک فاکتەر تا کۆتایی٢٠١١ کاریگەرترین ئەکتەر بووە لەناو گەمە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی عیراقدا، بۆیە هەمیشە لە کاتی دروست بوونی هەر قەیرانێک لە پرۆسەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دا ئەمەریکییەکان سەنگی خۆیان خستبووە گەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ گەرەنتییەک نیە کە چارەسەرەکان تەواو لەگەڵ داخوازییەکانی کورددا بێنەوە.

–لەسەر ئاستی ناوخۆی کەرکوک، دوابەدوای یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کە لایەنە عەرەبی و تورکمانییەکانیش بەشداریان تیاکرد، پارسەنگی هێز بەلای لیستی برایەتی کەرکوکدا شکایەوە کە مەسەلەی گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ ی ئەوسا لەسەرووی بەرنامەی هەڵبژاردنییەوە بوو. هەر لە سەرەتاوە لیستەکانی تری ناو ئەنجومەن کە لە کۆی

٤١ کورسی تەنیا ١٥ کورسیان بەرکەوتبوو و نوێنەرایەتی زۆرینەی عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوکیان دەکرد، هەڵوێستی یەکگرتووی خۆیان لە ئاست پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجومەن و پرۆسەی ئاساییکردنەوە خستەڕوو. ئەوان ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێیان وایە کوردەکان تەزویری زۆریان کردووە بۆ سەرخستنی لیستی برایەتی و ئەنجومەن و پارێزگایان قۆرخ کردووە. لە بەرامبەر مادەی ١٤٠ دا، داوادەکەن پرۆسەی ئاساییکردنەوە و راپرسی لەسەر چارەنووسی ئیداری کەرکوک لێک جیابکرێنەوە. بۆیە بەردەوام کار بۆ دوو پێشنیار دەکەن، یەکەمیان ؛ بەرێوەبردنی هاوبەش لە نێوان نەتەوەکانی کەرکوک لەسەر ئاستی پارێزگا و دووەمیش؛ مانەوەی کەرکوک وەک پارێزگایەک وەیا هەرێمێکی سەربەخۆ . لەو پێناوەشدا وەک بەرەیەک کاریان کردووە و لە ماوەی تەمەنی ئەنجومەندا کە بۆ زیاتر لە دوو ساڵ دەچێت چەندین جار بایکۆتیان کردووە و وەک ئۆپۆزیسیۆن هەڵسوکەوتیان کردووە. ئەمە جگە لەوەی گوتاری سیاسی و راگەیاندنیان هەمیشە بە ئاراستەی پەکخستنی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک و مادەی ١٤٠ بووە و بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا هەڵوێستەکانیان لەگەڵ ئەجندای سیاسی دەوڵەتە نەیارەکانی ئەو مادەیەدا یەکخستووە. تەنیا ئاڵوگۆڕێک لەم بوارەدا کە هاتبێتەپێش بریتییە لە پێدانی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بە ئەندامێکی ئەنجومەن لە لیستی بەرەی تورکمانانی عیراق لە مانگی مایسی ٢٠١١دا وەک ئاماژەیەک بۆ نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی سیاسی لەنێوان کورد و تورکمانی ئەو پارێزگایەدا، بەڵام نە لەسەر ئاستی فەرمی و نە لەسەر ئاستی گوتاری راگەیاندن هەڵوێستی بەرەی تورکمانی گۆڕانی ئەرێنی بەخۆوە نەبینیوە بەرامبەر بە مادەی ١٤٠ و داخوازییەکانی کورد بەگشتی.

لاوازی گوتاری سیاسی کوردستانی و نەبوونی بەرنامە و سیتراتیژێکی تۆکمە و رۆشن سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکان بەگشتی و کەرکوک بەتایبەتی، هەروەها لاوازی ئەدای سیاسی و ئیداری کورد لە کەرکوک، هەموو ئەمانە زەمینەیەکی لەباریان رەخساندووە بۆ نەیارانی مادەی ١٤٠ تا بە ئاسانی بانگەشە بۆ هەڵوێست و بۆچوونەکانیان بکەن و تا رادەیەکیش کاریگەری راستەوخۆیان بەجێهێشتووە لەسەر ئەو پێشنیار و بەدیلانەی وەک چارەسەری کێشەی کەرکوک لە دەرەوەی مادەی ١٤٠ لەساڵی ٢٠٠٦ هوە لەسەر هەندێک ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەکرێن.

کە باس لە قەیران دەکەین، دروست مەبەستمان ئەو کاتەیە کە چی تر مومکین نەبێت بە پشت بەستن بە بەڵێن و خشتەکاتی جیاجیا مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت. ئەوسا پێویست بە گفتوگۆی جیدی دەکات لەبارەی ڕێگەچارەکان و تێپەڕاندی قۆناغی قەیران.
لە هەلومەرجێکی وەهادا دەکرێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پرۆژەیەک گەڵاڵە بکات کە ئامانجی ستراتیژی بریتی بێت لە گەڕانەوەی تەواوی پارێزگای کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و لەئاست هەر پرۆژە و ئەگەرێکدا هەڵوێستی ئاشکرا و یەکگرتوویان هەبێت. ئەڵبەت جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ پێویستە لەسەرووی هەر پرۆژە و بەرنامەیەکی کوردستانی بێت.

گەڕاندنەوەی سنوورە دابڕاوەکان

بەپێی بڕگەی (ب) لە مادەی ٥٨ ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ دا دەرچوو، لەسەر سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتی عیراقییە پێشنیاز پێشکەش بە پەرلەمان بکەن بۆ چارەسەرکردنی سنوورە ناوخۆییەکان کە لەسەر دەستی رژێمی لەناوچوو بە ئامانجی سیاسی دەستکاری کرابوون. لە خولی پێشووی سەرۆکایەتیدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەبوو (سەرۆک تاڵەبانی و هەردوو جێگرەکەی تاریق هاشمی و عادل عەبدولمەهدی) کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە کۆدەنگی ئەنجومەنەکە پێویست بوو، بەڵام لە خولی ئێستادا خودی سەرۆک کۆمار هەمان ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ئەنجومەنەکەی پێشوو هەیبوو. لەسەر ئەو بنەمایە سەرۆک تاڵەبانی بەر لە چەند مانگێک پرۆژەیەکی پێشنیازکراوی ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران کرد کە تیادا سەرجەم سنوورە دەستکاریکراوەکانی پارێزگاکانی عیراق دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی بەر لە دەستکاری کردنیان.

بەدەر لەهەر تێبینی و هەڵوێست و ڕاڤەی جیاجیا سەبارەت بەو مەسەلەیە، ئەو پرۆژەیە یەکێکە لە هەنگاوە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ کە کورد هەمیشە جەختی لەسەر دەکاتەوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە سنووری ناوچە جێناکۆکییەکانە، بەتایبەتی کەرکوک، بەهیوای گەڕاندنەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. لەم رووەوە پرۆژەکە لەسەر دەستی سەرۆک تاڵەبانی بێت بۆ ئێمە باشترە دەنا لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی لە پەرلەماندا ئەوا روون نییە ئایا سەرۆک کۆمار پێویستە بۆ هەمان مەبەست کەسێکی بێلایەن بۆ دادوەری و ئامادەکردنی پێشنیاز

دیاریبکات یان ئەگەر ئەوەش نەکرا داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات تا کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی ناسراو وەک دادوەر دیاریبکات؟ لەهەموو حاڵەتێکدا بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی سنوورە ناوخۆییە دەستکاریکراوەکان، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هیچ مانایەکی نابێت، هەروەک چۆن لە بڕگەی (ج) مادەی ٥٨دا بە روونی باس لەوەکراوە کە چارەسەری کۆتایی بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکییەکان بە کەرکوکیشەوە، واتە سەرژمێری و راپرسی، دەکەوێتەوە دوای هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە و گەڕاندنەوەی سنوورە دەستکاریکراوەکان بۆ دۆخی جارانیان بەومەرجەی چارەسەری کۆتایی هەماهەنگ بێت لەگەڵ بنەماکانی عەدالەت و لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی دانیشتوانی ناوچەکان کە لەهەمان بڕگەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە ئەم دوو بنەمایەش هەر بۆ مەبەستی سیاسی دەکرێت راڤەی جیاجیایان بۆ بکرێت.

پرۆژەکەی سەرۆک لە رووی یاسایی و ئامادەکردنەوە پوخت و تەواوە، بەڵام لەبارەی کۆی پرۆسەکە و هەنگاوەکانی دواترەوە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو کە دەکرێت بەهەند وەربگیرێن و قسەیان لەبارەوە بکرێت:

- دیاریکردنی کات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەلایەن دەسەڵاتی تەنفیزییەوە بە پێویست دەزانرێت، بەتایبەتی کە لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق خۆیان لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دزیوەتەوە.
- بەهەمان شێوە، لە دوای جێبەجێکردنی پرۆژەکەی سەرۆک پێویستە پەلە بکرێت لە هەنگاوەکانی پێویست بۆ پرۆسەی سەرژمێری و دواتریش راپرسی لەسەر چارەنووسی ناوچەکان، دەنا بەمانەوەیان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان واقیعی دابڕان زیاتر دەچەسپێت، بەتایبەتی کە هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە لە رووبەر و نزیکەی نیو ملیۆن لە دانیشتوانی هەرێم کەم دەبنەوە.
- جەخت لەسەر بەردەوامبوونی بەرپرسیارێتی هاوبەشی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم بکرێتەوە لە بەرێوەبردنی ناوچە جێناکۆکەکان بەهەمان شێوەی بەر لە گەڕاندنەوەی سنوورەکان بۆ دۆخی راستەقینەی خۆیان.
- پێویستە ئەو راستییە لەبەرچاو بگیرێت کە مادەی ١٤٠ یەک پاکێجە و قابیلی لەتکردن نیە، بەو مانایەی ناکرێت بڕگەیەک یان هەنگاوێک جێبەجێ بکرێت و یەکێکی تر پشتگوێ بخرێت و کۆی پرۆسەی جێبەجێکردنەکە پەکبخرێت

وەک ئەوەی تا ئەمڕۆ بەردەوامە، بەڵکو پێویستە ئاسانکاری لە میکانیزمەکانی جێبەجێکردندا بکرێت، بۆ نموونە دەکرێت دوای گەڕاندنەوەی سنورەکان و لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەی قەرەبووکردنەوەدا سەرژمێری بکرێت و بەدوای ئەویشدا راپرسیش ئەنجام بدرێت.

بیرۆکەی بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکوک

لە دوای راگەیاندنەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین لە ٢٧ ی تشرینی یەکەمدا بۆ بەهەرێمکردنی ئەو پارێزگایە، مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاستی دەسەڵات و ناوەندە سیاسییەکان درووستبووە. کورد کە لەبەرەی پێشەوەی بانگەواز و داکۆکی لە سیستمی فیدراڵی و پێکهێنانی هەرێمی تر بووە، لەمبارەیەوە هەڵوێست و کاردانەوەی لەنێوان پێشوازی و نیگەرانی و چاوەڕوانیدا ساغنەبووەتەوە. سەرەڕای جیاوازی کاردانەوە و هەڵوێستەکان و ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی راگەیاندنەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدینی تیا بڵاوکرایەوە، بەڵام بەدوایدا پارێزگا سوننە نشینەکانی عەرەب هەرەشەی هەمان بڕیاریان لە حکومەتی ناوەندی عیراق کرد.

ئەوەی بۆ ئێمەی کورد مایەی پرسیار و نیگەرانییە لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆدەکرێنەوە؛ چارەنووسی ناوچە جێناکۆکییەکان و بەپراکتیزەکردنی هەوڵەکانی بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکوک. لەم کورتە وتارەدا تەنیا باس لە خاڵی دووەمیان دەکەین.

ئاشکرایە کە چارەنووسی ئیداری کەرکوک پێویستە بەگوێرەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور ساغبکرێتەوە، دوای ئەوەی پرۆسەی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری تیادا ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی بەرەی نەیارانی ماددەکە کە هەمیشە باس لە بەسەرچوونی کاریگەرییەکەی دەکەن، ئەوەتا دوای حەوت ساڵ لە دەرچوونی ئەو مادەیە هێشتا پرۆسەی جێبەجێکردن لە قۆناغی یەکەمدایە و پێناچێت بۆ چەند ساڵێکی تریش لەو قۆناغە ببینەوە. لەگەڵ ئەو راستییەشدا بوونی ئەو ماددەیە تا ئێستا رێگری لە دوو هەوڵی کوتلەکانی ناو ئەجومەنی پارێزگای کەرکوک کردووە بە ئاراستەی بڕیاردان لە چارەنووسی پارێزگاکە؛ یەکەمیان لە ٢٠٠٦/٥/٣٠ کاتێ هەردوو گرووپی تورکمانی و عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە یاداشتنامەیەکی هاوبەشدا داوایان لە ئەنجومەنی وەزیران کرد بەپێی مادەی ١١٩ی دەستور کە تایبەتە بە پێکهێنانی هەرێمەکان، کەرکوک وەک هەرێمێکی سەربەخۆ

بناسرێت بەڵام ئەو داوایە بەفەرمی رەتکرایەوە. دووەمیشیان راگەیاندنەکەی لیستی برایەتی کەرکوک بوو بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٨/٧/٣١ پاڵپشت بە یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٨ کە بەهەمان شێوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەتکرایەوە. هەر لەو بارەیەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە پارتی (تورکمان ئیلی) لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ پرۆژەی «هەرێمی کەرکوک»ی خستە بەردەم دەسەڵاتدارانی عیراق و خودی سەرۆک کۆمار، لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیشدا خستیانەروو بەڵام هیچی لێ سەوز نەبوو. پرۆژەکەی تورکمان ئیلی لەلایەن تورکەکانەوە، وەک دوا چارەسەر بە هەندێک مەرجەوە، پشتیوانی لێدەکرێت و گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیش بەهەمان شێوە وەک چارەسەر بۆ کێشەی کەرکوک لە راپۆرتێکی خۆیاندا لە ١٩ی نیسانی ٢٠٠٧دا پێشنیازیان کردووە.

لە راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق UNAMI کە لە مانگی شوباتی ٢٠٠٩دا لەبارەی ناوچە جێناکۆکییەکانەوە بڵاوکرایەوە، یەکێک لە پێشنیازەکان بریتیی بوو لە بەهەرێمکردنی کەرکوک وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ. ئەڵبەت راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەدەر لەوەی تاچەند لەلایەن حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستانەوە بەهەند وەردەگیرێت، وەک دۆکیومێنتی فەرمی لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایش گرنگی خۆی هەیە و لەکاتی سپاردنی هەر کێشەیەک بەو ئەنجومەنە پشت بەو راپۆرتانە دەبەستن. بەنیسبەت ئەمەریکاشەوە ئەگەرچی تا ئێستا بەفەرمی هەڵوێستێکی روونیان لەو بارەیەوە نییە و پێدەچێت لەکات و وادەی خۆیدا قسەی لەبارەوەبکەن، بەڵام نزیکترین و واقیعیترین بیرۆکە بۆ دیاریکردنی رێوشوێنی ئیداری و سیاسی و ئەمنی وگەشەپێدان لە پارێزگای کەرکوک تا چارەسەری کۆتایی کێشەکانی، بەلای ئەوانەوە بریتییە لە پێشنیازی special status واتە «وەزعی تایبەت» کە بەلای زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کەرکوک و دەسەڵاتدارانی عیراقیشەوە مایەی پێشوازی لێکردنە.

کەواتە لە یەکەم سەرنجەوە بۆمان دەردەکەوێت، تا ئەمڕۆ کورد تەنیا لایەنە کە پێداگری لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکات لەکاتێکا سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، بە حکومەتی عیراقیشەوە، یان لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نین

یاخود قسە لەسەر میکانیزم و ڕێوشوێنی تر دەکەن بۆ ساغکردنەوەی کێشەی چارنووسی ئیداری پارێزگای کەرکوک.

گومان لەوەدا نییە کە ڕاگەیاندنەکەی پارێزگای سەلاحەدین، بەرەی نەیارانی مادەی ١٤٠ بەهێزتر دەکات بۆ قسەکردن لەسەر بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکوک، بەڵام ئایا هەڵوێستی کورد لە ئەگەری هاتنەپێشەوەی ئەو بیرۆکەیە وەک پرۆژەی بەدیل بۆ مادەی ١٤٠ چی دەبێت ؟ ئایا مانەوەی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا بۆ ماوەیەکی نادیار و بەردەوامبوونی حاڵەتی دابڕانی کەرکوک لە قەوارەی هەرێمی کوردستان، نابنە مایەی زەمینەخۆشکردن بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکوک وەک ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە حاڵەتی چەقبەستن و پەراوێزبوون؟ ئایا لە ئەگەرێگی وەهادا مامەڵەی کورد لەتەک ئەو واقیعە نوێیەدا چۆن دەبێت؟

مەبەستی سەرەکی لەپشت زۆربەی ئەو بانگەشانەی بۆ بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکوک دەکرێن بریتییە لە پێشگرتن لە هەر ئەگەرێک کە ببێتە مایەی لکاندنی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووردا. بە زانینی ئەو ڕاستییەی کە پاش گەڕاندەوەی پارێزگای کەرکوک بۆ سنوری ئیداری پێش ساڵی ١٩٦٨ و ئەنجامدانی سەرژمێری و ڕاپرسی، بەدەنگی زۆرینەی ڕەهای کورد گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەبێت. بۆیە لە مانەوەی ئەو مادەیە بە هەڵپسێراوی و دواخستن و تەگەرەخستنە بەردەم جێبەجێکردنی بۆ ماوەیەکی زۆرتر و دابڕانی خەڵکی کەرکوک لە هەرێمی کوردستان و هەستکردن بە پەراوێزخستنیان لەناو بارودۆخێکی نائارام و خراپی خزمەتگوزاریدا، جۆرێک لە بێمتمانەیی و نائومێدی لای خەڵکی درووست دەکات کە ڕەنگە لە کۆتاییدا قبووڵکردنی بیرۆکەی بە هەرێمکردن بەلایانەوە ئاسایی بێت.

لەم ڕووەوە پێویستە ڕاشکاوانە و بوێرانە دەرگای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بکەینەوە بەڕووی هەموو ئەگەرەکاندا بەتایبەتی کە ئەمڕۆ زەمینەی سیاسی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەرانسەری عیراقدا بە قۆناغێکدا دەڕوات کە نەک بەتەنیا چاەنووسی پارێزگا و ناوچەکان بەڵکو ئایندەی عیراق وەک دەوڵەت ئەخاتە بەردەم چەندین ئەگەری نادیارەوە.

بەهێزترین پاڵنەر بۆ بەهەرێمبوونی کەرکوک ئەو کاتەیە کە لەناو کورددا لایەنگرانی

بیرۆکەکە پەیدا بن و پاڵپشتی هەوڵی بەهەرێمبوون بکەن لەرووی بڕوابوون بەوەی ئەو پرۆژەیە لە بەرژەوەندی خەڵکی کەرکوک و گەلی کوردە لە ئێستا و ئایندەدا، چ لە حاڵەتی مانەوەی هەرێمی کەرکوک بە زۆرینەی کورد لە ژمارەی دانیشتوان و لە دەسەڵاتدا لەتەک هەرێمی کوردستان یاخود بە یەکگرتنەوەی هەردوو هەرێمەکە.

ئەگەر هەرێمی فیدراڵی کەرکوک لە سنووری ئێستای پارێزگاکەدا بێت، وەک لە پرۆژەکەی هەردوو گرووپی تورکمان و عەرەبی کەرکوک باسی لێوەکراوە، ئەوا رووبەرەکەی نزیکەی ٩٣٠٠ کم^2 دەبێت بەمەش کورد لە ناوچەیەکی بەرتەسک و لەناو سنوورێکی کراوەی عەرەبی و قەوارەیەکی تورکمانیدا لەناو ئەو هەرێمەدا دەمێنێتەوە کە رۆژبەرۆژ لە بەرامبەر بەرنامەی سیاسی هاوبەشی ئەو دوو نەتەوەیەدا سەنگ و توانای خۆی لەدەست دەدات.

لە ئەگەری هەرێمێک لە سنووری ئیداری پێش ساڵی ١٩٦٨ ئەوا لە باکوور و رۆژهەڵاتەوە سنوورەکانی تا قوڵایی هەرێمی کوردستان دەچن و روبەرەکەشی دەکاتە نزیکەی ٢٠,٣٠٠ کم^2 بەمەش لە نیوەی کۆی رووبەری هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت. تەنیا خەسڵەتی جیاواز لەم ئەگەرەدا ئەوەیە کە زۆرینەی رەهای کورد لە رووی دانیشتوان و جیۆگرافیاوە زامنی باڵادەستییان دەبێت لە ئاراستەکردنی سیاسەت و بەرێوەبردندا، بەڵام زامنی هاوسۆزی و رەزامەندی عەرەب و تورکمان ناکات بۆ پرۆژەی یەکگرتنەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و لە بڕیاری لەو جۆرەدا کورد و ناوچەکانی تەنیا دەمێننەوە. بەرای من لە هەردوو ئەگەردا، بیرۆکەی بەهەرێمکردنی پارێزگای کەرکوک لە بەرژەوەندی گەلی کورد و پرۆژەی یەکخستنەوەی خاک و گەلەکەی نابێت کە دوو رەگەزی سەرەکین لە بەدیهێنان و پاراستنی یەکێتی نەتەوەییدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو هەرێمدا (هەرێمی ئێستای کوردستان و هەرێمی کەرکوک) خۆی لەخۆیدا واتە درووستکردنی بۆشایی و دابڕان لە بەردەوامی و درێژبوونەوەی جیۆگرافی و دیمۆگرافی لەم بەشەی کوردستان کە بە تێپەڕبوونی کات و چەسپاندنی واقیعی دابەشبوون، دووری و لێکترازان دەکەوێتە نێوان نەوەکانی یەک نەتەوەوە، بەچشنێک رەنگە لە ئایندەدا زۆر لە خەمی یەکگرتنەوەدا نەبن.

- لەباربردنی مادەی ١٤٠ وەک چوارچێوەی دەستووری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بەوەی بڕیاری بەهەرێمکردنی پارێزگا بەبێ رێککەوتنی سیاسی

نێوان نەتەوەکانی کەرکوک پێکنایەت، بەمەش ئاراستەی کێشەی کەرکوک بەرەو ناوخۆ دەچێت و رەهەندی کوردستانی بوونی دوور دەکەوێتەوە.

– لە ئەگەری بەهەرێمبوونی پارێزگاکانی دیالە و مووسڵ لە دوای سەلاحەدین کێشەی ناوچە دابراوەکان ئاڵۆزتر دەبێت، بەوپێیەی هەریەکەیان بەشێک لە خاکی کوردستانیان پێوەلکاوە و چارەسەرکردنیان دەباتە ئاستی کێشەی هەرێمە ناوخۆییەکان سەرەرای حکومەتی ناوەند، بەمەش کێشەکە دەبێتە کەیسی پچڕپچڕی ناوچە جێناکۆکییەکان.

– یەکێک لە مەترسییەکانی ئەو هەنگاوە لە ئایندەدا رەنگە بریتی بێت لە سەرهەڵدانی بیرۆکە و پرۆژەی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بەسەرخۆیدا، بەتایبەتی ئەگەر ململانێی سیاسی بگاتە ئاستی قەیران و دابەشبوونی کوردستان لەسەر بنەمای ناوچەی دەسەڵات و هەژموونی حزبی و لەرزۆکبوونی پەیوەندییە ناوچەیی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمدا.

سەرچاوەکان:

– بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی لەندەن ٢٠٠٢
– یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤.
– دەستوورە عیراق ، ٢٠٠٥.
– راپۆرتی بیکەر–هاملتۆن ، ٢٠٠٧
– راپۆرتەکان یۆنامی UNAMI ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩.
– پرۆژەی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق بۆ ئاساییکردنەوەی سنوورە دەستکاریکراوەکان ٢٠١١.

حزبی بەعس و پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزیی کورد لە عیراقدا

پێشەکی

ئەگەر دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی باشووری بە دەوڵەتی عیراقی ساڵی ١٩٢١ هوە سەرەتای ژێردەستەکردنی گەلی کورد بێت لەسەر خاکی خۆی، ئەوا سەرهەڵدانی حزبی بەعس و هاتنە سەر دەسەڵاتیان لەم وڵاتەدا لە ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ بە قۆناغی لەناوبردنی گەلی کورد و سڕینەوەی مێژووەکەی و زەوتکردنی یەکجارەکی خاکەکەی دادەنرێت. بەدرێژایی هەشتا ساڵ لە واقیعی زۆرەملێی پێکەوەژیان، پەیوەندی کورد و دەسەڵاتدارانی عیراق لە نێوان شۆڕش لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان و درێژکردنی دەستی نیازپاکی بۆ بنیاتنانی عیراقێکی شایستە بە ژیانێکی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ هەمووان لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. لە ماوەی ٣٧ ساڵی حوکمی پاشایەتیدا، سەرەڕای شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی نەمر و بارزانییەکان، سەنگ و بەشداری کورد لە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی عیراق ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگربوو. هەروەها بەدرێژایی ئەو ماوەیە سەرەڕای توندبوونەوەی کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان بەڵام بەرنامە و پرۆسەیەکی نەخشە بۆدارێژراو لەلایەن نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار لە بەغدا لە ئارادا نەبوو بۆ نەهێشتن یاخود توانەوەی گەلی کورد لە عیراقی عەرەبیدا. لەگەڵ ڕووخانی دەسەڵات و سیستمی پاشایەتی لەلایەن دەستەیەک ئەفسەری کۆدەتاچییەوە بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، عیراق پێی نایە قۆناغێکی ترەوە. ئەگەرچی گەلی کورد خۆشحاڵی بە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی دەربڕی و پێشوازی لە یەکەم سیستمی

کۆماری کرد لە عیراقدا، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆی دەرکەوت کە چارەنووسی عیراق بەگشتی و ناوچەی کوردستان و گەلی کورد بەتایبەتی لە دوای کۆدەتای ئەفسەرە نەتەوەییەکان لە ١٩٦٣ەوە ئیتر دەکەوێتەدەست نوخبەیەکی سەربازی و شۆڤێنیترین رژێمی سیاسی بە سەرکردایەتی حزبی بەعس و ترسناکترین دیکتاتۆر لە مێژووی عیراق و ناوچەکەدا بەناوی سەدام حوسێن کە ٣٥ ساڵ بە ئاگر و ئاسن و خوێن هەموو موقەدەراتی وڵاتی خستەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

حزبی بەعس و سەدام حوسێن دوو دیاردەن لە مێژووی نوێی عیراقدا کە بۆ قسەکردن لەسەریان پێویست بە سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوە و توێژنەوە و لێکدانەوە ئەکات، چ لەسەر ئاستی هەوڵی تاکەکەسی یاخود لەسەر ئاستی دەزگا و دامەزراوەی تایبەتمەند. لە هەر هەوڵێکی وەهادا جێپەنجەی کورد پێویستە دیاربێت بەو پێیەی کەس بەئەندازەی کورد قوربانی دەستی ئەو رژێمە و سەرکردەکەی نەبووە بەهەمان شێوە لە شیکردنەوەو و دەرخستنی حەقیقەتی ئەو حزبە و شیکردنەوەی کەسایەتی سەدام زۆر لایەنی تاریک و شاراوە دەردەکەون کە قەبارە و ڕەهەندی ڕاستەقینەی سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەو رژێمە دەرهەق بە کورد ئاشکرادەکەن وخزمەت بە دۆزە ڕەواکەی دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، سەرەتا هەوڵدەدەین پێناسە و خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ سەرهەڵدان و بنەما هزرییەکانی حزبی بەعس و کاریزمای سەرۆکی رژێمەکەی بکەین لە عیراقدا. دواتر و لە بەشەکانی تردا باس لە هەڵوێست و سیاسەت و ڕەفتاری ئەوان دەکەین لەتەک گەلی کورد و کێشەکانی لەم وڵاتەدا بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٩١ کە تیایدا پرۆسەی جینۆسایدی کورد و سوتماک کردنی خاکەکەی گەیشتە لووتکەی دڕەندەیی و نامرۆڤایەتی. لە کۆتاییدا هەڵوەستەیەک لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی کورد دەکەین لەتەک کارەساتی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی لەڕووی کاریگەری و ئاسەوارەکانی لەسەر کۆهەستی کورد و ئایندەی سیاسی ئەم گەلە بەشێوەیەکی گشتی.

حزبی بەعس مۆدێلێک لە هزری فاشی و کلتووری خێڵەکی

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەوە، لەسەر دەستی بژاردەیەک لە ڕوناکبیرانی عەرەب لە وڵاتی شام و لوبنان، تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێزی نەتەوە و پرسەکانی پەیوەست بە نەتەوەی عەرەب و نیشتمانەکەی هاتەکایەوە. دیارترینی ئەو ڕووناکبیرانە بریتین بوون لە زکی الارسوزی و میشیل عفلق و صلاح البیطار و

اکرم الحورانی. ئەو سەردەمە، لەدوای رووخانی خیلافەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨، نیشتمانی عەرەب لەلایەن وڵاتە کۆڵۆنیالیستە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە داگیر و بەشبەش کرا کە بە قۆناغی ئینتیداب دەناسرا. بارودۆخی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هۆشیاری سیاسی گەلی عەرەب لە ئەوپەڕی دواکەوتوویی و نەهامەتیدا بوو. لەکاتێکا گەلانی ئەورووپا لەتەک پرۆسەی بنیاتنانەوەی وڵات و دارشتنی بەرنامەی درێژخایەنی گەشەپێداندا، سێ رەوتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەسەر ئاستی میللی و دەسەڵات لە ململانێدا بوون، ناسیۆنالیزمی رەگەزپەرستی ئەڵمانی و کۆمۆنیزمی ستالینیی و بیری لیبرالیزم کە بۆرژووازی گەشەسەندوو نوێنەرایەتی دەکرد بەتابەتی لە فرانسەدا.

ئەو پۆلە رووناکبیرە لە لاوانی عەرەب (زۆربەیان لەرووی ئینتمای ئاینییەوە مەسیحی بوون) لە زانکۆکانی فرانسە و وڵاتانی تری ئەورووپادا دەیانخوێند، کەوتنە ژێر کاریگەری بیری رەگەزپەرستی فاشیزمەوە. ئەوان پێیان وابوو کە یەکێتی نەتەوەی عەرەب مەرجی سەرەکییە بۆ سەربەخۆیی و یەکێتی نیشتمانی عەرەب لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو، بە پیادەکردنی دوو بنەمای پێویست؛ یەکەمیان بریتییە لە فۆرمەلەکردنی ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی عەرەبیی بە سوود بینین لە هزری ناسیۆنالیستی هاوچەرخ و موتوربەکردنی بە مێژوو و کلتوور و فەرهەنگی عەرەبی بەتایبەتی ئیسلام و دووەمیشیان بەدیهێنانی پارتێکی سیاسی نەتەوەیی پێشرەو کە لەسەر دیسپلینی رێکخستنی توند بنیاتبنرێت، بەبێ ئەو دوو بنەمایە گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە ئەستەم دەبێت.

لەسەرەتای چلەکاندا لە وڵاتی سووریا، دوو بزوتنەوەی سیاسی نەتەوەیی دەرکەوتن؛ یەکێکیان بەناوی (حرکە الاحیاو العربی) لە ساڵی ١٩٤١لەلایەن میشیل عەفلەق و سەلاح ئەلبەیتارەوە دامەزرا کە دوای دوو ساڵ خۆیان وەک حزبی بەعسی عەرەبی ناساند و درووشمی (امە عربیە واحدە ژات رسالە خالدە) بەرزکردەوە و ئەوی تریشیان لە ساڵی ١٩٥٠بەناوی (الحزب العربی الاشتراکی) کە ئەکرەم حۆرانی دامەزرێنەری بوو. دواتر لە نیسانی ساڵی ١٩٥٢ هەروو بزوتنەوەکە یەکیانگرت و پارتێکی سیاسی نوێیان پێکهێنا بەناوی (حزب البعپ العربی الاشتراکی) و عەفلەق بە راگر (عمید)ی حزب هەڵبژێردرا. حزبی بەعس لە سەرەتاوە خۆی وەک حزبێکی نەتەوەیی عەلمانی ناساند کە پەیرەو لە سۆسیالیزمی نەتەوەیی دەکات و بڕوای بە گەیشتنە دەسەڵاتە

لەڕێی کۆدەتاوە، هەروەها نوێنەرایەتی نەوەیەکی نوێ دەکات، نەوەیەک کە بڕوای تەواوی بە یەکێتی نەتەوە و نیشتمانی عەرەب هەیە و.
حزبی بەعس لە بەرنامە و ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا، پێناسەی نەتەوەی عەرەبیان وەک حەقیقەتێک دەکرد کە رەگوڕیشەی بە قووڵایی مێژوودا دەچێتە خوارەوە و خاوەنی پەیامێکی نەمرن بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کە خۆی لە پەیامی ئیسلام و کلتوور و فەرهەنگی عەرەبیدا دەبینێتەوە. بە هەمان شێوە، نیشتمانی عەرەبییان بەو سنوورە فراوانە دیاریدەکرد کە لە کەنارەکانی زەریای ئەتلەسییەوە دەستپێدەکات و تا زنجیرە چیاکانی تۆرۆس لە رۆژهەڵاتدا دەکشێت. چەمکێکی تر کە تەواوکەری پێناسەی نەتەوەیە لای بەعسییەکان بریتییە لە زمان کە بە پێناسەی ئەوان؛ سەرچاوەی یەکێتی هزر و پرەنسیپ و بەهاکانی نەتەوەیە.
لە ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی سیاسی بەعسدا، سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کە لە نیشتمانی عەرەبدا دەژین وەک میوان ڕێز لە تایبەتمەندییان دەگیرێت بەو مەرجەی لەگەڵ ئامانج و خواستە نەتەوەییەکانی عەرەبدا هاوڕێ و هاوکار بن. لەدوای گەیشتنە دەسەڵاتی بەعسیەکان لەهەریەک لە سووریا لە ساڵی ١٩٦٣و عیراق لە ساڵی ١٩٦٨ و لەگەڵ بڵاوبوونەوە و پەلهاویشتنی بیروباوەڕ و ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس لەڕێگەی پێکهێنانی سەرکردایەتی هەرێمایەتییەوە لە هەر یەک لە لوبنان و ئوردن و یەمەن و سودان و کوێت و پێکهێنانی ڕێکخستنی نهێنی و ئاشکرا لەژێر ناوی جیاجیادا، تێزەکانی بەعس لەڕووی ئایدیۆلوژی و بەرنامەی سیاسییەوە چەندین گۆڕانی بەخۆوە بینی کە گرنگترینیان بریتیی بوو لە پێناسەیەکی نوێ بۆ چەمکی نەتەوە. ئەو پێناسەیەی لە ئەدەبیاتی سیاسی و کتێبی پەرەوەردەی نیشتمانی قوتابخانەکاندا دەوترایەوە هەمان پێناسەی کلاسیکی بوو بەوەی؛ نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە لە یەک نیشتمانی هاوبەش و زمان و مێژوو و کلتووری هاوبەشیان هەیە و پەیوەندی پتەوی هاوسۆزییان هەیە، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی بەرنامە و ئامانجی پاوانخوازی و تواندنەوەی گەلان و نەتەوەکانی تر لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا، پێناسەی نەتەوەیان لە دوو ڕەهەنددا کورتکردەوە کە بریتین لە؛ زمان و بیرکردنەوەی هاوبەش. بەو پێیە هەر کەسێک زمانی عەرەبی بزانێت و بڕوای بە ڕەوایی مەسەلە نەتەوەییەکانی عەرەب هەبێت بە کەسێکی عەرەب دادەنرێت. لەسەر ئەم بنەمایە

بوو کە چەند گەلێکی غەیرە عەرەب بە خۆیان و نیشتمانەکەیان بەناچاری و لەژێر باری سەختی ئابووری و تەماحی کۆمەکی مادی و مەعنەوی و سیاسیدا خۆیان بەعەرەب ناساند یان هاتنە ریزی کۆمکاری عەرەبییەوە وەک جیبۆتی و ئەریتریا و جزر القمر. بەهەمان شێوەش لە پەیرەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردندا (التعریب) هەوڵی بەردەوام و بەرنامە بۆدارێژراوی بەعسییەکان لە عیراق و سووریا بۆ سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و پێکهاتە ئیتنییەکانی تر، پراکتیزەکردنی هەمان پێناسەی دیماگۆجییانەی چەمکی نەتەوەیە کە ئاماژەمان بۆکرد.

ئەگەرچی لەسەرەتاوە بەعسییەکان وەک رەوتێکی فیکری و سیاسی عەلمانی و پێشکەوتنخواز خۆیان ناساند و هاوپشتی خۆیان بۆ بزووتنەوە و شۆرشەکانی رزگاری گەلان و خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و نۆکەرانی دووپات دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ قایمکردنی پێگەی خۆیان لە دەسەڵات و زاڵبوونی باڵی راستڕەو و کۆنەپەرستی ناو حزب لە ناکۆکییە فیکری و سیاسیەکانی ناوخۆدا، ئاراستەیەکی تۆتالیتاری فاشی بەهێز بەتایبەتی لە عیراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێندا دەرکەوت.

بنەما فیکرییەکانی حزب و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی سەدام حسین بە سەرۆک کۆمار لە ساڵی ١٩٧٩دا، بەرەو مەیلێکی ئاشکرای فاشیزم و چەسپاندنی دەسەڵاتی رەهای دیکتاتۆری و پاوانخوازی و دوژمنکاری رۆیشتن. بانگەواز بۆ گوتاری ئاینی توندرەو وکلتووری رەگەزپەرستی نەتەوەیی کەمترین بواری بۆ جیاوازی بیروبۆچوون نەهیشتەوە، نەک لەناو خودی حزبی بەعسدا بەڵکو لە تەواوی ژیانی سیاسی لە عیراقدا. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە سرووشتی فاشییانە و زاڵبوونی عەقلییەتی رەگەزپەرستی و خێڵەکی دواکەوتوو لای حزبی بەعس، دیارترینی خەسڵەت و سیما سەرەکییەکانی ئەو حزبە بەگشتی و لە ماوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا بەتایبەتی لەچەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

- خوێندنەوە و راڤەکردنێکی نازانستییانە بۆ مێژوو کە لەسەر بنەمای سەروەری و باڵادەستی رەگەزی نەتەوەی عەرەب بنیاتنراوە کە لە ئەنجامدا جگە لە سیستمێکی تۆتالیتار و ستەمکاری عەرەبی چیتر بەرهەم ناهێنێت. هەروەک لینین لەوبارەیەوە دەڵێت «هەر راڤەکردنێکی نا عەقڵانی بۆ مێژوو، سیستمێکی دیکتاتۆری لێدەکەوێتەوە» بەو شێوەیەش نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتاڵی

لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە پشتیان بەو تێزانە دەبەست کە بانگەوازیان بۆ سەروەری نەتەوەیی دەکرد. میشیل عەفلەق بە راشکاوی باس لەوە دەکات کە نەتەوەی عەرەب هەڵگری پەیامێکی نەمری مێژووییە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و حزبی بەعسیش کار بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە دەکات، بەمەش سەرجەم نەتەوەکانی تر لە دیدی بەعسەوە بە پلەی دوو و سێ دێن لەچاو نەتەوەی عەرەبدا. ئەڵبەت بەشێک لە نەتەوەی کوردیش، کە چارەنووسی دابەشکردن بە نەتەوەی عەرەبی بەستەوە، بوو بە قوربانی ئەم تێزە رەگەزپەرستییە لە هەر یەک لە عیراق و سووریا. میشێل عەفلەق لەبارەی کوردەوە دەڵێت: «بەدرێژایی چەندین سەدە، کوردەکان هاونیشتمانی عەرەب و موسڵمان بوون وەک هەر عەرەب و موسڵمانانی تر بەبێ هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا».

– بانگەواز بۆ یەکێتی نیشتمانی عەرەب لەسەر بنەمای یەکێتی نەتەوەیی، ئەم بۆچوونەش لەژێر کاریگەری قۆناغی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپای سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بوو، بەتایبەتی بە هەمان شێوەی «دەوڵەتی نەتەوەیی» کە هیتلەر و مۆسۆلینی بانگەوازییان بۆ دەکرد و لەئەنجامدا جەنگی دووەمی جیهانییان لە پێناو بەدی هێنانیدا بەرپاکرد. ئەو بۆچوونە نەک بەتەنیا نەتەوە و کەمینەکانی سەر جوگرافیای فراوانی بەناو نیشتمانی عەرەبی خستەناو لیستی میوانانی ئەونیشتمانەوە بەڵکو هیچ ناسنامەیەکی نیشتمانی تایبەت بەو نەتەوە و کەمینانە نەهێشتەوە و تەواوی خاکی باوباپیرانی ئەوانی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە نیشتمانی عەرەب پێناسەکرد کە لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵسییەوە تا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەگرێتەوە.

– خوێندنەوەیەکی چەواشەکارییانە و دیماگۆجییانە بۆ ئاین و کلتوور وکەلەپووری نەتەوە. بۆ نموونە میشیل عەفلەق لە بارەی ئیسلام و کلتووری عەرەبەوە دەڵێت» موحەمەد نموونەی هەموو عەرەب بوو، دەبا هەر عەربێکیش نموونەی موحەمەد بێت». بەهەمان شێوەی نازییەکان کە پێیان وابوو رایخی سێ بە سەرۆکایەتی هیتلەر هەڵگری بیری راستەقینەی مەسیحییەتە کە مژدەهێنەری ئاسایش و عەدالەتی خوداییە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. ئریک فرۆم لە راڤەکردنی درووشمی خاچی چەماوەدا (Swastika) پێی وایە کە «هێمای رۆحی مەسیحە بۆ تێکشکاندنی خاچ و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی» .

- حزبی بەعس لە بەیاننامەی راگەیاندنی خۆیدا شەرعییەتی بە کۆدەتا داوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و بەکارهێنانی توندوتیژی و سیستمی تاک حزبیشی بە زامنی مانەوە و بەردەوامبوون لە دەسەڵات زانیوە. هەروەک میشیل عەفلەق دەڵێت: «هەمان ئەو قەدەرەی ئەم پەیامەی پێراسپاردووین، مافی ئەوەشی پێبەخشیوین کە توندوتیژی لە فەرمان و ووتە و کارەکانماندا پیادەبکەین». لەژێر ئەم لۆژیکە چەواشەیەدا، کە لە هەندێک فەرهەنگدا بە «توندوتیژی شۆرشگێرانە» لێکدرایەوە، بەعسییەکان پاساوییان بۆ کوشتارگەی بەکۆمەڵی نەیارە سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ تا رۆژگاری ئەمڕۆمان هێنایەوە. پیادەکردنی تیرۆری جەستەیی نەیاران و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن هەمیشە کۆڵەکەیەکی بەهێزی مانەوەی دەسەڵاتی بەعسیەکان بووە کە هەرگیز سڵیان لە پیادەکردنی نەکردووەتەوە تەنانەت بەرامبەر هاورێ و کەسە نزیکەکانی خۆشیان تا ئاستی داهێنان لە ئامرازەکانیدا. بەعسییەکان بڕوای تەواویان بەحزبی سەرکردە و پێشڕەو هەیە کە رابەرایەتی نەتەوە دەکات بۆیە هەرگیز بڕوایان بە دیموکراسی و فرەیی سیاسی نەبووە مەگەر لەشێوەی حزبی پاشکۆ و دەستکردی خۆیاندا نەبێت. بەهەمان شێوەش دژایەتی هەموو بیروباوەڕێکیان دەکرد کە لەگەڵ بیروباوەر و پەیرەوی بەعسدا نەگونجێت. لەم بارەیەوە میشیل عەفلەق دەڵێت: «بیروباوەر چەمکێکی ئەبستراکتە بەڵام کاتێک لە مێشکی مرۆڤێکدا جێگیردەبێت ئەوسا دەبێتە رەفتار و کردار، بۆیە زۆرجار بۆ لەناوبردنی چەمکەکە پێویست بە لەناوبردنی جەستەیی مرۆڤەکە دەکات».

- باوەڕهێنانی پتەو بە رۆڵی تاک لە مێژوودا بەگشتی و لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا بەتایبەتی. بەڵای بەعسیەکانەوە بوونی سەرکردەی پاڵەوان و ئەفسانەیی کە رابەرایەتی نەتەوە دەکات لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوودا بۆ راپەڕاندنی ئەرکە قورسەکان و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکان دەچێتە خانەی حەتمییەتی مێژووەوە. بەهەمان شێوەی مۆسۆلینی و هیتلەر، بەعسییەکان وەک پاڵەوانی نەتەوە و سەرکردەی حەتمی و بنیاتنەری شکۆمەندی و سەروەری عیراق و نەتەوەی عەرەب لە سەدام حوسێنیان دەڕوانی. بۆ نموونە میشیل عەفلەق کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا پێشنیاری کرد سەدام ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزب، لە لوتکەی توانایی و دەسەڵاتی سەدامدا دەڵێت :» ئەگەر حزبی بەعس دیاری خواوەند بێت بۆ

نەتەوەی عەرەب ئەوا سەدام حوسێنیش دیاری حزبە بۆ نەتەوەی عەرەب».
بەعس و کورد، لە هەوڵی دەستەمۆکردنەوە بۆ پاکتاوی رەگەزیی
سەرەکیترین مەسەلەی ناوخۆیی کە رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی بەعس ببووەوە لە عیراقدا بریتی بوو لە داخوازییەکانی گەلی کورد. دەسەڵاتی سەربازی نەتەوەپەرستان و بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دوای بێئومێدبوون لە رازیکردنی شۆڕشی کورد بە کەمترین مافی ئیداری، پەنایان بۆ ڕێگەچارەی سەربازی برد. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نوێی عیراقدا هێزی میلیشیایان لە خێڵە عەرەبەکان و هەوادارنی خۆیان بەناوی حەرەس قەومییەوە پێکهێنا بۆ شەڕی کورد و رەشەکوژی نەیارە سیاسییەکانیان بەتایبەتی شیوعییەکان. لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا هێرشی سەربازی رژێم بە هاوکاری حەرەس قەومییەکان بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد کە بە دروشمی «سەریان بۆ دەوڵەت و ماڵیان بۆ میللەت» فراوانترین شاڵاوی کوشتوبڕ و تاڵان و وێرانکردنیان ئەنجامدا. ئەوەی لە ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٦٦ لەسەر دەستی بەعسییەکان دژ بە گەلی کورد پیادەکرا، دەکرێت بە سەرەتای پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی بناسرێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- ئەگەرچی مادەی ١٩ی دەستووری ١٩٦٤ دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا دەنێت لە چواچێوەی گەلی عیراق و یەکێتی نیشتمانیدا، بەڵام لە مادەی ١ دا بەراشکاوی هەموو گەلی عیراق وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەب پێناسە دەکات.
- پیادەکردنی سیاسەتی کۆمەڵکوژی و بەرزکردنەوەی دروشمی سوتماک کردنی خاکی کوردستان بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی عبدالسلام عارفدا (١٩٦٣-١٩٦٦) کە فراوانترین هێرشی سەربازی و وێرانکردنی گوندەکان و گرتن و کوشتنی خەڵکی سڤیلی بەخۆوە بینی.
- دەستکردن بە سیاسەتی بەعەرەبکردن بەتایبەتی لە سنووری ناوچە نەوتییەکانی وەک کەرکوک و خانەقین. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٥ قەزای حەویجە لە پارێزگای کەرکوک پێکهێنرا بۆ نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکانی جبور و عوبێد لەو ناوچەیەی کە پێشتر کوردنشین بووە و بە «مەڵحە» ناسرابوو.

لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨دا دەستەیەک ئەفسەری بەعسی کۆدەتایەکی سپییان بەسەر سەرۆک عبدالرحمن عارفدا کرد ودەسەڵاتێکی رەها و بەهێزیان جێگیرکرد کە

تا رووخانی حوکمی سەدام حوسێن لە ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ درێژەی کێشا. هەردوو دەستووری کاتی بەعسییەکان لە ١٩٦٨ و ١٩٧٠ دا بەهەمان شێوە مافە نەتەوەییەکانی کوردیان لە چوارچێوەی بەرنامە و پرۆژەی حزبی بەعسدا دەبینیەوە وەک بەشێک لە ستراتیژی نەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی یەکێتی نیشتمان و نەتەوەی عەرەب لەو پانتاییە جوگرافییەی لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیاندا باسیان لێوەکردووە. بەڵام باسکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووردا جگە لە دروشمێکی دیماگۆجی سیاسی چی تر نەبووە، هەروەک رۆژگار بە روونی سەلماندی کە کورد هەمیشە هاونیشتمانی پلە دوو و سێ بووە لە عیراقی ژێر دەسەڵاتی بەعسییەکاندا و بەردەوام لە ژێر مەترسی لەناوبردندا بووە.

بە هەمان شێوەی رژێمەکانی پێشتر، بەعسییەکان سەرەتا بانگەوازیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد کرد لە عیراقدا و دەرگای گفتوگۆ و دانوستانیان خستە سەرپشت، لە هەمان کاتیشدا چەندین پیلانیان بەمەبەستی لەباربردنی خواستەکانی گەلی کورد و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی و قووڵکردنەوەی دووبەرەکی ناوخۆیی دادەرشت. سەرەنجام پاش شکستخواردنی پیلانەکانیان، بەناچاری ملیان بۆ خواستەکانی شۆرشی کوردستان دا و لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەیاننامە و رێککەوتنی ئاشتیان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا واژۆکرد. ئەو رێککەوتنە بەدەر لە هەر نیازێکی شاراوەی بەعسییەکان و دەرەنجامەکانی، بە دەستکەوتێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی سیاسی و خەباتی رەوای گەلی کورددا لەم پارچەیەی کوردستاندا.

سەرکردایەتی هەرێمی عیراقی حزبی بەعس وەک هێزێکی شۆرشگێری پێشکەوتنخواز خۆی دەناساند کە کاری بۆ جۆرێک لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی دەکرد و بەرنامەی پێنج ساڵەی پیادەدەکرد بۆ گەشەپێدانی وڵات و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەرێگەی پاڵپشتی کردنی دەوڵەتەوە بۆ توێژی فەرمانبەران و چینە هەژارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بنەڕەتی خۆڕایی بەتایبەتی لە بوارەکانی خوێندن و تەندروستیدا. لە راستیدا تا ساڵی ١٩٧٩ لەناو سەرکردایەتی و رێکخستنەکانی حزبدا کەسانێک هەبوون کە بە نەفەسێکی شۆرشگێری و پێشکەوتنخوازی کاریان دەکرد و بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کە رابوونی نەتەوە و گەیشتن بە ئامانجەکانی لەرێگەی بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و

داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی گەل و وڵاتەوە دەبێت و پێشکەوتنی وڵاتیش بەندە بە بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز و بەگژداچوونەوەی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەخوێندەواری و هەژاری. لە ١٦ ی تەموزی ١٩٧٩دا بە پیلانێک دەسەڵاتی سیاسی و سەرۆکایەتی کۆمار لە (احمد حسن البکر)ەوە رادەستی سەدام حوسێنی جێگری کرا، بەمەش ململانێی شاراوەی نێوخۆی حزب لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی زۆرینەی راسترەو و کۆنەپەرستدا شکایەوە. بۆ چەند رۆژی دواتر، واتە ٢٢ ی تەموز، لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی حزبدا سەدام رایگەیاند کە پیلانێکی خیانەتکاری ناو حزبیان ئاشکراکردووە و هەر لەوێدا ناوی چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی باڵای حزبیان خوێندەوە کە پەلکێشی دەرەوەی هۆڵەکە کران و لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەیان گوللەباران کران و ئەوانی تریشیان رەوانەی بەندیخانەکران.

ئەگەرچی سەدام لەماوەی سەرۆکایەتی ئەلبەکردا پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری هەبوو بەڵام هەمیشە وەک کەسی یەکەمی حزب و دەوڵەت دەردەکەت و خاوەن عەقلییەتێکی پیلانگێری و توندوتیژ و دەسەڵاتخواز بوو. بەهاتنە سەرکاری فیعلی سەدام بۆ سەر کورسی دەسەڵات، قۆناغێکی جیاواز لە ژیانی حزبی بەعس و سەرەتای دەورانێکی رەش و تاریک و ترسناکیش لە مێژووی گەلانی عیراق و ناوچەکە دەستپێدەکات.

لە گفتوگۆی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ سەدام سەرۆکایەتی شاندەکانی حکومەتی بەغدای دەکرد و هەمیشە وای نیشاندەدا کە ئەو زامنی سەرکەوتنی دانوستانەکانە و خاوەن بڕیاری یەکەمە لە حزب و حکومەتدا. ئەوەی لەم باسەدا بەلای ئێمەوە گرنگە تێگەیشتن و هەڵوێستی راستەقینەی بەعسییەکان بوو بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لە عیراقدا.

لە بەیانی ١١ی ئازاردا دان بە مافەکانی کورددا نرا لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان بەمەرجێک لە ماوەی چوار ساڵدا تەواوی بەندەکانی رێککەوتنی نێوان هەردولا جێبەجێبکرێن بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە سەرژمێری و ساغکردنەوەی سنووری کۆتایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەسەرووی هەمووشیانەوە پارێزگای کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان.

رووداو و پێشهاتەکانی ماوەی چوار ساڵی دیاریکراو بە ئاشکرا ئەوەمان نیشاندەدەن کە حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بە چارەسەری راستەقینەی

کێشەی کورد نەبووە و هەموو سیاسەت و هەوڵەکانی لەسەر بەدیهێنانی دوو ئامانجی کورت مەودا بیناتنابوو؛ یەکەمیان کپکردن و ئیحتواکردنی مەسەلەی کورد و دووەمیشیان چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە عیراقدا تا گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژی و دوور مەوداکانیان.

گرنگترینی ئەو هەنگاو و دەستکەوتانەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەدییانهێنا، بریتیی بوون لە:

- خۆماڵی کردنی بەشی کۆمپانیا بیانییەکان لە نەوتی عیراق لە ای حوزەیرانی ١٩٧٢دا پێگەی ئابووری عیراقی لە ناوچەکەدا بەهێز کرد. بەعسییەکان لەرێگەی داهاتی گەورەی نەوتەوە توانیان پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن و کاربکەن بۆ دامەزراندنی سوپایەکی پرچەک و راهێنراوی پێشکەوتوو لەسەر بنەمای عەقیدەی بەعس و عروبە.
- کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و پایەکانی دەسەڵات بەتایبەتی لەناو سوپا و دەزگا ئەمنییەکان و هۆیەکانی راگەیاندندا، لەرێگەی دوورخستنەوەی کەسانی نیشتمانپەروەر و بێلایەن و پرکردنەوەیان بە کادری بەعسی و دڵسۆز بە سیاسەتەکانی دەسەڵات.
- پێکهێنانی «بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشتکەوتنخواز» لەگەڵ حزبی شیوعی عیراق لە ساڵی ١٩٧٣دا. ئەم بەرەیە بۆ حزبی بەعس مانۆرێکی سیاسی سەرکەوتوو بوو، لەرێگەیەوە توانی گەورەترین رکابەر لە ململانێی سیاسی ناوخۆدا بگۆڕێت بۆ هاوپەیمان و لەجەنگی دژە کوردیشدا هاوکاری بن تا لە ساڵی ١٩٧٨ کۆتایی بەو هاوپەیمانییە هێنا و کەوتە وێزەی شیوعییەکان و بە درەندەترین شێوە رووبەڕوویان بووەوە.
- مۆرکردنی «رێککەوتنی دۆستایەتی و هاوکاری» لە گەڵ یەکێتی سۆڤییەت لە مایسی ١٩٧٢ کە تا ساڵی ١٩٩٠ درێژەی کێشا. بەمەش عیراق پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی بەهێزی پەیداکرد کە لەهەمان کاتدا بووە سەرچاوەی کرینی چەک و نوێکردنەوەی سوپاکەی.

لە هەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی نهێنی و چڕ کاریان دەکرد بۆ دارشتنی بەرنامەی تەعریب و پیلانگێری و دەستوەردانە ناو کاروباری ناوخۆی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و دواتریش خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی دژی

شۆڕشی کورد و سەرکوتکردنی بەهێزی چەکدار. لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمییان بۆ ناوچەی کوردستان ڕاگەیاند بەدەر لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بەمەش شەڕی دەسەڵاتی بەعس و گەلی کوردستان دەستی پێکردەوە و تا مۆرکردنی ڕێککەوتنی ٦ ی ئازاری ١٩٧٥ی جەزائر لەنێوان سەدام و شای ئێراندا درێژەی کێشا و شۆڕشی کورد تووشی شکستێکی گەورە هات.

یەکەمین تەحەدا کە ڕووبەڕووی گەلی کورد بووەتەوە لە عیراقدا خۆی لە دەسەڵات و ئیرادەی زۆرینەی عەرەبدا بینیوەتەوە کە هەمیشە عیراقیان بە وڵاتێکی عەرەبی و بەشێک لە نیشتمانی عەرەب پێناسەکردووە و ئاینی ئیسلامیشیان وەک بەشێکی تەواوکەر لە ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتی عەرەبی ناساندووە. ڕاستییەکی تریش ئەوەیە کە لە مێژووی نوێی دەوڵەتی عیراقدا پێنج دەستوور دانراوە کە جگە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ هەموویان لە بەرژەوندی نەتەوەی زۆرینە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندا بوون. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە گەلی کورد لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵدا (لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدەوە لە ساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ٢٠٠٥) لەیەک کاتدا خەباتی لەپێناوی مانەوە و بەدەستهێنانی مافەکانیدا کردووە. بەهەمان شێوەش حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق لەیەک کاتدا کاریان لەسەر دوو بەرنامە کردووە؛ یەکەمیان بە ئاراستەی ئیحتواکردنی کورد و داخوازییەکانی و دووەمیشیان بە ئاراستەی پاکتاوی ڕەگەزی.

هەرەسپێهێنانی بزووتنەوەی چەکداری کورد لەساڵی ١٩٧٥، دەستی دەسەڵاتدارانی بەعسی والاکرد بۆ پیادەکردن و پەلەکردن لە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی کورد لە عیراقدا کە چەندین بواری گرتەوە و بە چەندین شێواز ئەنجامدەدرا کە تا ڕووخانی ئەو ڕژێمە بەردەوام بوو.

لێرەدا، بەپشتبەستن بە ڕێککەوتننامە و بنەما نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە تاوانەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی جینۆساید و ڕێککەوتنامەکانی جنێڤ لە ساڵی ١٩٤٩الەگەڵ هەردوو پرۆتۆکۆلی پاشکۆی ساڵی ١٩٧٧ و دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٢ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، هەوڵدەدەین بەکورتی قسە لەسەر پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزیی کورد بکەین لە عیراقدا لە ساڵی ١٩٧٥ تا ٢٠٠٣ لەڕووی جۆر و شێوە و ئامرازەکانی پرۆسەکەوە لەگەڵ قۆناغبەندی لە ئەنجامدانیدا.

زاراوەی قڕکردن یاخود کۆمەڵکوژی لەگەڵ سەرهەڵدانی جینۆسایدی گەلی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥ بەدەستی تورکە عوسمانییەکان پەیدابوو. لە ساڵی ١٩٤٣ زاراوەی «تاوانی جینۆساید» لەلایەن بیرمەندی پۆلۆنی رافائیل لیمکین بە سوودوەرگرتن لە رەگی ووشەی یۆنانی (genos) کە بەمانای رەگەز دێت دارێژرا، بەواتای کوشتنی دانیشتوان بەمەبەستی پاککردنەوەی ناوچەیەک لە رەگەزێکی مرۆیی تایبەت. بەڵام بەشێوەیەکی یاسایی ئەوکاتە کەوتەبەرباس کە هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٤٥ بریاری دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگیاندا لە نۆرنبێرگ. ئەو دادگا سەربازییەی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرابوو لە پێناسەی تاوانە کۆمەڵکوژیدا دەڵێت: ئەو تاوانانەن کە ئامانجیان کوشتن و لەناوبردن و کۆیلەکردن و دوورخستنەوە و هەر کردەوەیەک کە دانیشتوانی سڤیل بکاتە ئامانج بەر لە جەنگ و لەکاتی جەنگدا، هەروەها ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە بەئامانجی سیاسی یاخود رەگەزیی یاخود ئاینی ئەنجام دەدرێن.

وەک پێناسەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین؛ «پاکتاوی رەگەزی» بریتییە لە پرۆسەی نەهێشتنی گروپێکی مرۆیی (ئیتنی، ئاینی، رەگەزی) لەرێگەی لەناوبردنی فیزیکی یاخود سرینەوە و نەهێشتنی ناسنامە و تایبەتمەندییان بە هەر پاساویک بێت و بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو. لەم رووەوە زاراوەی جینۆساید کە لە بنەڕەتدا بەمانای «رەگەز کوژی یاخود نەهێشتنی بەکۆمەڵ» دێت دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی نەک هەموو پرۆسەکە، بەو مانایەی کە مەرج نییە لە پرۆسەی پاکتاوی رەگەزیدا کاری کوشتن و لەناوبردنی جەستەیی ئەنجامبدرێت، نموونەی تواندنەوەی گرووپە ئاینییە بچووکەکان لە بۆتەی ئاین و نەتەوەی سەردەستدا لەرێگەی سەپاندنی زمان و فەرهەنگ و کلتووری زۆرینەی باڵادەستدا.

شێوە و قۆناغەکانی پرۆسەی پاکتاوی رەگەزیی کورد

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەرنامە و پرۆسەی پاکتاوی رەگەزیی کورد لە عیراقدا بۆ چوار تەوەر پۆلێن بکەین کە بریتین لە بەعەرەبکردن، شێواندن و گۆڕینی باری دیمۆگرافی، تێکدان و وێرانکردنی ژینگە و جینۆساید. هەروەها بەسەر دوو قۆناغدا دابەشیان بکەین، قۆناغی درێژخایەن کە بەرنامەی بەعەرەبکردن و شێواندن و گۆڕینی باری دیمۆگرافی دەگرێتەوە لەگەڵ قۆناغی کورت مەودا کە

هەردوو پرۆسەی وێرانکردنی ژینگە و جینۆساید دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یەکەم: بەعەرەبکردن؛ بریتییە لە ئەڵقەی ناوەندی و ستراتیژیی پاکتاوی رەگەزی لە ئایدیۆلۆژی حزبی بەعسدا، بەوپێیەی تەعبیر لە هەڵوێستی ئەو حزبە دەکات بەرامبەر بە نەتەوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە لە جوگرافیایەکی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا دەژین وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە. سەدام حوسێن لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا لە ساڵی ١٩٧٨ بەراشکاوی دەڵێت: تەعریب و تەکرید لە پەیرەوی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا لە عیراق کاریکی نەشیاو نییە. ئاشکرایە کە شتێک بەناوی (تکرید) واتە بەکوردکردن لەم وڵاتەدا بوونی نەبووە، لەکاتێکا خودی دەوڵەت و حزبی دەسەڵاتدار بە بەرنامە و پلانەوە کاریان بۆ بەعەرەبکردن کردووە. بەعەرەبکردن پرۆسەیەکی فرەلایەن و گشتگیر بووە و بەپێی نەخشە و لەرێگەی دەرکردنی چەندین بڕیار و فرمان و رێنماییەوە بەرێوەچووە کە لە ئاستە جیاجیاکانی سەرچاوەی بڕیار و دەسەڵاتەوە دەرکراون. گرنگترینی ئەو بوارانە بریتین لە:

- گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ عەرەب کە بە (تصحیح القومیه) ناسرابوو. بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس ژمارە (١٩٩) لە ٢٠٠١/٩/٦ کە تیایدا هاتووە «هەماهەنگ لەگەڵ پرینسیپەکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەوەی کەسی عەرەب ئەو کەسەیە کە لە نیشتمانی عەرەب بژێت و بە عەرەبی قسەبکات و عروبە بە نەتەوەی خۆی بزانێت و پاڵپشت بە ئەحکامی بڕگەی (ا)ی مادەی ٤٢ ی دەستوور، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا: هەر عیراقییەک کە ١٨ ساڵی تەمەنی تەواوکردبێت مافی ئەوەی هەیە داوای گۆڕینی نەتەوەی خۆی بکات بۆ نەتەوەی عەرەب»

لەکاتێکدا بەر لەم بڕیارە، هەمان ئەنجومەنی بەعس لە ١٩٨٨/١١/٢٧ بڕیاری ژمارە ٨٥٠ ی دەرکرد کە تیایدا رێگە دەگرێت لە هەر عەرەبێکی عیراقی کە نەتەوەی خۆی بگۆڕێت بۆ هەر نەتەوەیەکی تر و بە ساڵێک زیندانی سزای دەدات و بڕیارەکە ئەوانەش دەگرێتەوە کە پێشتر بەو کارە هەستاون.

بەمەش نەک تەنیا تاکی کورد، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ناچار دەکرا دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بێت بەڵکو چەندین

هۆز و تیرەی ناسراوی کورد بە عەرەب ناونووس دەکران و فشاری توند دەخرایە سەر هەر فەرمانبەرێکی کورد کە ئامادەنەبێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگۆڕێ (بریاری ژمارە ٢٨٣٩ ی وەزارەتی ناوخۆی عیراق لە ٢٠٠٠/٢/١٥ تایبەت بە فرمان و ڕێنماییەکان بۆ ڕاستکرنەوەی باری نەتەوەیی).

- دژایەتیکردنی فەرهەنگ و کەلەپوور و دابونەریت و یادکردنەوەی بۆنە مێژوویی و نەتەوەییەکان، وەک جەژنی نەورۆز. هەروەها چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی بەناو زانستییان چاپ دەکرد بۆ گومان خستنە سەر ڕەچەڵەک و مێژووی کورد و کەسایەتییە ناودارەکانی وەک سەلاحەدینی ئەیوبی و مێژوونووس و ئەدیبە ناودارەکان کە بەزمانی عەرەبی بەرهەمی دیاریان هەیە.

- نەهێشتنی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکاندا کە تەنانەت پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیشیان دەگرتەوە بۆ نموونە تا ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تەنیا یەک قوتابخانەی کوردی لە شاری دهۆکدا مایەوە لە کاتێکا لە ناوچەکانی دەرەوەی ئۆتۆنۆمیدا خوێندنی کوردی بەتەواوەتی کۆتایی پێهێنرابوو.

- گۆڕینی ناوی شار و ناوچە و شوێنە گشتییەکان بە ڕادەیەک کە لە دەرەوەی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی هیچ ناوێکی کوردی نەمایەوە و تەنانەت ناونانی منداڵیش زۆرجار لە خەستەخانە و فەرمانگەکانی نفووسدا لەلایەن دەزگا فەرمییەکانەوە بە ناوی عەرەبی دەسەپێنرا.

دووەم: شێواندن و گۆڕینی باری دیمۆگرافی. دەستکاریکردن و گۆڕینی هاوکێشەی دانیشتوان بڕگەیەکی گرنگ و کاریگەرە لە پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزیدا. لە ڕاپۆرتی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا لە ساڵی ١٩٩٣ هاتووە « گۆڕینی باری دانیشتوان بە مەبەستی زاڵکردنی یەک ڕەگەزی نەتەوەیی لەڕێی دەرکردنی زۆرەملێی پێکهاتەیەکی جیاواز یاخود لەژێر تەماعدا دەچێتە خانەی تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتییەوە».

ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٧٢ دوە لەکاتێکا هێشتا لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە گفتوگۆدا بوو، هەزاران کوردی فەیلی بە بیانووی ئێرانیبوونەوە لە ناسنامەی عیراقی بێبەری کرد. بەم شێوەیە فەیلییەکان بوونە یەکەم قوربانی سرینەوەی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی. ڕژێم لەسەر سیاسەتی پاکتاوی فەیلییەکان بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٨٠و دواتر نزیکەی ٢٠٠ هەزاری لەسەر زێدی خۆیان دەرکرد و دەربەدەری ئێرانی

کردن و هەزاران گەنجی تەمەن ١٨ تا ٣٠ ساڵی لێیان بێ سەروشوێن کرد.
لە ساڵی ١٩٧٤ بە تۆمەتی بەشداریکردن لە شۆڕشی کورددا هەزاران خێزانی کورد لە ناوچەکانی کەرکوک و دیالە و موسڵ ڕاگوێزرانەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق و دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا دەگیرا و خێزانی عەرەب لە جێیان نیشتەجێ دەکرا. ئەم پرۆسەیە کە بە «ترحیل» واتە ڕاگواستن ناسراوە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە نیسانی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، بەشێوەیەک خێزانەکان سەرپشک دەکران لەنێوان نیشتەجێبوون لە شار و ناوچەکانی کوردستان یان ناوەڕاست و باشووری عیراق، بۆ نموونە تەنیا لە سنووری پارێزگای کەرکوک زیاتر لە ٦٠ هەزار خێزانی کوردی ڕاگوێزراو هەبوون و زیاتر لە ٤٠ هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە نیشتەجێکرابوون.
ئامرازێکی تری گۆڕینی باری دیمۆگرافی بریتیی بوو لە گواستنەوەی تۆماری دانیشتوانی کورد لە فەرمانگەکانی ڕەگەزنامەی پارێزگاکانی کەرکوک و دیالە و موسڵەوە بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە بەشێوەیەکی ناوەندی ئەنجامدەدرا بەبێ پرس کردن بە خێزانەکان. بۆ نموونە تەنیا لە پارێزگای کەرکوک ٢٢ قەیدی نفووس گواسترانەوە بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر کە بەهەزاران خێزانی لەخۆگرتبوو.
لایەنێکی تری سیاسەتی گۆڕینی باری دیمۆگرافی بریتیی بوو لە دەستکاریکردنی سنوورە ناوخۆییەکان بەمەبەستی تێکدانی هاوسەنگی دانیشتوان لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەبی لەو پارێزگا و ناوچانەی زۆرینەی کوردییان تیابوو بەتایبەتی کەرکوک و دیالە و مووسڵ. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٨ ڕووبەری پارێزگای کەرکوک ٢٠,٣٧٦ کم چوارگۆشە بوو وە ڕێژەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی بریتیی بوو لە ٤٨٪ کورد و ٢٨٪ عەرەب و ٢١٪ تورکمان و ٣٪ مەسیحی و پێکهاتەکانی تر بەڵام دووای چەندین دەستکاری و دابڕینی ناوچە کوردییەکان (چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دووز) و زیادکردنی ناحییەی (زاب)ی عەرەب نشین پاش ئەوەی ژمارەی یەکە ئیدارییەکانی لە ٢٣ وە بوو بە ١١ یەکەی ئیداری، لە ساڵی ١٩٩٠ دا ڕووبەری پارێزگاکە بوو بە ٩,٦٧٩ کم چوارگۆشە و ڕێژەی دانیشتوانەکەشی بەم شێوەیە بوو؛ عەرەب ٤٥٪ و کورد ٣٧٪ و تورکمان ١٦٪ و مەسیحی ٢٪.
سێیەم: تێکدان و وێرانکردنی ژینگە. بەگوێرەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی، تێکدانی ژینگە بەمەبەستی لەناوبردنی

ئامراز و هۆکارەکانی ژیان لە هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی دەچێتە خانەی پاکتاوی رەگەزییەوە. یەکەمین هەنگاو بەو ئاراستەیە ئەوەبوو کە حکومەتی عیراق بە گوێرەی رێککەوتنی جەزائر لەگەڵ ئێران لە ساڵی ١٩٧٥و دواتریش لەگەڵ حکومەتی تورکیا رەزامەندی نیشاندا لەسەر چۆڵکردنی و وێرانکردنی ناوچە سنوورییەکانی نێوان عیراق و هەریەک لە ئێران و تورکیا بە قووڵایی ٢٠ کلیۆمەتر بۆ ناو خاکی عیراق . بەمەش هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە لە دەوڵەمەندترین ژینگەی سرووشتی و سەدان گوند وێران کران و لە هەموو پێداویستییەکی ژیان و ئاوەدانکردنەوە بێبەشکران و دەیان هەزار کەسیش لە دانیشتوانەکەی راگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ بەناوی گوندی هاوچەرخەوە و بەتەواوەتی لە سیفەتی جوتیار و خاوەن زەوی و خەڵکی بەرهەمهێن دامالران.

ئامرازێکی تری گۆرینی باری دیمۆگرافی بریتیی بوو لە چۆڵکردنی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە لە ناوچە کوردنشینەکانی سنووری پارێزگاکانی کەرکوک و دیالە و مووسڵ لەژێر ناوی «الحزام الامنی» واتە پشتێنەی ئەمنی بۆ پاراستنی شوێنە نەوتییەکان و دامەزراندنی سەربازگە و بەمەبەستی دوورخستنەوەی تەماسی راستەوخۆی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەیدا. لەهەمان کاتدا دەست بەسەر زەوییەکاندا دەگیرا و لەرێگەی گرێبەستەوە دەدرا بە خێڵە عەرەبەکانی لایەنگری حزبی بەعس، بۆ نموونە تەنیا لە پارێزگای کەرکوک نزیکەی ملیۆنێک و سێ سەد هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی کورد لەم رێگەیەوە زەوتکراوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری کورد لە ساڵی ١٩٧٦ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی بەعس لەسەر سیاسەتی وێرانکردنی ژینگە و سووتماککردنی خاک (سیاسە الارچ المحروقە) بەردەوام بوو. هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی حکومەت بەچەندین شێوە و ئامراز ئەو سیاسەتەیان پیادە دەکرد لە سەرانسەری کوردستاندا لەوانەش،

سەپاندنی ئابڵووقەی ئابووری بەسەر ئەو گوندانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی رژێم بوون، بێبەشکردنیان لە خزمەتگوزاری پێویستی وەک قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارەبا و پرۆژەکانی پەرەپێدان، کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە کانی و کارێز، بەرتەسک کردنەوەی رووبەری زەوی کشتوکاڵی بەهۆی رێگەنەدان بە جووتیاران لە بەکارهێنانی زەوییەکانیان بەوەی بە ناوچەی قەدەغەکراو «مناگق

محرمە»دەناسێنران. لە ساڵی ١٩٨٩جگە لە سێ شارە سەرەکییەکەی کوردستان وچەند قەزا و ناحییەکی کەم و کۆمەڵگە زۆرەملێکان و ڕێگاوبانە سەرەکییەکان، باقی ڕووبەری هەرێمی کوردستان بە ناوچەی قەدەغەکراو و یاساغ هەژمارکران و بەتەواوی لە دانیشتوان چۆڵکران و هیچ بەهایەکی ئابووری و ژینگەییان تیادا نەهێڵرا.

چوارەم: جینۆساید؛ بە ترسناکترین قۆناغ لە پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزیی کورد دادەنرێت لە عیراقدا، کاتێک ڕژێمی بەعس بریاری کوشتنی بەکۆمەڵ و لەناوبردنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی کوردی دا لەگەڵ وێرانکردنی گوند و شێواندنی ژینگە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێم بوون و بە پێگەی شۆڕش و پێشمەرگە ناسرابوون. یەکەمین تاوانی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە کورد، لە دوای «کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم»ی کوردستانی باکوور لە ساڵی ١٩٣٨ کە تیایدا نزیکەی ١٤ هەزار کورد بە دەستی سوپای تورک جینۆساید کران بریتیی بوو لە ڕاگواستن و نەفی کردن ودواتریش بەکۆمەڵ کوشتنی ٨٠٠٠ خەڵکی سڤیل و بێتاوانی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٢بە فرمانی ڕاستەوخۆی سەدام حوسێن وەک کردارێکی تۆڵەسێنی کوێرانە بەرامبەر بە شکستی سوپای عیراق لە بەرەکانی جەنگ لەدژی ئێران لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتێکا جەنگی عیراق - ئێران پێی نابووە ساڵی هەشتەمەوە سەرەڕای سەرکەوتنی ئێران لە بەرەکانی کوردستان بەتایبەتی لە کۆنترۆڵکردنی شاری هەڵەبجەدا بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام هەموو ئاماژەکان ڕوویان لەوەبوو کە تەمەنی جەنگ بەرەو کۆتایی دەچێت بەمانەوەی هەردوو ڕژێمی دوژمن بەیەکتر و لەو نێوەندەشدا زەرەرمەندی یەکەم گەلی کورد و بزووتنەوە چەکدارییەکەی دەبێت. ئەو ساڵە سامناکترین یادەوەری بەجێهێشتووە لە مێژووی نەتەوەی کورددا و لە مێژووی دوژمنەکانیشیدا بۆ هەمیشە لاپەڕەیەکی ڕەشی پڕ شەرمەزارییە. پرۆسەی جینۆسایدی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە فراوانترین و ترسناکترین ئاست. لە ١٦ ی ئازاردا لەگەڵ شکستی سوپای عیراق لەبەرەی جەنگ لەگەڵ ئێران و لەدەستدانی چەندین ناوچە لەناویشیاندا شاری هەڵەبجە، هێزە ئاسمانییەکانی عیراق بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی شارەکەیان بۆمباباران کرد

و لە ئەنجامدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسی سڤیل کوژران و زیاتر لە ١٠ هەزار کەسیش بەرکەوتن و بریندار بوون.

پرۆسە بەدناوەکانی «ئەنفال» بەرنامەی رژێمی بەعسی بۆ پاکتاوی رەگەزیی کوردی گەیاندە لووتکە. تاوانەکانی ئەنفال دەچنە خانەی جینۆساید و تاوانی دژ بە ئینسانییەوە کە بەشێوەیەکی بڕیارلێدراو و بەرنامە بۆدارێژراو لەلایەن باڵاترین دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا پیادەکرا بەسەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆک کۆمار و دەستەیەکی جێبەجێکار بە سەرۆکایەتی عەلی حەسەن مەجید (ناسراو بە عەلی کیمیاوی) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس، و سوپا و دەزگا ئەمنییەکان و چەند وەزارەتێکی حکومی و بەهاوکاری هێزە چەکدارە نافەرمییە کوردییەکان کە بەناوی «افواج الدفاع الوطني» و چەندین ناوی ترەوە بۆ دژایەتی شۆڕش کورد پێکهێنرابوون.

عەلی حەسەن مەجید، کە بە بڕیاری ژمارە ١٦٠ی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزب لە ٢٩ ئازاری ١٩٨٧ بە ئیمزای سەدام حوسێن کرا بە سەرۆکی نووسینگەی باکووری حزب و لیژنەی کاروباری باکوور، لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بڕیارێکی بە ژمارە ٣٨- ٢٩٥٠ دەرکرد کە ئاراستەی سەرکردایەتییەکانی سوپا و حزب و بەرێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش و موخابەرات و مەنزوومەی ئیستخبارات کرابوو، تیایدا چەند رێنمایی و فەرمانێکی راستەوخۆ هاتبوو. ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:

« ١- بەتوندی قەدەغەی گەیاندنی هەر شمەکێکی خۆراکی یا مرۆیی یا کەرەستەیی دەکرێت بۆ ئەو گوندانەی کە بەر ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی و قۆناغی دووەمی کۆکردنەوەی گوندەکان دەکەون و رێگەدەدرێت بەو کەسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی بەڵام بەهیچ شێوەیەک رێگەنادرێت بە پەیوەندیکردن پێیانەوە لەلایەن کەسوکاریانەوە تەنیا بە ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکان نەبێت.

٢- هەموو جۆرە بوونێکی مرۆیی لەو ناوچانەدا قەدەغەدەکرێت کە بەر قەدەغەکردنی ئەمنی و قۆناغی یەکەم کەوتوون تا ٣١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ هەروەها ئەو ناوچانەش کە بەر قۆناغی دووەم دەکەون.

٣- دوای تواوبوونی وەرزی بەروبوومی زستانە لە ١٥ی تەموز رێگە بە کشتوکاڵ نادرێت بۆ هەردوو وەرزی زستانە و هاوینەی ئەم ساڵ.

٤- قەدەغەکردنی لەوەڕاندنی مەڕوماڵات لەم ناوچانەدا.

٥- پێویستە لەسەر هەر یەکەیەکی سەربازی لە سنووری ناوچەی چالاکی خۆیدا هەستێت بە کوشتنی هەر مرۆڤێک یان ئاژەڵێک لەو ناوچانەی بە قەدەغەکراو دانراون.

٦- ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی بەر پرۆسەی راگواستن دەکەون بۆ کۆمەڵگەکان لەم بریارە و بەرپرسیارێتی هەر سەرپێچییەکییان دەکەوێتە ئەستۆ.

بۆ ئاگاداری و کارکردن بەپێی ئەم بریارە هەر لایەنە بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەرکەکانی.

ئیمزا / عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئەمینداری سەرکردایەتی نووسینگەی رێکخستنی باکوور.»

کردەوە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغ پێکهاتبوون کە نزیکەی حەوت مانگی خایاند (لە ٢٠ی شوبات تا ٦ ی ئەیلوولی ١٩٨٨). ئەنجامدەرانی ئەنفال هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و رێسا و بنەماکانی جەنگ و یاسا نێودەوڵەتییەکانیان بە ئەوپەری بەئاگایی و بە تەحەدداوە خستەژێرپێ و بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک (تەنانەت چەکی کیمیاوی) و بێ سڵەمینەوە لە هیچ کردار و رەفتارێک، وێرانکردنی کوردستان و لەناوبردنی گەلەکەیان کردە ئامانج. لێرەدا هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بۆ ئەنجام و دەرهاویشتەکانی پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال بکەین:

- دەستگیرکردنی بەزۆری دانیشتوانی سڤیل و راگواستنیان بۆ کەمپەکانی کۆکردنەوە و پاشانیش کوشتن یاخود زیندەبەچاڵکردنیان لە سەدان گۆڕی بە کۆمەڵدا، کە بەگوێرەی ئامارەکان ژمارەی قوربانیان نزیکەی ١٨٢ هەزارە بەبێ رەچاوکردنی تەمەن و رەگەز (ئێسک و پرووسک و پاشماوەی هەزاران ژن و منداڵ و پیر تا ئێستا دۆزراونەتەوە).
- وێرانکردن و تەختکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و دەیان ناحیە و شارۆچکە و کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو و سووتاندن و بڕینەوەی سەدان هەزار دۆنم لە دراستان و باخ و زەوی کشتوکاڵی.
- نیشتەجێکردنی سەدان هەزار کەس لە ئۆردوگای زۆرەملێدا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا کە زۆربەیان بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی دارایی و کار و بژێوییان نەبوو، جگە لەو کاریگەرییانەی دەبوونەهۆی تێکدانی سیستم و شیرازەی کۆمەڵایەتی.

-مانەوەی دەیان هەزاران خێزانی بێ سەرپەرشت و بێوەژن و پیرو پەککەوتە کە بەدەست چەندین جۆر کێشەی یاسایی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرفتاربوون.

کارەساتەکانی رابردوو، راستییەکانی ئەمڕۆ و وانەکانی ئایندە

کێشەی کورد لە عیراق بەر لەهەر شتێک مەسەلەی چارەنووسی گەلێکە بەدەر لە خواستی خۆی ژیانی دەبەسترێتەوە بە جوگرافییەکی سیاسی دەستکردەوە بەناوی دەوڵەتی عیراقەوە. ئەم دەوڵەتە نوێیە دوو خەسڵەتی دیاری لەخۆدا هەڵگرتووە؛ یەکەمیان فرەیی و هەمەڕەنگی لە پێکهاتەی دانیشتواندا و دووەمیشیان پێگەی ستراتیژییە بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە. بەدرێژایی نەوەد ساڵی رابردوو، عیراق نموونەیەکی خراپ و دواکەوتووی لە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئاینی و کلتووری نیشانداوە. زاڵبوونی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و فەرمانڕەوایی بە عەقڵییەتی رەگەزپەرستی و ئایدیۆلۆژی فاشی، بەدوای خۆیدا زۆرترین کارەساتی مرۆیی و پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ هێنا.

لە پیادەکردنی سیستمی دەسەڵاتی تۆتالیتار و دیکتاتۆری بەعسدا، کە نوێنەرایەتی خێڵ و بنەماڵەیەکی دیاریکراوی عەرەبی سوونەی دەکرد لە عیراقدا، نەک بە تەنیا کورد بەڵکو زۆرینەی عەرەبی شیعە و تورکمان و مەسیحی و تەنانەت بەشێکی عەرەبی سوننەش کەوتنە بەر ستەم و زۆرداری ئەو دەسەڵاتەوە و بە درندانەترین شێوە رەفتاریان بەرامبەر دەکرا تا ئاستی تواندنەوەی ناسنامە و کۆمەڵکوژی. ئەگەرچی کورد گەورەترین قوربانی دەستی رژێمە ستەمکارەکانی ئەم وڵاتە بووە بەڵام نەتەوەی سەردەست و چینی دەسەڵاتداریش هیچ سەرکەوتن و دەسکەوتێکیان لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتە نەچنیوەتەوە لە وێرانکردنی زیاتری وڵات و گەلەکەی بەولاوە نەبێت. سەرەنجامیش چارەنووسی سەرانی حزبی بەعس و رژێمەکەیان وەک چارەنووسی ئەو رژێم و دیکتاتۆرانەی ئەم ئیلهامیان لە هزر و سیستمی حوکمرانییان وەردەگرت لەناوچوون و دادگاییکردن و سزادان بوو.

عیراق بەبنەما سەرەکییەکانی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٢ دەوەپەیوەست نەبووە، هەروەها بە هەردوو پرۆتۆکۆلی زیادکراوی ساڵی ١٩٧٧ بۆ رێککەوتنامەکانی جنێڤ، بەڵام ئیمزای پەسەندکردنی لەسەر چەندین رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی هاوشێوە کردووە لەوانەش:

– پرۆتۆکۆلی تایبەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی کوشندە کردووە کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە جنێڤ دەرچووە (ساڵی پەسەندکردن ١٩٣١).
– هەر چوار ڕێککەوتننامەی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩،(ساڵی پەسەندکردن ١٩٥٢).
– ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی تاوانی کۆمەڵکوژی و سزادانی ئەنجامدەرانی، (ساڵی پەسەندکردن ١٩٥٩)..
– ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٥٤ بۆ پاراستنی موڵکە کلتووریەکان (الممتلكات الثقافية)، (ساڵی پەسەندکردن ١٩٧٦).
– ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامرازەکانی گۆڕینی ژینگە لە کردەوە سەربازی و مەدەنییەکاندا کە لەساڵی ١٩٧٠ لە لاهای دەرچووە (ساڵی پەسەندکردن ١٩٧٧).
– ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و بڕەوپێدان و ئەمبارکردنی چەکی بایۆلۆجی و ژەهراوی ساڵی ١٩٧٢، (ساڵی پەسەندکردن ١٩٩١).
– ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە لە ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە (ساڵی پەسەندکردن ١٩٩٤)..

دەسەڵاتدارانی بەعس بەکردەوە نیشانیاندا کە هیچ ڕێزێکیان لە ئیمزاکانی خۆیان نەگرتووە و سەرجەم ئەو ڕێککەوتننامانەیان بەردوام پێشێل کردووە و هیچ نرخێکیان بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان و هەروەها مافی ئاژەڵ و پاراستنی ژینگەش دانەناوە.

ئەگەرچی عیراق هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە کە سەرگەرمی جەنگێکی نێوخۆییە لەگەڵ کورددا، بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی بەڵام لە جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا (١٩٨٠–١٩٨٨) سەرجەم ئەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییانەی بەردەوام پێشێل دەکرد و دامەزراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکانیش هیچ کاردانەوەی جیددیان لە بەرامبەردا نیشان نەدەدا تەنیا دەربڕینی نیگەرانی و ئامادەکردنی هەندێک ڕاپۆرت نەبێت.
بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی بڕیاردەری تایبەتی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ماکس ڤان دێر شۆیل، لەساڵی ١٩٩١ هاتووە: شاڵاوەکانی ئەنفال لە پاش بەرنامەڕێژی ووردەوە جێبەجێکراون کە بوونە هۆی مردن و بێسەروشوێن

کردنی هەزاران خێزان و وێرانکردنی هەزاران گوند و لەناویشیاندا سەرچاوەکانی ئابووری و مولک و شوێنەوارە کلتوورییە گشتییەکان.

عیراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز و سامانی سروشتی تر و رووبەری خاکەکەیی و میژوو و فرەڕەنگی کلتوور و فەرهەنگی جیاوازی دانیشتوانەکەی، بەڵام هەموو ئەمانە لەجیاتی ئەوەی ببنە مایەی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی پێکەوەژیان و بنیاتنانی سیستمێکی پێشکەوتوو لە دەسەڵات بەچاوکردن لە نموونەی وڵاتانی هاوشێوەی عیراق لە فرەییدا وەک سویسرا و بەلجیکا، کەچی هەمیشە محکومی دەسەڵاتی ستەمکار و تاکڕەو بووە کە بەسوود بینین لە ئابووری بەهێزی وڵات، بەتایبەتی داهاتی نەوت، پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان بەهێزتر دەکرد و درێژەیان بە پیادەکردنی سیستمی ستەمکاری دەدا.

لە مێژوودا چەندین نموونەی کارەساتی قێزەونی پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی بەرچاودەکەون بەڵام سەدەی بیست ترسناکترین و گەورەترین تۆماری لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسانەدا بەردەکەوێت. سەرهەڵدانی سیستمە تۆتالیتار و دیکتاتۆرییەکان و باڵادەستی ئایدیۆلوژی نازیزم و فاشیزم و ڕەگەزپەرستی هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی دوو جەنگی جیهانی بوون (١٩١٤ و ١٩٣٩) کە بە دەیان ملیۆن مرۆڤی کردە قوربانی. هەر لە پای ئەو دوو جەنگە جیهانییە و جەنگە ناوچەییەکانی تردا زەمینەی جینۆساید و قڕکردنی گەلان و ئاینزا جیاوازەکان سازدەکرا، نموونەی جینۆسایدی گەلی ئەرمەن لە تورکیای عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥ و کۆمەڵکوژی چینییەکان لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە لە ساڵی ١٩٣٧ و هۆڵۆکۆستی جوولەکە لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا (١٩٣٣–١٩٤٥) و کۆمەڵوژییەکانی کەمبۆچیا لەلایەن خەمیرە سوورەکانی پۆڵپۆت (١٩٧٥–١٩٧٩) و جینۆسایدی کورد لە سەر دەستی بەعسییەکانی عیراق لە ساڵی ١٩٨٨دا.

ئەمڕۆ وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا و گەلانی ئازادی جیهان پشتیان کردووەتە ئەو ڕابردووە تاریکە و پێکەوە کار بۆ بەرقەرارکردنی سیستمێکی جیهانی نوێ دەکەن کە لەسەر بنەمای بەرقەرارکردنی ئاسایشی جیهانی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بنیاتنرابێت. یاسا و ڕێککەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨، و نەهێشتنی کۆمەڵکوژی و بەرەنگاربوونەوەی جیاوازیی ڕەگەزی و توندوتیژی بە

هەموو شێوەکانییەوە، دەربڕی ئیرادەی زۆرینەی گەلانی جیهانە بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

لێکۆڵینە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانەی دەبنە قوربانی جینۆساید لە کۆنەستیاندا هەمیشە لەناو جۆرێک لە هەستکردن بە ستەمی مێژوو دەژین و لە بارێکی دەروونی دەستەجەمعی ناجێگیردان بەتایبەتی لە پەیوەندییاندا لەگەڵ لایەنی ستەمکار. پرۆسەی سرینەوەی ئاسەواری ئەو کارەساتانە پێویست بە بوێری و ئازایەتی دانپیانان و داوای لێبوردن و درێژکردنی دەستی لێبوردەیی و هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ دەکات لەنێوان لایەنی ستەمکار و ستەملێکراودا تا بتوانن پێکەوە بەشداری لە بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش بکەن بۆ نەوەکانی داهاتوویان.

جینۆسایدی کورد لە عیراق مێژوویەکی نزیکە، کەسوکاری قوربانییەکان هێشتا بەئازاری لەدەستدانی ئازیزانەوە رۆژگار بەسەردەبەن. هەندێک لەوانەی لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا بە برینداری یاخود بە سەلامەتی دەربازبوون هێشتا لە ژیاندان و لە چاوەروانی بەرقەرابوونی عەدالەت و گێرانەوەی بەهاکانی مرۆڤایەتی و قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەویدان. زیندوو ڕاگرتنی یادی کارەساتەکانی جینۆساید ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە نەک بۆئەوەی بەردەوام هزری قین و تۆڵەسێنی لە مێشکی نەوەکاندا دەمەزرد بکرێتەوە بەڵکو بۆ ئەوەی هەمیشە نەفرەت لە عەقڵییەتی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی رەگەزی بکەن و لە بەسەرکردنەوە و خوێندنەوەی ئەو لاپەرە رەشانەی مێژووەدا وانەی پڕ عیبرەت وەربگرن و بە هزر و بیرێکی نوێوە کار بۆ ژیانێکی ئازاد بکەن کە مایەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان بێت بەدەر لە هەر جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئاینی و رەگەزی. لەهەمووی گرنگتر بەگژداچوونەوەی هەر ئایدیا و هزرێکی دژە مرۆڤایەتییە لەهەر بەرگ و شێوەیەکدا بێت کە هۆکاری سەرەکی کارەسات و نەهامەتیەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بوون ئەویش لەرێگەی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و فەرهەنگ و کلتووری مرۆڤدۆستییەوە بەتایبەتی لەسەر ئاستی پەروەردە و میدیا و بەرجەستەکردنیان لە بەرهەمە هونەرییەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تردا.

کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکان و پاشماوە و شوێنەوارەکانی تایبەت جینۆساید پێویستە بەشێوەیەکی زانستی بێت لەرێگەی دەزگا و دامەزراوەی فەرمی

و بە سەرپەرشتی کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ناوخۆیی و بیانی، هەروەها توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوامیان لەسەر بکرێت و دەرەنجامەکانی ئەرشیف بکرێن و بەجیهان بناسرێن.

ئەمڕۆ لە عیراقی دوای ڕژێمی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی فاشیدا، جێی خۆیەتی بپرسین؛ تا چەند ئاسەواری دەورانی ڕەشی ستەمکارییمان تێپەڕاندووە؟ چۆن دڵنیا بین کە جارێکی تر عەقلییەتی ڕەگەزپەرستی و پاوانخوازی هەرەشە لە کۆی سیستمی کۆمەڵایەتی و ژیانی گشتیمان ناکات؟ ئایا مەترسی پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی بەسەرچووە؟ ئەڵبەت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویست بە چەندین لێکۆڵنەوەی سەربەخۆ دەکات، بەڵام لێرەدا و لە کۆتایی ئەم باسەدا هەوڵدەدەم ئاماژە بۆ هەندێک دەرهاویشتەی سیاسی و دیاردەی کۆمەڵایەتی و کلتووری بکەم کە بەدڵنییایەوە بەشێکی سەرەکی لە سیما و خەسڵەتەکانی سیستمی سیاسی و شێوە و سرووشتی ئەو دەسەڵاتەمان پێنیشان دەدەن کە ئەمڕۆ و ئایندەی وڵاتیان لەسەر بیناەدەکرێت.

– ئەگەرچی دەستووری عیراق لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی و فیدراڵ نووسراوەتەوە و جەخت لەسەر ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆ کێشەی سەرەکی لەم وڵاتەدا بریتییە لە کارنەکردن بە دەستوور، بەتایبەتی ئەو مادە و بڕگانەی پەیوەندییان بە مافی نەتەوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. تا ئێستا مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی عیراقدا لەنێوان خواستەکانی کورد بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵپەسێراوەکان و مەیلی دەسەڵاتی بەغداد بۆ ناوەندگەرایی بەهێز لە چاوەڕوانی چارەسەری کۆتاییدایە.

– لە ساڵی ٢٠٠٥ دوە سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە وڵاتدا ئەنجامدراوە کە لەڕووی پراکتیکییەوە نیشانەی پیادەکردنی دیموکراسییە لە سیستمی حوکمڕانیدا بەڵام لەبەر نزمیی ئاستی هۆشیاری سیاسی گشتی و لاوازیی فەرهەنگی دیموکراسی لەنێو کۆمەڵگەدا، زۆرترین هەلی سەرکەوتن بەر هێزە ڕادیکاڵە مەزهەبی و نەتەوەییەکان کەوتووە. بەمەش واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی تووشی چەندین کێشە و گرفتی مەترسیدار بووەتەوە کە زەمینەی ململانێی توندی مەزهەبی و ناوچەیی و تەنانەت نەتەوەییشی خوڵقاندووە. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە، توندوتیژی و تاوانی ڕێکخراو و گەندەڵی تەشەنەیان کردووە و کێشە

سیاسییەکان لە قووڵبوونەوەدان ئەمەش بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئەو توێژە سیاسییەی ململانێی گەیشتنە دەسەڵات دەکەن لە عیراقدا.

- مادەی ٧ی دەستووری عیراق هەموو جۆرە قەوارە و پەیڕەوێک قەدەغە دەکات کە رەگەزپەرستی و تیرۆر و پاکتاوی تایەفی بکەنە بەرنامەی خۆیان یاخود پشتگیری و بانگەوازی بۆ بکەن، بەتایبەتی بەعسی سەدامی. هەروەها لە مادەی ١٣٥دا جەخت لەسەر بەردەوامبوونی کارەکانی دەستەی باڵای نیشتمانی بۆ ریشەکێشکردنی بەعس کراوەتەوە وەک دەستەیەکی سەربەخۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەبێت. قەدەغەکردنی هزری رەگەزپەرستی و پاکتاوی تایەفی و ریشەکێشکردنی حزبی بەعس بریار و هەنگاوی بەجێ و پێویستن لە پرۆسەی بنایتنانەوەی دەوڵەتی مەدەنی و کۆمەڵگەی عیراقی نوێ لەسەر بنەماکانی ئازادی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتی هاونیشتمانی، بەڵام ئەوەی جێی رامان و پرسیارە ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ هزر و ئایدیایەکی سیاسی پێشکەوتنخواز نەیتوانیوە ئەو بۆشایی و کلتوورە دواکەوتووە پربکاتەوە کە نەمانی حزبی بەعس لەناو بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی عیراقیدا بەجێی هێشت. راستییەکی تریش ئەوەیە کە هزر و رەفتاری بەعس تا ئەمرۆش ئامادەیی هەیە لە بەرگی نوێدا و لەژێر چەندین ناو و لیستی هەڵبژاردنی جیاجیادا کە کاریگەرییان لەسەر کۆی هاوکێشەی سیاسی عیراق هەیە بەتایبەتی لە پەرلەمان و تا رادەیەکیش لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا. ریشەکێشکردنی بەعس و ئایدیۆلۆژی رەگەزپەرستی پێویستە لە مەنهەجی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بایەخی پێبدرێت و لە پەروەردەی مەدەنیدا بەشێک بێت لە پرۆسەی هۆشیاری گشتی.

بەوپێیەی عیراق لە قۆناغی راگوزاریدا لە سیستمی تۆتالیتار و دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسی و سەروەری یاسا و هاونیشتمانی بوون، دادپەروەری راگوزاری (العداله الانتقالیه)دەبێتە یەکێک لە هەنگاوە پێویستەکان لەو بوارەدا. هەروەک مادەی ١٣٤ی دەستوور جەخت لەسەر بەردوامبوونی دادگای باڵای تاوانەکان دەکاتەوە لە عیراقدا وەک دەستەیەکی سەربەخۆ کە دەروانێتە تاوانەکانی رژێمی دیکتاتۆری لەناوچوو، لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەو دادگایە لە چەندین کەیسی روانیوە و بریاری

لەبارەیانەوە داوە و تاوانبارانی بە سزا گەیاندووە، لە ناویشیاندا تاوانەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی.

بەر لە هەر هەنگاوێک دەبوایە حکومەتی نوێی عیراق بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ئیدانەی تاوانەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی بکردایە کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئەنجامدراون و داوای لێبوردنی لە گەلی کورد و سەرجەم قوربانیانی تاوانەکان بکردایە. بەهەما شێوە دەبوایە پەرلەمانی عیراق لە یەکەم خولی دوای پەسەندکردنی دەستووری نوێی عیراق سەرجەم ئەو یاسا و بڕیارانەی رژێمی پێشووی هەڵوەشاندایەتەوە کە دەچنە خانەی تاوانەکانی دژەمرۆڤییەوە و تاوانە ئەنجامدراوەکانیشی بەگوێرەی پێناسە نێودەوڵەتییەکان بناساندایە و دەسەڵاتی جێبەجێکرنیش لەهەموو ڕوویەکەوە پابەند بووایە بە بڕیارەکانی پەرلەمانەوە و دادگای باڵای تاوانەکانیش بەپێی پسپۆری خۆی لە کەیسەکانی بڕوانایە. بەهەمان شێوە دەبوایە حکومەتی عیراق لەڕێی پۆلیسی نێودەوڵەتی و کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە کاری بۆ رادەستکردنەوەی تاوانبارە هەڵاتووەکان بکردایە بەگوێرەی ڕێککەوتنامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٧٣ تایبەت بە بنەماکانی هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ دەستگیرکردن و رادەستکردن و سزادانی ئەو کەسانەی بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی تۆمەتبار کراون .

هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی بەتێپەڕبوونی کات کە پەرلەمانی فرەنسە لە ساڵی ١٩٨٥ دەنگی لەسەر داوە و پەسەندی کردووە.

سەیرە کە دادگای باڵای تاوانەکان کەیسێک وەک تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی بناسێت و حوکمی لەبارەوە بدات بەڵام لەناو پەرلەماندا ساغنەکرێتەوە و بگرە هەندێکیش تا رادەیەک ڕاڤەی جیاواز و پاکانە بۆ تاوانەکانی رژێمی دیکتاتۆری بکەن. ئەمەی ئاماژەمان بۆ کرد یەکێکە لەو ئیشکالیەتە یاسایی و دەستوورییانەی پێویستە قسەی لەبارەوە بکرێت و ساغبکرێتەوە تەنانەت ئەگەر پێویست بە هاتنەناوەوەی دادگای فیدراڵیش بکات.

مەسەلەیەکی تری پەیوەست بە رەوتی دادگاییکردنەکان، بەتایبەتی لە کەیسی جینۆسایدی کوردان لە پرۆسەکانی ئەنفالدا، پەیوەندی بەرادەی بەدەنگەوەچوون و هاوکاری کوردەوە هەیە لەگەڵ دادگادا. ڕەخنەیەک کە لەسەر چەندین ئاست

ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەگشتی و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکرێت بریتییە لە هاوکارینەکردن لە ناردنی ئەو تۆمەتبارانەی ناویان لە لیستی داواکراواندا هاتووە بۆ بەردەم دادگا. ئاشکرایە کە بە سەدان کورد بەسیفەتی موستەشار و ئامیر فەوج و ناونیشانی جیاجیا لەتەک هێزەکانی رژێمی بەعسدا بەشداریان لە پرۆسەکانی ئەنفالدا کردووە و تا ئێستاش زۆربەیان ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەرێنن، بەڵام دەسەڵاتدارنی هەرێم لەوەڵامی ئەو پرسەدا باس لەوە دەکەن کە ئەو کەسانە لە بەهاری ١٩٩١ دا لەگەڵ راپەڕینی گەلی کوردستاندا لەلایەن «بەرەی کوردستانی» ئەوساوە بەر بڕیاری لێبوردنی گشتی کەوتوون. لەکۆتاییدا، بەدەر لە مەبەستی ورووژاندن یاخود هیچ مەرامێکی سیاسی، جێی خۆیەتی چەند پرسیارێک لەم بارەیەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین لە هەرێمی کوردستاندا؛ بەرەی کوردستانی بۆی هەیە بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ ئەو کەسانە دەربکات کە لەبەرەی شەڕی دژی ئەودابوون و لە کرداری تۆڵە سەندنەوە بیانپارێزێت، بەڵام ئایا مافی ئەوەی هەیە لەجیاتی قوربانیانی دەستی ئەو کەسانە لە تاوانەکانیان خۆش بێت؟! پرسیارێکی تر ئەوەیە، ئایا لەم وڵاتەدا کە سەربەخۆیی دادگا بەدەستوور پارێزراوە کەس مافی ئەوەی هەیە بەرامبەر بە داواکاری دادگایەکی باڵا بوەستێتەوە کە بەگوێرەی دەستوور پێکهێنراوە و سیفەتی دادگایەکی فیدراڵی هەیە؟! پرسیاری کۆتاییش ئەوەیە، ئایا لە ئاست کەیسێکی نەتەوەیی و تەنانەت جیهانیی گەورەی وەک جینۆسایدی گەلێک، کێ و لەسەر چ بنەمایەک مافی ئەوەی هەیە دادوەری لەنێوان جەلاد و قوربانیدا بکات؟!.

سەرچاوەکان

- ميشيل عفلق، في سبيل البعث، الكتابات السياسية الكاملة، الجزء الاول- بيروت.

- صدام حسين، معركة الاستقلالية و السياسة الدولية، ١٩٧٨ بغداد.

- محمود شريف بسيوني، الوثائق الدولية المعنية بحقوق الانسان، ٢٠٠٥ القاهرة.

- سوسن نمر خان بكة، الجرائم ضد الانسانية، ٢٠٠٦ بيروت

- (هاشم ياسين و سردار محمد عبدالرحمن و عدنان كركوكى، اطلس كركوك، اللجنة العليا لمناهضة تعريب كوردستان- أربيل٢٠٠٦)

- سياسەتی تەعریب لە شاری کەرکوک (شیکردنەوەیەکی جوگرافی-سیاسی) ، حەمید عەبدوڵا ساڵح ٢٠٠٨

- الدستورالعراقي المؤقت لعام ١٩٦٤بغداد.

- الدستور العراقي لعام ٢٠٠٥ بغداد.

- شريف علتم و ماهر عبدالواحد، موسوعة اتفاقيات القانون الدولي الانساني، ٢٠٠٥ القاهرة.

- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوی رەگەزییدا، سلێمانی ٢٠٠٣.

- جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکوک لە پاکتاوی رەگەزییەوە بۆ چارەسەری دەستووری، سلێمانی ٢٠٠٨.

قەیرانەکانی عیراق، شەڕاکەتێک لەبەردەم پرسیاردا !؟

تەنگژە سیاسییەکانی عیراق لە دوای نیسانی ٢٠٠٣وە شێوە و ڕەهەندی جیاوازیان بەخۆوەبینیوە و لەسەر ئاست و قەبارەی جیاجیا دەرکەوتوون و تا ئەمڕۆ بەردەوامن، بەبێ ئەوەی ئاسۆی چارەسەریان دیاربێت. ئەگەرچی کورد لەسۆنگەی بەتەنگەوەهاتنی بۆ بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراسی و فیدراڵ، بەدرێژایی ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوو، لە هیچ جەمسەرێکی ململانێی دەسەڵاتدا نەبووە و دەستی لە بەرپاکردنی توندوتیژی مەزهەبی و نەتەوەییدا نەبووە، بەڵام بەردەوام لە بارێکی ناجێگیری سیاسی و ئەمنیدا ژیاوە. لە دارشتنەوەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە مارتی ٢٠٠٤دا دەرچوو، ڕێککەوتنی کورد و شیعە لە باشترین ئاستیدا بوو. بەپێچەوانەوە زۆرینەی عەرەبی سوننە و بەشێکی بەرچاوی تورکمان ئەو یاسایەیان بە بەڵگەنامەیەکی مەترسیدار لەسەر ئێستا و ئایندەی عیراق دەزانی، بەتایبەتی لە مەسەلەی فیدراڵی و ساغکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکییەکان وەک لە مادەی ٥٨ی یاسای ناوبراودا هاتبوو.

لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەبێ بەشداری ڕاستەقینەی عەرەبی سوننە ئەنجامدرا. ئەو ئەنجومەنە دوو ئەرکی سەرەکی لەئەستۆدا بوو؛ یەکەمیان پێکهێنانی حکومەتێکی ڕاگوزاری و دووەمیشیان دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عیراق. حکومەتی ڕاگوزاری بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری (دوای حکومەتی کاتیی ئەیاد عەلاوی) پێکهات و دەستووریش لە ١٥ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بە ڕەزامەندی سێ لەسەر

چواری دەنگدەران لە راپرسییەکی گشتیدا پەسەندکرا. لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا دووەمین هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عیراق ئەنجامدرا و سوننەکان بەمەرجی پێداچوونەوەی دەستوور بەگەرمی بەشداریان تیاداکرد. لە بەرامبەردا، کورد جگە لە پشت بەستن بەدەستوور و بەردەوامبوون لەسەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ شیعەدا بژارەی باشتری لەبەردەستدا نەبوو. ئەگەرچی لە ماوەی دەسەڵاتی حکومەتی راگوزاریدا هیچ یەک لە داخوازییە دەستوورییەکانی کورد جێبەجێ نەکران، بەڵام لە ئەنجامدا و لەژێر فشار و داواکاری کورددا ئیبراهیم جەعفەری گۆڕدرا بە نوری ئەلمالکی کە ئا ئەمڕۆ لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا بۆ خولی دووەم بەردەوامە.

ساڵی ٢٠١٠ سەرەتای دەورانێکی نوێ بوو لە تەنگژەی سیاسی لە وڵاتدا، لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی ئازار کاتێ لیستی ئەلعراقیە ٩١ کورسی و لیسی دەوڵەتی یاسا ٨٩ کورسی بەدەستهێنا. ئەمەش وای لە لیستی ئەلعراقیە کرد ئاهەنگی بردنەوە بگێڕن و خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت ئامادەبکەن و بەڵێنی جیاجیا بە دەنگدەر و جەماوەری خۆیان و گەلانی عیراق بدەن. لەمەشدا بەهەڵەدا نەچووبوون بەوپێیەی لە زۆربەی سیستمە دیمەکراسییەکانی جیهاندا لایەنی براوەی هەڵبژاردن حکومەت وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی لە عیراقدا رووی‌دا شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو کاتێک دادگای فیدراڵی لە راڤەکردنی مادەی ٧٦ (یەکەم) ی دەستووردا دەستەواژەی «کوتلەی نیابی خاوەن زۆرترین ژمارە» ی لێکدایەوە بە فراکسیۆنی پەرلەمانیی زۆرینە. بەمەش رێگەی خۆش کرد بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا تا لەرێی پێکهێنانی هاوپەیمانییەوە لەگەڵ لیستە شیعەکانی تردا رێژەی کورسییەکانی بۆ ١٤٣ بەرزبکاتەوە و هیچ دەسکەوتێک بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردندا نەهێڵێتەوە.

ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە عیراقی تێکەوتووە چەندین لێکدانەوە و ئاماژەی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەڵام جەوهەری مەسەلەکە بریتییە لە چەقبەستنی پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراقی دوای دەسەڵاتی دیکتاتۆری و شمولی و سەنتراڵ، لەسەر بنەماکانی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراسی وەک لە مادەی یەکی دەستوردا هاتووە.

لە یەکەم خوێندنەوەمان بۆ ماهییەتی ئەو هێزە سیاسییانەی جڵەوی دەسەڵاتیان لە بەغدا گرتووەتە دەست، گومانی ئەوەمان لا دروست ئەبێت کە بەڕاستی بڕوایان بە

هیچ یەک لەو بنەمایانە هەبێت کە لە دەستوردا هاتوون. تەنیا لایەنێک کە هیوای لەسەر ئەو بنەمایانە هەڵچنیوە، لایەنی کوردییە کە بۆخۆی راستەوخۆ لە دەسەڵاتدا بەشدارە بەڵام لە بریاردانداە ئەو کاریگەرییەی نییە. زاراوەی عیراقێکی فیدراڵ تەنیا لە زمانی میدیای فەرمی کوردیدا ئەبیسترێت، هەروەک چۆن دیموکراسی و فرەیی لای زۆربەی لایەنەکان دوو زاراوەی بێزراون و فیدراڵیش بەو مۆدێلەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بە هەرەشە دەزانن بۆسەر یەکپارچەیی خاک و گەلی عیراق.

ئەمرۆ قسە لەسەر ئەو بنەما دەستوریانە نییە، بەڵکو لەسەر ململانێ و نەسازانی لایەنە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات. لە دوای رێککەوتننامەی هەولێر لە ئەیلولی ٢٠١٠ وە تا ئێستا کابینەی حکومەت بەتەواوی دانەمەزراوە، ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان پێکنەهاتووە، وەرەقە نۆزدە خاڵییەکەی کورد هێشتا قسەی جیدی لەسەر نەکراوە و رەوشی ئەمنیش ناجێگیرە ئەوەی بۆ ئێمە زیاتر مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، پێگەی کوردە لەناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەی ئەمرۆی عیراق و ئەو چوارچێوە سیاسی و یاساییەی کە پەیوەندی کورد بە لایەنەکانی تری عیراقەوە رێکدەخات. بەکورتی دەتوانین بڵێین هەرلە سەرەتاوە دابەشبوونێک لەسەر بنەمای نەتەوە و مەزهەب نەخشەی هاوپەیمانی و بەرەیی هێزە سیاسییەکانی دارشت. لە کاتێکا کورد و شیعە وەک دوو لایەنی هاوپەیمان دەرکەوتن، سوننەکان لەبەرەیەکدا کۆبوونەوە کە لە رەوتی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە تا ئیسلامییە مەزهەبییەکان و بەشێک لە عەلمانییە شیعەکانی دەگرتەوە. بەمەش یەکەمین تاقیکردنەوەی ئیرادەی راستەقینە بۆ بنیاتانەوەی عیراقێکی دیموکراسی شکستی هێنا و وڵات بووە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و مەزهەبی و توندوتیژی و تیرۆر (بە تایبەتی لە بەغدا و پارێزگا فرەمەزهەبەکان) هەروەها بەردەوامبوونی ئاڵۆزی لە دەرەنجامی بەریەککەوتنی گوتار و بەرنامەی نەتەوەیی (نموونەی پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵ و هەندێک ناوچەی دیالە).

مەسەلەیەکی گرنگی تری جێ مشتومڕ بریتییە لە یاسای نەوت و گاز کە تا ئێستا لە پەرلەمانی عیراق پەسەندنەکراوە و دوا رەشنووسیش کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەوانەی پەرلەمان کراوە لەلایەن کورد و هەندێک فراکسیۆنی ترەوە رەخنەی لێگیراوە، بەمەش ناکۆکییەکانی نێوان کورد و بەغدا بەرەو قووڵبوونەوەی زیاتر چوون.

لەلایەکی ترەوە ناکۆکی و ململانێی نێوان دەوڵەتی یاسا و ئەلعیراقییە گەیشتووەتە ئاستێک کە بەرەو بنبەست دەچێت و پرۆسەی سیاسی لەبەردەم چەند بژارەیەکدا رادەگرێت کە بریتین لە لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی یان هەڵبژاردەنەوەی پێشوەختی پەرلەمان یاخود دەورانێکی تری پشێوی و توندوتیژی.

لە هەلومەرجێکی وەهادا و لە ئەگەری هەر پێشهاتێکدا، پێویستە لایەنە سیاسییە کوردییەکان گفتوگۆی جیدی و راشکاوانە لەناوخۆیدا (بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە) دەستپێبکەن و لە چوارچێوەی ستراتیژی کاری نیشتمانی و نەتەوەییدا یەک هەڵوێست بن و خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەبکەن.

گەرانەوەی عیراق بۆ رژێمی دیکتاتۆریی و دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز ئەگەرێکی لاوازە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە باهۆزی گۆرانکاری ریشەیی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا هەڵیکردوە و یەک لەدوای یەک رژێمە تۆتالیتار و دەسەڵاتە تەقلیدییەکان دەروخێنێت و پێشبینییکردنی ئایندەی سیستمی سیاسی و چارەنووسی گەلانی ناوچەکە کارێکی ئاسان نییە. بۆیە زۆربەی بۆچوون و خوێندنەوەکان بۆ ئایندەی عیراق لە دوو ئەگەردا کۆدەکرێنەوە؛ یان گەیشتن بە رێککەوتن و سازانێکی نیشتمانی لە نێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکییەکانی گەلی عیراق دەکەن، یاخود دابەشبوونی ئەم وڵاتە بۆ چەند هەرێمێکی جیاواز کە دواتر سرووشتی پەیوەندییەکانی نێوانیان و میکانیزمەکانی کارکردنیان و دەسەڵاتەکانیان دەردەکەون.

بانگەوازکەرانی ناوەندێتی بەهێز، دوای هەشت ساڵ لە رووخانی رژێمی بەعس، ئەمڕۆ زیاتر لەدەوری دابینکردن و چەسپاندنی بەرژەوەندی مەزهەب و ناوچە و مەرجەعییەتی سیاسی خۆیان کۆبونەتەوە. ئەوەی لایەنە شیعەکان دەیانویست لەرێگەی زۆرینەی دانیشتوانەوە پاوانی دەسەڵات بکەن لە بەغدا هەرزوو رووبەرووی دژایەتی سوننە بوونەوە و ناکۆکی و توندوتیژی مەزهەبی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دوای تەقاندنەوەی مەزاری عەسکەری لە سامەرا گەیشتە ئاستێکی خوێناوی ترسناک. لەلایەکی تریشەوە دەرکەوتنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی لایەنە شیعە جیاجیاکان لەسەر بنەمای جیاوازی مەرجەعییەت و ئاجێندای سیاسی، بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئاداری ٢٠١٠دا، بەرنامە و خولیای پاوانی بێ رکابەری دەسەڵاتی لای شیعەکان دوورخستەوە و هەندێک پارێزگای

شیعەنشین بانگەوازی فیدراڵییان کرد وەک پارێزگای بەسرە کە بەفەرمی لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەو داوایەی پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد و ئێستاش ناوبەناو دەیهێننە بەرباس.

هەرچی بەرەی سوننەی عەرەبە، کە زۆرترین هێز و لایەنە توندرەوە مەزهەبی و ناسیۆنالیستەکانی گرتوەتەخۆ، بەهەمان شێوە دوای بێئومێد بوون لە بانگەوازی ناوەندێتی بەهێز لەژێر درووشمی یەکپارچەیی خاک و گەلی عیراق و دوای قبووڵکردنی ئەو راستییەی کە لەسەر بنەمای هاوکێشە و پارسەنگی مەزهەبی جارێکی تر سوننە ناتوانن لەسەر ترۆپکی دەسەڵات بن وەک ئەوەی لەماوەی هەشتا ساڵ لە مێژووی نوێی عیراق پیادەیان دەکرد، پرۆژەی بەهەرێمکردنی هەندێک پارێزگایان پێشکەش بە حکومەت کرد. بریارەکەی پارێزگای سەلاحەدین لە ٢٧ تشرینی دووەمی ٢٠١١دا تەلیسمی ترسی لە فیدراڵی شکاند و بەدوایدا پارێزگای دیالەش لە ١٢ کانوونی یەکەم ٢٠١١ هەمان بریاری دا و پارێزگای ئەنباریش لە سەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠١١ بە زمانێکی هەرەشە ئامێزەوە بانگەوازی بەهەرێمبوونی دا بەگوێی حکومەتەکەی نوری مالکیدا. لێدوانەکانی ئوسامە نوجەیفی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١١ لەبارەی پەراوێزخستنی لیستی ئەلعراقییە و پێشنیازکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ عەرەبی سوننە، زیاتر لە مانایەکی لەخۆگرت و وەک خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەت و هەڵوێستی ئەلعراقییەدا ناسرا.

ململانێی نێوان ئەلعراقییە و دەوڵەتی یاسا زیاتر رووی لە گرژی و تەقینەوە کرد بەتایبەتی دوای فەرمانی دەستگیرکردنی تاریق ئەلهاشمی جێگری سەرۆک کۆمار بەتۆمەتی تێوەگلانی کەسانی سەر بە ئەو لە کردەوەی تیرۆریستیدا و بڵاوکردنەوەی دانپیانانەکانی چەند تۆمەتبارێک لەوبارەیەوە لەکەناڵی تەلەفزیۆنی ئەلعراقیەی سەر بە حکومەتەوە لە ١٩ ی کانونی یەکەمی ٢٠١١. رۆژێک پێش دانپیانانەکان، واتە لە ١٨ کانونی یەکەمدا، ئەلهاشمی بەغدادی پایتەختی بەرەو هەرێمی کوردستان بەجێهێشت و تا کاتی نووسینی ئەم وتارەش وەک داواکراوێک لەلایەن دادگای عیراقەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. هەروەها ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عیراقییە و چەند سەرکردەیەکی دیاری ئەو لیستە بەهەمان شێوە بارگەوبنەیان بۆ هەرێمی کوردستان گواستووەتەوە.

پێشهات و ئاراستەی رووداوەکان بەرەو قووڵبوونەوەی زیاتری کێشە و ململانێکان

دەچن و بەرای زۆربەی چاودێران و سەرچاوە سیاسییەکان عیراق بەرەو خاڵی وەرچەرخان دەچێت کە دەکرێت بە قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ناوببرێت یاخود بە قۆناغی دوای تەوافوقی سیاسی پێناسەبکرێت.

کات و وادەی تەقینەوەی ململانێکان بۆخۆی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. دوای تەنیا یەک هەفتە لە کشانەوەی دوا سەربازی ئەمەریکا و پرسی بۆشایی ئەمنی و بێتوانایی هێزە چەکدارەکانی عیراق و مانەوەی کێشە سیاسییەکان بە هەڵپەسێراوەیی، پرسیار و گومانی ئەوەمان لا دروستدەکەن کە ئەجیندایەکی سیاسی فراوانتر لەپشت رووداوەکانەوە بێت و ئەگەری ئەوەش لە ئارادا بێت کە نەخشەیەکی نوێ بۆ سروشی دەسەڵات و سیستمی سیاسی لە عیراقدا لە پرۆسێسی دارشتندابێت.

سرووشتی ململانێی دەسەڵات لە عیراق ئەگەرچی لە سەر بنەمای جیاوازی مەزهەب دەرکەوتووە لەنێوان شیعە و سوننەدا، بەڵام رەهەندە سیاسییەکانی ئەو ململانێیە پەلوپۆی زیاتر و دوورتر دەهاوێژن، بەتایبەتی کە بەرژەوەندی سیاسی ناوچەیی و هەرێمایەتی تێکەڵ بە ئەجیندای ناوخۆیی دەبن. هەڵوێستی فەرمی عیراق لە ئاست ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بەگشتی و پرسی سووریا بەتایبەتی و گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا، عیراق دەخاتە ناو بازنەی بایەخپێدانی تایبەتەوە.

ئەوەی ئەمرۆ لە عیراقدا رووەدات دەرەنجامی بە بنبەست گەیشتنی هەوڵەکانی رێککەوتنی سیاسییە لەسەر پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان دوو لیستی سەرەکی براوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئاداری ٢٠١٠ دا کە نوێنەرایەتی دوو پێکهاتەی سەرەکی مەزهەبیش دەکەن لە وڵاتدا و تا رادەیەکی زۆریش لە رووی نوێنەرایەتی ناوچەییەوە لەیەکتر جیاوازن. بە مانایەکی تر، ئەمرۆ مەترسی شکستی پرنسیپی دیموکراسی تەوافوقی و حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی لە ئارادایە. ئەگەر کۆی هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و خاوکردنەوەی گرژییەکان و رازیکردنی لایەنەکان بۆ دانیشتن و گفتوگۆ نەگاتە ئەنجام، ئەوا چاوەڕێی دەورانێکی تری توندتیژی خوێناوی دەکەین لە چەندین شوێنی عیراق بەتایبەتی بەغدای پایتەخت و ئەو ناوچانەی فرەیی مەزهەبی و نەتەوەییان تێدایە. ئەڵبەت پێبەپێی توندبوونی بازنەی توندوتیژی و جێگۆرکێی پێگە و سەنگی هێزە سیاسییەکان بەدوور نازانرێت کە ریزبەندییەکی نوێ لە نەخشەی دابەشبوونی ئەو

هێزانە بەدیبێت و دابەشبوونی عیراق بۆ چەند ناوچەیەکی نفووزی سیاسی و پاشان بۆ چەند هەرێمێکی سەربەخۆ بکات بە دیفاکتۆ.
دابەشبوونی عیراق بۆ چەند هەرێمێکی فیدرال ئەگەر لەسەر بنەمای دەستووری نەبێت ئەوا هیچ لە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان ناگۆڕێت و کێشەکانی لە عیراقدا چارەسەرناکات، بەو مانایەی راگەیاندنی هەر هەرێمێک پێویستە بەشێک بێت لە پرۆسەی بە فیدرالی کردنی سیستمی سیاسی وحوکمرانی لە وڵاتدا و بەدوای ئەویشدا هەموو ئەو مادە و برگە دەستوورییانە کارا بکرێن کە پێویستن بۆ بەرقەرارکردن و تۆکمەکردنی وەک مادەی ٦٥ کە باس لە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی یاسادانان دەکات بەناوی «ئەنجومەنی فیدرالی». بە پێچەوانەوە ئەگەر راگەیاندنی هەرێمی فیدرال لەسەر بنەمای کاردانەوە و نارەزایەتی بێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەند یان هەرێمێکی تر، ئەوا عیراق بەرەو چەندین کانتۆنی ناتەبا لەگەڵ ناوەند و لەگەڵ یەکتردا دەبات. بەو پێیەش کە هەرێمی کوردستان سنوورێکی دوورودرێژی لەگەڵ ناوچە عەرەبییە سوننە مەزهەبەکاندا هەیە، لە هەلومەرجێکی وەهادا کێشەکانی لەیەک کاتدا رەهەندێکی هەرێمی ناوخۆیی لەگەڵ دراوسێکانی و رەهەندێکی نیشتمانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند لە بەغدا دەبێت.
یەکێک لە پێشنیازەکان بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئەمرۆی عیراق بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆ پەرلەمانی عیراق. بەو پێیەی پێکهێنانی حکومەت پیادەکردنی ئیستحقاقێکی دەستوورییە کاتێک ئەو مافە دەبەخشێتە لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکان، هەربۆیە لە ئەگەری پێکنەهێنانی حکومەتدا یاخود هەڵوەشاندنەوەی بەبێ جێگرتنەوەی بە حکومەتێکی تر بەهۆی قەیرانی سیاسییەوە ئەوا پەنا دەبرێتە بەر هەڵبژاردنەوەی پێشوەخت تا لەسەر دەرەنجامەکانی حکومەتێکی نوێ پێکبهێنرێت. ئەمەیان حاڵەتێکە لە زۆربەی سیستمە پەرلەمانییەکاندا روودەدات، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە؛ ئایا لە حاڵەتی ئێستای عیراقدا کە قەیرانی سیاسیی نەک بە تەنیا لەسەر حکومەت بەڵکو هەرەشە لە کۆی سیستمی سیاسی وڵات دەکات و مەترسی گەورەتری لێ چاوەروان دەکرێت، پەنا بردنەبەر هەڵبژاردنی پێشوەخت ئاراستەی کێشەکان بەرەو چارەسەر دەبات؟
هەڵبژاردنەوەی پێشوەخت رەنگە جارێکی تر ئەو جیاوازییە هەستیار و کەمە لەئەنجامەکاندا نەهێڵێتەوە بەڵام ئایا گرەنتی ئەوە دەکات لیستێکی براوە بەرێژەی

زۆرینەی رەها بێنێتەپێش کە بەبێ رکابەر بەرەو پێکهێنانی حکومەت بچێت؟ بەبڕوای من ئەوەیان ئەگەرێکی ئێجگار دوورە بەتایبەتی کە نە هەموو شیعە دەتوانن لە یەک لیستدا کۆببنەوە و نە هەمو سوننەش. کەواتە تەنیا گۆڕانکارییەک لە هاوکێشەکەدا بریتی دەبێت لە نەهێشتنی جیاوازی هەستیار لە ئەنجامەکاندا بەڵام جارێکی تر کێشەی پێکهێنانی حکومەت لە خاڵی سفرەوە دەستپێدەکاتەوە بەوەی لیستی زۆرینەی براوە هەمیشە لەژێر رەحمەتی پێکهێنای هاوپەیمانی و یەکگرتنی لیستەکانی دووەم و سێیەم و قەوارە براوە بچووکەکانی ترە !

بەرای من، لەرووی یاساییەوە، بۆ دەرباز بوون لەم کێشەیە پێویستە بەر لە هەڵبژاردنەوەیەکی تر، دادگای فیدراڵ دووبارە چاو بە راڤکردنەکەی خۆی بۆ مادەی ٧٦ (یەکەم)ی دەستووردا بخشێنێتەوە و مافی پێکهێنانی حکومەت بە لیستی براوەی زۆرینە بسپێرێت وەک ئەوەی لە سیستمە دیموکراسییەکانی جیهاندا باوە. ئەوسا نە شیعە بە تەنیا حکومەتیان بۆ پێکدەهێنرێت و نە سوننە و لەم نێوەندەشدا کورد دەتوانێت رۆڵی پارسەنگ و زەمانەتی پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی راستەقینە بگێرێت کە بە بەشداری نوێنەرانی زۆرینەی پێکهاتەکانی عیراق پێکدەهێنرێت.

لە هەلومەرجێکی وەهادا کە ئایندەی عیراق و سیستمە سیاسییەکەی لەبەردەم چەند ئەگەرێکدایە کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بوونی کورد لەم وڵاتە و پێگەی هەرێمی کوردستان بە دیاریکراوی هەیە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرنامەی یەکخراو و پلانی ستراتیژی هەبێت و خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات، ئەوەش بەبێ یەکخستنی مەرجعییەتی بریاری سیاسی نیشتمانیی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا بێسوود دەبێت. لە پەسەندنەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستاندا تا ئەمرۆ، پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی دیموکراسییانەی گەلی کوردستان دەکات لەرێگەی دەنگدانی راستەوخۆی هاوڵاتیانەوە، ئەو شەرعییەتەی پێدەبرێت کە وەک مەرجەعی بریاری نیشتمانی و نەتەوەیی بناسرێت. لەم باسەدا دوو ئەگەر وەک نزیکترین و واقعیترین پێشهات دەخەینەروو کە بریتین لە؛ مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق یان جیابوونەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەم بەشەی کوردستاندا، کە لەهەردوو حاڵەتدا پێویست بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی وورد دەکات.

بریاری کورد لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە بریتی بووە لە مانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا لەسەر چەند بنەمایەک کە مەرجی سەرەکین بۆ بەردەوامبوونی شەراکەت لەگەڵ عەرەب و گەلانی تری عیراقدا. لەناو سیستمێکی سیاسیدا کە زامنی دەستەبەرکردن و پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان بێت و تەنیا سەرچاوە ومەرجەعیش بۆ هەموو ئەو بنەمایانە بریتییە لە دەستووری عیراق. سەرخستن و چەسپاندنی ئەم ئەگەرە بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە رێککەوتن و هاوهەڵوێستی هێزە کوردستانییەکانە لە داکۆکیکردن لە چەسپاندنی مافەکان و بەدیهێنانی داخوازییە هەڵپەسێراوەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا. هەروەها پێویستی بە کاری هاوبەش و هاوپەیمانێتی راستەقینەیە لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییە عیراقییەکان کە بڕوایان بە دەستوور و پێویستی جێبەجێکردنی هەیە. ئەوانەی بڕوای تەواویان بە دیموکراسی و فرەیی و سیستمی فیدراڵی و مافەکانی مرۆڤ هەیە و کار بۆ دامەزراندنی عیراقێکی لەو شێوەیە دەکەن. لە گەڵ بەردەوامبوونی تەنگژە و قەیرانە سیاسییە قووڵەکانی ئەمڕۆی عیراق، ئەم ئەرکە زۆر قورس بووە و بگرە لای هەندێک لایەن وەک ئەستەم دێتەبەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا پێوستە کورد تا دوا هەلی چارەسەر کار لەسەر بەدیهێنانی ئەم ئەگەرە بکات.

ئەگەری دووەمیش، کە بریتییە لە بریاری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، وەک دەرەنجامێکی سرووشتیی دەردەکەوێت لە حاڵەتی نەمانی هیچ بنەما و چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی کورد و شەریکی سەرەکی لە عیراقدا کە بریتییە لە گەلی عەرەب بە شیعە و سوننەوە. ئەزموونی شەراکەت و پێکەوەهەڵکردنی کورد و عەرەب لە ماوەی نەوەد ساڵی بەر لە رووخانی رژێمی بەعسدا زۆرترین ستەم و بێدادی بۆ گەلی کوردستان تیابوو بەرامبەر بە کەمترین وێستگەی گەش. بەداخەوە زۆربەی دەسەڵاتدارانی نوێی عیراقیش تا ئێستا نەیانتوانییوە خۆیان لەو کلتوور و فەرهەنگە تاریک و دواکەوتووەی پێش خۆیان رزگاربکەن و تا ئێستاش بەعەقلییەتێک رەفتار لەگەڵ کورددا دەکەن کە لەسەر بنەما و هزری والی و رەعییەت یاخود نەتەوەی سەردەست و کەمینەی بندەست دامەزراوە.

قسەکردن لەسەر عیراق وەک نموونەی دەوڵەتێکی فاشیل یاخود جوگرافییایەکی سیاسی روو لە هەڵوەشاندنەوە و بەشبەش بوون، زۆرتر لەوە هەڵدەگرێت کە لەم وتارەدا قسەی لەبارەوە بکرێت، بەڵام جێی خۆیەتی چەند پرسیارێکی دیاریکراو

لەبارەی کۆی ئەو خوێندنەوە و بۆچوونانەوە بکەین کە لەو تەوەرانەدا دەخولێنەوە؛ تا بزانین لە کامە ئەگەر و لەناو چ فەزایەکی سیاسی و هەلومەرجێکی نێوخۆیی و ناوچەییدا کورد جگە لە بڕیاری چارەنووسساز هیچی تری بۆ نامێنێتەوە؟!

ئایا عیراق وەک نموونەی چێک وسلۆڤاکیا بە میکانیزمێکی نەرم دابەشدەبێت یاخود وەک یۆگۆسلاڤیای پێشوو بە شەڕ و توندوتیژی و کارەساتی مرۆیی دابەشدەبێت؟

ئایا عیراق لە قۆناغبەندی جیاجیا دابەشدەبێت، لە چەند هەرێمێکی فیدراڵەوە بۆ کۆنفیدراڵی و لەکۆتاییشدا بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نموونەی کۆمارە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو یاخود بە جەنگی درێژخایەن و سەرکەوتنی بەرەی سەربەخۆخوازەکان وەک نموونەی باشووری سودان دەبێت؟

لەسەرجەم ئەو ئەگەرانەدا، کورد مافی یاسایی خۆی پیادەدەکات کاتێ بڕیاری سەربەخۆ و چارەنووسسازی خۆی دەدات هەروەک یاسا نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو مافەیان بۆ گەلان سەلماندووە. ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە لە چەند مانگی رابردووەوە، بەتایبەتی لەگەڵ وتارەکەی سەرۆکی هەرێم لە جەژنی نەورۆزدا، ئەو پرسە زۆرترین و چڕترین قسەوباسی لەبارەوە دەکرێت. ئەگەرچی سەرۆکی هەرێم لە وتارەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نەکرد، بەڵام لەکەس شاراوە نییە کە سەرۆکی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرووی هەموو ئەو دەنگانەوەن کە بانگەواز بۆ ئەو بژارە و بڕیارە دەکەن لەکاتێکا پارت و هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنەوە را و هەوڵوێستی جیاجیایان لەو بارەیەوە هەیە. لێرەدا مەبەست شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆچوونە جیاوازەکان نییە لەسەر ئەو پرسە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەو بنەما و مەرج و پێویستییانەی کە کورد لە ئەگەرێکی وەها کە جگە لە بڕیاری سەربەخۆیی بژارەیەکی تری لەبەردەستدا نەبێت. بێئومێدبوون لە شەراکەتی کورد لەگەڵ عیراقی عەرەبیدا و نارۆشنی ئایندەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئاڵوگۆڕە نەخوازراوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق و ناوچەکە، هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی هاوبەشەوە کە پێویست بە بڕیاری هاوبەش دەکات. راگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان پرسی چارەنووسی بەشێکی گرنگە لە خاک و گەلی کوردستان و بەهیچ شێوەیەک

ناکرێت وەک کاردانەوەیەکی سیاسی دیاریکراو بەرامبەر بە پێشهاتێک یان قەیرانێکی سیاسی گەورەتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن، کە یەکخستنی ئیرادە و بریاری گەلی کوردستان مەرجی سەرەکییە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی. بەهەمان شێوە، سێ رەگەزی سەرەکی تر لەبارەی هەمان پرسەوە پێویستە کۆدەنگی نیشتمانییان لەبارەوە هەبێت بەر لەهەر بریارێک لەبارەی سەربەخۆییەوە، کە بریتین لە:

- رەخساندنی زەمینەی سیاسی و یاسایی لەبار و گونجاو لەسەر ئاستی هەرێم و دەرەوەدا لەرێگەی یەکخستنی گوتاری سیاسی نیشتمانی و هەڵوێستەکانەوە سەبارەت بەو پرسە بەتایبەتی.
- رێککەوتن لەسەر دیاریکردن و یەکخستنی ئەو جوگرافیا سیاسییەی کە قەوارەی سەربەخۆی کوردستان لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی کە هێشتا بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عیراقدایە.
- دیاریکردن و بەهێزکردنی بنەما و مەرجە سەرەکییە پێویستەکان بۆ لەسەرپێ وەستان و بەردەوامبوونی قەوارەی سەربەخۆی کوردستان، لەچوارچێوەی دارشتنی بەرنامەو ستراتیژییەکی نیشتمانیدا کە بوارەکانی ئابووری و بەرگری و دیپلۆماسی لەخۆبگرێت.

لەکۆتاییدا جێی خۆیەتی ئەو راستییە وەبیربهێنینەوە کە گەیشتن بە مافە بنەرەتی و گشتییەکان، لەناویشیاندا مافی چارەی خۆنووسین، ئامانجی لەپێشینە و سەرەکی هەموو تاکێکی دڵسۆزی ئەم گەلەیە هەروەک چۆن لەپێناویدا بەدرێژایی دەیان ساڵ قوربانی داوە و رووبەرووی چەندین کارەسات و ستەمکاری بووەتەوە. بۆیە هەر بریارێکی چارەنووسساز کە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی نەتەوەیی بێت پێویستە لە ئاستی ئەو خەبات و قوربانییانەدا بێت و ببێتە مایەی سارێژکردنی برینەکانی جەستەی ئەو گەلەی ئێستاشی لەگەڵدابێت بەدەست چەندین گرفت و کێشەی کۆن و نوێوە دەناڵێنێت.

بەشێک لە گرفتە دەستوورییەکانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی فیدراڵی عیراق

دەستووری نوێی عیراق، کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا لە راپرسییەکی گشتیدا بەرێژەی ٪٧٨,٥٩ ی دەنگدەران پەسەندکرا، بەلای بەشی هەرەزۆری کوردەوە وەک دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە وەسف کرا. داننان بەواقیعی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ، بە هەموو دەسەڵاتەکانییەوە لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە، لەچوارچێوەی دەوڵەتی عیراقی دیموکراسی و فیدراڵی و پەرلەمانیدا ، دیارترین هاندەر بوو بۆ داکۆکیکردنی کورد لەو دەستوورە. لە هەمان کاتدا چەندین مادە و بڕگەی تر نووسراون کە باس لە مافی نەتەوە و ئاینزا و کەمینەکان دەکەن و دەسەڵاتەکانی تایبەت بە هەرێمە فیدراڵەکان و پارێزگاکان و ئیدارە ناوخۆییەکان دیاریدەکەن. لێرەدا دوو خاڵ جێی رامان و هەڵوەستە لەسەرکردنن؛ یەکەمیان بریتییە لە هەڵوێستی نەیارانی دەستوور، ئەوانەی بە نەخێر دەنگیان لەسەردا کە نوێنەرایەتی زۆرینەی عەرەب و تورکمانی سوننەیان دەرکرد و پاشان بەمەرجی پێداچوونەوەی دەستووور بەشداریان لە هەڵبژادن و حکومەتدا کرد. دووەمیشیان بریتییە لە کاریگەری دەستوورەکە لە بواری جێبەجێکردندا و رۆڵی راستەقینەی لە چەسپاندنی دەوڵەتی نوێی عیراق لەسەر ئەو بنەمایانەی سیستمە سیاسییەکەی دەستنیشان دەکەن. ئەڵبەت هەردوو تەوەرەکە بەلای گەلی کورد و هەرێمی کوردستانەوە مایەی

بایەخپێدان و نیگەرانییە.
سەبارەت بە خاڵی یەکەم،دەکرێت لە دوو ڕەهەندەوە قسەی لەبارەوە بکەین، دەستووری و سیاسی. لەرووی دەستوورییەوە، پێداچوونەوە و هەموارکردنی دەستوور لە بنەڕەتدا بەپێی ئەحکامەکانی مادەی ١٢٦ دەبێت بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مەرجی سوننەکان بە تەنیا ڕۆژێک بەر لە ڕاپرسی گشتی لەسەر دەستوور، واتە ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، مادەیەک بەژمارە ١٤٢ بە ڕێککەوتن و بەبڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران لەتەک چەند مادەیەکی تردا بۆ دواییِن ڕەشنووسی ئامادەکراوی دەستوور زیادکرا . بەگوێرەی ئەو مادەیە پێویستە لەگەڵ دەسپێکردنی کارەکانی پەرلەمانی نوێدا، لیژنەیەک لە ئەندامانی پێکدەهێنرێت تا لە ماوەی چوار مانگدا ڕاپۆرتێک پێشکەش بە پەرلەمان بکات تایبەت بە ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە هەموارکردنی دەستوور ، پاشان بە یەک پاکێج بە زۆرینەی ڕەهای دەنگ پەسەندەدکرێت و دوای دوو مانگیش لە پەسەندکردنی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بە زۆرینەی دەنگ پەسەند دەکرێن بەمەرجێک دوو لەسەر سێی دەنگدەران لە سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە کار بە ئەحکامەکانی مادەی ١٢٦ ناکرێت تا جێبەجێکردنی مادەی ١٤٢. شایانی باسە مادەی ١٤٢ لەو شوێنە وەستاوە کە لیژنەی ڕاسپاردەکانی هەموارکردن دوای زیاتر لە ساڵێک ڕاپۆرتێکی ناتەبایان پێشکەش بە پەرلەمان کرد و لەبەر نەبوونی ئیلتزامی کات و وادەی دیاریکراو بۆ پەسەندکردنیان لەلایەن پەرلەمانەوە تا ئەمڕۆ، واتە دوای زیاتر لە حەوت ساڵ، دەستوور وەکو خۆی ماوەتەوە.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە هەر هەموارکردنەوەیەک بەگوێرەی ئەو مادەیە دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی دوو لەسەر سێی دەنگدەرانەوە کە کورد بە ئاسانی ئەو ڕێژەیەی بۆ دابینەدەکرێت بۆ ڕەتکردنەوەی.
لەڕووی سیاسییەوە، هەڵوێستی توندی نەیارانی دەستوور بەشی زۆری پەیوەندی بە داخوازییە بنەڕەتییەکانی کوردەوەیە بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی فیدراڵیزم و مادەی ١٤٠. ئەوانەی پێیان وابوو دەستوور بە قەڵەمی شیعە و مەرجەکانی کورد نووسراوەتەوە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەڕووی داخوازییەکانی کوردا وەستاونەتەوە بەتایبەتی لە ناو پەرلەماندا. بەداخەوە، چەندین جار دەسەڵاتدارانی شیعەش سوودیان لەو بەرە دژە کوردە بینیوە و دەنگیان خستووەتە

پاڵ دەنگی ئەوان بۆ تێپەڕاندنی چەندین یاسا و بڕیار، نموونەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ئابی ٢٠٠٨ دا کە دوای نارەزایەتی خوێناوی کوردی کەرکوک و ناوچەکانی تر و ڤیتۆی سەرۆک کۆمار ئەو هەوڵەیان لەباربرا. لە مانگی نیسانی ٢٠١٢ دا هەمان سیناریۆ دووبارە بووەتەوە ، کاتێ ١٦٣ ئەندام پەرلەمانی عەرەب لە سوننە و شیعە پرۆژە یاسایەکیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێشکەش بە پەرلەمان کردووە و تا ئەمڕۆش بە تەواوەتی رەتنەکراوەتەوە. زیندووترین بەڵگە و نموونە لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕی بەرەی نەیارانی دەستوور بەرامبەر بە کورد، بەتایبەتی لیستی ئەلعیراقیە و بەرەی تورکمانی لە دوو جێدا دێنمەوە یاد، یەکەمیان لە پارێزگای کەرکوک کاتێ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا کە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی لیستی برایەتی کەرکوکە، دوای شەش ساڵ بەبێ هیچ گرەنتییەک درا بە ئەندامێکی باڵای بەرەی تورکمانی کەچی لە بەرامبەردا بەرەی ناوبراو تەنانەت تا ئێستا ئامادە نییە دان بە هەرێمی کوردستاندا بنێت وەک ئەوەی لە دەستووردا هاتووە و هەمیشە بە (اقلیم الشمال) ناوی دەبات. دووەمیشیان ئەو واقیعەیە کە لە دوای ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەلعیراقیە و لیستی دەوڵەتی یاسا و مالیکی سەرۆک وەزیران هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی دوای هەڵاتنی تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار بۆ هەرێمی کوردستان پاش تۆمەتبارکردنی بە پاڵپشتی کردنی کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە دێسەمبەری ٢٠١١ دا. لێکنزیکبوونەوەی کورد و سوننە لەبەرەی دژە مالیکیدا لە گەرمەی توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی هەرێم و ناوەنددا، تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک بەدەرنەکەوتوە کە سوننەکان، بەتایبەتی لیستی ئەلعیراقیە، لە هەڵوێستی خۆیان لەئاست مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بەتایبەتی لە ئاست مەسەلەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکییەکان.

پێدەچێت گرەوی سوننەکان لەسەر هەموارکردنی دەستوور دەرەنجامی عەکسی لێکەوتبێتەوە، دوای ئەوەی لیستی دەسەڵاتداری شیعە توانی پاوانی دەسەڵات بکات و تەنانەت بەبێ حیسابکردن بۆ دەستوور چەندین بڕیاری سیاسی و هەنگاوی پراکتیکی پیادەبکات کە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندابێت، نموونەی کۆنترۆڵکردنی پۆستە ئەمنی و سەربازییەکان و پاشگەزبوونەوە لە رێککەوتن و بەڵێننامە سیاسییەکانیان

لەگەڵ لایەنەکانی تردا وەک ڕێککەوتننامەی هەولێری ساڵی ٢٠١٠. ئەمەش وای لە لیستی ئەلعیراقیە کرد لە هەندێک مەسەلەدا سەدو هەشتا پلە بابدەنەوە، بەتایبەتی لە مەسەلەی فیدراڵیزمدا، کاتێ پاڵپشتی داواکاریی بەهەرێمبوونی پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالا و ئەنباریان کرد لە ساڵی ٢٠١١دا.

خاڵی دووەمی ئەم باسە تایبەتە بەو گرفتە دەستوورییانەی کە پێگەی ئێستا و ئایندەی کورد و هەرێمی کوردستان دیاریدەکەن لەناو دەوڵەتی نوێی عیراقدا لەگەڵ ئەو چوارچێوە یاساییەی سرووشتی پەیوەندییەکانی لەتەک هێزە سیاسییەکانی تری دەسەڵاتدا دیاریدەکات بەتایبەتی لە مەسەلەکانی پەیوەست بە مافە دەستووری و فیدراڵییەکان و بەشداری لە دەسەڵات و بودجە و ناوچە جێناکۆکییەکان و پێشمەرگە و نەوت. لەم بارەیەوە وای بەباش دەزانم، بەپشت بەستن بە خودی دەستوور و مادە پەیوەندیدارەکان، بەکورتی قسە لەسەر تەوەرە گرنگەکانی پەیوەست بەم بەشە بکەم بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یەکەم: مافە دەستوورییەکان و پێگەی کورد لە هاوکێشەی دەسەڵاتدا.

لە پێناسەی دەوڵەتی عیراقدا وەک لە مادەی یەکی دەستووردا هاتووە: کۆماری عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی خاوەن سەروەرییە، سیستمی حوکمرانی تیایدا کۆماریی پەرلەمانی دیموکراسییە. بەهەمان شێوە لە چەندین مادە و بڕگەی تردا جەخت لەسەر بەرجەستەکردن و بەدامەزراوەییکردنی فیدراڵیزم کراوەتەوە لەرێگەی جیاکردنەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان و پیادەکردنی نامەرکەزی ئیداری. پێکهاتەی سیستمی فیدراڵی وەک لە مادەی ١١٦ دا پێناسەکراوە بریتییە لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا نامەرکەزییەکان و ئیدارە خۆجێییەکان. دەستووری عیراق لە تەواوی بەشەکانیدا بنەماکانی دەوڵەتێکی نامەرکەزی و سیستمی فیدراڵی خستووەتەروو. لەبارەی دەسەڵات و سەلاحییەتەکانەوە، چوار جۆری دیاریکردووە کە بریتین لە:

- سەلاحییەتە تایبەتەکانی دەسەلاتی فیدراڵی (مادەی ١١٠).
- سەلاحییەتە هاوبەشەکانی نێوان دەسەلاتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکان (مادەی ١١٤).
- سەلاحییەتە تایبەتەکانی هەرێمەکان (مادەی ١٢١).
- سەلاحییەتەکانی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون (بەگوێرەی

یاسای ژمارە ٢١ ساڵی ٢٠٠٨ و بەپشت بەستن بە مادەی ١٢٢/بڕگەی دووەمی دەستوور دیاریکراون).

لە خوێندنەوەمان بۆ دەستووری عیراق بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەندێک جێدا جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان دەسەڵاتەکانی ناوەند و دەسەڵاتی هەرێمەکان، تەنانەت پارێزگاکانیشدا، بەدیدەکرێت. بۆ نموونە مادەی ١٢٣ باس لە ئاڵوگۆڕی سەڵاحییەت دەکات لەنێوان حکومەتی ناوەند و پارێزگاکاندا بە رەزامەندی هەردووڵا کە بە یاسا رێکدەخرێت (تا ئەمڕۆ ئەو یاسایە دەرنەچووە). لەوەش زیاتر، مادەی ١١٥ بەڕوونی باس لەوە دەکات کە هەر سەڵاحییەتێک کە تایبەت بە دەسەڵاتی فیدراڵی نەبێت، واتە حکومەتی ناوەند، ئەوا دەبێتە سەڵاحییەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، هەروەها لە سەڵاحییەتە هاوبەشەکانیشدا ئەولەوییەت بۆ یاسای هەرێمەکان و پارێزگاکان دەبێت لە ئەگەری بوونی ناکۆکی لەنێوانیاندا. ئەم مادەیە بەرادەیەک تەرازووی بەرژەوەندی بەلای هەرێم و پارێزگاکاندا شکاندووەتەوە کە پیادەکرنی جێگەی گومان بێت. لەوەش سەیرتر، بڕگەی دووەمی مادەی ١٢١ ئەو مافە بە دەسەڵاتی هەرێم دەدات کە ئەو یاسا فیدراڵییانە هەمواربکاتەوە لە جێبەجێکردندا لە ئەگەری ناکۆک بوونی لەگەڵ یاسای هەرێمدا بۆ هەر مەسەلەیەک کە بەشێک نەبێت لە سەڵاحییەتە تایبەتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی. بەرای من بەشێکی گرنگ لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەند لە نارۆشنی ئەم مادەیەوە سەرچاوە دەگرێت، نموونەی یاساکانی تایبەت بە کۆکردنەوەی باج و داهاتەکان و یاساکانی تایبەت بە کاری وەزارەتەکانی هەرێم.

هەر لەبارەی سیستمی فیدراڵییەوە، هەندێک لەو باوەڕەدان کە دەوڵەتی عیراق بەو پێکهاتە سیاسی و ئیدارییەی ئێستایەوە هێشتا مۆرکی دەسەڵاتی ناوەندگەرایی بەسەریدا زاڵە و فیدراڵیزم لە فەلسەفەی سیاسی و حوکمرانیدا جێگەی نەبووەتەوە بەوپێیەی جگە لە هەرێمی کوردستان، کە بۆخۆی بەرهەمی بەر لە رووخانی رژێمی دیکتاتۆری حزبی بەعسە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، تا ئێستا هیچ هەرێمێکی تر چانسی پێکهێنانی نەبووە ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە یاسای ژمارە ١٣ ی تایبەت بە میکانیزمەکانی پێکهێنانی هەرێمەکان پەسەندکراوە و چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، تەنانەت لەبەرامبەر چەندین داخوازی لەوجۆرەدا لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە تا ئەمڕۆ، نموونەی

پارێزگاکانی بەسرە و سەلاحەدین و ئەنبار و دیالە، دەسەڵاتی ناوەند و هێزە سیاسییە باڵادەستەکان بەپێچەوانەی دەستوورەوە لەڕووییاندا وەستاونەتەوە. ئەو بۆچوونە ئەوەندەی لە ڕاستییەوە نزیکە دوو ئەوندەش بۆ هەرێمی کوردستان مایەی نیگەرانی و تەنانەت مەترسییە کاتێ لەسەر ئەرزی واقیع عیراق دابەش دەبێت بۆ تەنیا یەک هەرێم و پانزە پارێزگا و لەڕووی دەستووریشەوە هیچ گەرەنتییەک بۆ پاراستنی سیستمی فیدراڵی بەدی ناکرێت بەتایبەتی لەڕووی کاراکردنی ئەو مادە و بڕگە دەستوورییانەوە کە پەیوەندییان بەو بوارەوە هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم لایەنە، ئاماژە بۆ دوو مادە دەکەم؛ یەکەمیان بریتییە لە مادەی ١٠٥ کە تایبەتە بە دامەزراندنی دەستەیەکی گشتی بۆ زامنکردنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون لە بەشدارییەکی عادیلانە لە بەڕێوەبردنی دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتی فیدراڵی و نێردە و زەمالەتی خوێندن و شانەکان و کۆنفرانسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، ئەم دەستەیەش لە نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکان پێکدێت و بە یاسا ڕێکدەخرێت. گرنگی و پێویستی ئەم یاسایە لەوەدایە کە زامنی بەشداریی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی عیراقە لە دەسەڵاتدا لەسەر بنەمای هاوبەشیی بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ ئەو یاسایە لە پەرلەمان باسی لێوە نەکراوە، بەمەش پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم و پارێزگاکان هەمیشە سرووشتێکی ناجێگیری دەبێت و چەندین کێشە و گیروگرفت لەسەر مەسەلەی جیاجیا لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدەن.

دووەمیشیان بریتییە لە مادەی ٦٥ کە تایبەتە بە پێکهێنانی «ئەنجومەنی فیدراڵی» کە لە نوێنەرانی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانە پێکدێت کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون. دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی وەک لە مادەی ٤٨ دا ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی. لە زۆربەی سیستمە فیدراڵییە پێشکەوتوەکاندا بوونی ئەم دوو ئەنجومەنە پایەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بەچەشنێک بەهێزدەکەن کە زامنی پاراستنی بەرژەوەندی هەرێمەکان و یەکێتی فیدراڵی وڵات بێت وەک نموونەی ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبوایە ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی یەکەمیدا ئەنجومەنی فیدراڵی بەپێی یاسایەک پێکبهێنایە (مادەی ١٣٧) کەچی تا ئەمڕۆ پێکنەهێنراوە، بەمەش پایەیەکی سەرەکی دەسەڵاتی تەشریعی لە وڵاتدا بوونی نەبووە، بەڵام ئەوەی

لە دەستووری عیراقدا لەبارەی ئەو ئەنجومەنەوە هاتووە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ فەلسەفە و ناوەڕۆکی ئەو سیستمە فیدراڵییەدا ناگونجێت کە دەستوور نەخشەی بۆ کێشاوە لەبەر دوو هۆی سەرەکی؛ یەکەمیان بریتییە لە سپاردنی دەسەڵاتی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە بە ئەنجومەنی نوێنەران کە بە گوێرەی یاسایەک پێکهاتە و مەرجی ئەندامبوون تیایدا و سەڵاحییەتەکانی دیاردەکات ئەو یاسایەش بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەردەکرێت (بڕوانە مادەی ٦٥) لە کاتێکا دەبوایە هەر لە ناو خودی دەستووردا و لە بەشێکی سەربەخۆدا لە چەند مادەیەکدا ئەنجومەنی فیدراڵی بەهەموو ووردەکارییەکانییەوە باسبکرایە وەک چون ئەنجومەنی نوێنەران لە شانزە مادەدا (مادەی ٤٩ تا ٦٤) باسی لێوەکراوە. دووەمیشیان کە دەرەنجامی هۆی یەکەمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو ئەنجومەنە بە پلەی دووەم دێت و سرووشتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەراندا بەشێوەیەکی ستوونی دەبێت بەوپێیەی ناتوانێت وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ کاربکات و هەمیشە لەژێر چاودێری و ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەبێت. ئەڵبەت لە حاڵەتێکی وەهادا زەرەرمەندی سەرەکی بریتی دەبن لە هەرێم و پارێزگاکان و هیچ مانایەک بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە دەسەڵاتی تەشریعیدا نامێنێتەوە ئەگەرچی لە پێکنەهێنانیشیدا هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی زۆرینەی رەهای ئەنجومەنی نوێنەران و هەژموونی دەسەڵاتی تەنفیزیی ناوەنددا هەمیشە لە حاڵەتێکی نیگەران و پەیوەندییەکی ناتەندرووستدا دەبێت.

دووەم: پشکی هەرێمی کوردستان لەداهات و بودجەی فیدراڵی عیراقدا.

مەسەلەکانی پەیوەست بە دارایی و داهات و بودجە لەسەر ئاستی فیدراڵی بە پلەی سەرەکی لە سەڵاحییەتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییە وەک لە مادەی ١١٠ بڕگەی سێیەمدا دیاریکراوە لە «ڕەسمکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگی و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی بازرگانی نێو سنوورەکانی هەرێم و پارێزگاکان لە عیراقدا و دانانی بودجەی گشتی وڵات و ڕەسمکردنی سیاسەتی نەختی و دامەز اندنی بانکی ناوەندی و بەڕێوەبردنی». هەروەها ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی و حیسابی خیتامی دەنێرێتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردنی و ئەنجومەنیش بۆی هەیە جێگۆڕکێ لەنێوان ستوون و بەشەکانی بودجەی گشتیدا بکات یاخود کۆی

بودجەکە کەم بکاتەوە یان لە کاتی پێویستدا پێشنیازی زیادکردنی بخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران (مادەی ٦٢).

لە هەمان کاتدا، وەک بەشێک لە سەلاحییەتە هاوبەشەکانی نێوان دەسەلاتی فیدراڵی و دەسەلاتی هەرێم و پارێزگاکانی رێکنەخراو لە هەرێمدا، مادەی ١١٤ ئاماژە بۆ دوو بوار دەکات کە بریتین لە بەڕێوەبردنی گومرگ و رەسمکردنی سیاسەتی گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی کە دەبێت بە یاسا رێکبخرێن بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە دەرنەکراوە.

ئاشکرایە کە بودجەی ساڵانەی گشتی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەپێی یاسا رێکدەخرێت و بەگوێرەی چەند بنەمایەک بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دابەشدەکرێت کە سەرەکیترینیان بریتییە لە ژمارەی دانیشتوان. بەوپێیەش کە تا ئەمڕۆ پرۆسەی سەرژمێری گشتی لە عیراقدا ئەنجام نەدراوە، بۆیە وەک رێککەوتنێکی مەبدەئی بڕیار لەسەر تەرخانکردنی رێژەی ١٧٪ لە کۆی داهات و بودجەی فیدراڵی دراوە بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی چەند رێنماییەکی دیاریکراو.

ئەوەی جێی پرسیار و سەرنجە ئەوەیە کە هیچ ساڵێک بەبێ مشتومڕی ناو ئەنجومەنی نوێنەران پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی تێپەڕنابێت و بەردەوام لە نێوان دەسەلاتی ناوەند و حکومەتی هەرێمدا ناکۆکی و کێشەی جیاجیا لەسەر چەندین مەسەلەی پەیوەست بە داهات و بودجە و دارایی لە ئارادایە، بۆیە لەم بارەیەوە بوونی یاسایەک بۆ رێکخستنی ئەو مەسەلانە پێویستە. یاسایەک کە ئەرکی چاودێریکردنی داهاتی فیدراڵی و عەدالەت لە دابەشکردنی بە شێوەیەکی شەفاف بێت بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا، لەو بارەیەوە، مادەی ١٠٦ ی دەستوور ئەو چوارچێوە یاساییە دیاریدەکات کە پەیوەندی نێوان دەسەلاتی ناوەند و هەریەک لە هەرێم و پارێزگاکان رێکدەخات لەو مەسەلانەدا. ئەم مادەیە گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە بەڵام ئەوەی جێی داخە تا ئێستا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە یاسایەک رێکنەخراوە. ناوەڕۆکی مادەکە ئاماژە بۆ یاسایەک دەکات کە بەپێی ئەو دەستەیەکی گشتی پێکدەهێنرێت لە شارەزایان و نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و پارێزگاکان بۆ چاودێریکردنی دابەشکردنی داهاتە فیدراڵییەکان و ئەرکەکانی بریتی دەبن لە:

-دڵنیابوون لە عەدالەتی دابەشکردنی باربۆ (منح) و یارمەتی و قەرزە

نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئیستحقاقی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون.

– دڵنیابوون لە باشترین بەکاربردنی سەرچاوەدارایی فیدراڵییەکان و دابەشکردنیان.

– زامنکردنی شەفافییەت و دادپەروەری بەپێی ئەو رێژەیەی پەسەند کراوە لە کاتی دابەشکردنی دارایی بۆ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکانی رێکنەخراو لە هەرێمێکدا.

دەرنەکردنی ئەم یاسایە لەرووی عەمەلییەوە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندا شکاوەتەوە و زەرەرمەندی سەرەکیش پارێزگاکانن کە دەبێت هەمیشە چاویان لە دەستی بەغداد بێت، ئەگەرچی بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە کاریگەری راستەوخۆی کەمترە بەڵام لەچەندین رووەوە کێشە وگرفتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا بۆ دروستکردووە وەک پرسی داهاتەکانی گومرگ و جیاوازی لە مووچەی فەرمانبەران و بێبەشکردنی هەرێم لەهەر مینحە و کۆمەکێکی نێودەوڵەتی کە بە عیراق دەدرێت.

سێیەم: مادەی ١٤٠و ناوچە جێناکۆکییەکان.

کاتێ مادەی ٥٨ لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ جێگیرکرا، لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە بەدەستکەوتێکی گەورە وەسفکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکییەکان (بەتایبەتی کەرکوک) وەک سەرەکیترین خاڵی دانوستان لەگەڵ بەغداد بەدرێژایی دەیان ساڵی رابردوو. دواتر لە نووسینەوەی دەستووری نوێی عیراقدا لە مادەی ١٤٣هاتووە « یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی نوێدا هەڵدەوەشێنەوە، جگە لەو دەقانەی لە برگەی (أ) ی مادەی ٥٣ و مادەی ٥٨ هاتوون».

بۆ دڵنیایی زیاتر، مادەی ١٤٠ جارێکی تر جەختی لەسەر دەقی مادەی ٥٨ کردەوە بە دیاریکردنی وادەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە هەرسێ قۆناغەکانی جێبەجێکردنی (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، راپرسی) کە بریتی بوو لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧.

ئەمرۆ زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر ئەو وادەیەدا تێدەپەڕێت کە لە مادەی ١٤٠دا دیاریکراوە بەبێ ئەوەی هیچ قۆناغێکی بەتەواوی جێبەجێکرابێت و کێشەکەش لەجێی خۆیدا ماوەتەوە و هیچ چارەسەرێکی کۆتایی لە ئاسۆی نزیکدا بەدیناکرێت.

مەبەست لەم وتارەدا قسەکردن نییە لەسەر ووردەکاری کێشەکە و رەهەندە سیاسی و ئیدارییەکانی بەڵکو خوێندنەوەیەکی جیاوازە بۆ هەندێک لایەنی نادیار و ئاڵۆز لە خودی مادە دەستوورییەکانی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکییەکان و تەگەرە یاساییەکانی بەردەم میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی. سەرەتا بابزانین دەقی بڕگەی (أ)ی مادەی ٥٣ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە چییە. دەقەی ئەو بڕگەیەی کە تا ئێستا بەرقەرارە دەڵێت « داندەنرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیفەتی حکومەتی فەرمی بۆ ئەو زەوییانەی کە لەلایەن حکومەتی ناوبراوەوە بەڕێوەبراون لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ کە دەکەونە پارێزگاکانی دهۆک و ئەربیل و سلێمانی و کەرکوک و دیالە و نەینەوا. زاراوەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) کە لەم یاسایەدا هاتووە بریتییە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی لە هەرێمی کوردستاندا».

لەم بڕگەیەوە چەند راستییەکمان بۆ دەردەکەوێت کە بریتین لە:

- سنووری بە فەرمی ناسراوی هەرێمی کوردستان هەر ئەو رووبەرە دەگرێتەوە کە لەدوای بڕیاری ٦٨٨ ی ١٩٩١ و سەپاندنی ناوچەی دژەفرینەوە لە کوردستان ناسرا بە سەرووی هێڵی پانی ٣٦ و چەند رووبەرێکی تر لە دەرەوەی سنووری فەرمی سێ پارێزگاکەی هەرێم (دهۆک و هەولێر و سلێمانی).
- ئەو ناوچانەی لە بنەڕەتدا بەشێکن لە سنووری پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم بەڵام تا ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ لەژێر ئیدارە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بوون مەرج نییە بەشێکبن لە سنووری فەرمی هەرێم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا بەو پێیەی لە یەکەم راپۆرتی پێشنیازەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق UNAMI کە لەلایەن «ستافان دی مستورا»ەوە پێشکەش کرا لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٨دا چوار ناوچەی وەک جێناکۆکی بۆ چارەسەر خستەبەردەم هەردوو حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان کە بریتی بوون لە مەندەلی و مەخموور و حەمدانیە و ئاکرێ. لە کاتێکا ئاکرێ لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لەژێر دەسەڵات و ئیدارەی هەرێمە و تەنانەت سەدام حوسێنیش تا رۆژی رووخانی داکۆکی لە گەڕاندنەوەی بۆسەر نەینەوا نەکردبوو.
- ئەگەر تێبینی بکەین لە دەقی بڕگەی (ا) ی مادەی ٥٣دا بەدەر لە سێ

پارێزگا سەرەکییەکەی هەرێم لەتەک کەرکوک و دیالە و نەینەوا ناوی پارێزگای سەلاحەدین نەهاتووە لەکاتێکا بەشێک لە سنووری فەرمی ئەو پارێزگایە لەژێر دەسەڵاتی هەرێمدا بوو کە بە ناوچەی قادرکەرەم ناسراوە و ئەمڕۆ بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی گاز و نەوت دەناسرێتەوە.

لەبارەی مادەی ٥٨ و مادەی ١٤٠ ەوە بۆچوون و سەرنجەکان لەم چەند خاڵەدا ئەخەینەڕوو:

– هەردوو مادەکە وەک یەک هێزی دەستووریی و یاساییان هەیە، بە تەواوی دەق و ئەحکامەکانیانەوە، تەنیا دوو جیاوازی سەرەکی نەبێت کە بریتین لە دەستنیشانکردنی ڕاپرسی بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی کۆتاییی ناوچەکان و جێگیرکردنی وادەیەکی دیاریکراو بۆ کۆتاییهێنان بە سەرجەم قۆناغەکانی جێبەجێکردن لە مادەی ١٤٠دا کە لە مادەی ٥٨دا باس لە ڕاپرسی نەکراوە و کۆتاییەکەشی کراوەیە.

– هەردوو مادەکە ڕەهەندێکی گشتیی و نیشتمانییان هەیە و سەرجەم ڕووبەری عیراق دەگرێتەوە نەک بە تەنیا ناوچەکانی جێداواکاری هەرێمی کوردستان، بەو مانایەی کە قابیلی دابەشکرن نیە و قۆناغەکانی جێبەجێکردنیشی یەک یەدوای یەکتردا دێن، واتە قۆناغی ئاسایکردنەوە تەواودەبێت و پاشان سەرژمێری دەست پێدەکات و دوای ئەویش ڕاپرسی. لەم ڕووەوە کورد دەتوانێ داواکاری و جەخت لەسەر جێبەجێکردنی بکاتەوە لە و ناوچانەی بەبەشێک لە هەرێمی کوردستانیان دەزانێت بەڵام ناتوانێت هەمان فشاری هەبێت بەنیسبەت ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق وەک ناوچەی «نخێب»ی جێناکۆکی لەنێوان هەردوو پارێزگای ڕومادی و کەربەلادا، ئەمەش وا دەکات وادەی کۆتایی بۆ جێبەجێکردنی مادەکە بەکراوەیی بمێنێتەوە، بەهەمان شێوەش بۆ پرۆسەکانی قەرەبووکردنەوە و کێشەکانی ناکۆکی مولکایەتی کە بەهەموو لێکدانەوەیەک چەندین ساڵی تریان پێویستە بۆ کۆتایی پێهێنانیان.

– لەدوای بەسەرچوونی وادەی دیاریکراو لە مادەی ١٤٠و پابەندنەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەتی عیراق) بەو ئیلتزاماتەی مادەکە دەستنیشانی کردووە سەرپێچی و لادانێکی زەق لە دەستوور کراوە و دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێست و بریاری فەرمی خۆی هەبوایە و لە دادگای فیدراڵی بۆ تۆمەتی سەرپێچی و شکاندنی دەستوور شکاتی لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکردایە نەک بە

ڕێککەوتنێکی نافەرمی و نارۆشن لەگەڵ حکومەتی بەغدا و UNAMI بێدەنگیی لێبکردایەوە و کێشەکەی بە هەڵپەسێراوەیی بهێشتایەتەوە. لەلایەکی تریشەوە چەندین لایەنی سیاسی لەو بڕوایەدان کە بەسەرچوونی وادەی دیاریکراوی مادەکە واتە بەسەرچوونی خودی مادەکە و نەمانی کاریگەرێتی بەبێ ئەوەی باس لە ڕێگەچارەی تر بکەن بۆ ئەسڵی ئەو کێشانەی لە مادەکەدا باسکراون و هێشتا کاریگەر و زیندوون.

– ناوەڕۆکی هەردوو مادەکە بریتین لە چوارچێوەی دەستووری و نەخشە ڕێگایەکی گشتی بۆ چارەسەری کێشەکان بەڵام هیچ میکانیزم و وردەکاری و پلانی جێبەجێکردنی دیاریکراوی تیا نییە، ئەمەش وای کرد زیاتر لە لایەنێک بەرپرسیارێتی جێبەجێکردن بگرنە ئەستۆ (ئەنجومەنی وەزیران، دەستەی ناکۆکی مولکایەتی عەقاری، ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆکایەتی کۆمار) و مادەکە بکرێت بە قوربانی سیستمێکی بیرۆکراسی و رۆتینی دەسەڵاتی تەنفیزی و دواتریش زاڵکردنی رەهەندی سیاسی بەسەریدا و بەکارهێنانی وەک کارتی فشار و بانگەشەی سیاسی لەلایەن چەندین هێزی سیاسی خاوەن بەرنامە و ئاجێندای ناسراوەوە.

– راستییەکی تاڵی تر بەنیسبەت کوردەوە ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ جگە لە کورد هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی عیراقی و ناوچەیی و نێودەڵەتیی بەڕوونی پشتگیرییان لە هەڵوێست و داخوازیەکانی کورد نەکردووە لەبارەی مادەی ١٤٠ وە تەنیا ئەوە نەبێت لە پرەنسیپی گشتیدا جەختیان لەسەر پابەندبوون بە دەستوورەوە کردووە بەڵام لە راستیدا بانگەشەیان بۆ ڕێکەوتنی سیاسی کردووە و جێبەجێکردنی تەواوی مادەکەیان بە ئەستەم زانییوە. لەم راستییەش تاڵتر ئەوەیە کە هەڵوێستی کوردیش بەیەکگرتوویی نەمێنێتەوە بۆ نموونە هەندێک لەگەڵ بەهەرێمبوونی پارێزگای کەرکوک بن و هەندێکی تریش لەگەڵ گەڕاندنەوەی بن بۆسەر هەرێمی کوردستان.

چوارەم: مەسەلەی پێشمەرگە.

کە رژێمی بەعس لە ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣دا رووخا، کورد هێزێکی پێشمەرگەی دەیان هەزاریی هەبوو وەک هێزی چەکداری فەرمی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی وەزارەت و بودجە و دامودەزگای خۆی بوو لەکاتێکا سوپای عیراق لەبەردەم دارمان و هەڵوەشاندنەوەی فەرمیدا بوو . بۆیە بەهیچ شێوەیەک نەدەکرا ئەو هێزە نادیدە بگیرێت و بخرێتە دەرەوەی سیستمی سەربازی و بەرگری نوێی عیراقەوە. لە

نووسینەوەی دەستووری نوێدا، لە تەک ناساندنی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ پرسی پێشمەرگەش لە چوارچێوەی مادەی ١٢١ ی تایبەت بە دەسەڵاتی هەرێمەکان چارەسەرکراوە کە لە برگەی (پێنجەم)دا هاتووە «حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی پیادەکردنی تەواوی پێداوێستییەکانی بەڕێوەبردنی هەرێمی دەبێت، بەتایبەتی دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم»، بەڵام هێشتا زۆر لایەنی تری پەیوەست بەو پرسە مایەی مشتومڕ و ناکۆکییە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندا وەک ژمارەی هێزەکان و دابینکردنی بودجە و چەک و سنووری جووڵە و جێگیربوونیان و پەیوەندییان بە سیستمی بەرگری عیراقی فیدراڵەوە. لەم بارەیەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەو مادە و برگە دەستوورییانە بکەین کە پەیوەندییان بەو پرسەوە هەیە تاوەکو بزانین تا چەند کێشەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن.

مادەی ٩ تایبەتە بە مەسەلەی هێزە چەکدارەکان و دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری لەرووی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و ئەرکەکانیانەوە لەتەک چەندین برگەی تردا کە لێرەدا دەقی برگەی (یەکەم/ (أ)و (ب) دەخەینەروو لەبەر پەیوەندییان بەم بەشەی وتارەکەوە: «یەکەم- أ - هێزە چەکدارەکانی عیراق و دەزگا ئەمنییەکان لە پێکهاتەکانی گەلی عیراق پێکدێن، بەشێوەیەک کە ڕەچاوی هاوسەنگی و نوێنەرایەتیان بکەن بەبێ جیاکاری یاخود پەراوێزخستن و سەر بە دەسەڵاتی مەدەنی دەبن و بەرگری لە عیراق دەکەن و نابنە ئامراز بۆ سەرکوتکردنی گەلی عیراق و دەستوەرنادەنە کاروباری سیاسی و هیچ ڕۆڵێکیان لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا نابێت

ب- ڕێگەنادرێت بە پێکهێنانی میلیشیای سەربازی لەدەرەوەی چوارچێوەی هێزە چەکدارەکان».

لە خاڵی (أ) ئاماژە بۆ بەشداریکردنی پێکهاتەکانی گەلی عیراق دەکات لە هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنییەکاندا بەشێوەیەکی عادیلانە، ئەمەش بەمانای پێکهاتە نەتەوەییەکانە نەک نوێنەرایەتی هەرێم و پارێزگاکان. بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی سەرژمێرییەکی درووست لە عیراقدا لەدوای ٢٠٠٣ وە بۆیە لەسەر بنەمای بەشی هەرێم لە بودجەی فیدراڵیدا پێویستە بەشداری کورد بەرێژەی ١٧٪ بێت (ئەگەرچی هەرێم هەموو کورد ناگرێتەوە) بەڵام هەموو ئامارەکان باس لەوە دەکەن ڕێژەی

بەشداری کورد زۆر لەوە کەمترە بەتایبەتی لەسەر ئاستی فەرماندەیی مەیدانی و دەزگای هەواڵگری وپۆلیسی نیشتمانی.
لە خاڵی (ب)دا هەموو شێوەیەکی میلیشیای سەربازی لە دەرەوەی سوپادا قەدەغەکراوە، بۆیە پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی پاسەوانی سنووردا رێکبخرێن وەک لە مادەی ١٢١دا هاتووە تاوەکو لە سیفەتی میلیشیا بەدوور بن و ببنە بەشێک لە سیستمی سەربازی و بەرگری عیراق بەو پێیەی وەزارەتی بەرگری یەکێکە لە وەزارەتە سیادییەکان، بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی هیچ گیروگرفتێک لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە لەنێوان هەرێم و دەسەڵاتی ناوەندا نەمێنێت؟! دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە لای هەموو کەس ئاشکرایە بەوەی کە تا ئێستاش یەکێک لە مەسەلە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان هەرێم و بەغداد بریتییە لە وەزعییەتی پێشمەرگە.
بەو پێیەی تا ئێستا یاسایەکی فیدراڵی نییە کە پەیوەندی نێوان هێزە تایبەتەکانی هەرێمەکان و دەسەڵاتی ناوەند رێکبخات بەتایبەتی لە رووی ژمارە و چەک و پێداویستی و ئەرکەوە، بۆیە ئەو بابەتانە بەردەوام وەک خاڵی ناکۆکی لەنێوانیاندا دەمێننەوە.
دوو تێبینی تر لەبارەی ناوەرۆکی برگەی (پێنجەم) لە مادەی ١٢١شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنن؛ یەکەمیان خوێندنەوەی حکومەتی فیدراڵییە بۆ مادەکە کە دەڵێت بەوپێیەی دامەزراندن و رێکخستنی هێزەکانی هەرێم لە دەسەڵاتی خودی هەرێمدایە بۆیە دابینکردنی مووچە و پێداویستییەکان لە بەشە بودجەی هەرێم دەبێت واتە لە رێژەی ١٧٪ دەبێت، لەکاتێکا حکومەتی هەرێم پێی وایە کە بەوپێیەی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) بەشێکن لە سیستمی بەرگری عیراق بۆیە پێویستە مووچە و چەک و پێداویستییەکان لەسەر بودجەی وەزارەتی بەرگری بێت.
تێبینی دووەم، زیاتر ئیشکالییەتێکی دارشتنی یاساییە، ئەویش ئەوەیە کە برگەی ناوبراو پێناسەیەکی تەواو و حەصری بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم نەکردووە بەڵکو نووسیویەتی «..... وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم» کە ئەمەشیان لەرووی یاساییەوە نەگونجاوە بەوپێیەی دەکرێت جگە لەو سێ دامەزراوەیە پێکهاتەی تریش بەناوی جیاوازەوە هەبێت کە بەگوێرەی یاسایەکی ناوخۆیی هەرێم رێکدەخرێت کە دەشێت هەر بەناوی پێشمەرگەوە بێت.
پێنجەم: نەوت و گاز.

ناکۆکی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند لەسەر مەسەلەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی نەوت و گاز یەکێکە لەو پرسانەی کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان بەجێهێشتووە، بۆیە دەبینین لەگەڵ هەر گرژبوونەوەیەکی ئەو پەیوەندییانە و قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکان، دۆسیەی سەرپێچییەکان و تۆمەتبارکردنی یەکتر لەسەر مەسەلەی نەوت و گاز دێنەپێشەوە و بەدوای خۆیاندا میدیاکان و نێوەندی سیاسی ناوخۆ دەوروژێنن و چەندین پرسیار و گومان دەکەنە مانشێتی هەواڵ و راپۆرتی تایبەت.

لە مادەی ١١١ی دەستووردا هاتووە«نەوت و گاز موڵکی گەلی عیراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان». لە وڵاتێکی وەکو عیراق کە زیاتر لە ٩٠٪ ی داهاتەکەی لەسەر نەوت و گازە، ئەو سامانە سرووشتییەی کە بەشی زۆری کەوتووەتە ناوچەکانی باشوور و باکووری وڵاتەوەو پێشبینی ئەوەش دەکرێت بڕێکی باشیش لە ناوچەکانی ناوەراست بن، دەبوایە لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری نوێدا یاسای نەوت و گاز وەک ئەوەی لە ناوەڕۆکی مادەی ١١٢دا هاتووە لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە پەسەندبکرایە.
دەقی مادەی ١١٢ی دەستوور دەڵێت:

«یەکەم: حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز کە لە کێڵگەکانی ئێستا (واتە ساڵی ٢٠٠٥) دەردەهێنرێن بەمەرجێک داهاتەکانی بەشێوەیەکی عادیلانە لەسەرتاسەری وڵاتدا دابەشبکرێت کە لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتواندا بگونجێت، لەگەڵ دیاریکردنی بڕێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەرێمە زیانبەرکەوتووەکان و ئەوانەش کە بەشێوەیەکی ستەمکارانە لەلایەن رژێمی پێشووەوە لێی بێبەشکرابوون و ئەوانەش کە دواتر زیانیان بەرکەوت بەشێوەیەک کە دەستەبەری گەشەپێدانی هاوسەنگ بێت بۆ ناوچە جیاجیاکانی وڵات و ئەوەش بە یاسا رێکدەخرێت. دووەم: حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان پێکەوە رەسمی سیاسەتە ستراتیجییەکانی پێویست بۆ پێشخستنی سامانی نەوت و گاز دادەڕێژن بەشێوەیەک کە بەرزترین سوود بۆ گەلی عیراق دەستەبەربکات بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان».

لە خوێندنەوەیەکی وورد بۆ ئەم مادەیە، دەگەینە چەند دەرەنجامێک کە لە کۆتاییدا چەند راستییەکمان بۆ دەسەلمێنن کە گرنگترینیان بریتین لە؛ کاریگەرییە خراپەکانی دەرنەچوونی یاسایەک بۆ ریکخستنی ئەم بوارە گرنگەی ژیانی ئابووری و سیاسی وڵات وەک لە برگەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کراوە و هەروەها تاکرەوی و بێدەربەستی حکومەتی فیدراڵ لەئاست ئیلتزاماتەکانی بەرامبەر بە هەرێم و پارێزگاکان بەتایبەتی لەوانەی کە لە برگەی دووەمی مادەکەدا هاتوون لەکاتێکا ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە کە پێویست بە یاسایەک بکات بۆ رێکخستنیان.

ئەو دەرەنجامانەی لە دەق و ناوەرۆکی مادەکەوە بۆمان رووندەبنەوە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کۆیانبکەینەوە:

- بەوپێیەی نەوت و گاز سامانێکی نیشتمانی و موڵکی گەلی عیراقە بۆیە وەک بوارێکی ئابووری بەرێوەبردن و دارشتنی ستراتیجییەتی پێشخستنی لە هەموو رووەکەوە دەچێتە چوارچێوەی سەلاحییەتی هاوبەشەوە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان، کە بە یاسایەک رێکدەخرێن. ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژە یاسایەی لە ساڵی ٢٠٠٧دا رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆ رێچکەی ئوسوڵی و یاسایی خۆی نەگرت بۆ پەسەندکردنی و دواتریش لەلایەن لیژنەی نەوت و گازی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پرۆژە یاسایەکی تر بۆ هەمان مەبەست ئامادەکرا بەڵام تا ئەمڕۆ هەر بە پرۆژەیی ماونەتەوە.

- دەرنەچوونی یاسای نەوت و گاز وای لە حکومەتی فیدراڵ کردووە تاک لایەنە سەلاحییەتەکان پاوانبکات بەپیادەکردنی دەسەلاتەکانی وەک حکومەتی ناوەندی و بە سوود بینین لەو بنەما دەستوورییەی لە مادەی ١٣٠دا هاتووە کە دەڵێت « ئەو یاسایانەی پێشتر دەرچوون کاریان پێدەکرێت تا ئەوکاتەی بەگوێرەی ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە هەڵدەوەشێنەوە یان هەموار دەکرێن» بەمەش هەوڵدەدات هەموو دەسەلاتەکان لەدەستی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و ئەنجومەنی وەزیراندا بهێڵێتەوە.

- یاسای نەوت و گازی ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ ئەحکامەکانی دەستووری نوێی عیراقدا ناکۆک نییە (بەتایبەتی مادەی ١٢١/ یەکەم) ، ئەو مافە بە هەرێم دەدات لە بواری نەوت و گازدا لە سنووری هەرێمدا

سەلاحییەتی بەڕێوەبردنی هەبێت و تەنانەت بەپێی ئەحکامی بڕگەی (دووەم) لە مادەی ١٢١کە دەڵێت « دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی هەیە لە هەرێمدا، لە ئەگەری بوونی ناتەبایی یان ناکۆکی لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم لە مەسەلەیەکدا کە نەچێتە خانەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتە فیدراڵەکانەوە (واتە مادەی ١١٠)» هەرێم دەتوانێت هەمان مامەڵە لەتەک یاسا کارپێکراوەکانی تردا بکات بەتایبەتی لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و پەرەپێدان و وەبەرهێناندا.

تێبینی: وەرگێڕانی مادە و بڕگەکانی دەستوور لە عەرەبییەوە بۆ کوردی لەم بابەتەدا لەلایەن نووسەرەوە کراون بۆیە بە وەرگێڕانی فەرمی دانانرێت.

لەبارەی نیگەرانییەکانی ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە ؟!

«ئیش کە ئەمڕۆ رووی لە هەورازە سەرەوڵێژی نەکەی
بیری وردیشی ئەوێ هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی»
(شوکری فەزلی)

پێشەکی

دیپلۆمات و نووسەری ناسراوی ئەمەریکی پیتەر گاڵبریپ لە باسکردنی هەرێمی کوردستانی عیراقدا نووسیویەتی «هەرێمی کوردستانی عیراق ئەمڕۆ بەچەشنێک هەڵسوکەوت دەکات وەک ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت. حکومەتی ئەم هەرێمە بە کردەوە، بە سەرجەم ئەو ئەرکانە هەڵدەسێت کە حکومەتی هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێی هەڵدەسێت. لە یاساکانی بەغدادیش تەنیا ئەوانە جێبەجێدەکات کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکەن. ئەمڕۆ کوردستانی عیراق بەرپرسە لە ئەمنییەتی خۆی- ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ نەبوونی ئەو توندوتیژییەی کە ئێستا ناوچەکانی تری عیراقی گرتووەتەوە- هەروەک چۆن خاوەنی هێزی چەکداری خۆیەتی....»(١).

سەبارەت بەو سیستمی خودموختارییەی کورد داوایکردوە و لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بەکردەوە پیادەی دەکات، سیاسەتمەداری ناوداری ئەمەریکی، هێنری کیسنجەر

دەڵێت: «کوردەکان بەشێوەیەک پێناسەی ئۆتۆنۆمی دەکەن کە مەگەر تەنیا بەهۆی مایکرۆسکۆبەوە لەگەڵ سەربەخۆییدا جیابکرێتەوە»(٢).

حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیستمە سیاسییەکەی، ئەمڕۆ لە دیفاکتۆوە بووەتە واقیعێکی حاشا هەڵنەگر. هەرێمی کوردستان و سیستمە فیدراڵییەکەی بەرلەوەی لە چوارچێوەی عیراقدا شەرعییەتی دەستووری لە ٢٠٠٥ دەوە وەربگرێت ، شەرعییەتی میللی لە گەلی کوردستانەوە وەرگرتووە، لە پرۆسەی دیموکراسییانەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە لەساڵی ١٩٩٢دا. ئەزموونی بیست ساڵەی دەسەڵاتی کوردیی پێویستە بەشێوەیەکی زانستی و مەنهەجییانە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەبارەوەبکرێت و خوێندنەوەی وورد و هەمەلایەنی بۆ بکرێت و قسە لەبارەی ئاسۆکانی ئایندەیەوە بکرێت. ئەم باسە پێشدەستییەکە بۆ هەوڵدان لەوبارەیەوە، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ، دەرەنجامی کێشمەکێشی هێزە سیاسییە عیراقییەکان و کارتێکردنە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکانی هاوکێشەی ئاڵۆزی ململانێی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەو ئەزموونە بە قۆناغێکی هەستیاردا دەڕوات. لەڕووی قۆناغبەندییەوە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو قۆناغدا دابەشدەکرێت، قۆناغی بەر لە رووخانی رژێمی سەدام (١٩٩٢–٢٠٠٣) و قۆناغی دوای رووخانی رژێم لە٢٠٠٣ وە. هەر قۆناغێک چەندین خەسڵەتی جیاکەرەوەی هەیە کە کاریگەرییان لەسەر رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمەکە هەبووە و نەخشەی ئایندەی دیاریدەکەن.

قۆناغی یەکەم: سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستانی عیراق، بەهەموو دەسەڵاتەکانییەوە، لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەت و دژواردا پێکهات کە دیارترییان بوونی چاودێری و پارێزگاری نێودەوڵەتی بوو لەشێوەی دامەزراندنی ناوچەی ئارام و دژەفرین بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٦٨٨ ی ساڵی١٩٩١ لەبەرامبەر هەڕەشەی بەردەوامی رژێمی فاشی سەدامدا. ئەو قۆناغە لە تەک دەسکەوتە مێژوویییەکاندا کە خۆیان لە پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت و جاردانی فیدراڵیزمدا دەبینییەوە، چەندین ئەزموون و وێستگەی تاڵ و پڕمەترسی بەخۆوەبینی، دیارترینیان شەڕی ناوخۆ بوو بەهەموو کاریگەری و رەهەندەکانییەوە. سەرەڕای هەڕەشەی بەردەوامی رژێمی بەعس و ئابڵووقەی سەختی ئابووری و رێککەوتنی هەرسێ وڵاتی هاوسنووری کوردستان، ئێران و تورکیا و سوریا لەسەر

لەباربردن یاخود سنووردارکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەی هاوبەشی دەورییان سازدەکرد و سەرەڕای هەموو مەترسییە دەرەکییەکان و ناکۆکی و ئاڵوزییەکانی ناوخۆ، بەڵام ئەزموونی هەرێم و دامودەزگا نیشتمانییەکانی پارێزران و گەلی کوردستانیش لەبەرامبەر هەموو تەحەدییەکاندا خۆڕاگرانە مایەوە.

قۆناغی دووەم: رووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و شۆڤێنی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣دا سەرەتای دەورانێکی نوێ بوو لە ژیانی سیاسی ئەم بەشەی کوردستان کە تا ئەمڕۆ بەشێکە لە جوگرافیای سیاسی دەوڵەتی عیراق. لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ و دواتریش لە دەستووری نوێی عیراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥، جگە لە دانپیانان بە هەرێمی فیدراڵی کوردستان و زۆربەی مافە نەتەوەیی و سیاسی و ئیدارییەکانی کورددا، ڕێوشوێنی دەستووری و یاسایی پەسەندکرا بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندیی عیراق وەک ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکییەکان. لەم هەلومەرجەدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەبەردەم دوو ئەرکی سەرەکیدایە؛ یەکەمیان لەسەر ئاستی ناوخۆ، پێویستە دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا بە دامەزراوەیی بکرێن و کار بۆ سیستمێکی سیاسی پێشکەوتوو بکرێت کە زامنی حکومەتێکی ڕەشید بێت و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەسەرووی بەرنامەکانییەوە بێت. دووەمیان، لەسەر ئاستی دەرەوە لەپێش هەر شتێکەوە پێویستە پەیوەندی لەگەڵ بەغداد لەسەر بنەمای کارکردن بەدەستوور و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان بێت. سەبارەت بە پەیوەندی ناوچەیی و جیهانیش، پێویستە بەئامانجی بەدیهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بێت.

ئەمڕۆ لە کاتێکا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو ئاڵوگۆڕەی بە«بەهاری عەرەبی» ناوبراوە، بە قۆناغێکی مێژوویی هەستیار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت کە عیراقیش بەدەرنابێت لە دەرەنجامەکانی، هەروەک چۆن پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداد بە ئاڵوزییەکی هەڵکشاودا تێدەپەڕێت. پرسی سەرەکی لەم باسەدا بریتییە لە خوێندنەوەیەک بۆ پێگە و ئایندەی هەرێمی کوردستان لەناو پێشهات و ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکاندا. ئایا هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی ناوخۆی

کوردستان لە ئاست ئامادەکاری و بڕیاری پێویستدایە بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر پێشهاتێک؟ ئایا هەرێمی کوردستان پیادەی بەرنامە و ستراتیجێکی تایبەت دەکات لە بەرخورد لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکاندا لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە؟ بۆ گەیشتن بە وێنەیەکی نزیک لە واقیعەوە پێویست بە دەستنیشانکردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر هاوکێشەی سیاسی ناوخۆی هەرێم و خوێندنەوە و شیکردنەوەیان دەکات، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە.

هاوپەیمانی و رێککەوتنی ستراتیجی

لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا گەلی کوردستان لەیەک رۆژدا بەشداری لە سێ پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتیدا کرد بۆ دیاریکردنی نوێنەران بۆ هەریەک لە پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان. دەرکەوتنی هاولیستی هەڵبژاردن و هاوپەیمانی سیاسی لەسەر دوو ئاست و بە سێ شێوەی جیاواز بوو، ئەگەرچی سەرجەم لیستە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی عیراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا کۆبوونەوە بۆ پەرلەمانی عیراق بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان یەک لیستی هەڵبژاردنیان پێکهێنا لەبەرامبەر چەند لیستێکی تردا، لەکاتێکا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەردوو حزبە سەرەکییەکە بە لیستی جیاجیا لەبەرامبەر لیستەکانی تردا بەشداریان کرد. لە ٢٠٠٧/٧/٢٧ دا پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی شێوە و چوارچێوەیەکی نوێی بەخۆوە گرت پاش راگەیاندنی رێککەوتننامەی ستراتیژی نێوانیان. ئەو رێککەوتنە کە دوای سێ ساڵ لە ئیمزاکردنی لەلایەن کەسی یەکەمی ناو هەردوو حزبەوە، ناوەرۆکەکەی بڵاوکرایەوە، سەرەرای هەر رەخنە و نارەزایەتییەک کە لەلایەن هەندێک هێزی سیاسی و تەنانەت بەشێک لە ئەندامان و هەوادارانی یەکێتی وپارتی لێی کەوتەوە، بەڵام سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی تارمایی ململانێ و دووبەرەکی لەنێوان ئەو دوو هێزە سیاسییە سەرەکییەدا لە ناوخۆی هەرێم و دەرەوەیدا. لەسەر ئاستی جێبەجێکردن، بەشێکی زۆر لەو ئیلتزاماتە هاوبەشانەی لەو رێککەوتننامەیەدا هاتوون تا ئەمرۆ وەکو خۆیان بەنووسراوی ماونەتەوە بەتایبەتی ئەو بڕگە و خاڵانەی پەیوەندییان هەیە بە؛ رێگەگرتن لە پرەنسیپی پەنجا بە پەنجا و شکاندنی دیواری تاک لایەنی لە ئیداراتی کوردستان و دارشتنی نەخشەیەکی ژیرانە بۆ لە رەگوریشە هەڵکەندنی گەندەڵی

سیاسی و ئیداری(٣) . پرسیارێک کە زۆرجار هاتووەتەپێش ئەوەیە؛ ئایا رێککەوتنی ستراتیجی دوای پێنج ساڵ لە ئیمزاکردنی توانیویەتی ببێتە چوارچێوەیەکی پتەو بۆ هاوهەڵوێستی لەئاست مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازەکان و کاری هاوبەش بۆ پێشخستنی ئەزموونی حکومرانی و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا هەروەک چۆن ناوەرۆکەکەی جەختی لەسەر دەکاتەوە یاخود ئەو رێکەوتننامەیە جگە لە بەدیلێک بۆ ململانێی توند و ناکۆکی لەسەر دەسەڵات چی تر نییە؟ پرسیارێکی تریش کە بەر لەهەر کەس پێویستە بەرپرسان و ئەندامانی هەردوو حزبی هاوپەیمان بیکەن ئەوەیە؛ بۆچی ئەو رێککەوتننامەیە و ئیلتزاماتە هاوبەشەکانی تا ئێستا رۆنەچوونەتە ناو سەرجەم بازنە و جومگەکانی هەردوو حزبەوە لەسەر ئاستی رێکخستن و دەسەڵات و جەماوەری هەدوولایان، وەک ئەوەی ناوەرۆکەکەی باسی لێوەکردووە؟. بەرامبەر بەم پرسیارانە بەردەوام ئەو قسەیە دووبارە دەکرایەوە کە رێککەوتنامەکە مۆرکێکی نهێنی پێوەبووە و تەنیا سەرۆکی هەردوو حزبەکە ئاگایان لە سەرجەم بڕگەکانی هەیە، ئەگەرچی دوای بڵاوکردنەوەی دەقی رێککەوتنامەکە دەرکەوت کە هیچ لایەنێکی شایانی نهێنی و جێنیگەرانی تیانیە، تەنیا ئەوە نەبێت کە زۆر گشتگیر و هەمەلایەنەیە بەرادەیەک کە جێبەجێکردنی بەتەواوی کارێکی تارادەیەک ئەستەم بێت. بەهەرحاڵ، ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە رێککەوتننامەی ستراتیجی وەک ئەوەی نەیتوانیوە سەرجەم ناوەرۆکەکەی بێنێتەدی، تەنیا زەمینەیەک بێت بۆ رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و بەرژەوەندی لەنێوان هەردوو حزبدا. بیرکردنەوەیەکی هەڵەی تریش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو رێککەوتننامەیە نەمێنێت ئەوا پەیوەندی نێوان ئەو دوو هێزە دەگەڕێتەوە خاڵی سفر و کەس ناتوانێت پێشبینی ئاکام و دەرەنجامەکانی بکات. ئەوەی جێی سەرەنجە لەبەرامبەر ئەو رێکەوتننامەیەدا هیچ هاوپەیمانییەک یاخود بەرەیەکی سیاسی تر لە ئارادانەبووە تا ساڵی ٢٠٠٩ و دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و پێکهێنانی لیستی رکابەری جیاواز بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٥ی تەممووزی هەمان ساڵدا.

ئۆپۆزیسیۆن و دەرکەوتەکانی

سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی وەک دەرهاویشتەی فەزای دیموکراسی و سیستمی فرەیی لە هەرێمی کوردستاندا پێشینەکی وەهای نییە کە باسی لێوەبکرێت، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی دەسەڵات و هەژموونی سیاسی و ئابووری هەردوو حزبی

سەرەکیدا فەزایەک لە نارەزایەتی و ڕەخنە و گلەیی لەسەر چەندین ئاستی جیاجیا لەهەناوی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەرکەوتن. هەموو ئەمانە زەمینەی درووستبوون و پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییان لە هەرێمدا بەرجەستەکرد. ساڵی ٢٠٠٩ لە گەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمدا، ڕەوتێکی سیاسی نوێ بەناوی «بزووتنەوەی گۆڕان» وەک ئۆپۆزیسیۆن خۆی ڕاگەیاند و لیستێکی هەڵبژاردنی بەهەمان ناوەوە پێکهێنا. لە هەمان ساڵدا هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەهەمان شێوە بە لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و دواتر لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان وەک سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمانی کوردستاندا تا ئەمڕۆ کاردەکەن و هەموو پێکەوە نزیکەی سێ یەکی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەرکەوتووە. بە هەموو پێوەرەکانی دیموکراسی، بوونی ئۆپۆزیسیۆن نیشانەی کرانەوە وپێشکەوتنی سیستمی سیاسی وڵاتە، ئەوەش لە زەمینەیەکدا کە هەلومەرجی چالاکیی و ڕکابەریی سیاسی لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا ڕێکخراوبێت و ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەران بگیرێت و کار بە پرنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات بکرێت. بەرپرسیارێتی ئۆپۆزیسیۆن لەبەرامبەر کۆمەڵ و سیستمی سیاسی وڵاتدا کەمتر نییە لە ئەرک و بەرپسیارێتی حزبەکانی دەسەڵات و پەرلەمانیش گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و یاساییە لەنێواندا و گەلیش بەهۆشیاری و چاوی کراوەوە دەبێت بە حەکەم. هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩، سەرەڕای هەموو ڕەخنە و گازندەیەک کە لێیکەوتەوە بناغەیەکی باشی دانا بۆ سیستمێکی پەرلەمانی تەندرووست و ئەزموونێکی سەرکەتووی پراکتیزەکردنی دیموکراسی لەسەر ئاستی گشتیدا. ساڵی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمان و کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم گەرموگوڕی و جەدەلی بەسوود و زیندووی بەخۆوە بینی لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی و هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەو پێشهاتە چاوەڕوان نەکراوەبوو کە لە خۆپێشاندانەکانی حەڤدەی شوباتی٢٠١١دا بەرجەستەبوو و ماوەی دوومانگ بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی و چەند ناوچەیەکی تری پارێزگاکەی گرتەوە. ئەڵبەت زۆر قسە لەسەر ڕەهەندە سیاسییەکانی ڕووداوەکانی ئەو دوو مانگە کراوە، بەڵام ئەوەی بەڵای ئەم نووسینەوە مەبەستە بریتییە لە خوێندنەوەی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی حەڤدەی شوبات و دواتری لەسەر کۆی ژیانی سیاسی لە

هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی. شاراوە نەبوو کە خۆپیشاندانەکان سەرجەم هێزە ئۆپۆزیسیۆنە یاسایی و نایاساییەکانی گرتبووەوە لەمسەری چەپ و عەلمانییەوە تا ئەوسەری ئاینی و کۆنەپارێز و لەبەرامبەریشدا هەردوو حزبی هاوپەیمان و دەسەڵاتدار کەوتبوونەوە یەک بەرەوە. بەمەش درزێکی گەورە لە بێمتمانەیی و گومان کەوتە نێوان هەردوو بەرەوە تا ئەو رادەیەی مەترسی رووبەرووبوونەوەی راستەوخۆ و توندوتیژی لێدەکەوتەوە. دیوێکی تری ئاکامە نەخوازراوەکانی بریتی بوو لەو حاڵەتی شۆک و نائومێدییەی تووشی پارتی بوو لەگەڵ یەکەم پەلاماری خۆپیشاندەران بۆ سەر لقی چواری ئەو حزبە و دواتر بە ئامانجگرتنی بارەگا و بنکەکانی لەهەر ناوچە و شوێنێک کە خۆپیشاندانی تیا دەکرا. شۆکی گەورەی پارتی لەوێدا بوو کە دوای چەندین ساڵ لە شەری ناوخۆ و لەناو واقیعی بێ کاریگەری ئەو حزبە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا، خۆپیشاندەران بەلای دامودەزگاکانی حکومەت وحزبی دەسەڵاتداری ناوچەکەدا بڕۆن و پارتی بکەنە ئامانجی پەلامار و دروشمەکانیان. ئەو شۆکە بەرامبەر بەقەبارە وئاستی شعووری ئەنتی-پارتی لەو ناوچەیەدا بەئەندازەیەکە کە دوور نیە پارتی بەجیدی حساباتی خۆی لە پەیوەندی بە ئەم بەشەی هەرێمەوە بۆ ئێستا و ئایندە دابڕێژێتەوە. زاڵبوونی نەفەسی شورشگێڕیی و رادیکالیزم لەبەرامبەر سیاسەتی بێدەربەستی و خەمساردیدا جگە لە زیانی گەورە و گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر هیچی تری لێ سەوز نابێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی سەرکردەکانی گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانی رەخنە و نارەزاییەتی بوو لە رێککەوتننامەی ستراتیجی، کە تەنانەت بەلای بەشێکی زۆر لە کادیران و ئەندامانی ئەوحزبەوە رێککەوتننامەکە لاسەنگییەکی ئاشکرای پێوەدیارە کە لە بەرژەوەندی پارتی دەشکێتەوە. هەروەها بەلای زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان و رۆشنبیران و لاوانی نارازییەوە رێکەوتننامەی ستراتیجی هۆکاری سەرەکی ئەو گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەیە کە هەردوو حزب لەژێر پاساوی هاوهەڵوێستی و هاوپەیمانیدا پیادەی دەکەن. لەم رووەوە ئەرکی پارتی و یەکێتییە ئەو تێگەیشتنە باوە و رەخنەو نارەزایەتییانە بەجیدی وەربگرن و هەنگاوی درووست بنێن لەبارەیەوە.

نەوت لە هاوکێشەی سیاسەتدا

سامانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی دەستوور بەشێکە لە موڵکی هەموو گەلی عیراق وەک هەر ناوچەیەکی تری ئەم وڵاتە، بەڵام ئیدارەدانی نەوت و گاز پێویستە بەپێی یاسا رێکبخرێت وەک ئەوەی لە مادەی ١١٢ی دەستووردا هاتووە کە لەسەر بنەمای هاوبەشییە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکاندا. دەرنەچوونی یاسای تایبەت بە نەوت و گاز کۆمەڵێک گیروگرفتی لەنێوان هەرێم و ناوەنددا خوڵقاندووە لەئەنجامی نارۆشنی سەڵاحییەتەکان. لەکاتێکا حکومەتی هەرێم مافی گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بەخۆی رەوا دەبینێت، حکومەتی ناوەند زۆربەی کارەکانی هەرێم لەو بوارەدا بە نارەوا دەزانێت. دەوڵەمەندیی هەرێم بە نەوت و گاز و سامانە سرووشتیەکان مایەی خۆشبەختییە بۆ گەلی کوردستان کە بەدڵنیاییەوە رۆڵی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی پێگەی کورد و چارەنووسی هەرێمەکەی لە سەر نەخشەی سیاسی ناوچەکە لە ئایندەدا.

بەلای بەشێک لە خەڵکی کوردستانەوە پرسی نەوت بەپلەی یەکەم پەیوەستە بە ئیدارەدانی ئەو سامانە نیشتمانییە لەلایەن حکومەتی هەرێم و چارەنووسی داهاتەکەی. هەر ئەمەشە وایکردووە کە چەند ساڵێکە حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات و راگەیەندنەکان و بەشێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر بە گەرمی و بەردەوام ئەو پرسە لەسەر ئاستی پەرلەمان و میدیا و شەقام بوروژێنن و حکومەت و حزبەکانی دەسەڵات بکەنە ئامانج. ئەوەی کێشەکەی بەرەو ئاستێکی بەرزتر بردووە لە پەیوەندی خراپی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمدا بریتییە لە نیگەرانییەکانی حکومەتی عیراق لە پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا و گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ دیارترین کۆمپانیاکانی جیهان وەک ئیکسۆن مۆبیل و چیڤرۆن. لە تەواوی ئەو کێشانەدا حەقی خۆمانە بپرسین ئایا حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی نەوتیی ئاشکرای هەیە؟ ئایا بوونی نەوت لە هەرێمدا، لەکاتێکا دەبێتە ئامرازی ململانێی سیاسی، تا چەند لە بەرژەوەندی هەرێمدایە؟ لە خوێندنەوە و ئەزموونی هەشتا ساڵەی رابردووی عیراق و ناوچەکەدا دوو نموونەی جیاواز بەدیدەکەین، یەکەمیان نموونەی دەوڵەتی دیکتاتۆری و پۆلیسی کە بە سوود بینین لە سامانی نەوت دەسەڵاتی سەرکوتکەر و دوژمنکارانەی بەسەر گەلەکەیدا دەچەسپێنێت

و دەبێتەمایەی نائارامی و هەڕەشەی بەردەوام بۆ دراوسێکانی و تەنانەت بۆ جیهانیش وەک رژێمی بەعس و سەدام لە عیراقدا. نموونەی دووەمیش مەملەکەت و میرنشینەکانی کەنداوە کە بەداهاتی تاک رەهەندی نەوت توێژێکی ئۆروستوکراتی سەرمایدار لە دەسەڵاتداران دروست دەبێت و کۆمەڵگەش بەسەر دوو چینی جیاوازدا دابەشدەکات؛ چینێکی هاونیشتمانیانی رەسەنی بێبەرهەم کە لە سایەی نیعمەتی داهاتی نەوتدا لە خۆشگوزەرانیدا دەژین و چینێکی خزمەتکار و بێ ماف لە کرێکارانی هاوردە و کۆچبەرانی ئاسیایی و ئەفەریقی. لە کوردستانی خۆشماندا زۆرجار بەرگوێمان کەوتووە کە هەرێم کۆپی نموونەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دەکاتەوە و هەوڵیریش دەبێت بە دوبەی؟! لە هەرێم و لەهەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە، بوونی نەوت و گاز بەتەنیا زامنی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی نەبووە ئەگەر لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئابووری تۆکمەدا بەرێوەنەبرێت. لەهەمان کاتدا سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئەمنی لە سایەی سیستمێکی سیاسی پێشکەووتودا مەرجی سەرەکین بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام و کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی.

لەنێوان بێلایەنی و لایەنگریدا

نووسەری ناوداری عیراقی حەسەن عەلەوی لەوەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەگەرەکانی تەشەنەکردنی نائارامییەکانی ناوچەکە بۆ عیراق و ناسنامەی ئەو لایەنانەی لە ململانێی راستەوخۆدا تێدەگلێن، دەڵێت: لە کاتی سەرهەڵدانی ململانێ و توندوتیژی و جەنگی ناوچەیی بەرفراواندا بێهێزترین کەس بێلایەنەکان دەبن ئەگەرچی لە بارودۆخێکی وەهادا مانایەک بۆ بێلایەنی نامێنێتەوە. جەنگی ناوخۆی سووریا کە لە ئەنجامی هەڵکردنی باهۆزی شۆڕشەکانی گەلانی عەرەب بەرپابوو، لە بنەڕەتدا راپەڕینی خەڵکانی نەیار و نارازییە لەدژی رژێمەکەی بەشار ئەسەد بەڵام ئەمڕۆ دوای زیاتر لە ساڵێک لە شەپۆلی توندوتیژی و ماڵوێرانی، رەهەند و ئاراستەکانی تەواوی وەزعەکە رۆشنتر بوونەتەوە. ململانێی دەسەڵات و نفوزی دوو بەرەی دژ بەیەک لە مێژوودا، بەرەی شیعە بەرابەرایەتی ئێران وهاپەیمانەکانی و پشتیوانی رووسیا و چین لەلایەک و بەرەی سوننە بە رابەرایەتی سەعودیە و

تورکیا و پشتیوانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەلایەکی ترەوە، گۆڕەپانی جەنگەکەیان زۆر لە ڕووبەری سوریا فراوانتر دەبێت. ناوچەی شیعە نشینی عێراق لەڕووی مێژوویی و فاکتەری دیمۆگرافی و جوگرافیای سیاسییەوە بەشێکە لە هەژموونی شیعەگەری و چەقی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئێران. لەبەرامبەریشدا سەعودیە و میرنشینە سوننە مەزهەبەکانی کەنداو و تورکیای عوسمانی نوێ بەسەرکردایەتی حزبی عەدالەت و گەشەپێدان پێشوازی لەهەر هەوڵێک دەکەن بۆ نەهێشتن یان لاوازکردنی هەژموونی شیعە و ئێران لە ناوچەکەدا. کورد لە مێژووی خۆیدا چەندین ئەزموونی تاڵ و تراژیدی هەیە لەگەڵ ململانێ و جەنگی مەزهەبی لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا لە سەرەتای سەدەی شانزەدا و لەدەستچوونی میرنشینەکانی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا. دیارە قەدەری کورد وایە کە لە سەدەی بیست ویەکیشدا فەسڵێکی نوێ لە سیناریۆیەکی کۆن ببینێتەوە. ئەمجارەیان لە ڕووبەرێکی فراوانتردا کە بێجگە لە کوردستانی عێراق ڕەنگە کوردستانی سوریاش بگرێتەوە. لە نۆ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ شەڕی خوێناوی مەزهەبی لە عێراقدا، کورد هاوسەنگی و بێلایەنی خۆی پاراستووە و نەبووەتە بەشێک لە ململانێکان. ساڵی ٢٠١٢ لەگەڵ قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان بەغداد و هەرێمدا، جۆرێک لە ڕیزبەندی سیاسی دژبەیەک دەرکەوتن کە خۆی لە بەرەی لیستی دەوڵەتی قانون و سەرەک وەزیران لەلایەک و بەرەی لیستی ئەلعیر اقیە و هاوپەیمانی کوردستانی تا ڕادەیەکیش ڕەوتی سەدر لەلایەکی تردا دەبینێتەوە (هەرچەندە هەڵوێستی یەکێتی و سەرۆک تاڵەبانی بەهەمان ئەندازەی هەڵوێستی پارتی و سەرۆک بارزانی نییە). لەئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و سەرهەڵدانی توندوتیژی و تێوەگلانی کورددا، بمانەوێ و نەمانەوێ، بازنەی ڕووداوەکان و کاریگەری و ئاکامەکانی فراوانتر دەبێت و بەتەنیا لە سنووری قەڵەمڕەوی حزبێک یان ناوچەیەکی دیاریکراودا نامێنێتەوە و دەرگای هەموو ئەگەرەکان دەکرێنەوە کە مەترسیدارترینیان دابەشبوونی کورد دەبێت بەسەر دوو بەرەدا کە نوێنەرایەتی دوو هەژموونی ناوچەیی جیاواز دەکەن. پاراستنی هاوسەنگی و بێلایەنی کورد بەبێ ڕێککەوتن لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی بێلایەنی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بەرامبەر بە ڕووداو و پێشهاتە نەخوازراوەکان مومکین نیە. لە هەموو حاڵەتێکدا، نابێت هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەت بخرێتە سەرووی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە، بۆیە ئەمڕۆ

لەهەر کات زیاتر پێویستە ئیرادەی سیاسی کورد لەئاست پرسە چارەنووسسازەکاندا لە چوارچێوەی یەک ستراتیجدا یەکبخرێت.

دوا ووتە

لە نەبوونی ستراتیجێکی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا یان تەنانەت پەیماننامەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکگرتوو لەنێوان سەرجەم هێزە سیاسییە سەرەکییەکاندا سەبارەت بە پرسە چارەنووسسازەکان، ئەستەمە کورد بتوانێت بەرامبەر بەو هەموو تەحەدییانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە رووبەڕوویان دەبێتەوە تاسەر خۆی رابگرێت. ئەڵبەت دارشتنی ستراتیجی هاوبەش پێویستە وەک پرسێکی نەتەوەیی کاری بۆبکرێت و لەرێگەی نوێنەرانی سیاسی و پەرلەمانییەوە شەرعییەت لە ئیرادەی گەلەوە وەربگرێت. هەر لەم بارەیەوە، پەسندکردنی دەستووری کوردستان ئەرکێکی هەرە پێویستە تا دامەزراوەی سیاسی و دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا رێکبخرێن.
هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩ واقیعێکی خستەڕوو کە ناکرێت نادیدە بگیرێت، بەڵکو پێویستە وەک حەقیقەتێک دانی پیابنرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوەش بریتییە لە بەسەرچوونی سەردەمی حزبی خاوەن زۆرینەی رەها کە بەبێ منەت بتوانێت جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەنجامەکان دەریان خست کە هیچ حزبێکی سیاسی بەتەنیا ناتوانێت ٣٥٪ ی دەنگەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکات. ئەم راستییە ئەگەرچی رەنگە بەدڵی هەندێ کەس نەبێت بەڵام نیشانەیەکی گەشاوەی فرەیی و دیاردەیەکی دیموکراسییە کە پێویستە هەموو لایەنێک رێزی لێبگرن و لەچوارچێوەی دەستوور و مومارەسەی دیموکراسیدا پیادەی بکەن. لە هەلومەرجێکی سیاسی وەهادا، درووستبوونی هاولیستی بۆ هەڵبژاردن دیاردەیەکی ئاسایی و تا رادەیەکیش پێویست دەبێت، هەروەک چۆن پێکهێنانی حکومەتی ئیئتلافی دەبێتە هەنگاوێگی پێویست لەکاتێکا هیچ لیستێکی براوە بەتەنیا نەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد تا ئەمڕۆ جگە لە هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی، کە بەیەک لیست توانیان ٥٩ کورسی پەرلەمان لە ٢٧ی تەممووزدا مسۆگەر بکەن، هیچ هاوپەیمانییەکی سیاسی هاوشێوە درووست نەبوو. بۆیە لەئەگەری دابەزینی هەر لیستێک بە سەربەخۆیی لە هەڵبژاردنەکاندا،

ئەوا حکومەتی ئیتلافی دەبێتە هەنگاوێکی حەتمی. ئەگەرێکی تریش ئەوەیە کە هاولیستی و هاوپەیمانی سیاسی تازە دروست بێت، بەوەش هاوکێشەی دابەشبوونی هێزە سیاسییەکان لە کوردستاندا ئاڵوگۆڕی جیدی بەخۆوە دەبینێت. لەسەر ئەم نەخشە سیاسییەی ئێستا لە هەرێمدا هەیە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو شیمانەکان ئەگەری پێنج جۆر هاوپەیمانی یاخود هاولیستی لەئارادایە کە بریتین لە؛ پارتی و یەکێتی، ئیسلامییەکان، هەموو ئۆپۆزیسیۆن بە گۆڕان و ئیسلامییەوە، پارتی و هاولیستەکانی، یەکێتی و گۆڕان، لە حاڵەتێکی وەهادا قبووڵکردنی دەرەنجامەکان بۆخۆی تەحەددایەکی گەورە دەبێت و جەوهەری دیموکراسی و ڕێزگرتن لە بنەماکانی دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی جیددییەوە، بەتایبەتی ئەگەر بەرەی ئۆپۆزیسیۆن زۆرینەی بەدەستهێنا.

نیگەرانییەکی تری واقیعی سیاسی ئەمڕۆمان بریتیە لە ئەگەری بەبنبەست گەیشتنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. لێرەدا گرنگ نیە هۆکارەکانی بەبنبەست گەیشتنەکە بزانین بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە بریتییە لە کاردانەوە و مامڵەی کورد لەبەرامبەر دۆخێکی وەهادا. ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی دوا بارگرژی لەنێوان بەغداد و هەرێمدا تێبینی دەکرا، جۆرێک لە لاوازی بەرەی ناوخۆی کورد بوو کە سەرەک وەزیرانی عیراق زیرەکانە توانی مامڵەی لەتەکدا بکات ئەگەرچی ڕاستەوخۆ کاری نەکرد بۆ قووڵکردنەوەی جیاوازی نێوان لایەنە کوردییەکان یاخود ناچارکردنی کورد بۆ تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە ململانێی توندی نێوان لایەنە عەرەبییەکان (شیعە و سوننە) و پاشانیش کەوتنە ناو بازنەی ململانێنی ناوچەیی گەورەترەوە. ئەگەرچی هێشتا دووکەڵی قەیرانەکە نەنیشتووەتەوە بەڵام پێدەچێت سەرەنجام کورد ئەگەر دەسکەوتیشی نەبێت دەتوانێت بە مایەی خۆیەوە هەستێت. کێشە هەڵپەسێراوەکانی کورد لەگەڵ بەغداد کە هەرجارە و یەکێکیان دەبنە مایەی کیشمەکێشی سیاسی نێوانیان، یان دەبێت بە ڕێگەچارەی دەستووری چارەسەربکرێن یاخود بە ڕێککەوتنی سیاسی، بەدەر لەو دوو ڕێگەیە بەردەوامبوونی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان دوور نیە بگاتە ئاستی مەترسیدار کە زەحمەتە پێشبینی دەرەنجامەکانی بکرێت.

دووپاتی دەکەینەوە کە بوونی جیاوازی لە بیروبۆچوون و بەرنامەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەیەکی تەندروستە و سیمایەکی گەشی دیموکراسییە

بەمەرجێ لە چوارچێوەی یاسادا رێکخرابێت و هەموو لایەک رێزی لێبگرن و پیادەی بکەن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت رەنگدانەوەی حاڵەتێک لە پەرتەوازەیی و بەدگومانییە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا، بۆیە لە هەلومەرجێکی وەهادا کورد لە پێگەیەکی لاوازەوە ئیدارەی کێشەکانی دەکات لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا. ئەمڕۆ لە کاتێکا تەنیا یەک ساڵ ماوە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم جێی خۆیەتی باس لە رەخساندنی زەمینەیەکی سروشتی و لەبار بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسە گرنگە بەتایبەتی لەرووی یاساییەوە و قووڵکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمدا. لە کۆتاییدا دەڵێین؛ رێکخستنی نێومالّی کورد و پێکهاتن و سازان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان لە چوارچێوەی بەڵێننامەیەکی نیشتمانیدا، مەرجی سەرەکییە بۆ پاراستن و بەردەوامبوونی ئەزموونی حوکمڕانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) Peter Galbraith, ‘As Iraqis Celebrate, The Kurds hesitate’, New York Times, ١ February ٢٠٠٥.

(٢) Reflections on a sovereign Iraq. Reproduced in the Kurdistan Observer, ٨ February ٢٠٠٤

(٣) دەقی رێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان / کوردستانی نوێ ٢٠١٠/٦/١

(٤) تلفزيون البغدادية، برنامج «سحور سياسي» لقاء مع الكاتب حسن علوي، ٢٠١٢/٧/٢٢.